چیرۆکی فەرمانده
فەروخ تەهمەتیوور
چیرۆکی فەرمانده

چیرۆکی فەرمانده

(رۆمان)

٢٠٢١

فەڕۆخ نێعمەتپوور

"پیشکەش بەو شۆڕشگێڕانەی کاسبیان نەکرد و کاتێک سەرکەوتن نیشتمانیان کرد بە دوکان"

ناوی کتێب: چیرۆکی فەرمانده

نووسەر: فەڕۆخ نێعمەتپوور

ژانر: ڕۆمان

تیراژ:

(١)

فەرمانده کە لە شاخ دابەزی، بەسەر کەڕێکەوە هات. ئەو کە لەوە پێش ماینەکەی بە هۆی تۆپبارانی دوژمنەوە لەدەستدابوو، لەبەر ئەوەی جارێکی تر ماینێکی تر بەر تۆپ نەکەوێ، بە سواری کەر دابەزییە خوارەوە. لای ئەو ماین ماڵی کووشتن نەبوو. ماین لەوە بە نرختر بوو تۆپێکی حیز قڕی بکا. ماین خوا داینابوو بۆ... بۆ... با جارێ لەمە گەڕێین.

کەرە شین دێزە بوو، بەردەوام لاقەکانی جووت دەکرد، گوێی قوڵاغ دەکرد و لە شوێنێکی قەراغ جادەی دەڕوانی... یاخود دوور. لەم کاتانەدا نەعوزوبیللا بەخوایش نەدەجوولا. فەرمانده کەمێک رادەوەستا و ئەوسا دەبووایە هەر تێی ژەنێ. لە شار راپەڕین کرابوو و دەبا خێرابگا بۆ ئەوەی نەڵێن دوواکەوت و ئەو نەبوو کردی. بەڵام مەگەر گوێدرێژی نەگبەت ئاگای لەم جۆرە شتانە بوو! بە کەیفی خۆی هەنگاوی هەڵدێنا.

فەرمانده سوێندی خوارد گەر جاری جاران بایە و پەلەی نەبووایە ئەوا رایدەسپارد 'ئار پی جی'یەکی پێوە بنێن و بۆ هەمیشە هەیکەلی نەحسی لەسەر کورەی زەوی کۆبکەنەوە. ئاخر کەر بوونەوەر بوو خوای گەورە خوڵقاندنی!

لە دوورەوە دەنگی تەقە، دروشمدان و هات و هاوار دەهات. فەرمانده کە تا ئیستا چەند نەقیزەیەکی لە کەرەکەدا شکاندبوو و ئەوەندەیشی بە قاچەکانی لە لاکەلەکەی سرەواندبوو پووزەکانی دەیشان، ئەمری کرد نەقیزەیەکی تری بۆ سازکەن. یەکێک لە هەڤاڵان لقێکی لە داربەڕوویەکی قەراغ ڕێگاکە کردەوە و لە دووای ئەوەی گەڵا و چیلکە و چەوێڵەکەی لێکردەوە، دایە دەستی. فەرمانده جوان لێی ڕووانی، ئەمەی بەدڵ بوو. ئەوسا هەتا هێزی تیا بوو دانەیەکی مزری تێسرەواند. دیاردە ئەمجارە لەبەر گوونانی. کەرە شین کە چاوەڕوانی ئەمە نەبوو، وەها هەڵبەزییەوە کە فەرمانده خەریک بوو بە خۆی و مزەللیەکەی بەر کۆشی بە پشتا بکەون و تەختی زەوی بن، بەڵام وەک هەمیشە بە هۆی کارزانی و وشیاریی خواپێداوانەوە خۆی گرتەوە و، زیت و وریا بە پشتی کەرە شینەوە لە سورعەتێکی چل کیلومەتر لە سەعاتێکدا بەرەو مەکۆی ڕاپەڕین کەوتنە ڕێ.

کەرەشین کە کتوپڕ زەوق گرتبووی، هەر غاری نەدەدا بەڵکو بەدەمیشییەوە جووتەی دەهاویشت و دەیزەڕان. جاری وابوو گەردنیشی بۆ دەکێشیا و هەر سی و دوو دیانیشی پیشانی ئاسمان دەدا. دیارە گەر ئەویش وەک مرۆڤ سی و دوو دیانی هەبێ. فەرمانده کە زۆر لە پێش هاوڕێیانەوە بوو و کتوپڕ هەستی بە ترسێکی یەکجار سەیرکرد،

هەوڵیدا هەرچۆنێک بێت کەرەشین راوەستێنێ. بەڵام چۆن چۆنی؟ کەرەشین بە پێچەوانەی ماییەکە هەوساری نەبوو. ئەوسا لە ناو ئەو هەراوهەنگامەیەدا هاتەوە بیری کە کەر هەر لە ئەزەلەوە هەوساریان نەبووە. بیری کردەوە باشە کەر بۆ هەوساری نیە؟ یەعنی ئەوەندە ئاقڵن؟ فەرماندە کە لەو بڕیارەو بەرەیەدا دەرفەتی ئەوەی نەبوو وەڵامی پرسیارەکانی بدۆزێتەوە و نیشتمانی بێ سەرکردەیش بە تامەزرۆییەوە چاوەڕانی بوو، ئیتر خۆی دایە دەست قەزاوقەدەر. کەرە شین کە هەتا دەهات خێراتر غاری دەدا، گەییە قەراغ شار. ژاوەژاوی شار ئیستاکە باشتر دەهاتەگوێ. راپەڕین بوو بەڕاستی راپەڕین! بینی بەخۆشییەوە ڕەبایەکەی قەراغ شار سووتابوو و ئاداری بەسەر پادارەوە نەمابوو. تەرمی دوژمن لێرە و لەوێ کەوتبوون و مێش و مەگەز لێیان ئاڵابوو. فەرماندە بینی سەگەبەڕۆکان ملۆمۆیانە و بۆ دەرفەت دەگەڕێن لە تەرمەکان نزیک ببنەوە. ئەم دیمەنە چەندە بۆی ئاشنا بوو. ئەم کە چاوەڕوانی ئەوە بوو بە گەیشتنە ناو شار، کەرە شین سورعەتەکەی کەم بکاتەوە، بینی نەک تەنیا کەمی نەکردەوە بگرە تینی زیاتریشی دایە و بە جووتە هاویشتن شێتانە خۆی بە یەکەم کۆڵاندا کرد. فەرماندە نائومێدانە لایکردەوە. هەڤاڵانی بینی ئەوانیش بە هەڕاکردن لە دووای دوواوە خەریکبوو لە دووا تەپۆڵکە دادەبەزینە خوارەوە. لە کاتێکدا کۆڵان دیمەنەکەی بەرەبەرە لەبەر چاو ونەکرد و ئیتر هیچ هومێدێکی نەمابوو لەبەر خۆیەوە بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا دۆعای کرد کەرە دێز ئەمجارە نەیکا بە ناو ڕەبایەکەدا هێشتا نەگیراوە.

(٢)

لە ناوەڕاستی شار خەڵکێکی یەکجار زۆر دەبینرا. هات و هاوار و بێنەوبەرەیەک بوو نەبێتەوە. لە کووچە و کۆڵانان خەڵک دەستە دەستە کۆببوونەوە و بە دزە و بەخۆحەشاردانەوە لەو بینا بەرز و گەورەیان دەڕوانی وا گەمارۆ درابوو و شەڕە تەقەیەکەی گەرم و گوڕی بەدەوردا دەکرا. لێرە و لەوێ تەرمی کوژراوەکان کەوتبوون و دەنگی ئاە و نالەی

بریندارەکان دەگەییە ئاسمان. بە ئامبوڵانس و تڕۆمبیلی تر و هەرچی دەستدەکەوت بریندارەکانیان رادەگواست. ڕەنگی سووری خوێن جێ بە جێ لێرە و لەوێ دەبینرا. بیناکە سەرسەختانە بەرگری لە خۆی دەکرد و لەوە نەدەچوو بەتەمای خۆبەدەستەوەدانەوە بێت.

فەرماندە بە کەرەشینەوە لەو کۆڵانەوە وا ڕاستەوخۆ لە سەرەوخواریەکدا بەسەر مەیدانەکەدا دەکەوت، بەپڕتاو خۆی بە ناو جەرگەی شەڕەکەدا کرد. دیسان هەرچی هەوڵیدا کەرە ڕاوەستێنی سوودی نەبوو. ویزەویزی فیشەکە سەرگەردانەکان دەوریان تەنیبوو. ئەوسا چاوی بە گڕ و تەپ و تۆزی ئەو تەقینەوانە کەوت کەوا بە هۆی ئارپی جی و بازووکەوە دوو پەنجەرەی بیناکەیان بە ئاسماندا برد. لە پێشەوە لە ناوەڕاستی مەیدانەکە ڕێک لەو شوێنەیدا حەوزێکی ئاوی لێبوو جەماعەتێک چەکدار چەقیبوون و لە ژێر ڕێژنەی گوللەدا نەیاندەوێرا سەر هەڵبێنن. کەرە دێز ڕێک بەرەو ئەوێ غاریدەدا. فەرماندە کە تەواو هەناسەی سواربووە، توانی مزەللیەکەی بخاتە سەرپێ و لەگەڵ ئەوەی زۆر پیس بە پشتی کەرەکەوە بەم لاولادا دەکەوت توانی بینێ بە شانییەوە و سیرەی پێ بگرێ. پەنجەی بە پەلەپیتکەی تفەنگەکەدا نا و ریزێکی لە بیناکەی بەرامبەری کرد. لەم کاتەدا ئەوانەی وا لە ناو بیناکەوە تەقەیان لە جەماعەتەکەی ناو مەیدانەکە دەکرد، ڕووی تفەنگەکانیان لە فەرماندە کرد و تەقەیان لێ کرد. کەرەشین شێتانە بە بێ ڕاوەستان لە کاتێکا ناوە ناوە ملێکی بۆ خواردەکردەوە و دیسان سی و دوو دیانەکەی دەردەخستەوە دەوری مەیدانەکەی تێپەڕاند و هەتا پشت حەساری بیناکە ڕانەوەستا. لەوێ بە بێ ئەوەی فەرماندە پێی بڵێ و

ڕەنگە لە ترسی ئەوەی بەر دیوارە چیمەنتۆییە زبرە خۆڵەمێشییەکە نەکەوێ هەر بەو خێراییە کتوپڕ ڕاوەستا. فەرماندە بە چەکەکەیەوە زۆر خراپ کەوتە خوار و هاواریێکی پڕ لە ئێش و ئازاری لێ بەرز بووەوە. لەم کاتەدا جەماعەتی ناو مەیدانەکە دەرفەتیان بەگیرهێنا و خۆیان گەیاندە پشت دیوارەکە لای فەرماندە. ئیتر لێرەوە کارەکە ئاسانتر چووە پێش. بە نارنجۆک دەروازەکەیان تەقاندەوە و جەماعەت خۆیان بە حەوشەی بیناکەدا کرد. شەپۆلی ئەو چەکدارە تووڕانەی وا چاوەڕوانی ئەم هەلە بوون جووڵان و، ئەوانیش لەگەڵ ئەوەی بەدەم پێشڕەوییەوە لێیان دەکەوتە سەر عەرز، خۆیان بە بیناکەدا کرد. فەرماندە کە قاچی ئازاری گەیشتبوو و سەرئەژنۆیەکی بە خراپی بریندار ببوو لەوێ بەدیار کەرە شینەوە مایەوە. فەرماندە بینی کەرەشین سەرەتا لووتی بە دیوارەکەوە نا و پاشان سەری وەرگێڕا و بە چاوە مەزڵوم و غەمگینەکانی سەیرێکی ئەمی کرد. فەرماندە کە قەت وەهای نەبینیبوو لە کاتێکا دەستی بە قاچی خۆیدا دێنا و چاوی لە تاو ژان ڕەشکە و پێشکەی دەکرد لە کەرەشین وردبووەوە. ئەوسا بینی لە ژێر ورگییەوە خوێن دەچۆڕێ. کەرەشین پێکرابوو. ئەوەندەی پێنەچوو بەرەبەرە ئەژنۆکانی کە دەلەرزین، شل بوون و جەستەی قورس و گرانی بەلای ڕاستدا کەوتە سەر زەوی. فەرماندە هەروا سەیری دەکرد و تیایا مابوو چی بکا. ئەوەندەی پێنەچوو جەماعەتێک گەیشتنە سەر سەری و دەستیان دایە بن هەر دوو باڵی و بۆ دوواوەی بەرەی شەڕەکە ڕایانگواست. کەرە شین هەتا دەهات دوور و دوورتر دەکەوتەوە.

هەر ئەو ئێوارەیە لە خەستەخانە مەرەخەسیان کرد و هەڤاڵانی کە ئەوانیش گەیشتبوونە ناو شار و دۆزیبوویانەوە، بردیانە ئەو مەقەڕەی وا هەر ئەو رۆژە بەهۆی دەستبەسەراگرتنی یەکێک لە بینا حکومییەکان لە ناوەڕاستی شار سازیان کردبوو. هەڤاڵان بۆیان گێڕابووەوە لەناو خەڵکی شار باس باسی ئازایەتی فەرماندەیە کە چۆن چۆنی بە ماینەکەیەوە وەک رۆستەم خۆی بەناو بەرەی شەڕەکەدا کردبوو و بە کردەی پڕ لە ئازایەتی خۆی نەک تەنیا گیانی ئەو کەسانەی رزگارکردبوو وا لە دەوری مەیدانەکە لەژێر تەقەی دوژمندا گیریان خواردبوو، بەڵکو بەهۆی نزیککەوتنەوەی لە بیناکە ببووە هۆی گرتنیشی.

فەرماندە کەمێک بیری لە وشەی ماین کردەوە. ئەوسا لای خۆی لێکی دایەوە کە لەوەها مەیدانێکی شەڕدا دەکرێ هەموو شتێک تا ئەوپەڕی خەیاڵی خۆی بڕوات. جگە لەمە بیری کردەوە کە رەنگە بەڕاستی ماینەکەی بووبێ وا ئەو ئەمڕۆ لە شاخەوە بە سەریەوە دابەزیبێتە خوارەوە و لە راستیدا کوژرانی ماینەکەی بە دەست دوژمنەوە تەنیا وەهمێک بووە و بەس. ئاخر دەکرێ کەر شتی وەهای لێ بوەشێتەوە! بۆیە لە کاتێکا پاڵی بە پشتییەکانەوە دەدا و جێی خۆی زیاتر خۆش دەکرد. گوتی "بەڵێ ماینەکە!"

ئەوجا ئەمری دەرکرد هەر ئەو شەوە هەڤاڵان بچن و کەلاکەکەی بێننەوە و لە تاریکیدا لە دەشتەکەی قەراغ شار لە شێوێک فڕێی بدەن و جێی بێڵن. گوتی گەر کرا خراپیش نیە کەمێک گڵی بەسەردا بکەن.

ئەوسا ناردی قاپێک ویسکیش بێنن و بەیادی ماییەنەکەی، ئەو شەوە تا درەنگان پێک لە دووای پێک هەڵیدا. سوێندیشی خوارد سەردەمێکی نوێ دەستی پێکردووە. سەردەمێک کە ئیتر قەت گەڕانەوەی بۆ نیە.

(٣)

بۆ سبەی فەرمانده کاتێک لە خەو خەبەری بووەوە، بینی سەری یەکجار قورسە. سەرێشەیەکی پیس دونیای لەبەرچاو تاریک کردبوو. داوای ئاوی کرد. بۆیان هێنا. سەهۆڵاوێکی کەلەتەزێن کە هەر لە ناو قوڕگییەوە هەتا ناو مەعیدەی دڕی. هاتەوەبیری ئەمشەو خەوی بینیبوو. کەرەشین هاتبووە خەوی. چەند خێرا! لە ناو دەشتە کاکی بە کاکییەکەدا لە ژێر گڵەکە هەستابووەوە و بەو شەوە نووتەکە لەمی رووانیبوو و بە پێکەنینێکی گاڵتەجارانە بە سەر لێوە دڕێژەکانییەوە رۆحی گەستبوو. پێکەنینێکی بێدەنگ کە دیسان تیایا هەر سی و دوو دیانی دەرکەوتبوون. فەرمانده حەزی لەم پێکەنینە نەبوو. بیری کردەوە باشە ئەوە چیبوو وا ماینەکەی لێ کردبووەوە بە کەر. هەر لەو کاتەدا بیری رووداوەکانی دوێکەیش کەوتەوە. هەموو شتێک چەند لە خەیاڵ دەچوو. بە دژواری چاوی هەڵێنا، دەستی بە ناوچاوانییەوە گرت و لە چواردەوری خۆی رووانی. نا، درۆ نەبوو. ئەو لە جیاتی چادر یاخود کەپرێک ئیستاکە لەناو ژوورێکی جوان و خاوێن و شاریدا بوو. بەو دیوارە سپی و لووسانەوە وا مێشیش لەسەری دەخزی. هێشتا خەیاڵی لە ناو روخساری گاڵتەئامێزی کەرەکە و رووداوەکانی دوێکەدا دەهات و دەچوو کە کەسێک بە دۆلکەیەک ئاو و تەشتێکەوە خۆی کرد بە

ژوورەکەدا. ئەگەرچی فەرماندە یەکجار میزی دەهات، بەڵام سەرەتا دەست و دەموچاوی شۆرد و ئەوسا هەستا و بە لۆژەلۆژ چوو بۆ ئاودەست. لەگەڵ خاڵیکردنەوەی میزەڵدانی کتوپڕ هەستی کرد وەزعی باشترە. سەرئێشەکە کەمێک پاشەکشەی کردبوو.

بەدەم خواردنی ناشتاوە هەواڵ هات شار بەتەواوی پاک کراوەتەوە و ژمارەیەکی زۆر چەکدار و سیخوڕ و پیاوی حکومی گیراون. ئەوسا گوتیان نەک تەنیا ئەم شارە بەڵکو گەلێک شوێنی تریش ئازادکراون. فەرماندە لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. ئەو شارەی ئەم زۆر جار لە دوورەوە بە دووربین لێی رووانیبوو، ئیستاکە لە ژێر دەستیدا بوو. یەکێک لە هەڤاڵان گوتی قوربان هەڤاڵان دەستیان بەسەر زۆر خانوودا گرتووە. ئیستا لە زۆر شوێن بنکەمان هەیە. فەرماندە لایکردەوە و چاوەکانی بریقانەوە. ئەوسا پرسی داخۆ خانووەکەی خولەی جامانەخوار کە جاشێکی بەناوبانگ بوو و کاتی خۆی زۆرێک لە هەڤاڵانی بەدەستی خۆی شەهیدکردبوو و ئەمیش یەکجار بە شوێنییەوە بوو، گیراوە یان نا. گوتیان قوربان نەک دەستی بەسەردا گیراوە، بەڵکو تاڵانیش کراوە! فەرماندە بەمە یەکجار تووڕە بوو و ئەمری دەرکرد بچن و هەرچی دزرابوو لە خەڵکی بسێننەوە. هەڤاڵان گوتیان قوربان تازە شتی وا مەحاڵە و بەڵام دەتوانن لە شوێنی تردە شمەکی بۆی بێننەوە. بەم شێوەیە فەرماندە گواستییەوە بۆ ماڵی خولەی جامانەخوار و دەستی بەسەردا گرت و کردی بە ماڵی خۆی. خانووەکە بینایەکی چوار قاتی زەلام بوو بە هەر چواردەوریدا حەوشە و بەو درەختە میوانەوە وا لە نێوانیاندا بە چیمەن و موزاییک نەخشێنرابوون.

لە رۆژانی داهاتوو هەموو ئەو خانوو و شوێنانەی وا هی پیاوانی حکومەت بوون دەستیان بەسەرداگیرا و هەر کامەیان هەڤاڵێکی مەسئول چووە ناوییەوە.

بۆ چەند رۆژ دوواتر کاتێک خەریکی دارشتنی پلان بۆ چۆنیەتی چەکدارکردنی ئەو هەموو لاوە بوو کە رووبان کردبووە مەقەڕ و حەزیان دەکرد چەکی شەرەف لە ژێر ئەمری فەرماندەدا بکەنەشان، هەواڵ هات کە کوردێکی گەنجی سوور و سپی هاتووەو دەیەوێ چاوی بە فەرمانده بکەوێ. ئیزنیان دا و کورە گەنجەکە کە لوولەیەکی سپیی درێژی بە دستەوە بوو خۆی بە ژوورەوەدا کرد. دووای سڵاو و ئاراستەکردنی ئەو نیگایانەی وا پڕاوپڕی ڕێز و خۆبەکەمزانین بوون، لوولەکەی کردەوە و ڕەسمێکی یەکجار جوان دەرکەوت. لە ڕەسمەکەدا فەرمانده بە مزەللییە ڕووسییەکەیەوە بەسەر ماییەکی سپییەوە دەبینرا کە بە نیگا تیژەکانی لە شوێنێکی دووری دەڕوانی. هەیبەتی ئەسپ و فەرمانده بەسەر وێنەکەدا بە تەواوی زاڵبوو و لەناو پانتایی ئاسمانی شینیشدا پڵەهەورێکی سەرگەردانی سپی دەبینرا کە وەک بڵێی ئەوەیش دەیەویست بەهەمان ئاراستەدا بڕوات وا فەرمانده لێی دەڕوانی. گەنجەکە چاوەڕوانی فەرمانده مایەوە. لە دووای چەند خولەکێک سەرئەنجام فەرمانده بە غرورێکی سەیرەوە سەری هەڵبڕییەوە و ئەمجارە بەو نیگایانەوە کە یەکجار نامۆتر دەیاننواند لە کوڕەکەی ڕووانییەوە. ئەمردەرکرا وێنەکە لە نایلۆنێکی سپی گەورە بپێچن و بەرز لەسەر دیواری مەقەڕ هەڵیواسن. گەنجەکەیش بانگکرا بۆ ژوورێکی قاتی یەکەم و لەوێ لەپاش ئەوەی دەسخۆشانەیەکی باشیان دایە، دەسخۆشانەیەک

کە دەیتوانی تەواوی ئەو مانگە هەموو ئێوارەیەک بۆ خواردنەوە بچی بۆ نادی، بەڕێیانکرد.

بەڵام فەرمانده مێشکی هەر ئاڵۆز بوو. ئەو ئێوارەیە باوەڕپێکراوترین کەسەکانی خۆی بانگکرد و رایسپاردن بچن و شوێنی کەرەشین بدۆزنەوە و ئەمجارە بە هەڵکەندنی چاڵێکی تەواو، چاڵێک کە بتوانێ جەستەی زەلامی بەجوانی لەخۆبگرێ، وەهای لەبەرچاو ونبکەن کە تەنانەت لە خەویشدا نەتوانێ بگەڕێتەوە. هەڤاڵان بە لەندکڕۆزرێکی سپیی تازە رۆیشتن. بە سەرسوڕمانەوە بینیان کەرەشین نەک لەوێ نەماوە بەڵکو هیچ ئاسەوارێکیشی لێ نەدەبینرا. یەکیان گوتی بەخوا سەیرە، من بەچاوی خۆم بینیم کە جەستەی خوێناوی بوو و بۆ هەمیشە تۆپابوو. ئەوی تریان کە بە کابرایەکی بێخەیاڵ بەناوبانگ بوو گوتی وەڵاڵا من فێربووم ئەوەی بە چاوی خۆیشم دەیبینم باوەڕنەکەم. هەڤاڵێکی تر بە سەرسوڕمانەوە لێی رووانی و گوتی پێم سەیرە چۆن توانیووتە ئەم هەموو ساڵە شۆڕشگێڕ بیت! یەکی تریان کە هەمیشە جامانەیەکی لە ملدا بوو گوتی رەنگە گورگ خواردبێتیان. هەڤاڵێکی سمێڵ فش کە بە رۆن چەوری کردبوو گوتی بەخوا بێ ئەقڵی گورگی چی و شتی چی، مەگەر نابینی یەک قەترە خوێن چییە لێی نیە، جگە لەمە لەو خاک و خۆڵەیش وا پیاماندا دابوو ئاسەوارێک نەماوە! لێرەدا کتوپڕ ترسێک لە گیانی هەموویان نیشت. رۆح! ئاە، نەکا رۆحەکان هاتبن و... . سەیرێکی یەکتریان کرد. ئەوسا بەپەلە لە شوێنەکە دوورکەوتنەوە.

کاتێک سوار سەیارەکەیان دەبوونەوە، یەکیان گوتی راستی لەبیرتان دێ کاتی خۆی چەند ساڵ لەمەوبەر لێرە لەم دەشتە بەتووش شەڕێکی

گەورەوە بووین،... ها... لەبیرتانە دوو هەڤاڵمان شەهیدکران و هەشتمان لێ بریندارببوون و سیانیشمان لێ بێسەروشوێن کرا؟

هەڤاڵان لەیەکتریان رووانی و بە پەلە لە شوێنەکە دوورکەوتنەوە. شەو بە فەرماندەیان گوت ئەمرەکەی جێبەجێکراوە. فەرمانده ئەمری دەرکرد خواردنیان بدەنێ. هەڵبەت لە دڵەوە دڕدۆنگ بوو. حەزیدەکرد باوەڕیان پێنەکا. شتێک لە وەڵامیاندا غەریب دەینواند. وەک بڵێی بەپەلە جوابیان دابێتەوە، یاخود وەک بڵێی نیگایان دەدزییەوە. ئەمیش پڕکێشی لێنەکردن. گرینگ ئەوە بوو دونیا بە باریکی تردا وەرگەڕابوو، وەها کە خولەی جامانەخواریش کە نێرەکەری دەکرد و دونیای عاسی کردبوو، لێی قەومابوو. هەوڵیدا بەشە غەمگینەکەی دڵی پاڵ پێوەنێ بۆ دووادوواوە. بۆ ئەو شوێنەی وا بەچەند ساڵێک جارێک نۆرەی بەردەکەوێ. بەڵام شتێک پێی دەگوت دەکرێ ئەم نیشتمانە لە درۆکەی خۆش بێت، کە خۆشیش ببوو، بەڵام کەرەشین نا. ئەو کەرەشینەی ئەو دەیناسی لەوە قیرسیچمەتر بوو بەم زووانە وازبێنێ!

(٤)

خێرا دوو هەفته تێپەڕی. ئەوسا فەرمانده کتوپڕ بیری ژن و منداڵەکەی کەوتەوە. یەکێک لە شانازییەکانی ئەو ئەوە بوو کە لە پێناوی نیشتمان بە شێوەیەک لە شێوەکان وازی لە ژن و منداڵ هێنابوو و لە گوندێکی سەر سنوور جێی هێشتبوون. دیارە ژنەکەی کردە بوو و دەیتوانی بەڕەی خۆی لە ئاو دەرکێشێ. مانگایەک و دوو بزنی هەبوو لەگەڵ چەند

مریشک و کەڵەشێرێک. ئەمیش ئازووقەی حیزبی دەگەیاندێ و بڕێ پارە و پوولیشی بۆ جێدەهێشت. گەر جەوڵە دەرفەتی بدایە و ڕێگای بکەوتایە گوندەکە ئەوا زووزوو سەردانی دەکرد، ئەگینا بە سێ مانگ جارێک دەچووەوە ماڵەوە. ژنەکەی بە هاتنەوەی خۆشحاڵ دەبوو، بەڵام خۆشحاڵییەکەی تەنیا بە لێڕوانین دەردەبڕی. فەرمانده کە خاوەن دوو کوڕی گچکە بوو، یەک دوو شەوێ لە ماڵەوە دەمایەوە و دیسان وندەبووەوە. هەتا دووردەکەوتەوە ژنەکەی لەسەر بانییەوە لێی دەڕوانی. ئاگای لێبوو فەرمانده بۆ جارێکیش لای نەدەکردەوە.

بەیانییەک کاتێ لە خەوهەستا، ناردی ژن و منداڵەکەی بۆ بێننەوە. لە دووای دوو ڕۆژ ئێوارەیەک گەیشتنەوە ماڵەوە. فەرمانده رایسپاردبوو هەرچی هەیە ژنەکەی جێی بێڵێ و تەنیا بە دوو منداڵەکەی و جلی بەریەوە خۆی بگەیەنێتە لای مێردەکەی. ژنەکەیشی چونکە هاوسەرێکی گوێڕایەڵ بوو بەقسەی کرد. مانگا و بزن و مریشکەکانی بەخشی. خەڵکی ئاوایی بەمیهرەبانییەوە بەڕێیانکرد. ڕێگا دژواربوو و پڕ لە چاڵە و چۆڵ و تەپ و تۆز. بۆ خۆی سەری لە گێژەوە هات و منداڵەکانیشی ڕشانەوە. کاتێک ژنەکەی گەیشتە بەر خانووە کەشخەکە سەرەتا لای وابوو بەهەڵە هاتوون، بەڵام کاتێک مێردەکەی لەسەر بەڵکۆنەکە بینی دەستبەجێ باوەڕی هێناو بەکاوەخۆ وەژوورکەوت. لە ناو ژووری دانیشتنەکەی قاتی دووهەم هەر دوو منداڵەکەی کە لێی جیانەدەبوونەوە و لە قاچ و قولی دەئاڵان، ڕاوەستان و لە جیاتی ئەوەی لە فەرمانده بڕوانن نوقمی شمەک و قەنەفەکانی ناو ژوورەکە ببوون. فەرمانده منداڵەکانی لە باوەش گرت و ئەمری کرد دانیشن.

لە راستیدا چەندین رۆژی خایاند تا ژنەکەی بە خانووەکە راهات و باوەڕیکرد کە ئەمە ئەو خانووەیە ئەوان دەبێ پاشماوەی ژیانیان تیایا بژین. هەڵبەت زۆر خێرا راهاتن، بەتایبەت منداڵەکان. بەڵام فەرمانده هەستیکرد شتێک ناڕاستە. بیری لە روخساری شکاوی ژنەکەی و جۆری هەڵسوکەوتی دەکردەوە کە بە هیچ کلۆجێک لەگەڵ دۆخی تازەی خۆی و خانووەکە نەدەهاتنەوە. ژنەکەی زیاتر وەک کارەکەرێک دەهاتەبەرچاو کە بۆ خاوێنکردنەوەی خانووەکە بانگکرابێ هەتا هاوسەرێک شیاوی ئەو بێ. بەمە یەکجار قەڵس بوو. نەدەکرا کەسێکی وەک ئەو بەم شان و شکۆیەوە خاوەنی وەها ژنێک بێت. جاران جاران بوو و راستییەکەی ئەوە بوو دوو هەفتەیەک دەبوو گەردوون بە لایەکی تردا کەوتبوو. بۆیە رایسپارد خانوویەکی تر کە کەمێک سادەتربوو بۆ ژن و منداڵەکەی لە گەڕەکێکی تری شار بگرن و بۆ ئەوێ بەڕێی کردن. هەر لەو کەین و بەینەیشدا بوو کرایە مەسئولی سوپای ناوچەکە و ئیتر بڕیاریدا لە جیاتی دوو خانوو ببێ بە خاوەنی چەندانی تر.

فەرمانده لە مەقەڕ ژووریکی یەکجار گەورەی جیاکردەوە بۆ شوێنی کارەکەی. هەروەها لەو شوێنە بوو خەڵکی دەیانتوانی سەردانی بکەن. لە راستیدا فەرمانده لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا یەکجار سەرکەوتووبوو. لە شاخیش هەر وا بوو. لەگەڵ هەرچی سەرۆک عەشیرە و پیاوماقوڵی ناوچە جۆربەجۆرەکان لەپێوەندییەکی باشدا بوو. لە رێگای ئەوانەوە توانیبووی کۆنترۆڵێکی باشی بەسەر دۆخەکەدا هەبێ. هەتا ئەو جێگایەی ئەوان رێزی ئەم و هەڤاڵانیان بگرتایە و خزمەتیان بکردنایە و جگە لەوە لە کاتی تەنگانەدا بەدەمەوە بوونایە،

ئەوا ئەویش زۆر خۆی لە قەرەی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان نەدەدا و ئیزنی دەدا خۆیان بە یاسای خۆیان چارەسەری بکەن. ئەو تەنیا لەو گوندانە دەستی لە دۆخەکە وەردەدا کە لایەنەکانی تر، بەتایبەت لایەنێکی سەرەکیی تر کە رەقیبی ئەسڵیی ئەمان بوون، دەسەڵاتیان هەبایە. لەم کاتانەدا یاساکانی حیزب دەهاتنە پێشەوە و پێ لەسەر ئەوە دادەگیرا کە دەبێ بێ ئەملاولا رەچاوبکرێن. بگرە بەشێکی بەرچاوی سەرۆک عەشیرەکان و پیاوماقوڵان، بەڕواڵەتیش بایە، کرابوونە ئەندامی نهێنی و شوێنیان بەم شێوەیە هەم پارێزراو بوو و هەم لەوەی کە ببن بە ئەندامی لایەنەکانی تر یاخود پیاوی حکومەت خۆبەخۆ بەرگری کرابوو. هەڵبەت هیچ گارانتییەک نەبوو کە بەڕاستی ئەندامی ئەمان بن و لە ژێرەوە لەگەڵ ئەوانی تر دەستیان تێکەڵ نەکردایە، بەڵام لە هیچ باشتر بوو و لانیکەم دەیانزانی شتێک هەیە ئەوان بە فەرماندەوە دەبەستێتەوە و دەبێ لە یادیان بێت کە ئیتر تەنیا خۆیان نین. راستییەکەی ئەوە بوو هەمووان لە سەردەمێکدا دەژیان کە دەبا لایەنێک هەڵبژێرن. بێ لایەن دەفەوتا، یان باشتر بڵێین فەوتابوو. کاتێک شەڕە سەرەکییەکانی دێن، کاتێک باس باسی نیشتمان و مانەوە یاخود نەمانەوەیەتی کەس ناتوانێ لەو لاوە راوەستێ. فەرماندە و هەڤاڵان بەمە گەیشتبوون و پێداگریش بوون لەسەر ئەوەی کە گشتی نیشتمانیش دەبێ بەم راستیە بگەن. راستییەک کە هەم تاڵ بوو و هەم خۆش. بۆیە لای فەرماندە زۆر ئاسایی بوو کە هەڤاڵان بنێرێتە سەر سنوور و لە قاچاخچیەکان سەرانە و باج بستێنێ، یاخود هەڤاڵان بە کۆمەڵ خۆ بە گونددا بکەن و چاوەڕوانیی ئەوەیان هەبێ خەڵکی نان و

ئاویان بدەنێ و خزمەتیان بکەن. لەم بارەیەوە فەرماندە و هەڤاڵان تەواو ویژدانیان ئاسوودە بوو، گەر قەرار بوو ئەوان خوێن و ژیانیان بدەن بۆچی خەڵکی بە پارە و بە خواردن ئەرکی نیشتمانیی خۆیان رانەپەڕێنن! لای فەرماندە ئەمە یاسایەکی یەکجار سروشتی بوو. لای ئەو خەڵکی گەر لێیان گەڕابای هەر خەریکی ژیانی خۆیان دەبوون و کاریان بە هیچەوە نەبوو. بۆیە ئەرکی ئەو و هەڤاڵەکانی بوو خەڵکی لە خەوی قوواڵ راپەڕێنن و وشیاریان بکەنەوە کە ژیان واوەترە لە ئیش و کاری رۆژانە. ئەوەیکە ژیان خۆی لە خۆیدا خاوەن ئامانجە، ئامانجێک کە زۆر ئاسان خۆی نانوێنێ و بۆیە دەبێ هەندێ کەسی پێشڕەو کاری لەسەر بکەن، بیدۆزنەوە و ئەوسا بە پێشکەشکردنی، مانا بە ژیانی خەڵکی و بە نیشتمان ببەخشن.

ئەو خەڵکانەی لە کاتی دیاریکراوی هەر رۆژەدا رووبان دەکردە ژوورەکەی فەرماندە و قسەیان لەگەڵ دەکرد و داواکاریی خۆیانیان پێشکەشدەکرد، یەکجار جۆراوجۆر بوون. فەرماندەیش کە دەیزانی ئەمە باشترین شێوازی پێوەندی لەگەڵ خەڵک و راگرتنیانە، وەک ئەرکێکی حزیبی بە جوانی رایدەپەڕاند. خەڵکی گوندی، مامۆستا، رۆشنبیر، خوێندکار، دوکاندار، کارمەند، دووڕەخزم، مۆسیقار، چیرۆکنووس، شاعیر، ڕەخنەگر، شانۆگەر، سینەماچی، کۆنەهەڤاڵ و ئەندامی حیزبەکانی تر لەو جۆرە کەسانە بوون بەردەوام دەهاتن و دەورتادەور لەسەر ئەو کورسییانەی بۆیان دانرابوو دادەنیشتن و بەنۆرە قسەیان دەکرد، یاخود داواکاریی خۆیان پێشکەش دەکرد. فەرماندە یەکەبەیەکە ئیزنی دەدان و ئەوسا بە کەسێکی دەگوت داواکارییەکان بنووسێتەوە.

جاری وایش بوو بۆخۆی یادداشتی هەڵدەگرتەوە. ئەوەی زۆرتر دەبیسترا یان داوای پارە و یارمەتی بوو، یاخود داوای دامەزراندن. زۆربەشیان باسی رۆژانی رەشیان دەکرد کە چۆن چۆنی بە خۆیان و بە بنەماڵەیانەوە لە خزمەت شۆڕشدا بوون و ئەمەیان وەک بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی رەوایی داواکەی خۆیان دەهێنایە گۆڕێ. فەرمانده زۆر جار دەیتوانی بەدەم داواکارییەکانەوە بچێ، هەرچەند نەک لەو ئاستەیدا وا کەسەکان داوایان دەکرد. لەسەرێکی تردوە فەرمانده بەم دۆخە خۆشحال بوو، ئەگەر جاران بەهۆی جۆرێک لە رەوایی شۆڕشگێڕی و هێزەوە خەڵکی رووبان تێدەکردن، ئەگەر جاران فەرمانده و هەڤاڵان بوون بۆ بژیوی نیازیان بە خەڵکەکە بوو، ئیستاکە دۆخەکە وەرگەڕابوو و ئەوە ئەو خەڵکە بوون نیازیان بە فەرمانده بوو. نیازێک نەک تەنیا لە ئاستی گوندەکاندا بەڵکو بە پانتایی نیشتمان. بەم شێوەیە هەم لەو هەستە ناخۆش و شاراوەیەی وا جاران هەیبوو دەهاتە دەرەوە و، هەم ئیستاکە هەستی بە وەها باوکایەتییەک دەکرد نەبێتەوە. باوکێک کە بەردەوامیی نیشتمان تەواو بەوەوە بەسترابووەوە.

فەرمانده ئەمەی یەکجار بەدڵ بوو. جاری وابوو ئەوەندە دڵخۆش بوو کە لە دانیشتنە ئاساییەکانیشدا زیا لە رادەی پێویست بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد و زیاتر لە هەر کاتێکی تریش بە دەنگی بەرز پێدەکەنی. جۆکی بێتامی دەگێڕایەوە و بۆخۆیشی زیاتر لەوانی تر بە جۆکەکەی پێدەکەنی!

فەرمانده بیری دەکردەوە بێگومان وێنەکەی ئەو کە هەیکەلێکی رۆمانسی بوو بە سەر ماییەنێکی سپیەوە، بۆ هەمیشە لە یادەوەریی مێژوویی

خەڵک و نیشتماندا دەمێنێتەوە،... ئەرێ، بۆ هەمیشە. ئەو وێنەیەی وا کۆپی کرابوو و بە هەموو شوێنێکدا بڵاوکرابووەوە.

(٥)

فەرمانده کە سەرخۆش دەبێ، یاخود کاتێک لە مەجلیس دادەنیشێ و جەو دەیگرێ دەستدەکا بە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی. ئەو بیرەوەریی زۆرە، یەکجار زۆر. فەرمانده دەتوانێ بە رۆژ و بە هەفتە و بە مانگ دابنیشێ و باسی شەڕەکانت بۆ بگێڕێتەوە. باسی ئەوەی چلۆن بە دەیان و بە سەدان کەسی لە دوژمن کوشتووە، بریندارى کردوون و یاخود بە دیلی گرتوون. بگرە بە هەزاران کەسیان. ئەو شەڕانەی وا جارى وایە تەنیا چەند خولەکی خایاندووە و ئەو شەڕانەیش وا چەندین رۆژ. دەنگی فەرمانده لە کاتی گێڕانەوەدا ئاساییە. جا یان هی ئەوەیە ئەوەندەی ئەم شەڕانە گێڕاوەتەوە کە چیتر نایبزوێنن، یاخود بە ئەنقەست وادەکا بۆ ئەوەی نیشانی بدا پیاوێکی لەسەرەخۆ و خۆڕاگرە کە تەنانەت سەرەڕای ئەوەی ئەو هەمووە گیان و ژیانی خۆی

خستووەتە مەترسییەوە، بەڵام لەلای وەک یەک وایە وەک بڵێی هەر هیچ رووینەدابێ. ئەو دەیەوێ پیشانی بدات وەک خودی رۆژگار سارد و سڕە. دەیەوێ بیسەلمێنێ گەر وات لێهات ئیتر بردنەوە بە تۆیە. دەیەوێ بینوێنێ گەر لە هەموو شتێ بێ منەت بووی ئەوا دونیا رووت تێدەکا و بەخت بەر ماڵت دەگرێ. گوێگرەکانی، ئەوانەی دەوروبەری وەها چاویان زیت دەبێتەوە نەبێتەوە. ئەم چیرۆکانە ئەوەندە ئەفسانەیین کە بۆ باوەڕپێکردن نابن. داخۆ دەکرێ کەسێک ئەو هەمووە شەڕەی بە درێژایی ساڵان بینیبێ و، کەچی یەک بریتی بچوک چییە نەکەوتبێتە جەستەیەوە! بەڵام چیرۆکەکان راستن. بەڵگە ئەوەیە کاتی خۆی رادیۆیش خوێندوونیەوە. جگە لەمە هەموو هەڤاڵان و خەڵکی ناوچە ئەمە دەزانن. شاخەکانیش لە دڵی خۆیاندا چیرۆکەکانیان راگرتووە. تەنیا ئەوەندە بەسە بچیت و گوێ بە دڵیانەوە بنێی بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بۆت بگێڕنەوە. کەواتە فەرمانده لە زەوییەوە نەهاتووە. ئەو هی شوێنێکی تره. تەنیا ئەوەیکە ئەم نیشتمانە بەختی هەبووە و فەرمانده رێک لێرە لە شوێنێک لە ئاسمانەوە دابەزیوەتە سەری. بێنە بەرچاوی خۆت ئەو هەموو جوندی و تانگ و تۆپ و تەیارە بە درێژایی ساڵانی ساڵ نەتوانێ وەت دابەزێنێ و هەر بەردەوام بیت. بەڕاستی سەیرە! ژیان چۆن چۆنی ئەم مرۆڤە مەزنانە دەخولقێنێ؟ بەڵام فەرمانده حەزناکا هەموو شتێک بگێڕێتەوە. ئەو یان زۆر شتی لەبیرنەماوە، یاخود نایەوێ لەبیری بمێنێ. بیرەوەرییەکانیش وەک کاری حیزبین، هەیانە ئاشکران و بۆ باسکردن دەبن و هەشیانە دەبێ بۆ هەمیشە بیانشارنەوە. هەشیانە دەبێ بەجۆرێکی تر بیانگێڕیتەوە.

فەرمانده بیرەوەرییەکانی دەقرتێنێ. کە رادەوەستێ یاخود چاوەکانی کۆدەکاتەوە رێک ئەو کاتانەن کە دەستدەباتە ناویانەوە. جەماعەت لایان وایە فەرمانده لەم کاتانەدا یەکجار کەوتووەتە بەر سریمەی رووداوەکان وەها کە نازانێ دەست بۆ کامیان ببات. ژووریەکە ئەوەندە گەورەیە و حەسارەکانی دەوری خانووی فەرمانده ئەوەندە دوورن کە تەنانەت دەنگی وەڕینی سەگەکانی شەویش نایگەنێ. بێدەنگییەکی سەیر زاڵە. فەرمانده باسی شەڕی ناوخۆ ناکا، گەر دەیشیکا هەوڵدەدا زوو بەسەریا تێپەڕێ. یان دەڵێ ئەوان بە دوژمن خەڵەتان و پلانی ئەوانیان جێبەجێ کرد. هەڵبەت ئەمەیش بە کاتە، جاری وایە وەک شەڕەکانی تر دەیانگێڕێتەوە و جاری وایشە نا. ئەو باسی کوشتنی دیلەکان ناکا، باسی ترساندن و تۆقاندن ناکا، باسی چۆنیەتی پێوەندی لەگەڵ ئەو دیو سنور ناکا، باسی ئەوە ناکا چلۆن لەگەڵ دوژمن جاری وایە سازاون بۆ ئەوەی لە دژی ئەوانی تر جووڵانەوەی چەکداری بکەن. فەرمانده دەستدەباتە ناو مێژوو. لای وایە ئازایەتی و حیماسەی هاوڕێیان دەتوانێ هەموو لایەنە ناشیرینەکان بشارێتەوە. هەڵبەت جاری وایشە تیایا دەمێنێتەوە کە بەڕاستی ئەو و هەڤاڵان کێ بوون. بەڵام بە خۆشییەوە زۆر خێرا دێتەوە سەر بڕوا هەمیشەییەکەی کە هەتا هەبووە سیاسەت وەها بووە. پێکەنین و گریان پێکەوە،... دۆستایەتی و خیانەت پێکەوە. تازە گەر بتوانی بڵێی خیانەت. لای ئەو گەر خەیانەت بیگەیەنێتە سەرکەوتن ئەوا خەیانەت نیە و سیاسەتە. ئەسڵەن وشەکان چین کە مرۆڤ دەبێ ئەوەندە شوێنیان بکەوێ و ئەوەندە خۆی پێیانەوە سەرقاڵ بکا. مەگەر ژیان خۆی لە خۆیدا شەڕێکی ئەزەلی و ئەبەدی نیە.

تۆ دەست پێش نەخەی ئەوی تر دەیخا. فەرماندە لەمێژە گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی دونیا سەرەڕای تێپەڕینی هەزاران ساڵ بە سەر شارستانیەتدا هێشتا هەر جەنگەڵستانە. جاری وایە وەک کابرای ئیتاڵی گوتی دەبێ گورگ بی و جاری وایە مەڕ. ئەو لای وایە گەر تەنیا چەند ساڵ پێش مەکیاڤیلی ژیابا ئەوە نووسینی کتێبی 'شاریار' بە نسیبی ئەو دەبوو. ئەمە یەکێک لە غەدرەکانی مێژوو بوو لە ئەو. بە داخەوە هیچیشی بە دژی کات پێنەدەکرا.

بەرەبەرە بەشێکی بەرچاوی رۆژنامەکان بوون بەو چاوپێکەوتنانەی وا فەرماندە بیرەوەرییەکانی خۆی تیا دەگێڕانەوە. پێشنیاری نووسینی یادەوەرییەکانیش لە دوو توێی کتێبێکیشدا پێی کرا. کتێبێکی دوو هەزار لاپەڕەیی لە سێ بەرگدا کە ئەوەندەی تر نیشتمانی هەژان و مەزنیی فەرماندەی سەلماندەوە. هەرچەند لە هیچ کام لە بەرگەکاندا باسی کەرەشین نەکرابوو. ئەگەرچی لە دووابەرگدا تەنیا باس لە ماییەنە سپییەکە کرابوو. فەرماندە کاتێک ئەو بەشەی نووسیبوو تەواو مێشک و هەست و نەستی ئالۆزکابوو. لە پەنجەرەکەوە لە تاریکایی شەوی روانیبوو و بیری لەوە کردبووەوە کە داخۆ بڵێی کەرەشین چی لێ بەسەرهاتبێ. نازانێ بۆ، بەڵام کتوپڕ هەستی کرد کەرەشین نەکوژرابوو و ئەوەی ئەو رۆژە لە سەنتەری شار رووبدابوو تەنیا سیناریۆیەکی بێڕەحمانە ببوو وا ئەمی تیا خەڵەتێندرابوو. کەرەشین هەر ئەو رۆژە دڵی ئێشابوو و هەر لەو ساتەوەختەوە وا لاسایی مەرگی کردبووەوە بیری تۆڵە لە سەری زلیدا گەڕابوو. بەڵام جا توخوا ئیستا مابێتیش چیدەکا،... چی پێدەکرێ! ئیستا بەتووش دێهاتییەکی بەدبەختەوە بووە

که خەریکە باری قورسی لێدەنێ و نەقیزەی تێوە دەوەشێنێ!... بخۆ ئەمە بەشت بێت! ئەم رستانەی بە مێشکدا دەهات و ئەوسا هەوڵیدەدا بۆ جارێکی تر هەموو رووداوەکە لە زەینی خۆیدا بسڕێتەوە. بەڵام تازە با وای دابنێین ئەوەی ناو شار ئێمە نەمانکرد و بەسەرا کەوتین، ئەی خەباتی شاخمان چی،... ها؟ بۆ پیاو هەیە بڵێ ئێمەیش نەمانکرد؟ تازە ئەی ئەگەر وانەبێ چۆن چۆنی من و هەڤاڵان ئەوەندە خێرا بووینە خاوەنی ئەم نیشتمانە؟ بۆ مەگەر پیاوی تری تیا نەبوو؟ فەرمانده بەم بیرانە کەمێک سوکنایی دەهات، هەرچەند لە قووڵایی دڵییەوە لەوە دەگەیشت ئەمەی ئێرە و ئەوەی ئەوێ زەوی تا ئاسمان فەرقیان هەبوو. "لەحنەت لەم ژیانە کە هەمیشە شتێکی پێیە بۆ ئەوەی خەونت بشێوێنێ... بۆ ئەوەی پێت بڵێ هەر تۆ نیت!"

یەکێک لەو شەڕانەی وا فەرمانده هەمیشە حەزی دەکرد بیگێڕێتەوە شەڕێک بوو تێیدا کاتێک فەرماندەیی شەڕێکی کردبوو و لە پشتی قەدی راکشاوی نیوە رزیوی داریکی زەلامدا خۆی حەشاردابوو، لە مەیدانی شەڕی روانیبوو و بە بێتەل فرمانی دەردەکرد، بەڕێکەوت هەڵۆیەک هاتبوو و لە پشت سەری لە سەر درەختێک نیشتبوو. دەیگوت هەتا شەڕ تەواوببوو هەڵۆکە لەوێ مابووەوە بە بێ ئەوەی دەنگی فیشەک و تۆپ و هاوەن هەراسانی بکەن و بیجوڵێنن! هەڵۆکە لە فەرمانده و لە دیمەنەکەی بەردەمی رووانیبوو. ئەوسا لە شەقەی باڵی دابوو و بەرزبەرز لە قووڵایی ئاسمان لە چاوان ونببوو. فەرمانده دەیگوت ئەو هەڵۆیەی چەند جاری تر بینیبووەوە و بە شێوەی نیگاکانی زانیبووی خۆیەتی. دەیگوت هەڤاڵانی لایان وابووە هەڵۆکە جاروبارە

دەردەکەوتەوە لەبەر ئەوەی بیری فەرماندە بێنێتەوە لە رەگەزی ئەوانە نەک مرۆڤ. مەلای مزگەوتێکیش لە یەکێک لە خوتبەکانی نوێژی هەینی باسی ئەمەی کردبوو و گوتبووی بێگومان خودا لە رێگای ئەم هەڵۆیەوە چاوەدێریی فەرماندەی کردووە بۆ ئەوەی رۆژە سەختەکان تێپەڕێنێ و بەسەلامەتی بگەڕێتەوە و، بگاتەوە ئەم رۆژانەی وا نیشتمان سەربەستانە تیایا دەژیا. لە دووای ئەمە مەلا دوو هەزار دیناری سویسڕی لە پاکەتی نامەیەک کە تێیدا بەباڵای مەلای شۆڕشگێڕدا هەڵدرابوو، بۆ چووبووە ماڵەوە.

(٦)

کاتێک بەڵێن بوو یەکەم مووچەی فەرمانبەران بدەن، هەڤاڵان خەبەریان بۆ فەرمانده برد کە لەبەر ئەوەی ئیستاکە ئەمان بەرپرسی نیشتمانن مەسئولی ئەمەن و دەبێ هەموو مانگێک وەک جاران کە دیکتاتۆر لێرە خاوەن دەسەڵات بووە مانگانە بە کارمەندان بدەن. فەرمانده بە بیستنی ئەم هەواڵە پەشۆکا و کەوتە بیرەوە. ئەو کە لەمەوبەر قەت بەسەر وەها دۆخێکدا نەکەوتبوو و جگە لە دابینکردنی مانگانەی هەڤاڵانی خۆی پارەی بەسەر هیچ شوێنێکی تردا دابەش نەکردبوو، زەینی چووە سەر شتێک بەناوی خەزێنە... خەزێنەی حکومی. بەڵام کوا ئەمان خاوەن خەزێنە بوون، مەگەر ئەمان خاوەنی چ داهاتێک بوون تا خەزێنەیشی بۆ لێبدەن؟ یەکێک لە هەڤاڵان گوتی قوربان خۆت دەزانی دیکتاتۆر لە دووای ئەوەی پاشەکشەی کردووە یەک تاقە فلس چییە نایناێرێ. هەڤاڵێکی تر گوتی بانقەکانیشیان ماشیوەتەوە و چییان تیا نەهێشتووەتەوە. ئەوسا فەرمانده بیری سەرسوور و قاچاخچییەکان کەوتەوە. لەم کاتەدا یەکێکی تر لە هەڤاڵان گوتی هەڵبەتە لە چەند شوێنێکەوە بە ڕەسمی لەگەڵ دراوسێکانمان شمەک ئاڵوگۆڕدەکەین. ئەوسا فەرمانده دەستبەجێ ئەمری دەرکرد خۆیان ببن بە بازرگانی سەرەکی و جگە لەمە لەوانەی وا شتومەکیان دەهێنا و دەبرد وەک جاری

جاران باج وەربگرن. هەموو بەم قسەیەی گەلێک بووژانەوە و جەوی مات و مەنگی ناو ژوورەکە کتوپڕ جێگای خۆیدا بە شادییەکی ئاشکرا. دیسان ئەقڵی گەشاوەی فەرمانده هێلکەی دوو زەردێنەی کردبوو. تەنانەت یەکێک لە هاوڕێیان کە دەڵێی لەوە پێش دەستێکی لە بازرگانیدا هەبووبوو، گوتی شتی حکومیش زۆر بەجێ ماون، دەتوانین ئاودیویان کەین.

بەم شێوەیە توانیان دووای ماوەیەک بەشێک لە موچەکان دابین بکەن. بۆ بەشەکەی تر هەموو تاوانیان خستە سەر ئەوەی کە گوناح گوناحی دیکتاتۆرە و گەر دیکتاتۆر بینارداید ئەوا ئەم کێشەیەیش نەدەما.

رۆژە خۆشەکانی سەرکەوتن بەم شێوەیە زۆر خێرا کۆتاییان هات و رۆژە دژوارەکان دەستیان پێکرد. دەورتادەوری نیشتمان حەساری سەرخرابوو و ژیانی رۆژانەی خەڵک و کار و کاسبیان بە زەحمەت دەگەڕا. فەرمانده و هەڤاڵانی کە لە ئیدارەکردنی دۆخەکە مابوونەوە و قەت باوەڕیان نەدەکرد بەسەر وەها وەزعێکدا بکەون، لە دووای کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان و قسەوباسێکی زۆر بەو ئەنجامە گەیشتن بە تۆخی بگەڕێنەوە سەر هەمان دۆخی جاران واتە هێشتنەوەی نیشتمان لە دۆخی شۆڕشگێڕیی بەردەوام، بۆ ئەوەی بڵێن کە تەنیا ڕێگاچارە وەک سەردەمی شاخ بەرگری و خۆڕاگرییە و گەر جاران ئەوا چەند گوند و چەند ناوچەیەکی شاخاوی لە وەها دۆخێکدا بوون ئێستاکە گشتی نیشتمان وەهای لێهاتووە و جا چاریان ناچارە،... یان مردن یان سەرکەوتن.

بەشی ڕێکلامە و ڕاگەیاندن کەوتەخۆ و لە هەموو شوێنێکەوە سروود و نشیدی شۆڕشگێڕانە بڵاودەکرایەوە، هەڤاڵان تەبلیغ کران تا دەکرا باسی شەڕە حیماسییەکانی جاران بۆ جەماوەر بەتایبەت گەنجان بگێڕنەوە. ڕۆژنامەکان بەناو مێژوودا شۆڕبوونەوە بۆ ئەوەی هەموو بیرەوەرییە لەبیرکراوەکانی زەمانی هەر زوویش بدۆزنەوە و بە تێروتەسەلی قسەیان لەسەربکەن. وەک بڵێی مشورێکی باشیان لێخواردبوو. لەبەر ئەوەی لە هیچ شوێنێک بەتووش گلەیی و گازندەی جەماوەر نەبوونەوە و خەڵکی وەک جاران بە بێدەنگی درێژەیان بە ژیانی خۆیان دەدا.

ئەو پارە و پولەی لە سەر سنور خڕدەکرایەوە دەهاتە ماڵی فەرماندە و لەوێوە لەدووای ئەوەی حیزب و هەڤاڵان و بەشی چەکداری تێروپڕ دەکران، ئەوەکەی تری بۆ خوارەوەی کۆمەڵگا سەرەوخوار دەکرایەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوە بوو ئەم بڕە پارەیە زۆر نەبوو و بۆیە فەرمانبەران یان بەناچار بۆ دابینکردنی بژیوی کەوتنە بازاڕەوە یاخود بەرەبەرە شمەکی ناوماڵیان دەفرۆشت. نەبوونی پارەیش بووە هۆی داڕمانی بازاڕ و کەسب و کاری ئەوێیش ڕووی لە کزی کرد. ڕۆژگارێکی سەخت بوو. تامی شیرینی ڕۆژانی ڕاپەڕین و شاخ بەربەرە لە دەمدا تاڵدەبوون. بەڵام فەرماندە هەرچۆنێک بوو بە گوێرەی ڕاهێنانی حیزبیی خۆی و ئەزمونەکانی لە خوێندنەوەی دۆخی وڵاتانی تر حسێبی دەکرد دەیانتوانی بە کەیفی خۆیان تا دەیان ساڵی تریش بمێننەوە. لە هیچ شوێنێک بە خێرایی دوو شۆڕش لە دژی دوو دەسەڵاتی جیاواز نەکرابوو. هیچ شتێک وەک شۆڕش نیە، لە دوواچۆڕی وزەت دادەماڵێ و

بە دەیان ساڵی تری دەوێ تا هەمان وزەی بێتەوە بەر. فەرمانده شۆڕشێ بە گانکردن دەشوبهاند. کە کردت ئیتر زەحمەتە هەمان شەو دیسان لێت راست بێتەوە، بەتایبەت بۆ میللەتێکیش کە کۆن و مێژینەیە و چیتر گەنج نەماوە! تازە مەگەر ئەمان خۆیان رۆڵەی هەمان میللەت نەبوون؟ جا چۆن دەکرا خەڵکی لێیان وەخۆکەون و دەریانپەڕێنن.

راستییەکەی ئەوە بوو فەرمانده دەیزانی قورسایی سێبەری شاخ هەتا ساڵانی ساڵ بە سەر شاردا دەمێنێتەوە و دەربازبوون لێی ئاسان نابێ. ئەو جۆرەی ئەو، ئەو رۆژە حیماسییە بە کەرەشینەوە خۆی بە مەیدانەکەدا کردبوو و ببووە هۆی دارمانی دووایێگەی دیکتاتۆر بەدەیان ساڵی تر دەبووە هۆی شەرمەساریی خەڵکی بۆ ئەوەی لە دژی بگەڕێنەوە و خوانەخواستە نیەتێکی خراپیان لەسەری هەبێ. بۆیە رۆژێک کە تازە لە خەو هەستابوو و بەهۆیەکی نادیارەوە بسکەی سمێڵی دەهات، داوای لە هەڤاڵان کرد بچن بۆ راو. هەڤاڵان دەستبەجێ چەندین سەیارەی گەورە و بچووکیان کە هەندێکیان 'بی کەی سی'ان لەسەر دامەزراندبوو ریزکرد و بە لانیکەم دووسەد سێ سەد کەسەوە بەرەو گەرمێن بەڕێ کەوتن. کارمامزەکانی گەرمێن بەناوبانگ بوون. فەرمانده کاتی خۆیشی لە شاخەوە زۆر تاسەی کردبوون. تامی گۆشتیان لە چەشنێکی تر بوو. بیابان، گەرما، کەم ئاوی و ئاسمانی بەرز و پڕ ئەستێرە تورتی کردبوون. تورتێکی شیرین! یان رەنگە هی ئەوە با کارمامزەکان لە پێدەشتەکانی نزیک دیکتاتۆر دەژیان و بۆیە بوونیان لە چەشنێکی تر بوو. فەرمانده دڵنیابوو کە هیچ شتێک وەک

سیاسەت نیە و چ بتەوێ و چ نەتەوێ لە هەموو شتێکدا جێ پەنجەی خۆی جێدێڵێ، تەنانەت لە کارمامزەکانی گەرمیانیشدا.

ئەو رۆژە چەند دانەیان راوکرد. راوکردنیان دژوارنەبوو. لاندکڕۆزێرەکان وەک شێر و پڵینگ دەیانرکاند و لە دووای راوەدوونانێکی کورت و درێژ لە کاتێکدا فیشەکێکیان بەقوربان دەکردن، دەیانگرتن. ئەو شەوێ لەوێ لە دەشتەکەدا مانەوە. لە کاتێکدا هەڤاڵان خەریکی برژاندنی کارمامزەکان لەسەر ئاورێکی یەکجار گەورە بوون و وەک هەمیشە باسی شەڕ و حیماسەکانی سەردەمی شاخ بوو، فەرماندە حەزی نوتقێکی حیماسی گرتی. لە کاتێکدا پێکەکەی بەدەستەوە بوو و بە خۆشیی شەهیدان و نیشتمان هەڵیدەدا، باسی لەوە کرد کە ئەوان ئیستاکە لە قۆناغی خەباتی شاخ گواستوویانەتەوە بۆ قۆناغێکی تر بە پانتایی هەموو نیشتمان، لە وەها قۆناغێکیشدا بەپێچەوانەی جاران هەموو میللەت دەرگیرە و بۆیە ئیستا هەمووان باجی خۆڕاگری دەدەن. باجێک کە دەبێ بیدەن، وەک چۆن ئەمان کاتی خۆی دایان. پاشان دڵنیا لەوەی کە ئەم قۆناغەیش وەک قۆناغی شاخ بە سەرکەوتوویی کۆتایی پێدێ، دووا پێکی ئەو شەوەی هەڵدابوو.

دووایین بەشی سیناریۆی ئەو شەوە، تەقەی هاوڕێیان بوو. کلاشینکۆف، بی کی سی، ئارپیجی و تەنانەت قەناسەیش. ئەستێرەکانی ئاسمانی گەرمیان ئەو شەوە بۆ ماوەیەکی باش لە چاو ونبوون.

(٧)

یەکێک لەو شتانەی فەرماندە لە شاخ یەکجار رقی لێی بوو، چاویلکە رەشەکانی دیکتاتۆر بوو. بەتایبەت کاتێک پێیانەوە جگەرەیەکی بە لالێوەوە دەگرت، دەستی دەخستە ناو دەستی چەند سەرۆکێکی عەشیرەیەکی ناوەراستی وڵات و بێ منەتانە و شەقاوەئاسا سەرچۆپی هەڵدەسووڕاند. دیکتاتۆر چەند سەمایەکی قێزەونی دەکرد! باشە کەس نەبوو ئامۆژگاری بکا و پێی بڵێ ئەمە چییە دەکەی؟ فەرماندە ئەمەی لە تەلەفزیۆن بە چەندین جار بینیبوو. ئەم دیمەنە وەهای تێکدابوو کە پڕ بە دەمی هاواری کردبوو "ئەو گەوادە بە سەماکەیشی دەیەوێ بڵێ هەموتان هیچ و پووچن،... ئەرێ هیچ و پووچ، ئەوەندە هیچ و پووچ کە لەمەیشدا ناچارن بە شوێن منا راکەن!" گەر بە وردی سەیری

سەماکەت بکردایە دەتبینی ئەوانەی لەگەڵی هەڵدەپەڕن، ئەوەندەی چاویان لە دیکتاتۆرە ئاگایان لە سەماکە نیە.

فەرماندە تەنانەت رقی تایبەتیشی لەو خۆفرۆشانەیش بوو وا وەک سەرۆکە خوێرییەکەیان چاویلکەی رەشیان لەچاو دەکرد. بۆیە بەتایبەت رێکخراوەکانی ناو شاری رادەسپارد ئەوانە بکوژن وا بە چاویلکەی رەشەوە تفەنگ لە شان خۆیان رادەوەشاند و بەناو شەقامدا سەرەوخوار و سەرەوژووریان دەکرد. بگرە کاتێک یەکیانیشی لە شەڕێکدا گرت خۆی گوتەنی بە دەستەکانی خۆی بە چواردەخۆڕێکی رەشی قەترانی تۆپاندی. چەند فیشەکی یەک بەدووای یەکی بە کەلەسەر و بەناو دەمییەوە نابوو و هاوکات نەڕاندبووشی کە "با ئیتر فێرنەبی لاسایی ئەو فاشییە بکاتەوە!"

دیارە تەنیا دیکتاتۆر نەبوو چاویلکەی رەشی لەچاو دەکرد. ئەو ئەم عەینەکەی لە چاوی کوڕ و کچی سوور و سپیی ئۆروپایشدا بینیبوو، دیارە لە تەلەفزیۆن یاخود لە گۆڤار و رۆژنامەکاندا. بەڵام لای ئەو ئەمە جیاواز بوو. ئەوان لێیان دەهات، لەبەر ئەوەی نیشتمانێکی جوانیان بۆ خۆیان سازکردبوو و ئیتر هیچی تریان بۆ نەمابوو جگە لە رابواردن و خۆشگوزەرانی نەبێ. بەڵام ئەم سەگبابە چی!... حەی حەی! ئەم لە کوێ و ئەوان لە کوێ! نا شتی وانابێ. ئەم بێ شەرەفە تەنیا دەیەوێ بەم چاویلکانەوە ئەوەندەی تر بەو خەڵکە رابوێرێ کە یەخسیری کردبوون و بە کەیفی خۆی دەیچەوساندنەوە.

هەڵبەت جارێکیان بە رێکەوت چاوی بە وێنەی دیکتاتۆرە فاشییەکەی سپانیایش کەوتبوو کە ئەویش هەر هەمان چاویلکەی رەشی لە چاودا

ببوو. لەبە ئەوەی فرانچسکۆ فرانکۆ زۆر لە پێش دیکتاتۆردا ژیابوو، فەرماندە زۆر خێرا بەو ئەنجامە گەیشت ئەم لەوەوە فێری ئەم نەریتە بووەوە و بەمە دەیەوێ بڵێ سەیرکەن منیش وەک ئەو هەرچی نەیار و ئازادیخوازە سەرئەنجام سەریان پاندەکەمەوە و ئێوەیش هیچتان پێ ناکرێ. بە بینینی وێنەی فرانکۆ، فەرماندە ئەوەندەی تر مکوڕتر بوو لەسەر ئەوەی دەبێ خەباتێکی بێ وچان و خوێناوی لە دژی دیکتاتۆر بەڕێوەببات بۆ ئەوەی عەینەکی رەش نەبێ بە رەمزی سەرکەوتنی فاشییەکان لە جیهاندا. توخمی ئەوان دەبا لە شوێنێکدا کۆتایی پێبێ.

هەڵبەت فەرماندە بەختی هەبوو کە سەرئەنجام بە چاوەکانی خۆی کەوتنی دیکتاتۆری بینیبوو، هەرچەند ئەم کەوتنەی قەت بەو شێوازە پێشبینی نەکردبوو. ژیان دیسان سەلماندبوویەوە چەندە سەیروسەمەرەیە. فەرماندە سەرەتا پاشەکەشەی هێزەکانی دیکتاتۆری لە ناوچەی باکوور بینی و، پاشان لە چەند جەنگی یەک بە دووای یەکدا هەموو سوپاکەی لە بەرامبەر هێزێکی دەرەکیی غەددارا شکابوو و بۆخۆیشی هەڵاتبوو و خۆی شاردبووەوە. هەرچەند لە دووای ماوەیەک دەرکەوتبووەوە و بە تفەنگێکی برِنۆ بە دەستییەوە لە کاتێکدا دیسان چاویلکە رەشەکانی لە چاواندا ببوو لە باڵکۆنی یەکێک لە کۆشکەکانییەوە فیشەکی بە ئاسماندا کردبوو و بە بێ شەرمییەوە باسی لە شکانی دوژمن و سەرکەوتنی خۆی کردبووەوە.

بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو فەرماندە بۆخۆیشی چاویلکەی رەشی لە چاوکرد! بۆخۆیشی نازانێ بۆ. راستییەکەی ئەوە بوو ماوەیەک بوو سەرنج و حەزی چووبووە سەری. کاتێک دەیبینی خەڵکێکی زۆرتر لە

چاوی دەکەن و بگرە سەرۆکی وڵاتانی تریش بۆ وێنە جۆرج بووشیش بەکاری دەهێنا، بەو ئاکامە گەیشت دونیا گۆڕاوە و چیدی نابێ تەنیا لە گۆشەنیگای رابردووەوە کە تەژی بوو لە سێبەری قورسی دیکتاتۆر، بڕوانێتە ژیان. مانای هەموو شتێک بە هۆی سەردەمی نوێوە گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. ژیانی رۆژانە پێی دەگوت چاویلکەی ڕەش هەتا دەهات زیاتر و زیاتر لە ناو سیاسییە شۆڕشگێڕەکانیشدا باودەبوو. راستییەکەی ئەوە بوو ئەم جۆرە چاویلکەیە هەیبەتی دەبەخشی و بەتایبەت لە وێنەکاندا دەیکردی بە کەسێکی تەواو جیاواز. بۆیە فەرمانده ئەمری دەرکرد بچن و لە بازاڕ چەندین جۆری گرانبایی بۆ بێنن تا یەک یان چەند دانەیەکیان لە نێواندا بە گوێرەی حەزی خۆی تاقی بکاتەوە. ئیتر لەو رۆژەوە فەرمانده بوو بە خاوەنی عەینەکی ڕەش و بەتایبەت هەر کاتێک دەچووە دەرەوە حەتمەن لە چاوی دەکرد. بە بەسەرکردنەوەی وێنەکانی و بەتایبەت بینینی خۆی لەو بەرنامانەدا وا شەوانە لە تەلەفزیۆنەوە بڵاودەکرانەوە تەواو لەوە دڵنیابوو باشترین بڕیاری لە ژیانیدا دابوو. بە خۆشییەوە ئەو هاوڕێیانەیش وا کاتی خۆی لە رقی ئەو بەرامبەر بە عەینەکی ڕەش ئاگادار بوون، یان شەهیدکرابوون، یان ئەوەندە بە پارە و ژیان و ئەرکی حیزبی و سیاسییەوە سەرقاڵ بوون کە باوەڕی نەدەکرد هەر هیچیان لەسەر رابردووی ئەو لەبیرمابێت. بەتایبەت کە دەیبینی ئەوانیش لێرە و لەوێ لەم جۆرە چاویلکەیە کەڵکیان وەردەگرت و بە ئاشکرا پیشانیان دەدا حەزیان لێیەتی.

بەڵام بەڕاستی ئەوە چی بوو وا هەیبەتی دەدا بە چاویلکەی رەش. فەرمانده زۆر بیری لەمە دەکردەوە. سەرئەنجام بەو ئەنجامە گەیشت هۆکار لە شاردنەوەی چاوەکاندایە. رەنگی رەش دیوی پشتەوەی خۆی پڕ دەکرد لە راز و رەمز. ئەوەی لێی دەڕوانی دەستبەجێ خەیاڵی بۆ ئەوە دەچوو داخۆ چاوەکان لە کوێ دەڕوانن،... لە تۆ یان لە شوێنی تر. ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی هەمیشە لە خەیاڵی کەسی بەرامبەردا بیت، بەردەوام بیرت لێبکاتەوە. لای فەرمانده ئەمە دەبووە هۆی ئەوەی وەک سەرۆکی نیشتمان باشتر لە بیری خەڵکیدا بمێنێ و لە یادی نەکەن. ئەوەی کە ئەو هەیە و بەڵێنیشە هەمیشە هەبێ. جگە لەمە ئەو بەمە دەیسەلماند شتەکان خۆی لە خۆیاندا بێ بایەخن و ئەوە کەسەکەیە نرخی دەداتێ. بۆیە ئەگەرچی چاویلکەکەی ئەو وەک هینەکەی دیکتاتۆر رەش بوو، بەڵام ئەم لە کوێ و ئەو لە کوێ. فەرمانده لە دڵەوە خۆشحاڵ بوو شۆڕش توانیبووی مانای نوێ بە شتێکی ناحەز ببەخشێ و سەرئەنجام لەبەر چاوی خەڵکیدا ئاسایی بکاتەوە.

وای لێهات تەنانەت لە ژووروەوەیش لە چاوی نەدەکردەوە. هەر بەو چاویلکانەوە دەچوو بۆ راو، سیرەی تفەنگی پێدەگرت و تەنانەت رۆژنامە و راپۆرتەکانیشی پێ دەخوێندەوە. تەنیا شتێک وەک هەمیشە بەردەوام خۆی لێ دەپاراست، هەڵپەڕین بوو. ئەو کە لە شاخیش قەت هەڵنەدەپەڕی، لە لای ناشیرینترین شت هەڵپەڕین بە عەینەکی رەشەوە بوو. ئەسڵەن کوا ڕێبەر و هەڵپەڕینیان گوتبوو. هەڵپەڕین هی ئەقڵ سووکەکان بوو، هی ئەوانەی دڵیان بە سەر مێشکیاندا سواره. بۆیە بە

هیچ جۆرێک شیاوی فەرمانده نەبوو. بە خۆی دەگوت لێگەڕێ با ئەوانی تر هەڵبەژن، هەتا بڕستیان لێدەبڕێ و هێزی ئەژنۆیان شلدەبێ،... با هەڵبەژن! راستییەکەی ئەوە بوو لە دووای راپەڕین نیشتمان یەکجار هەڵدەپەڕی. تەنانەت ئەو فەقیری و هەژارییەیش وا رووی تێکردبوو بەری بەمە نەدەگرت. بۆیە لای خۆی بەو ئەنجامە گەیشت شایی و خۆشی جاری وایە پێوەندی بە خۆشییەوە نیە. خەڵکی هەڵدەپەڕین بۆ ئەوەی هەڵبەژین شتێک بوو وەک درێژەی رابردوو بۆ ئیستا. شتێک بوو وەک بەسەرکردنی رق و تووڕەی و بێتاقەتی. لای فەرمانده ئەوانەی زۆرتر هەڵدەپەڕین، باشتر خۆیان بەدەستەوە دەدا و خێراتر بە وتەکانی کەوی دەکران.

فەرمانده ئەمەی لە پشت چاویلکەکانەوە دەخوێندەوە و لایشی وابوو گەر ئەو چاویلکانە نەبوونایە، کە دەرفەتی لێڕوانینیان دەدایە بێ ئەوەی خەڵکی چاوەکانی ببینن، ئەوا قەت نەیدەتوانی بەم شێوەیە خەڵک و نیشتمان بخوێنێتەوە. خەڵک و نیشتمانێک سەرەڕای ئاشنابوونیان، هێشتا لەبەر چاوانیدا غەریب دەیاننواند.

(٨)

یەکێک لەو کارانەی هەڤاڵان هەر لە سەرەتاوە کردیان، دەست بەسەراگرتنی هەموو دایرە حکومییەکان بوو. ئەمەیش ئاسان بوو. لەبەر ئەوەی دایرەکان لەوێ لە شوێنی خۆیان مابوونەوە، هەر ئەوەندە بەس بوو چەند هەڤاڵێک بچن لەوێ لانیکەم یەک لە خۆیان بکەن بە بەرپرس (یاخود چاوەدێری بەرپرس) و هەروەها دەستبەجێ نیگابانێکیش لە بەر دەرگاکەدا دابنێن. ئیتر خۆبەخۆ هەموو کارمەندەکان دەیانزانی دەسەڵاتداری هەنووکە کێیە و دەبێ لە لایەن کێوە پرس و جۆیان لێ بکرێ. راستییەکەی ئەوە بوو ئەو خەڵکەی وا رژابووە سەر شەقام و دەستی بەسەر شوێنە چەکداری و ئەمنییەکانی دیکتاتۆردا گرتبوو، هەر بیریشیان لەم بەشە نەکردبووەوە، بۆیە ئیشەکە بە دەست فەرماندەوە یەکجار ئاسان هات. ئەوان لایان وابوو دەسەڵات تەنیا یەعنی هێزی چەکدار و سیخوڕ.

بەڵام لەتەکیا هەوالّی ناخۆشیش دەهات. بۆ وێنە فەرماندەی بچوک بچوکی تریش کە سەر بە رەوت و لایەنی دیکەبوون هەبوون کە وەک ئەم

هەمان داوایان هەبوو و لایان وابوو نیشتمان هەر بەو رادەیە هی فەرماندەیە هی ئەوانیشە. بۆیە لێرە و لەوێ دەستیان بە سەر هەندێ شوێندا گرتبوو و وەک سەردەمی شاخ چەکداری خۆیان هەبوو و لایان وابوو دەکرێ خاوەن یاسا و ڕێسای خۆیان بن. هەڤاڵان گوتیان دەبێ کارێک بکەین کۆتایی بەم پشێوییە بێنین. گوتیان نابێ ئەو خەڵکە لایان وابێ ئەوە بۆ خۆیان خاوەن مەسەلەکەن و ئامرمەفرەزەکانی تریش (ئەم ناوەیان خستبووە سەر فەرماندەکانی تر بۆ ئەوەی لە فەرماندە جیایان بکەنەوە) نابێ خۆیان لێ ببێ بە شێر. بۆیە فەرماندە لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و نهێنیدا، کە لە ژێر ناوی (با ڕێوییەکان لایان وا نەبێ شێرن)، بڕیاریدا بە پلانێکی گەورە کۆتایی بەم دۆخە بێنن. جا لەم پێناوەدا چەند شتیان کرد:

- ئەوەی وا کارمەند بوو یاخود دەیەویست دامەزرێ دەبا بچێتە سەر لیستەیەک بە ناوی لیستەی "سالّی شۆڕشی مەزن"، (دیارە بەرەبەرە ئەم ناوە لەبەر ئەوەی دووڕودرێژ بوو و گوتنەوەی کەمێک زەحمەت، خەڵکی لە ناو خۆیاندا کورتیان کردبووەوە بۆ "لیستەی سالّی شۆڕش" و، لەوێوە لە حەزێکی گاڵتەئامێزدا بۆ ناوی بێ مانای "لیسالّەشۆ"!

- هەموو ئەو ڕەوتانەی وا شوێن و بینایان داگیرکردبوو، دەبا بۆ ڕاگرتنی بەردەوامی ئیزن لە فەرماندە بخوازن، بۆیە دەبوایە بۆ وەرگرتنی ئیجازەنامە ڕوو لە ئیدارە حیزبییەکان بکەن،

- بە بەربڵاوی یاد و ناوی شەهیدان بژییەننەوە و بە بڵاوکردنەوەی وێنە و پۆستەرەکانیان لە هەموو شوێنێکی شار نیشانی بدەن کە بەڕاستی کێ خاوەنی نیشتمانە،

ـ ئەوەی ملی نەدا بەم کارانە و نەهاتە سەر ڕێگای ڕاست، ئەوا سەرەتا بە هەڕەشەی نهێنی لە ڕێگای وشەوە، دوواتر بە هەڕەشەی ئاشکرا لە ڕێگای وشەوە، ئینجا بە لێدانی جەستەیی (بە بێ چەک)، پاشان بە لێدانی جەستەیی (بە چەک)، بیهێننە سەر ڕێگای ڕاست کە هەمان باوەڕ بە نیشتمان و سەرفرازییەکەی بوو.

هەڤاڵان دەستبەجێ کەوتنە جێبەجێکردنی پەسندکراوی دانیشتنە نهێنییەکە. بە خۆشییەوە دەستبەسەراگرتنەوەی ئیدارەکان و بینا حکومییەکان ئاسان بوو. ئەمە زۆر خێرا جێبەجێکرا. ئەوەیکە خەڵکی بچنە سەر "لیسالّەشۆ"، ماوەیەکی خایاند، بەڵام ئەویش زۆر دژوار نەبوو. ڕاستە کۆمەڵێک کەس ملیان نەدەدا یاخود زۆر بە جیددیان وەرنەدەگرت، بەڵام لە پاش ئەوەی کاتێک دەچوون بۆ سەر ئیش و کاریان ڕێگایان لێدەگیرا، لە گرینگیی بڕیارەکە تێگەیشتن. بەم شێوەیە لیسالّەشۆ بوو بە لیستێکی یەکجار دوورودرێژ کە ئەو سەری دیار نەبوو. بە سەدان هەزار کەس ناونووسینیان کردبوو. بەم شێوەیە فەرماندە تەواو لەوە دڵنیا بوو زۆربەی هەرە زۆری جەماوەری نیشتمان سەر بە خۆین و هیچ لایەن و ڕەوتێکی تر ناتوانن بە لاڕێدا بیانبەن. هەڤاڵان لە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدانیش بەڕاستی کارامەییان لە خۆیان نیشاندا. لە ماوەی یەک دوو هەفتەدا هەموو شوێنە گشتییەکانی وەک شەقام، دایرەکان، پارکەکان، قوتابخانەکان، وەزارەتەکان، مەودای نێوان شار هەتا بازگەکانی پشکنین و تەنانەت بازگەکانی سەر سنووریش بە وێنەی شەهیدان ڕازانەوە. فەرماندە هەتا ئەم وێنانەی بەم شێوازە نەبینی بەڕاستی نەیدەزانی کە لە شاخ چی گوزەرابوو. ئەو

هەموو شەهیدە! دیارە ناحەقیشی نەبوو. راستە بە ژمارە ئەو کاتیش دەیزانی چەندن، بەڵام بە وێنە جیاوازە. وێنەکان ژمارە نەبوون. ئەگەرچی زیندوویش نەبوون، بەڵام زیاتر دەربڕی ئەوە بوون کە یەک کەس لە راستیدا یەعنی چەند کەس! وێنەکان سەرلەنوێ چاو، نیگا و روخساری ئەوانی دەژیاندەوە و سۆزێکی وەهای لە نیشتماندا دەوروووژاند، نەبێتەوە. وەها کە خەڵکی زۆر ئاسان لیسانس لەبیرکرد و سەرەڕای ئەوەی وەک کارەکانی سەردەمی دیکتاتۆر دەیانشوبهاند، بەڵام عەینەهوو هەر هیچ رووینەدابێ، فەرامۆشیانکرد. فەرمانده لە تێفکرینێکی فەلسەفییانەدا ئەمەی بۆ سانڵەکان دەگێڕایەوە. لای ئەو زەمەن هەموو شتێکی بچوک دەکردەوە. تەنانەت شەهیدانیش. جا بۆ ئەوەی شتەکان بچوک نەبنەوە دەبێ دەست بەکاربی و لە ڕێگای ڕێکلامەوە دیسان گەورەییان بسەلمێنیتەوە. جا هیچ شتێکیش وەک وێنە نیە. تازە ئەم خەڵکەیش لەوە بچوکترن پیاو بیری لێدەکاتەوە. فەرمانده ئەوەتەی لەبیری دێ دەبینێ خەڵکی زیاتر خەریکی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانن و زۆر ئاگایان لە سیاسەت و شۆڕش و شتی لەم بابەتە نیە، بۆیە گرینگە جاروبارە نەقیزەیان تێوەشێنی و لە خەوی دەیان سانڵە رایانچڵەکێنێ. ئەوەی کە جاروباریش، وەک ئەمجارە، رادەپەڕن زۆر عەجایەب نیە. کە قازانجیان دەکەوێتە خەتەر ئەوجا بیری شت دەکەنەوە. لێرەدا رق و قینێکی بێ بەزەییانە لە فەرماندەدا بەرامبەر خەڵکی جووڵا. هاتەوە بیری کە چلۆن لە شاخ لە ناو برسیەتی و سارد و سەرمادا ئەوان دەکوژران و کەچی گلۆپەکانی شار هەر لە دووڕەوە وەک هەمیشە باق و بریقیان بوو. ئەو زۆر جار بە دیتنی ئەم

دیمەنە رقێکی سەیر گرتبووی و سوێندی خواردبوو سەرئەنجام ئەم دیمەنە درۆییینە تێکبدات. جا یان ئەوان وەک خۆی لێدەکات، یان خۆی وەک ئەوان. نا، نەدەکرا ئەمان وەها و ئەوانیش وەها. باشە مەگەر خەڵک لە راستیدا کۆمەڵێک مرۆڤی سادە و بێ بیروباوەڕ نەبوون کە تەنیا بە هۆی بنیادەمە وریا و وشیارەکانەوە بەئاگادەکرانەوە؟ بێگومان وابوو! فەرمانده بەم پرسیار و وەڵامەی خۆی خەنی بوو و دڵنیا لەوەی رۆژێ هەموو دێنە سەر رێگای ئەو، لە ئاسۆی دەڕوانی.

هەڤاڵان راپۆرتیان دا بەشی چوارەمیش بە خۆشییەوە چووەتە پێش، هەرچەند لێرەولەوێ بەناچار بە هەڕەشە و بگرە و بەردە و کوشتن و، دەست بەسەرا گرتنی هەندێ بینا و بنکەی خۆڕسک جێبەجێکران. فەرمانده بەشێک لە کوژراوەکانی هەر لە سەردەمی شاخەوە دەناسی، بەڵام داخۆ مەگەر هەر ئەو کاتیش لە شاخ وەها نەبوو؟ بێگومان وەها بوو. لە نیشتمانێکدا ناکرێ چەند کوێخا هەبن و کڵاویان لە کڵاوی یەک گیرنەبێ. جا هەتا زووتر ئەم کێشەیە یەکلابکرێتەوە، باشتر. بەڵام لەبەر ئەوەی فەرمانده خاوەن بەزەییش بوو سەرەخۆشیی لە خاوەن کوژراوەکانیش کرد و تەنانەت سەردانیشی کردن. بگرە لە بروسکەکانیشی دا پێی لەسەر ئەوە دادەگرتەوە کە ئەمە ببێتە ئەزمونێکی چاک بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە نیشتمان باشتر بەرەو پێشەوە ببەن.

لە چەند دانیشتنی تردا کە بۆ تاوتوێکردنی دۆخەکە کردبوویان، هەڤاڵان گوتبوویان لێرە و لەوێ ئیستاکە دەنگی ناساز دەبیستین، باسمان دەکەن و دەڵێن سەرکوتگەرن، دەڵێن لایان وایە هەر خۆیان

کردیان و گوایا هەر خۆیانن خاوەنی ئەم نیشتمانەن. فەرمانده بەم قسانە بیری کەرەشین کەوتەوە. بۆ یەکەم جار بیرێکی سەیر بە خەیاڵیدا هات کە بە لایەوە یەکجار سەیربوو و لەهەمان کاتدا بووە هۆی دڵخۆشیدانەوەی خۆیشی. بە خۆی گوت راستە هەموو دیمەنی پێشڕەویی من لەو رۆژەدا بەهۆی دێزبوونی کەرە و مۆزکردنییەوە بوو، بەڵام گرینگ ئەوەیە ئەوە من بووم خاوەنی ئەو کەرە بووم و ئەوە من بووم لەو رۆژە مەزنەدا بە پشتیەوە بووم، جا هەرچی دەڵێن با بڵێن،... ئاخر نەک ئەوەی رێکەوت بەشێکی گرینگی رووداوەکانی ناو مێژووە!

(٩)

لەیەکەم هاوینی گەرمی دووای راپەڕین، دووانیوەڕۆیەکی یەکجار گەرم کاتێک فەرمانده لە مەلەوانگە سەرکراوەکەی ناو حەوشەکەی خۆی بە چاویلکە رەشەکانەوە خەریکی مەلە پشتەکی بوو، یەکێک لە هەڤاڵان بە پەلە لە کاتێکدا ئارەقە بە نێوچاوان و ملیدا دەچۆڕا، هات و گوتی کە هەواڵێکی یەکجار گرینگی پێیە. گوتی لە دوو وڵاتی دراوسێوە پەیام هاتووە کە بۆچی ماوەیەکە خەبەریان نیە، گوتی لە پەیامەکەدا هاتووە کە داخۆ بەم زوویییە ئێمەتان لەبیرکرد، ئێمەی هاوڕێ و پشت و پەنای رۆژانی تەنگانە!

فەرمانده بە بیستنی ئەم قسانە رەوتی مەلەکەی لێ تێکچوو، کەوتە شڵپەشڵپ و نوقمی ئاوەکە بوو. عەینەکە رەشەکەی لێ کەوت و بۆخۆیشی یەک دوو قوڵپ ئاوی مزری خواردەوە. کەوتە کۆکەکۆکێکی ترسناک. هەڤاڵان و ئەو نیگابانانەی وا بە دەوروبەوە بوون کەوتنە هەڵپە، نەیاندەزانی چیبکەن. داخۆ خۆ هەڵداوێنە ناو ئاوەکە، یان بچن و بە هێنانی گوریسێک بە هانایەوە بچن. تیایا مابوون. نە دەکرا بە جل و بەرگ و چەک و رەختەوە خۆ بهاوێنە ناو ئاوەکە و، نە گوریسێکیش

دەست دەکەوت. بەڵام بە خۆشییەوە مەلەوانگەکە قووڵ نەبوو، تەنیا تا شانی فەرماندە دەهات و بۆیە لە دووای شڵپ و هورێکی کورت خایەن فەرماندە خۆی خستەوە سەر قاچەکانی و نیشتمان لە مەترسییەکی یەکجار گەورە نەجاتی بوو. بێنە بەر چاوی خۆت گەر تەنیا لە یەک دوو مانگی دووای شۆڕشی مەزن، سەرکردە لەدەست بدەی! بەڕاستی بیرلێکردنەوەکەیشی ترسناک بوو چ بگا بەوەی رووبدابا.

دوو کەس لە هەڤاڵان بن باڵیان گرت و لە ئاوەکە دەریان کێشایە دەرەوە، هەر لەو کاتەدا هەڤاڵی سێهەم خێرا خاولییەکی رەنگاوڕەنگی بە سەر شان و باهۆی فەرماندەدا دا و گەیاندیانە کورسییە تایبەتەکەی. چاویلکەکە بەسەر ئاوەکەوە ماوەیەک مایەوە و پاشان نوقم بوو. فەرماندە بەمە بیری سەردەمی شاخ کەوتەوە، بیری کەوتەوە چەند دانە لە هەڤاڵان کاتی خۆی بە رەخت و تفەنگەوە لەکاتی پەڕینەوە لە چەمە سەرشێتەکانی سەرسنوور ئاو بردبوونی. لای کردەوە و لە کاتێکدا هێشتا بە جوانی دەنگی دەرنەدەهات بە نووزەوە گوتی "ئەوەندەی نەمابوو!" هەڤاڵێک گوتی "قوربان تەنیا تاقیکارییەک بوو لە لایەن خوداوە بۆ ئەوەی گرینگیی جەنابت دیسان بۆ ئێمە و بۆ نیشتمان بسەلمێتەوە." هەڤاڵێکی تر گوتی "مەرگ لە ئاستی جەنابتدا کۆیلەیە!" فەرماندە بزەیەکی خنکاوانەی هاتێ. ئەوەتەی لەبیری دێ مەمنوونی ئەم جۆرە هەڤاڵانە بوو. هەر کاتێک ویستوویەتی بە گژ ئاو و ئاگریدا کردوون بە بێ ئەوەی نووزەیەکیان لێوە هاتبێ. دۆست و دوژمنی بە کەیفی خۆ پێ قڕکردبوون. بەڕاستی گەر ئەوانی نەبووایە چی بکردایە،... ئەسڵەن لە بنەڕەتدا ئەمەی کە کرا، دەکرا؟... بێگومان نا.

بۆ خۆیشی وەڵامی خۆی دایەوە، هەڵبەت لە دەروونی خۆیدا. بەڵام هاوکات دەبا لە بیریدا بووایە نابێ ئەمە بەئاشکرا بنوێنێ. ئەو دەبێ ئەمە کاتێک بنوێنێ هەڤاڵان دەکوژرێن، یاخود دەمرن. لەو کاتانەدا هەرچی وشە و رستەی دونیا بوو بانگی دەکرد و بەکاری دەبرن بۆ وەسفی هاوڕێیان. تەنانەت هەندێ هەڤاڵی شاعیریش هەبوون بە جوانی ئەم ئەرکەیان رادەپەڕاند و نیشتمانیان لەوپەڕی خۆیدا دەهەژاند. هاوڕێ شایەرەکان.

گوتی ئەمجارە نامەکەم بەجوانی بۆ بخوێننەوە. خوێندیانەوە. نووسرابوو ئەم سەرکەوتنە بە تەنیا سەرکەوتنی فەرماندە و نیشتمان نیە و بەڵکو سەرکەوتنی ئەوانیشە کە لە تەواوی ساڵانی رابردوودا بەدەم فەرماندە و نیشتمانەوە بوونە و یارمەتیی ئەوانیان داوە بۆ ئەوەی بە سەر دوژمنیاندا سەرکەون. بەسەر دوژمنی هاوبەش. گوتیان فەرماندە دەبێ لە بیری بێ کە هێزەکانی لە سنووری ئەوانەوە بەرەو نیشتمان کشان و توانیان بەشداری بکەن لەو رووداوە مێژوویی و گەورەیەدا. لێرەدا فەرماندە گوتی راوەستن. فەرماندە ئەو رۆژەی جوان لەبیرە، بەڵام هاوکات رقێکیشی لەدڵ بوو کە هەتا سنوور بە ماشین هێنابوویان و لەوێوە ئیتر دەبا ئەو کەرە بەکاربێنێ وا لە تاقە مەقەڕی شاراوەی ناو نیشتماندا هەیانبوو. کەرێکی ملکەج کە هیچ سنووریکی لەگەڵ چەمووشیدا نەبوو. ئەو دەیتوانی هەتا ناو شار بە سەیارە بڕوا، بەڵام نەیاندایێ. بە هەڤاڵەکەی گوت دەست پێبکاتەوە. خوێندییەوە. نووسرابوو بۆیە ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن بە زووترین کات

چاوپێکەوتنیان لەگەڵ فەرمانده هەبێ بۆ ئەوەی دۆخی نوێ تاوتوێ بکەن، بۆ ئەوەی بزانن بۆ داهاتوو چ پلانێکیان هەبێ.

فەرمانده کەوتە بیرێکی قوولّەوە. ئەو کە لای وابوو رۆژانی رابردوو تەواوبوون و ئیتر لەمە بەدووا خۆی دەبێ لەگەڵ نیشتمان، کتوپر هەستێکی ناخۆش دەستی پێدا. هەڤاڵەکەی وەک بڵێی ئاگای لەم مەسەلەیە بێت هەڵیدایە و گوتی جەناب خۆت دەزانی ئێمە ئیستا حکومەتین و هەموو حکومەتێکیش خاوەن سیاسەتی دەرەوەیە، ئێمە دەبێ لە گەڵ جیهان پێوەندی دیپلۆماسیمان هەبێ، بە تایبەت لەگەڵ دراوسێکانمان، ئەمە وەک جەنابت باشتر دەیزانی یاسا و ئەرکێکی یەکجار گرینگە. فەرمانده کە بەم قسە زل و بێ مانایانە یەکجار قەڵس ببوو، خۆی راگرت و هیچی نەگوت. بەخۆی گوت ناحەقی نیە! تەنیا فەرمانده خۆی دەیزانی کە بە بێ دۆستانی ئەو دیو سنوور ئەوەی نەدەکرا کە لە تەواوی ئەم ساڵانەدا کردبووی. لە هیچ هەواڵێکدا باسی ئەو یارمەتییە گرینگانە نەکرابوو کە بڕبڕەی پشتی شۆڕشەکەیان بوو، هەر لە چەک و تەقەمەنیی و پارە و پووڵەوە بگرە، هەتا بەشی دەرمانی و دەرفەتی هاتوچۆ و زۆر شتی دیکەیش. ئەوان لە تەواوی ئەم ساڵانە وەک هێزێکی سەربەخۆ خۆیان ناساندبوو کە تەنیا لەسەر پێی خۆیان و لەسەر وڕە و توانای خۆیان خۆیان راگرتبوو. لە رادیۆ و لە هەموو چاپەمەنییەکانیشیاندا پێیان لەسەر ئەمە داگرتبوو. بەڵام مەگەر هەموو سیاستەتێک خاوەن دیوە شاراوەکانی خۆی نیە؟ جا ئەوانیش یەک لەوان. بەمە بزەیەکی هاتێ. بەڵام هاوکات بزەیەکی تاڵیش بوو، لەبەر ئەوەی ئەو ساڵانە هێشتا دەسەڵات نەبوون و بۆیە هەمیشە ئەمان

بوون که دەبووایە خۆیان لەگەڵ ئەوان ڕێکبخەن. فەرمانده دەیزانی خۆی و هەڤاڵانی لەناو ململانێی هێزە زلەکاندا جێگایان بۆ خۆیان کردبووە و ئەمەیش گەلێک ترسناک بوو، ترسناک لەبەر ئەوەی دەبوویتە بەشێک لە کێشەکە و هاوکات هەردەم ئەگەری ئەوە هەبوو پشتت تێبکەن و خیانەتت لێبکەن، وەک چۆن زۆر جار کرابوو. هەڤاڵان هەروا لەو دووانیوەڕۆ گەرمەی هاویندا چاوەڕوانی وەڵام و هەڵوێستی فەرمانده بوون. کۆمەڵێک چۆلەکە لە سەر درختێک شێتانە دەیانجریواند و شەڕیان دەکرد. فەرمانده بەمە یەکجار قەڵس بوو، دەستی دایە دەمانچەکەی سەر مێزەکەی تەنیشتی و چەند فیشەکێکی ئاراستەکردن. چۆلەکەکان فڕین و دوورکەوتنەوە. چی بکا، چی نەکا؟ ئا، دەبێ چاوی پێیان بکەوێ و لەگەڵیان دانیشێ،... بەڵام،... بەڵام ئیتر ئەمجارە دۆخەکە جیاوازە، ئیستا ئیتر ئەم خاوەن حکومەت و خاکە و چیتر وەک جاران نەماوە. بەم بیرە بزەیەکی هاتێ و بەو نیوەڕۆ گەرمەی هاوین دایە قاقای پێکەنینێکی شێتانە. بە خۆی گوت ئیتر نۆرەی منە،... ئا نۆرەی من. ئەوان دەبێ تێبگەن من کەسەکەی جاران نەماوم،... من ئیستا سنووری کایەم فراوانترە.

لەم بیرانەدا دەهات و دەچوو کە گوێی لێبوو لە دەرگای حەوشە درا. ئەوەندەی پێنەچوو پێیان گوت وەفدێکی دراسێ لەو دیو سنووروەوە هاتوون بۆ سەردانی جەنابی فەرمانده. وەفدێکی یەکێک لە دوو دراوسێ گرینگەکە. فەرمانده کە بەمە پەشۆکابوو، بە پرسیارەوە لە هەڤاڵانی ڕووانی. ئەوانیش بێدەنگ بوون. ئەوسا زانی دەبێ بڕوا و خۆی بگۆڕێ و، لەگەڵ میوانە ناوەختەکان دابنیشێ.

وەفدەکە چوار کەس بوون. هەر هەموویان بە جلی کوردییەوە و بەو چەکدارانەوە وا لە دەرەوە راوەستابوون. یەکیان بە زمانی کوردییەکی پاراو قسەی دەکرد و موتەرجمی هاوڕێکانی بوو. لەتەنیشت حەوزی ئاوەکە دانیشتن. فەرمانده کە چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد، بە بزەیەکی تاڵەوە دانیشتبوو و لە سیمای هەر چوار کەسەکەی دەڕوانی. وا دیاربوو رابردوو ئەوەندە زوو وازی نەدەهێنا. هاوڕی کۆنەکان بۆ وەرگرتنی بەشی خۆیان هاتبوون. بیری کردەوە بۆ تا ئیستا خەیاڵی بەم لایەدا نەچووبوو.

تاوتوێی زۆر شتیان کرد. دیارە وەفدەکە سەرەتا لە رۆژانی کۆنەوە دەستیان پێکرد، لە هاوخەباتییان لەدژی دیکتاتۆر، لە یارمەتی لێقەوماوان، لە خوێنی هاوبەشی هێزەکانیان کە پێکەوە رژابوونە سەر زەوی. ئەوسا باسی پتەوکردنی زیاتری پێوەندییەکانیان وەک دوو دراوسێ لە دۆخی تازەدا کردبوو. قسەکان وەک قسە هەر هەموویان راست دەیاننواند، مەعقول بوون، بەڵام لەگەڵ قسەکان شتێک ڕێی دەکرد کە کەسیان باسی لێنەدەکرد، بەڵام لەگەڵیان بوو. فەرمانده دەیزانی ئەمە هەمان شتی جارانە.

وەک یەکەم چاوپێکەوتن، ئەگەرچی چاوەڕوانەکراو بوو، بەڵام دانیشتنێکی خراپ نەبوو. کاتێک وەفدەکە هەستان و ویستیان بڕۆن، یەکیان کە هەمان کوردیزانەکە بوو نامەیەکی لەسەر مێزەکە جێ هێشت. فەرمانده نەیهێشت کەس دەستی لێبدا. دووای ڕۆیشتنی دۆستانی کۆن، نامەکەی هەڵپچڕی. تێیدا تەنیا وێنەیەکی تیا بوو، وێنەی فەرمانده

بەسەر کەرە شینەوە لە رۆژی گرتنی بنکەی ناوەندی شار، لە کاتێکدا کەرەشین چوار نالّ بەرەو بینا ترسناکەکە لە غاری دەدا.

فەرمانده دەستی شل بوو و وێنەکە کەوتە خوارەوە بۆ سەر عەرزە هێشتا نیوەتەڕەکە.

(١٠)

لەگەڵ ئەوەی فەرمانده و هەڤاڵانی کارێکی وەهایان نەدەکرد، کەچی نیشتمان و گەل کەم تا کورت ئیش و کاریان بەڕێوەدەچوو. حەوزی لێڵی نیشتمان بەربەرە دەزرینگایەوە. لێرەوە فەرمانده بەو ئەنجامە گەیشت کە لە راستیدا وڵاتداری سەرەڕای ناوە زل و زەبەندەکەی کارێکی ئەوەندە زەحمەتیش نیە. بیری قسەیەکی دۆستانی کۆمۆنیستی خۆی لە شاخ کەوتەوە کە دەیانگوت دەوڵەت هەمیشە نەبووە و مەرجیش نیە بۆ هەمیشەیش هەبێ، دەوڵەت رۆژێک لە رۆژان لە دایکبووە و رۆژێکیش دێت بۆ هەمیشە دەمرێ. فەرمانده ئەگەرچی کۆمۆنیستەکانی بە کەسانی خەیاڵاوی و بەدوور لە راستیەکانی ژیانی رۆژانە دەبینی، بەڵام لای وابوو لانیکەم هەندێ قسەیان راستە، راستییەک لە چەشنی ئەو راستییانەی کە بە هۆی راستبوونیانەوە قەت بەدینایەن! لەبەر خۆیەوە گوتی "لێیانگەڕێ با هەر بەو خەیاڵاتانەوە بژین!" وە رۆژێک لە کاتی خوێندنەوەی راپۆرتی هەڤاڵان لەسەر دۆخی نیشتمان، باسی ئەوە کرا کۆمۆنیستەکانیش وەک هەموو ئەوانی تر تەنیا یەک بنکەیان لە شار پێ بڕاوە و بەشێکی بەرچاوییشیان لە ڕێگای قسەوباسی دۆستانە و ترساندن و تەمەح بەرخستنەوە کراون بە ئەندامی حیزبی فەرمانده و

ئەوەی لێیشیان ماوەتەوە ئیستا تەنیا رەوتێکی بچووکی دەستبەسەرا گیراون کە بە پێچەوانەی شاخ چیتر هەڕەشە نین بەسەر هەڤاڵانەوە.
فەرمانده کە لەم هەواڵە یەکجار خۆشحاڵ بوو، هەستایە سەرپێ، بە ناو ژووروەکەدا سووڕێکی خوارد و ئەوسا گوتی "بەرچاو روونی لە داهاتوویەکدا کە هەندێ کەس تەنیا بە هی خۆیانیان دەزانی، مانای ئەوەیە ئێمە یەکجار مەزنتر بووین لەوەی بۆخۆیشمان بیرمان لێدەکردەوە." هەڤاڵان هەموویان بزەیەکیان هاتێ و چەپڵەیەکەی بەرزیان تەقاند. لەدەرەوە خۆری نیشتمان بە حەوت تەبەقی ئاسمانەوە گەشاوەتر لە جاران بەرەو رۆژئاوا لە جووڵەدا بوو. پۆلێک باڵندە لە قووڵایی ئاسمان بەرەو شوێنێک بەڕێوە بوون.
ئەوەندەی پێنەچوو گوێی لە هەراهەرایەک بوو. کەسێک دەیەویست رێ لە کەسێکی تر بگرێ و ئەویش دەیقیڕاند و دەیەویست بەزۆر رێگا بۆ خۆی بکاتەوە. لە ناو قسەکاندا تەنیا وشەی "کێۆپۆغڵی" ناسییەوە. ئەوجا پیاوێکی قاتلەبەری سمێڵ پانی چاوکاڵی بینی کە بەڕێتاو لە کاتێکدا یەکێک لە هەڤاڵان بە شوێنییەوە بوو و دەیویست رێگای لێبگری، خۆی کرد بە ژووروەکەدا. فەرمانده دەستبەجێ ناسییەوە. بۆیە زۆر خێرا هەڤاڵەکەی دەنگدا کە "دۆستی دێرینمانە و لێگەڕێن با بێتە ژووروەوە!". هەڤاڵەکە کشایەوە.
کابرا بە بێ ئەوەی دەست لە گەڵ فەرمانده لێبداتەوە و ئیزنی خواستبێ رێک چوو و لە شوێنی فەرمانده لە پشت مێزە قاوەییە دارگوێزە گرانبایەکە دانیشت و هاوکات پلکەیەکی بەرزیشی تەقاند. دەستبەجێ پیاوێکی تر کە ئەویش قاتێکی جوانی بە کڕاواتەوە لەبەردا بوو، خۆی

بە ژووڕەوەدا کرد. موتەرجم بوو. فەرماندە بە ئارامی لە میوانە نابەوەختەکەی نزیک کەوتەوە و دڕدۆنگ لەوەی ئاماژە بە شوێنەکەی خۆی بکا یان نا، هەروا راوەستا و لە کابرای رووانی. کابرایش هەر وا لێی دەڕوانی. لە پاش ماوەیەک هەستا و ئارام چوو لە سەر کورسییەکەی تر دانیشت. فەرماندە کە لەم تێگەیشتنەی میوانەکەیدا جۆرێک لە زۆڵیەتی دەبینییەوە، هیچی نەگوت و بگرە بەشەرمەوە لەسەر شوێنەکەی خۆی دانیشت. موتەرجمەکە پەلەپەل کەوتە وەرگێڕانی قسەی کابرا. کابرا زۆر لەوە تووڕەبوو کە لەو کاتەوە فەرماندە بە دەسەڵات گەیشتووە رێزی پێویستی لە دراوسێی سنووری باکوور نەگرتبوو، گوتی راستە ئەوان بەدرێژایی مێژوو لەگەڵ یەکتر دۆستی زۆر باش نەبوونە، بەڵام بە بێ یارمەتی نێونەتەوەیی ئەوان قەت ئەم دۆخە بۆ فرماندە نەدەڕەخسا و بۆیە دەبا پێش ئەوەی وەفدەکەی دوێنێی وڵاتە دراوسێکەی تر هاتبا، دەبووایە ئەمان یەکەم وەفد بوونایە. گوتی لەبەر ئەوەی وڵاتی ئەوان تاقە وڵاتە ڕێگای بەرەو ڕۆژئاوا لەوێوە گوزەردەکا بۆیە خاوەن پێگەی تایبەتە و فەرماندە نابێ بە هیچ کلۆجێک ئەمە فەرامۆش بکا. هەر لەم کاتەدا دەنگی فڕۆکەیەکی شەڕکەری بەرز کە بەر سەر ئاسمانی شارەکەدا تێدەپەڕی بیسترا کە کابرا بۆ ئەوەی جوانتر ئەو دەنگە ببیستن قسەکانی ڕاگرت و لە کاتێکدا بە قامک ئاماژەی بەرەو حەوا دەکرد، گوتی "خۆ گوێت لێیە؟ ئەمە لە وڵاتی منەوە هەستاوە. ئەو تەیارانەی کە هێزەکانی دیکتاتۆریان راونا و دەرفەتی ڕاپەڕینیان دروستکرد." فەرماندە کە هەستی بە بێ ڕێزییەکی زۆر بەرامبەر بە خۆی دەکرد چەند جارێ وێستی قسەکانی کابرا ببڕێ و

بڵێ بە بێ خەڵکی و بە بێ هەڤاڵان ئەگەر تەواوی ئاسمانیش لێوالێوی فڕۆکەی شەڕکەر بان ئەوا هیچیان پێنەدەکرا. ویستی بڵێ خۆ ئاگایان لێیە لە شوێنی تری نیشتمان چونکە خەڵکی رانەپەڕین و فەرماندەی لێنەبوو سەرەڕای فڕینی فڕۆکەکان هیچ شتێکی ئەوتۆ رووینەدا. بەڵام دەمی تەڵەیەکی تەقیو بوو بەو نیگایانە بە سەریەوە وا تەنیا لە کابرایان دەڕوانی و بەس.

بە تێپەڕینی کات وەک بڵێی بە هۆی بێدەنگیی فەرماندەوە کابرا ئەهوەنتر دەبووەوە، کەمکەم قسەوباسەکە ئاراستەیەکی تری پەیدا کرد. میوانەکە باسی لەوە کرد ئەگەرچی ئەمە راستە فەرماندە و وڵاتی ئەوان پێوەندێکی مێژوویی پتەویان پێکەوە نیە، بەڵام لەسەردەمێکدا دەژین کە مێژوو وەک جاران گرینگیی تایبەتی نیە. گوتی بەهۆی گەشەی تکنۆلۆژیاوە داهاتوو ئیستاکە گرینگترە لە رابردوو و بۆیە هەموویان دەبێ ئاگایان لەمە بێت. ئەوسا دیسان کتوپڕ بابەتی قسەکانی گۆڕی و ئەمجارە باسی لە هێزێکی چەکدار کرد کە لە هەرێمی فەرماندەدا دەژین و دژی دراوسێی باکورن و ئیستا کە ئەوان حکومەتی نوێی ناوچەکەن دەبێ مشوری ئەوە بخۆن ئەو چەکدارانە بنەبڕ بکەن و وەک دراوسێیەک ئاگایان لە ئاشتی و ئارامیی وڵاتەکەی ئەوان بێت. ئەم رستانەی دووایی بە شێوازێک دەربڕی کە زیاتر لەوەی بۆنی داواکاری لێ بێت بۆنی هەڕەشەیەکی تەواو ئاشکرای لێدەهات.

شتەکان ئەوەندە خێرا و ئەوەندە بە شوێن یەکتردا بە بێ پشوو و خێراخێرا رووبان دەدا کە تەنانەت هاوڕێیان فریا نەکەوتن بە دانانی چایی، قاوە یاخود شەربەتێک میواندارییی میوانە نابەوەختەکەیان

بکەن. کابرا هەر بەو خێراییە رابووە سەر پێ و لەگەڵ موتەرجمەکەی بەرەو دەرگاکە رۆیشتن کە دیسان کتوپڕ لە ناوەڕاستی ڕێگادا ڕاوەستان و گەڕانەوە. کابرای سمێڵ فش دەستی کرد بە گیرفانی باخەڵیدا و نامەیەکی دەرهێنا و لەسەر مێزەکە بەفڕێدان هەر فڕێیدا و ئەمجارە ئیتر بۆ هەمیشە لە چاوان ونبوون.

فەرمانده کە یەکجار هەستی بە ماندوویی دەکرد، شل خۆی فڕێدایە سەر کورسییەکەی و دانیشت. دونیا لەوە بێڕەحمتر بوو دەینواند. زۆر بە قوولّی ڕۆچووە بیرانەوە. باشە قەرار بوو ئەم دۆخە بەرەو کوێ بڕوات،... ئەسڵەن بەڵێن بوو شتی لەم چەشنە ڕووبدات! لە بیری دێت قەت نە خۆی و نە هەڤاڵانی بیریان لەمە نەکردبووەوە. ئەوان لایان وابوو زۆر شت لەو دیو سنوور بۆ هەمیشە جێ دەمێنن و بۆ ئەبەد دەبن بە ڕووداوی ئەو دیو سنوور. بەڵام وادیاربوو سنورەکان چیتر مانایان نەمابوو. بیری قسەی میوانەکەی لەسەر گرینگیی داهاتوو کەوتەوە، ئەوەیکە مێژوو بووە بە فشە. باشە ئەگەر وایە بۆچی مێژوو ئاوەها بەرەو داهاتوو دەکشا.

چاوە ماندوو و خەمینەکانی هەڵبڕی و کتوپڕ چاوی بە نامەکە کەوتەوە کە لە گۆشەیەکی سەر مێزەکدا بێ ناز کەوتبوو. دەستی برد و کردییەوە. وێنەیەک بوو! وێنەیەک کە دەڵێی بە تەیارە لە ئاسمانەوە گیرابوو. هەندێ خانوو و مەیدانێک دیاربوون. وێنەکەی نزیکتر کردەوە. نا، نا، نا،... دیسان خۆی بوو،... خودی فەرمانده،... بە سەر کەرەشینەوە لە ڕۆژە مێژوویییەکەدا.

فەرمانده ئیستا تەواو لەوە دڵنیابوو کە ئەو بۆ یەک ساتیش لە تەواوی ئەم ساڵانە لەبەر چاوی ئەواندا ون نەببوو. ئەو هەمیشە لەوێ بوو،... لە ناو کۆشک و تەلار و بیناکانی دەسەڵاتی ئەواندا. ئەوان هەمیشە لێرە بوون.

(١١)

لە دووای ئەوەی کابرای میوان رۆیشت، فەرماندە کە نەیدەزانی مانای "کێۆپۆغڵی" چییە و لە دڵیا مابووەوە، ناردی موتەرجمێک بێنن. هەڤاڵان لە دووای یەک دوو سەعات پیاوێکی لەڕ و لاوازیان هێنا کە بۆنی سیگارەکەی رۆژهڕێیەک دەڕۆی. موتەرجمەکە سەرەتا رووی نەبوو بیکاتەوە بە کوردی، کەمێک سەیری ئەم لاولای کرد و لە دووای ئەوەی هەندێ لە سەقفەکەیش راما، سەرئەنجام پرسیاری کرد پێش ئەوەی وەریگێڕێتە سەر کوردی دەیەوێ بزانێ کابرای میوان ئەمەی بە کێ گوت. هەڤاڵان گوتیان تۆ کارت بەوە چییە بە کێی وتوە، تۆ لە سەرتە بیکەیتە کوردی، پارەی خۆت وەربگرە و خواحافیزت! هەر کە تەرجەمەی کردەوە، فەرماندە رەنگ بە روخساریەوە نەما. هەڤاڵان لە شەرما سەریان داخست و یەکیان بە تووڕەیی کابرای موتەرجمی کردە دەرەوە. لە دەرەوە دەنگەدەنگێک دەگەییە گوێ. وەک بڵێی پارەی تەواویان بە کابرا نەدابێ. موتەرجمەکە هاواری دەکرد یەک وشە بێت یان هەزار، ئەوا ئەو پارەی سەعاتێکی دەوێ.

فەرماندە لە بیری نایەت لە تەواوی سالاّنی شاخ و تەنانەت لە کاتی پێوەندییەکانیان لەگەڵ ئەودیو سنوریشدا کەس زاتی ئەوەی کردبێ قسەی وەهای بە تەنگەیاندا دابێ. ئاسمان کونی تێ ببوو. شەرم و حەیا باری کردبوو و ئەو دیو کەل کەوتبوو. یەکێک لە هەڤاڵان هەنگاوێ هاتە پێش و گوتی قوربان لەم رۆژانەدا لە هۆڵی رۆشنبیری کۆڕێک بوو، کۆمەڵێک گەنجی سەرڕووت خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردبووەوە و

قسەیان بۆ دەکردن، یەکیان کە یەکجار زۆربڵێ بوو و یەکجار شاییشی بە خۆیی دەهات دەیگوت سەردەم سەردەمی عەولەمەیە، من کە نەمدەزانی عەولەمە چییە رووم کردە ئەوەی تەنیشتم و لێم پرسی، کابرا کە گەنجێکی سەروسمێڵ تاشراو بوو لە وەڵامدا پێی گوتم یەعنی ئەوەیکە ئیتر ئێمە ئیستا هەر دراوسێی جیرانە کۆنەکانمان نین، بەڵکو دراوسێی قول رەشەکان و تەنانەت قن رووتەکانی ئامازۆنیشین، ئەگەرچی بە هەزاران کیلۆمەتر لەولامانەوە دەژین! جا قوربان بەم پێیە ئێمە لە سەردەمێکداین پیاو هەموو شتێک دەبیستێ! فەرمانده تەنانەت سەریشی لێ بەرزنەکردەوە تا لێی بڕوانێ. بەڵام قسەکە گرتی. راست دەکا سەردەمی بەجیهانیبوونە و خوا دەزانێ چیتر لە سەر ریگایە. ئەوسا کتوپڕ بیری ژنە کۆنەکەی کردەوە. بە هەڤاڵانی گوت سەیارە ئاماده بکەن.

هەر کە گەیشتن هەڤاڵان دەوری ماڵەکەیان گرت و فەرمانده وەک هەمیشە تەنیا بۆ خۆی چووەوە ژوورەوە. ژنەکەی کە چاوەڕوانی ئەمە نەبوو، خێرا ساوەر و گۆشتێکی چاکی بۆ کرد، ماستاوێکی خەستیشی بۆ گرتەوە و لەگەڵ کەمێک سەوزە کە جاترەکەی زۆرتر بوو لەبەر دەمیدا داینا. فەرمانده ئەگەرچی زۆری برسی نەبوو، بەڵام پاروویی تێنا. ئەوسا کتوپڕ گەدەی بزوا و هەستی بە برسیەتییەکی سەیرکرد. هەتا توانی خواردی. دوو پەرداخ ماستاوی چاکیشی بە سەراکرد و لە پاشان کێشانی جگەرەیەک. دەستبەجێ لەسەر دۆشەکەکەی وا لەسەری دانیشتبوو، خەوی لێکەوت. فەرمانده کە قەت بە رۆژدا خەوی نەبینیبوو، خەوێکی زۆر سەیری بینی. لە خەوەکەیدا کەرەشینی لە

وێنەیەکی رەش و سپیدا بینییەوە لە نێوان هەر دوو میوانەکەی ئەم دوو رۆژەی دوواتردا، قۆل لە سەر شانی هەدووکیان بە بزەوە لە کاکی وێنەگریان دەڕوانی. دوو میوانەکەیش دەستیان خستبووە سەر پشتی کەرەشین و ئەوانیش لە بزە کەمیان نەدەهێنا. وێنەکە لەوە دەچوو لە سەردەمی شاخ کێشرابێ. ئاخر فەرمانده شاخەکەی پشتەوەی وێنەکەی ناسییەوە. ئەو شاخەی بە چەندین جار شەڕی قارەمانانەی تیاکردبوو و پشتی دوژمنی هێنابووە لەرزین. کە لە خەو راچڵەکا هەموو ئازای جەستەی شەڵاڵی ئارەقێکی سەیربوو. کەس لە حەوشە نەبوو و ژنەکەی و هەر دوو کوڕەکەی لە ژوورەوە دەنگیان دەهات. دەستی برد و لە بەفراوەکەی بەردەمی پەرداخێکی خواردەوە. ئەوسا کتوپڕ حەزی جووتبوونێک گرتی. جووتبوونێکی شێتانە. بە جوانی لە بیری نایەت کەی لەگەڵ ئەم ژنە کۆنەی جووت ببوو. ئەو ژنەی کە لەوە نەدەچوو لەوەتەی هاتبوونەوە بۆ شار هەر بیریشی بەلای ئەم جۆرە شتانەدا چووبێ . فەرمانده لە بەر خۆیەوە بەخۆی گوت نەکا لەگەڵ کەسی تر دەستی تێکەڵکردبێ،... ها، نەکا! ئەوسا جامانەکەی هەڵگرت و ناوچاوان و دەوری ملی پێ سڕی و خۆی کرد بە ژوورەوەدا. هاواری لە منداڵەکان کرد ئاوی سارد بۆ هەڤاڵان لە دەرەوە ببەن کە هەروا لە کۆڵان مابوونەوە. ئەوسا بە ژنەکەی گوت بچنە ژوورەکەی پشتەوە. ژنەکەی بە سەرسووڕمانەوە لێی رووانی، پاش کەمێک تێگەیشت و گوتی بێ نوێژم! فەرمانده کە چاوەڕوانی ئەمەی نەدەکرد پڕ بە دەمی بە تووڕەییەکی سەیرەوە گوتی "کێژۆپوغلێ!" ژنەکەی هەروا واقوڕماو لێی دەڕوانی. فەرمانده جامانانەکەی لە ملی پێچا، پشتێنەکەی لە دەوری

کەممەری ئاڵاند، چواردەخۆرەکەی بەستەوە و بەپەلە دەرکەوت. تووڕە لەوەی ئەم چەند رۆژەی دووایی هیچی بە دەستەوە نەهاتبوو و وەک بڵێی دونیا لە دژی ئەو هەڵگەڕابووەوە، بە هەڤاڵانی گوت دەچن بۆ نادی. خێرا لە نیوسەعاتدا گەورەترین نادیی شار کە بەسەر تەپۆڵکەیەکەوە بوو و بە سەر شاردا دەیڕوانی بۆ ئەو ئێوارەیە تاپۆکرا. مێزێکی گەورە و جوانیان بە جۆرەها مەزە، خواردنەوە و خواردنی جۆراوجۆر رازاندەوە. فەرماندە هەر کە کەمێک سەرخۆش بوو، بۆ یەکەم جار لە دووای راپەڕین حەیا بەریدا و بە پلکە لێدان کەوتە خوێندنی گۆرانییە بەناوبانگەکەی عەلی مەردان "گیانە بەسیەتی": "گیانە بەسیەتی ، گیانە بەسیەتی / توخوا بەسیەتی، دەرد و مەینەتی

هەر هێندە ئەبێ لەیلێ تووشی و نەگبەتی /قنیاتم تەنها ژاراوی پەتی

لە نەحسی چارە و بەختی گومڕاهم /عاڵەم بێزارە، لە نااڵە و ئاهم

ئەجەل، قولاپی گیرکرد لە جەرگم/ نیشانم ئەدا نیشانەی مەرگم"

هەڤاڵان کە سەرەتا تیایا مابوونەوە چی بکەن، داخۆ دەنگ هەڵبڕن یان نا، داخۆ چوونە ناو گۆرانییەکەی فەرمانده بێ رێزییە یان نا،

سەرئەنجام لە دووای ئەوەی ئەوانیش کەمێک کەلەسەریان گەرم بوو لەگەڵی کەوتنە گوتنەوەی گۆرانییەکە. لەوە دەچوو هەر هەموویان بیرەوەریی خۆشیان لەم گۆرانییە هەبێ، لەبەر ئەوەی هەر هەموویان زۆر سەیر لەگەڵیا خۆیان دەلاواندەوە. تەنانەت یەکیان مەقامی ناو گۆرانییەکەی گرتە ئەستۆ و دەنگی بەرزبەرز هەڵبڕی: "ئەی مانگ من و تۆ هاودەردین، هەردوو گرفتار یەک ئاهی سەردین...". گۆرانییەکە ئەگەرچی تام و بۆنی دەشتی گەرمیانی دەدا، بەڵام تێکەڵ بە هەوای کۆێستانیش بوو. ئەوسا بینیان فرمێسکەکان بە چاوی فەرماندەدا هاتنەخوارەوە. ئەو فرمێسکانەی تەنیا ڕێزی فەرماندەی لای ئەوان زیا و زیاتر دەکرد. ئاخر مەگەر تەنیا پیاوخاسان و نیشتمان پەروەران نین دەتوانن ئاوا لە کانگای دڵەوە بگرین؟... بێگومان.

دەوروبەری سەعاتی دوانزەی شەو نادییەکەیان جێهێشت و بەرەو ماڵەوە گەڕانەوە. خەڵکی، ئەوانەی وا هێشتا نەخەوتبوون و لە سەر بانی لەناو جێگاکانیان جگەرەیان بەبادەکرد، ئەو ڕیزە دوورو درێژە چراخانییەیان بینی وا لە تەپۆڵکەکەی دەرەوەی شار بەرەو خوار وەک مار ڕادەخوشا و بۆ ناو شەقامەکانی شار خلۆردەبووەوە.

فەرمانده هەر گەیشتەوە ماڵەوە یەکێک لە هەڤاڵانی بانگ کرد بە کاغەز و قەڵەمەوە بچێتە خزمەتی. پێی گوت "اقراء!" هەڤاڵ بە تەعەجوبەوە سەیری کرد، گوتی قوربان فەرموو! فەرمانده گوتی بۆ خزمەتی بەڕێزان پشتیوان و هاوکار و هاوخەباتی ڕۆژانی شاخ و تەنگانە! بەم شێوەیە هەڤاڵ هەتا دووی نیوەشەو نووسی و ڕەشی کردەوە... نووسی و ڕەشی کردەوە. فەرمانده سەرەتا بە گلەییەوە دەستی پێکرد لەسەر ئەوەی کە

ئاوا بە بێ هەواڵ و کتوپڕ سەردانیان کردبوو و ئەمەی وەک بێ ڕێزی بە خۆی و بە نیشتمان لە قەڵەم دابوو، ئەوسا لەسەر وشەی کێوپۆغڵو ڕۆیشتبوو کە ئیتر بە تەواوی شکاندنی حورمەتی هەموو لایەک و بەتایبەت سالانی شاخ بوو، ئینجا بەرەبەرە لە کۆتایی نامەکەدا بە زمانێکی نەرم باسی لەوە کردبوو ئیتر ئەو سەردەمانە تەواو بووە و ئەو ئیستاکە سەرۆکی وڵاتێکە و نەریتی دیپلۆماسی حوکم دەکا وەک خاوەن دەسەڵاتێک کە هەنووکە هەموو دونیا دیانی پیادەنێ هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن. هەڤاڵ ئەگەرچی یەکجار ماندوو بوو و خەوی دەهات، ئەگەرچی بەهۆی ئەو کحولەی لەناو دەمارەکانیدا دەگەڕا هەموو ئازای ئەندامی سست ببوون، بەڵام هەوڵیدەدا یەک تاقە وشە چییە جێی نەهێڵێ و مووبەمoو بیانووسێتەوە. جارجارەیش چاوی هەڵدەبڕی و بە تەعەجوبەوە لە فەرماندەی دەڕوانییەوە.

هەر کە تەواوبوون، نامەکەی جارێکی تر نووسیەوە و لە دوو پاکەتی جیاجیا بە دوو ناونیشانی جودای خستن و گوتی سبەی بە زووترین کات بەڕێیان دەکا.

بۆ سبەی هەردووکیان سەعاتی دوانزی نیوەڕۆ لە خەو خەبەریان بووەوە. فەرمانده کە هاتبووەوە سەر هۆش، ناردی هەڤاڵ بێت. پێی گوت نامەکان بێنێ. ئەوسا لە بەر چاویدا لەدووای ئەوە چەندین و چەندین جار خوێندنییەوە هەر دووکیانی دڕاند و خستنیە ناو زبڵەکەی ژێر مێزەکەیەوە. هەڤاڵ بزەیەکی شاراوەی هاتێ. فەرمانده بە تەواوی لەوە دڵنیابوو کە کەرەشین، سەرەڕای هەموو ئازایەتییەکەی، یەکێک

لەوانە بووە بەدژی ئەو سیخوڕیی بۆ هاوڕێیانی ئەو دیوی سنور کردبوو. بە دریژایی تەمەنی نگریسی. وێنەکان درۆناکەن.

(١٢)

شەو درەنگان دوو پشیلە لەسەر حەساری نزیک ژووری نووستنەکەی لێیان بوو بە شەڕ. دەنگی میاو میاوی نزم و تووڕە و درێژیان کە کتوپڕ دەبوو بە زریکەیەکی ترسناک و گوێی دونیای کەڕدەکرد، لە پەنجەرە نیوەکراوەکەوە گوزەری دەکرد و خۆی بە هەمان هێزەوە دەگەیاندە ژوورەکە. رابوو. ئەمە فەرماندەی بیری سەردەمی منداڵی دەخستەوە، کاتێک لە گەڕەکێکی قەراغ شار لە خانوویەکی کۆندا دەژیان. گەلێک ساڵ لەوە پێش. لەبیری دێت ئەو ساڵانە سەگ و پشیلە یەکجار زۆر بوون. سەگ وەک مرۆڤ بەناو کووچە و کۆڵاناندا تەراتێنیان بوو و حەوشە و دەرکەوبانەکانیش پڕی پشیلە بوون. دەهاتەوە بیری شەوێک پشیلەیەکی رەش و پشیلەیەکی سپی لە سەر دیواری حەوشەکەیان لێیان بوو بە شەڕ و خەویان لە گەڕەک و بەتایبەت لە باوکیان شێواند. باوکی کە ماندووی ئیش و کاری رۆژانە بوو، تووڕە بە تێڵایەکەوە دەرپەڕییە حەوشە، ئاوقایان بوو و پەرتەوازەی کردن. باوکی لەم جۆرە کاتانەدا چەند غەریب دەینواند. هەندێ کردار هەیە گەورەکان نابێ قەت لە ژیانیاندا بیکەن. چەند منداڵانە دەینواند. فەرمانده هەستی دەکرد هەتا چەندین رۆژ دووای ئەمە، جوێنەکانی باوکی لە حەوشەکەدا دەهاتن و دەچوون. ئەم لە ژوورەکەی تەنیشتەوە ئاگای لێبوو باوکی هەتا خەوی لێ دەکەوتەوە هەر پرتە و بۆڵەی دەهات و هەر جوێنی دا. دایکی چەند جار دەنگی دا "پیاوەکە بنووا"، بەڵام بێسوود بوو. بۆ سبەی لە کاتی ناشتا بە ژنەکەی گوتبوو گەر رۆژێکی لە ژیانا مابێ

ئەوا بۆ پشیلەی دەمێنێ! دایکی پێی گوتبوو ئەیەڕۆ پیاوەکە ئەم قسانە چییە! باوکی نەڕاندبووی پشیلەی نیوەشەو شوومە. شووم!

فەرمانده دێتەوە بیری قەدیم زۆر باسی شووم و شتی لەم بابەتە دەکرا. ئەو کە لە کاتی شاخ ئەم جۆرە قسانەی هەر لە بیرچووبووەوە، بە پێی رووداوەکانی ئەم چەند رۆژە، خۆبەخۆ قیڕەی نیوە شەوی ئەم پشیلانەی جۆرێک بە وشەی "شووم"ەوە پێوەندی دا. ئاخر نەدەکرا لە دووای هەم هەموو ساڵە هەر لە خۆوە کتوپڕ ئەم زریکە ترسناکە گەڕابێتەوە. بە ئارامی لەناو جێگاکەی هاتە دەرەوە و بەرەو پەنجەرەکە رۆیشت. ئەوسا لە تاریک و رووناکی شەو بە سەر دیوارەکەوە تارمایی هەیکەلی دوو پشیلەکەی بینییەوە. وادیارە هەندێ شت لە ژیاندا گەر زەمین و زەمانیش ژێرەوڕوو بن هەر ناگۆڕێن. لای ئەم پشیلانە ژیان هەر وەک ساڵی ساڵان بوو. وەک بڵێی دیکتاتۆر هەر مابێ و قەتیش ڕاپەڕین نەکرابێ. فەرمانده بیری باوکی کردەوە کە گەلێک ساڵ لەوە پێش مردبوو. ڕوخساری هاتەوە بەرچاوی. ئەو رۆژەی ئەم رۆیشت و ڕووی لە شاخ کرد، پێی گوتبوو نالێم کەری، بەڵام ئاقڵیش نیت! لەبیری دێت باوکی حەزی بە ژیانێکی ئارام و بێ دەردیسەر بوو. کڵاوی لە کڵاوی کەس گیرنەدەکرد. بەیانیان بەو کۆڵانەدا چۆن دەڕۆیشت و لەوسەری وندەبوو، ئێوارانیش هەر بەو شێوازە دەردەکەوتەوە و دەهاتەوە. لای باوکی، حکومەتەکان هیچ جیاوازییەکیان نەبوو. ئەوان لەوێ بوون چونکە خەڵکی لەوان کەرتر بوون. فەرمانده بیر لە وشەی کەر دەکاتەوە. بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بە ئەو ئەنجامە دەگا کە هەر لە هەوەڵین رۆژەکانی ژیانییەوە ئەم بوونەوەرە گەمژە و کەلەرەقە

چارەنووسی بە چارەنووسی ئەوەوە گرێدرابوو. باشە گەر وانیە بۆ باوکی ئەوەندە لەم کەلیمەیە کەڵکی وەردەگرت. بۆ ئەوەندە ناوی کەری لەسەر دەم بوو؟ فەرماندە لە تاریکیی شەو دەڕوانێ. وادیارە ژیان دەبێ بەردەوام بێ بۆ ئەوەی مرۆڤ مانای هەندێ لەو شتانەی وا کاتی خۆی لە قۆناغەکانی زووتری تەمەندا رووەدەن، باشتر بۆی دەرکەون. کەواتە جاری وایە رووداوەکان پێشدەکەون، بەڵام مرۆڤ لێیان تێناگا. کەواتە هەموو شتێک لەم ژیانەدا بەیەکەوە پێوەندییان هەیە و لە راستیدا هیچ شتێک لە خۆوە رووندادا.

پشیلەکان هەر بەردەوام بوون. سەیر ئەوە بوو هەتا ماوەیەکی باش بەڕووی یەکتریدا دەیانقیراند هەتا سەرئەنجام یەکیان دەبەزی و ڕێگای بۆ ئەوی تر چۆڵدەکرد. گەڕانەوەیەک لە ئارادا نەبوو، یەک دەبا لادا و دەرچێ. فەرمانده دەمانچەکەی راکێشا و چەند فیشەکی ئاراستەی پشیلەکان کرد. پشیلەکان یەک بە خۆیان داچڵەکان و هەر کامەو بە لایەکدا رایانکرد. ئەوسا بێدەنگییەکی سەیر تەواوی وڵاتی داگرت. هەر لەم ساتەوەختەدا بوو فەرمانده کتوپڕ بەو ئەنجامە گەیشت کە دەکرێ لێرەیش مەنتقی شاخ بەردەوام بێت. مەگەر لەوێیش هەروانەبوو. مەگەر لەوێیش هەر ئەمانەی وا ئەم چەند ڕۆژە سەردانیان کردبوون، نەبوون. باشە بە هاتنی ئەوان چی گۆڕابوو. بێگومان هیچ. جگە لەمە ئەگەر ئەمانە و ئەوانی تریش نەبوونایە مەگەر دیکتاتۆر دەڕووخا. بێگومان نا. تازە با خەڵکی ڕاپەڕینیشیان کردبێ، بەڵام ئەوانیش بە بێ یارمەتی دەوڵەتان هیچیان پێ نەدەکرا. دیکتاتۆر ڕووخابوو لەبەر ئەوەی لە راستیدا دۆستەکانیان ڕووخاندبوویان نەک فەرمانده و هەڤاڵان و

جەماوەر. بگرە لە بنەڕەتدا هەر سەردەمی ڕاپەڕین و شتی لەم بابەتە تەواوبووەو کەواتە گەر وایە بۆ ئیتر خەمی ئەوە بخۆم کە خەڵکی کردیان و ئێمە دوواتر گەیشتین. فەرمانده دەستێکی ڕاوەشاند. ڕازی لەم بیرانەی چووەوە سەر تەختەکەی و پاڵکەوت. سەیری سەقفە تاریکەکەی کرد. بە دەنگی بەرز بە خۆی گوت کەواتە هەتا ئێمە هەین دەبێ مەمنوونی ئەمانە بین و نابێ لە بیریان بکەین، نا، نابێ، مرۆڤ نابێ سپڵە بێ، ئێمە نەتەوەیەکی بەشەرەفین و تف لە ڕووی دۆستان و ئەوانەی وا ڕۆژێک لە ڕۆژان یارمەتییان داوین، ناکەین. فەرمانده بە بزەوە بە سەر شانی ڕاستیدا کەوت و دەستی خستە ژێر سەری. یادی بەخێر، لە شاخ هەمیشە ئاوا دەخەوت. لە ژێر ئەستێرەکاندا و لە ناو دۆڵە تاریکەکاندا. چاوەکانی سەر یەک خست. نا نابێ ئەوەندەیش شتەکان لە خۆی قووڵ بکاتەوە. مەگەر ئەوەتەی دونیای سیاسەت هەیە هەر ئاوەها نەبووە. ڕۆژە سەختەکان هەمیشە ناوی خۆیان بە خۆیانەوەیە. لای فەرمانده لە جیهانی سیاسەت هەموو ڕۆژێ ڕۆژی سەختە. مرۆ جاری وایە بە دەستی خۆیەوە گیردەخوا جا وەرە وڵاتێک بێنە بەر چاوی خۆت. گەر جاری وایە ئەوەی نەکەی کە تەنانەت خۆت حەز ناکەی بیکەی ئەوا قەت خۆت مەهاوە سیاسەتەوە. کەواتە باشتر ئەو دۆستانە ئاوەها بێ پرس هاتن. ئەوان ئێمە لەبیرناکەن، جا با ئێمە زۆریش سەرقاڵ بین. سوپاس،... سوپاس! لە خۆوە نیە هەموو ئەم ساڵانە لە گەڵمان بوون. فەرمانده ئەمجارە خۆی بەسەر شانی چەپدا دەخا، بەڵام هەر بێ فایدەیە. داڵغە و بیرە ناوەختەکان ناهێڵن بخەوێ. لە شاخ سەرەڕای ئەو هەموو مەترسی و داڵغەیەیش کەچی

ئاسان خەوی لێدەکەوت! لە حەوشەوە گوێی لە دەنگی دوو نیگابانەکەیە کە بە ئەسپایی پێکەوە قسەدەکەن. باسی شەڕەپشیلەکە و تەقەکەی ئەم دەکەن. یەکیان دەڵێ ئەم پیاوە هەمیشە شتێکی تایبەتی لایە،... شتێکی نوێ و سەرنجڕاکێش. ئەوی تریان دەڵێ لەخۆوە نەبووە بە فەرماندە،... دەبێ رازێک لە پشت ئەمەوە بێت. ئەستێرەیەک رادەخوشێ و بەستێنی تاریکی ئاسمان لە شووشەیەکی پەنجەرەکەدا دڕدەدا. وادیارە شتەکان ناهێڵن ئۆقرەبگرێ و بخەوێ. هەڵدەستێ و دەچێ یەکێک لە چاویلکە رەشەکان دێنێ و دەیکاتە چاوی و پاڵدەکەوێتەوە. ئیستا زۆر باشترە. دونیا دوو قات تاریکترە. رەنگە سێ یان چوار قاتیش. دەبێتە تاریکە سەلاتی ناو چیرۆکەکان. با ببێ. گرینگ ئەوەیە بخەوم.

چەند خولەک دووای ئەمە دەنگی پرخەی فەرمانده ژووڕەکە پڕ بە خۆی دەتەنێ.

(١٣)

دراوسێی یەکەم حەزی بە شتی خشکەیە. هەر لە سەرەتایشەوە وابوو. دەم بە هاوار نەبوون. نوێنەرەکانیان لە قسەکردندا ئارام دەدوان، دەنگیان یەکجار نزم بوو و بە کاوەخۆ وشەکانیان بەڕەڵڵا دەکرد. وەک بڵێی کەسێک گوێی لێیە و لە راستیدا نابێ گوێی لێ بێ. راستییەکەی ئەوە بوو قەت کەسیشی لێ نەبوو، هەر ئەوان و فەرمانده و هەڤاڵان

بوون. فەرمانده هەمیشە بە شێوەی ئاخافتنیان سەرسام بوو. خۆی و هەڤاڵان یەکجار دەنگیان زل بوو، کە لەگەڵ یەک دەدوان دەڵێی بە ئەم بەراوبەری دۆڵێکەوە بوون. تازە ئەو وشانەیش وا کەڵکیان لێوەردەگرت یەکجار کەمتر بوون لەو وشانەی وا دراوسێی یەکەم قسەیان پێدەکرد. رەنگە هی ئەوە بوو زمانی ئەوان دەوڵەمەندتر بوو، یان رەنگە هی ئەوە بوو ئەوان خوێندەوارتر بوون. فەرمانده بە ئەزمون دەیزانی ئەوانەی لەسەرەخۆن ئیشیان باشتر بڕدەکا. لەبەر ئەوەی زیاتر بیری لێدەکەنەوە جوانتریش کاروبارەکانیان ڕێکدەخەن. بەڵام نا، بەڕاستی وشەکانی ئەوان جۆراوجۆرتر و رەنگاوڕەنگتر بوون، هەرچەند یەکجار کەلیمەی عەرەبیشی تێدابوون.

دراوسێی یەکەم تەنیا لەسەر ئەوە پێیان دادەگرت کە پێوەندییەکانیان وەک جاران رابگرن و بەتایبەت ڕێگای هاتووچۆی نێوانیان ئاسانتر بێت لە جاران. داوای ئیزن و بەرگەی تایبەتیان کرد. هەروەها داوای قونسولێکیشیان کرد. دیارە مامەڵەی بازاڕ و بازرگانی لە جێی خۆی کە لایان شتێکی یەکجار ئاسایی و تایبەت بوو، داوای کردنەوەی مزگەوتێکیشیان بۆ خۆیان کرد. وتیان کە دێن دەبێ شوێنێکیان هەبێ بۆ نوێژکردن. فەرمانده ئەمانەی لەلا یەکجار ئاسایی بوو. بگرە بۆخۆیشی پیشنیاری کرد ڕێگای گشت و گوزاریش بکرێتەوە و لە بواری پزیشکی و داوو دەرمانیشدا بتوانن لە وڵاتی دراوسێی یەکەم کەڵک وەربگرن. نوێنەرەکان وەک هەمیشە بە ئارامی قبوڵیان کرد و هەر بەو ئارامییەیش کۆمەڵێک کاغەزیان پێکەوە واژۆکرد.

بەڵام دراوسێی دووهەم بە پێچەوانەی دراوسێی یەکەم بەخشکە نەبوون. گەلێک دەم بە هاوار بوو. تەنانەت لە کاتی قسەکردنیشدا دەرفەتیان بە کەس نەدەدا. پەلەپەل دەدووان و وشە بە وشە دەیگوت ڕێم بکە! ئەوان داوای ئەوەیان دەکرد بتوانن چەند بنکەی سەربازی و مەخابەراتی لە ناوچە ستراتیژەکان و لە نزیک هەندێ لە شارەکان بکەنەوە. هەروەها داوای بەشێکی گرینگی بازاڕیان کرد و گوتیان دەبێ هەرچی پارەیە هەتانە لە بانکەکانی ئێمە دایانبنێن. فەرمانده ئەگەرچی بە شێوەی ئاخافتنیان یەکجار قەڵس بوو و کردنەوەی بنکەی سەربازیی بە پیشێلکردنی سەروەریی خۆی دادەنا، بەڵام لای خۆی گوتی چش سەگ خواردی. بۆیە کاغەزەکانی ئەوانیشی وەک ئەوەی یەکەم بەئاسانی واژۆکرد و بە گەرمی دەستی لەگەڵ لێدانەوە و ماڵئاوایی لێکردن. ئەو کۆپتەرەی نوێنەرەکانی دەبردەوە، تەپوتۆزێکی وەهای کرد نەبێتەوە. بەشێک لە هاوڕێیان لەگەڵ ئەوەی ئاوێکی زۆریان بە قوڕگدا کرد و بە کۆکینی زۆر بەشێکی بەرچاوی تەپ و تۆزەکەیان فڕێدایە دەرەوە، بەڵام هەتا چەند ڕۆژ دوواتر لە کۆکین هەر بەردەوامبوون. بە بینینی پەلەپەلی ئەوان، فەرمانده بیری نوێنەرەکانی دراوسێی یەکەم کەوتەوە کە چەند بە ئارامی سوار سەیارەکانیان ببوون و هەر بەو شێوازەیش چەندە بە ئارامیش دووڕکەوتبوونەوە.

بۆ ڕۆژی دوواتر فەرمانده لە ژووری کارەکەی لە بیری هۆکارەکانی جیاوازیی هەڵسوکەوت و شێوازی ئاخافتن و داواکارییەکانی ئەم دوو دراوسێیەدا بوو کە کتوپڕ تەلەفۆنەکە زەنگی دا.

ـ ئەلۆ بەڵێ،... فەرموو!

- هەڵاو،... هەڵاو،... ئای ئەم سەرۆکی یوو ئێس ئەی. ئای... واتە من جۆرج دەبڵیو بووش یم،...

ئەوەی پشت تەلەفۆنەکە لە چاوی وشەکانی تر وشەی 'جۆرج دەبڵیو بووشە'کەی زۆر ئاسانتر بۆ دەهات. فەرمانده وشک بوو. سەرەتا لای وابوو یەکێک لە هەڤاڵە نزیکەکانی گاڵتەی پێدەکا، بەڵام شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت نا، پەلە مەکە،... بەردەوام بە!

- هەڵاو،... هەڵاو،... ئار یو لەوێی؟ کەن ئای قسە لەگەڵ فەرمانده بێکەم،... کەن ئای؟

فەرمانده رەپ هەستایە سەرپێ. باوەڕی نەدەکرد. یەعنی دونیا عەمری نەمێنێ وای لێهاتووە سەرۆکی زلهێزترین وڵاتی جیهان لەو سەری دونیاوە تەلەفۆنی لێهەڵبگرێ و زەنگی بۆ بدا! نا، شتی وا نابێ،... بەڵام،... بەڵام راوەستە بۆ نابێ! فەرمانده ئەم بیرانەی دەکردەوە و هاوکات بە شوێن ئەو رستە و کەلیمانەدا دەگەڕا کە شیاوی وەها کاتێک بن. ئەو کە یەکجار خۆی بە قەرزداری ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبینی، گوتی:

- قوربان سڵاو، لە خزمەتداین، (لێرەدا بیری فیلمە ئینگلیزییان کەوتەوە) ئای،... ئای لۆڤ یوو،... بە خۆم و ماڵ و منداڵەوە، بە ساقەت بین، بەساقەی ئەو دەمەت بم، بەساقەی فڕۆکەکانت کە دیکتاتۆرەکەی هەراسان کرد و راوی نا،... نیشتمانت رزگارکرد، مێژووت خوڵقاند،... ئەلۆ، ئەلۆ،... قوربان دەنگم دێ، گوێت لێمە،... ئەلۆ!!

بە شێوەیە فەرماندە کەوتە گفتوگۆیەکی دە دەقیقەیی لەگەڵ جۆرج بووش. جۆرج بووش ئاگاداری کردەوە کە دەوڵەتی ئامریکا دەیەوێ چەندین بنکەی گەورە و بچووکی سەربازی بکاتەوە، هاوکات لەگەڵ دوو بنکەی مەخابەراتی، هەروەها فڕۆکەخانەیەکیش تەنیا بۆ کۆپتەرەکانی. فەرماندە کە نەیدەتوانی باوەڕ بەمە بکا، زۆر بە خۆشحاڵی قبووڵی کرد و لە دووای چەند چرکەیەک تەلەفۆنەکە لەو سەرەوە هەر بەو خێرایی و چاوەروانەکراوییەوە خۆی بە دەفتەری کارەکەیدا کردبوو، داخرا و بێدەنگ بووەوە.

فەرماندە هەروا سەیری تەلەفۆنەکەی دەکرد. واقی وڕمابوو. چەند خەبەرێکی خۆش بوو! قیڕاندی هەڤاڵان بێن. هەڤاڵانیش بە بیستنی ئەم هەواڵە یەکجار دڵخۆش بوون. یەکیان ئەوەندە شاگەشکە ببوو کە دەستی کرد بە پلکە لێدان و بەدەمییەوە دەنگی هەڵبڕی "کەی دێتەوە کەی دێتەوە کاتی لاویم کەی دێتەوە..." هەڤاڵان تێکڕا لەگەڵ فەرماندە دەستیان کرد بە پێکەنین. پێکەنینێک کە چەندین دەقەقەی خایاند. ئەوسا کتوپڕ هەموویان بە بینینی روخساری فەرماندە کە ڕێک لە ناوەڕاستی پێکەنینەکەیاندا گرژ و مۆن ببوو، راوەستان. قوربان چی بووە، بیر لە چی دەکەیتەوە؟ فەرماندە خێرا وەڵامی نەداوە. هەستا و چووەوە بەر پەنجەرەکە. لە دەروونی خۆیدا حسێبی ئەوەی دەکرد گەر وڵاتی دراوسێی دووهەم و یو ئێس ئەی بەم شێوەیە سوپا دابەزێنن و دراوسێی یەکەمیش وەک هەمیشە بە خشکە و لە ژێر ناوی شتی تردا ئەویش بەشی خۆی ببچڕێ، ئیتر چی بۆ ئەو و هەڤاڵان دەما! مەگەر ئەم نیشتمانە بەشی چەند دەوڵەت دەکا. ئەو ئەوەی دەزانی گوندێک قەت

ناکرێ هاوکات خاوەنی دوو کوێخا بێت، چما ببێ بە سیان و بە چواریش. شتێک هەڵە بوو. جا چ دەبوو لە دراوسێی یەکەم و دووهەمی راسپاردایە کەمێک لە جۆری پێوەندییەکانیان دەگۆڕن بە حوکمی ئەوەی دۆخێکی تازە هاتووەتە پێشەوە. بەڵام هەرچەند ئەمەیشی دەهێنا و دەبرد دەیبینی ناکرێ. فەرمانده دەیناسین. دەیزانی زۆر شتیان لەدەست دێت. دراوسێ بوون و هەتاهەتایە لێرە لە بن گوێیدا دەمانەوە. ئەو کە ساڵانی ساڵ لە سیاسەتدا دەهات و دەچوو بیری بە هەموو لایەکدا چووبوو ئەمە نەبێ. داواکارییەکان ئەگەرچی بەڕواڵەت لە داواکاری دەچوون، بەڵام راستییەکەی زیاتر لە سەپاندنیان دەکرد. برابەش بوون. وەک بڵێی دەڵێن دێین و تۆیش چارێکت نیە جگە لە قبوڵکردنی. چاوەکانی فەرمانده هەتا دەهات بچوک و بچوکتر دەبوونەوە. یەکێک لە هەڤاڵان کە لای وابوو خەوی دێت ناردی چاییەکی خەستی بۆ بێنن. هێشتا شەو گەنج بوو و بۆ خەو زوو.

بەڵام،... بەڵام راوەستە بۆ ناکرێ؟! ئەمەی لەبەر خۆیەوە گوت و هەستایەوە سەرپێ. ئەوسا بە دەنگێکی بەرز رووی لە هەڤاڵان کرد و گوتی بینایەکی چەند قاتی هەرە گەورە بێننە بەر چاوتان. بینایەکی سپی بە ژوورە گەورە و بچووکەکانییەوە، باشە ناکرێ هەر کەسەو لە قاتێکیدا یاخود لە ژووریێکیدا بژی و ئیتر تەواو، ها ناکرێ؟ با بێگومان دەکرێ، دەکرێ باشیش دەکرێ. ئەم بینایە سەهمی هەموومانی تیایە، بە چاک و خراپەوە، ئیتر وەهایە،... داخۆ وانیە؟ ئەو هەڤالەی فەرمانده لە بەردەمیدا راوەستابوو و زیت زیت لە چاوەکانی دەڕوانی نەیزانی چی وەڵام باتەوە، بەڵام شتێک لە دەروونەوە پێێ گوت دەبێ

بڵێ قوربان وایە، گوتی قوربان وایە. فەرماندە گوتی بێگومان وایە، یەعنی دەبێ وایش بێ. کەواتە هیچ خەمێکمان نیە، ئەم وڵاتە بەشی هەموومان دەکا، هەم بەشی دراوسێکانمان و هەم دۆستەکانی ئەوپەڕی دەریایشمان. پێم وابێ زەوی لەوە بچووکترە بتوانین بەشێوازی جاران دابەشی بکەین.

(١٤)

فەرمانده جاری وایە حەزی گەشتێکی حیزبیانە یان وەک هاوڕێیان دەڵێن گەشتێکی نیشتمانی دایدەگرێ، چل تڕۆمبیل بەو چەکدارانەوە کە پانتۆڵ و ئاڵاکانیان بەدەم باوە دەشەکێنەوە ڕێکدەخا و زۆربەی شەقامەکانی شار بەسەردەکەنەوە. ڕێگا بەرناکەوێ. بۆ ماوەیەکی باش جموجۆڵی ئاسایی ڕادەوەستێ. هەندێ لە سەیارەکان ئەوەندە جامەکانیان تاریکن کە کەس نازانێ فەرمانده لە ناو کامیاندا دانیشتووە. بەڵام ئەمە گرینگ نیە، نومایشەکە ئەوەندە مەزنە کە کەس ناتوانێ لە قەراخ جادە ڕانەوەستێ و سەیری ئەم کەرنەڤاڵە سیاسی - سەربازییە دەگمەنە نەکا. زۆر کەس خوێنیان دێتە جۆش و دەستیان دەکەن بە مشت، بەرزی دەکەنەوە و ڕایدەوەشێنن. لێرە و لەوێ دروشمەکان هەوا دڕپێدەدەن. ئەو سروودانەی وا لە بڵێندگۆی هەڤاڵانەوە بڵاودەبنەوە ئەوەندەی تر جەوەکە گەرم دەکا و حیماسەتێکی سەیر نیشتمان لە خۆیدا دەنوقمێنێ. هەڤاڵان بە چەکەکانیانەوە و هەندێکیشیان بە چاویلکە ڕەشەکانیانەوە چەند بە هەیبەت دەنوێنن. هەستدەکەی تەواوی مێژوو هەستاوەتە سەرپێ. ڕاستە، جاری وایە دەکرێ مێژوو لە یەک چرکە یان چەند چرکەدا کۆبێتەوە. ئەمڕۆ یەکێک لەو چرکانە بوو. نەفەرێک لە قەراخ جادە، کە بە جل و بەرگەکەی پێدەچێ پینەچی بێت، خۆی دەگەیەنێتە ئەوانی تر و دەڵێ "پیاو ئاوا

نێرەکەر نەبێ فایەی چییە!" ئەوی تر دەڵێ "بەخوا راستەکەی، ژیان بە نێرەکەربوونەوە خۆشە، چما ماکەر و ژیان!" بەم شێوەیە نێرەکەرەکان هەتا ماوەیەکی چاک بە ناو شاردا سووڕدەخۆنەوە و تەنیا لە دووای ئەوەی پەیامێکی گرینگ بۆ فەرماندە دێ بڕیاردەدەن بەرەو ماڵەوە و بەرەو بنکەکانیان بگەڕێنەوە. ئەمڕۆ یەکێک لەو رۆژە مەزنانە بوو کە خەڵکی شار قەت لەبیری ناکەن. قەت قەت.

دەمەو ئێوارێ لە دووای ئەوەی فەرماندە لە تەشتێک ئاوی گەرمدا قاچەکانی بۆ دەشۆن و بۆ رەوینەوەی ماندووبیش جوان جوان بۆی دەشێلن، ئەو هەڤاڵەی وا جارێکیان باسی کۆڕی رۆشنبیرییەکەی کردبوو دێت بۆ لای و هەواڵی سەیری بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێ قوربان ئەو کۆمەڵە گەنجە تەواو شووڵیان لێهەڵکێشاوە، هەرچییان بەدەما بێت دەیڵێن. دەڵێ خەڵکێکی زۆریشیان لێ کۆدەبێتەوە. خەریکی داشۆردنی ئێمەن و دەیانەوێ خەڵکیمان لێ ساردبکەنەوە، بۆیە هەرچۆنێک بێت دەبێ پێشیان پێبگرین. دەڵێ بە گوێرەی هەواڵنێرە نهێنییەکانمان ئەوانە لە ماڵەوە کتێبخانەی یەکجار گەورەیان هەیە و بەردەوامیش هەر کتێبیان بۆ دێت. یەکێکی تر لە هەڤاڵان دەنگ هەڵدەبڕێ کە قوربان بە خۆشییەوە هەر لە سەردەمی شاخەوە بەشی مەخابەراتمان هەیە و خەڵکێکی باش ئیشمان بۆ دەکەن، جا گەر ئیزنت لەسەری بێ دەتوانین بە شەو و رۆژێک کۆیان بکەینەوە. فەرماندە دەچێتە بیرەوە، ئەوسا دەپرسێ داخۆ ئەوانە لایەنگری لە لایەنێکی تایبەت دەکەن یاخۆ هەر پێیان خۆشە رەخنە بگرن و قسان بکەن. هەڤاڵان دەڵێن تا ئەو جێگایەی ئێمە دەزانین نەوەڵڵا سەر بە هیچ شوێنێک نین، هەڵبەت تاق و تەرایان

نەبێ کە کۆن کەمێک سەریان لەم حیزب و ئەو حیزب دەخورا. فەرمانده دەپرسێتەوە داخۆ لە قسەکانیاندا بە گشتی لە قسە و باسەکانی ئێمە دەردەچن، هەڤاڵان دەڵێن نەوەڵڵا قوربان لە ناوەڕۆکدا هەر ئەوانەی ئێمە دەڵێنەوە بەڵام بە شێوازێکی تر. خۆیان گوتەنی بە شێوەی رۆشنبیرانەی و نوخبەوی. فەرمانده دیسان بێدەنگ دەبێتەوە، ئینجا دەڵێ لێیانگەڕێ با کۆڕبگرن و قسەی خۆیان بکەن! هەڤاڵان بە سەرسوڕمانەوە سەیری یەکتر دەکەن. فەرمانده بە بزەوە دەڵێ گەر هاتنە لاتان بە رووی ئاوەڵاوە وەریانگرن و هەرچییان پێویست بوو بۆیان دابین بکەن، تەنانەت گەر کرا رۆژێک دەعوەتیشیان دەکەین، من دڵنیام کوڕی چاکن و لە قسەی ئێمە دەرناچن، لە منەوە نەسیحەت بێت بۆ ئێوە ئەوەی قسەی توند دەکا و بەڵام سەری بە هیچ شوێنێکەوە نیە و ناشیەوێ ڕێکخراوێک بۆ خۆی دروست بکا لە کۆتاییدا هەر مااڵی تۆیە، مااڵی تۆیش نەبێ لانیکەم ناهێڵێ لایەنی تر لەبەرامبەرتدا سەرهەڵبێنن.

فەرمانده بە گوێرەی تەمەنی لەم جۆرە کەسانەی زۆر بینیبوو. بەتایبەت لە شاخ. ئەمانە لەو تاقمە خەڵکە بوون کە بە دڵگەرمی دەهاتن و کەچی هەر زۆر خێرایش سارد دەبوونەوە. خۆیان نەدەگرت، هەمیشە بێ ئۆقرە بوون، چاویان بۆ دیتنی کەم و کوڕییەکان یەکجار تیژبوون، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیانگوت بۆ ئەوەی وەزعەکەی پێ چاک بکەن تەنیا خەون و خەیاڵێک بوو و بەس. بۆیە لە دووای ماوەیەک وندەبوون و جا یان لە ئەوروپا سەریان دەردێنایەوە یان دەگەڕانەوە و خۆیان تەسلیم حکومەت دەکردەوە و بێدەنگ لێی دادەنیشتن، دیارە

هەمیشەیش شتێک بوو خۆیانی پێوە خەریک بکەن، بۆ وێنە شیعر، چیرۆک، نووسین و شتی لەم بابەتە. فەرمانده دەیزانی زۆربەی شاعیرانی نیشتمان لە ناو ئەم جۆرە کەسانەدا بوون. بگرە لە دڵەوە بەزەییشی پێیاندا دەهاتەوە، ئاخر بەستەزمانانە خۆشیان لێ وندەبوو و سەرگەردان بەم گەردوونەدا دەسووڕانەوە. هەروەها دەیزانی یەکجار حەزیان بە ژن و بە پارە و بە خواردنەوەیشە. یان جگەرە، حەک ماڵ وێرانانە چییان بە جگەرە دەکرد. دەم پیسیش بوون، لە ناو خۆیاندا یەکجار خراپ بوون و خوانەخواستە نەکا رۆژێ لە رۆژان ناکۆکییان تێ بکەوتایە، کوڕە هەر هیچیان بە یەکترەوە نەدەهێشت، وەک کەوڵی کۆن یەکتریان دەتەکاند. بەڵام هاوکات هەر زۆریش زیرەک بوون. فەرمانده دەیزانی ئەوان ویژدانی نیشتمانن، بۆیە دەبا هەر چۆنێک بێت چاوی لێیان بێت و قەت نە بە تەواوی بیانتارێنێ و نە بە تەواوی بەقسەیشیان بکا. تەنیا ئەوەندە دەستت بیانگاتێ و نەیانگاتێ. ئەوان کوڕی رۆژی تەنگانە نەبوون، لایان وابوو زۆر خێرا دەبێ شتەکان بە ئەنجامی خۆیان بگەن و بگرە دەبێ بێ هیچ چەشنە کەموکوڕییەکیش،... پەککوو لەم خێڵە عاجایبە!... پەککوو! جا ئیستایش کە سەردەمی شاخ تەواوببوو و هاتبوونەوە و ببوونە خاوەنی نیشتمان، فەرمانده دەیزانی زیاتر لە جاران بە توشیانەوە دەبێ، بەڵام ئەمجارە شار بوو و ئەم خێڵە دەم هەراشە دەیانتوانێ تەراتێنی خۆیان باشتر بکەن، شار شوێنی ئەوان بوو، ئەوان لێرە دڵنیاتر بوون؛ بەڵام فەرمانده دەیزانی لەبەر ئەوەی ئیستا ئەو و هەڤاڵانن حوکمڕانن و خاوەن پارە و خەباتی پڕ لە شانازیی رابردوون، جگە لەوە لەبەر

ئەوەی جەماوەریان بە دەورەوەیە ئەم خێڵە ناتوانن ئەوەندە بەئاسانی لە بیریان بکەن و بۆیە زیاتر لە جاران بە دەوریاندا خولەخولیان دەبێ.

لەم بیرانەدا بوو کە یەکێک لە هەڤاڵان دەمی هێنایە پێشەوە و بە گوێیدا چپاندی کە قوربان بێتەوە بیرت گەورەترین شاعیری زیندووی نیشتمانیش لەگەڵ خۆمانە! فەرمانده بە بیستنی ئەم قسەیە بزەیەکی هاتێ، باشە بۆ 'لێزانی دڵ شێواو'ی لە بیرکردبوو؟ باشە بۆ ئەوەندە گەمژە بوو ئەم شاعیرە مەزنەی کە هەموو ئەم ساڵانەی دووایی لە شاخ لەگەڵ هاوڕێیان کیواکێو و دۆڵودۆڵی کردبوو، لە بیر چووبووەوە! سەیری هەڤاڵەکەی کردەوە و گوتی ئای ی ی کە وایە،.... ئای کەوایە! هەڤاڵەکە گوتی قوربان لە یەکێک لە کۆڕەکاندا نموونەی شیعری ئەویشیان دێنایەوە، زۆریان بەدڵ بوو! وادیارە لە ناویاندا خۆشەویستە فەرمانده بزەیەکی هاتێ. فرمانی دەرکرد لە چەند رۆژی داهاتوودا حەتمەن لێیان بگێڕنەوە و دەعوەتێکی باشیان بکەن، گوتی لە هیچ شتێک دەریغی نەکەن، خوێندەوارترین هەڤاڵەکانیش بانگ بکەن. ئەوسا بە بزەیەکەوە بیرمەندانە لەبەر خۆیەوە گوتی مەلای گوند بگرە و ئیتر خەمی خەڵکی ئاواییت نەبێ!

سبەی دەمەو ئێوارە سوار سەیارە بوو و سەردانی گەورەترین شاعیری نیشتمان 'لێزانی دڵ شێواو'ی کرد کە لە ماڵەوە لە باخەکەی دانیشتبوو و خەریکی حەسانەوە لە بن سێبەری درەختێکی سێو لە تەنیشت حەوزێکی گچکەدا بوو. بە چەندین کتێب و هەروەها دەفتەر و قەڵەمێکیش لە تەنیشتیاندا. لە دووای ئەوەی کەمێک قسەی خۆشیان بە

یادی جاران گۆڕییەوە، فەرماندە گوتی کە مەبەستی لە ئەم سەردانە ئەوەیە پیشنیاردەکا هەموو بەرهەمەکانی خۆی لە دوو تۆپی چەند کتێبدا چاپ بکا و بیخاتە بازاڕەوە، گوتی کە ئیتر سەردەمی ئەوە هاتووە لە پچڕپچڕ بڵاوکردنەوەی ئاسەوارەکانی وازبێنێ و ئەمجارە بە شێوەی شیاو بڵاویان بکاتەوە. هەروەها گوتی بیری لە دامەزراندنی ناوەندێکی رۆشنبیری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار کردووەتەوە، وەها کە ئەو وەک گەورەترین شاعیری زیندووی سەردەم سەرۆکی بێت. شاعیری نیشتمان کە یەکجار بە بیستنی ئەم پێشنیارە بەرزانە گەشایەوە، دڵنیابوو لەوەی دەتوانن لە ئەمڕۆ بەدوواوە تین و گوڕێکی نوێ بە ئەدەبی نیشتمان بدەن، بەتایبەت لە بواری شیعر کە رۆحی ئەم میللەتەیە بگەنە ترۆپکێکی تر. ئەوسا شاعیر بەشێک لە قەسیدەیەکی درێژی خۆی کە چڕکردنەوەی خەباتی ئەم سەد ساڵەی دووایی میللەت لە گێڕانەوەیەکی مێژووئاسادا بوو بۆ فەرماندە خوێندەوە کە بەڕاستی هەستی فەرماندەی وەک هەمیشە هەژاند.

بەپێچەوانەی پلانەکەی، فەرماندە زیاتر لەوەی کاتی بۆ دانابوو لە باخەکە لە لای شاعیرە هەمیشە قژ ئاڵۆزەکە کە پەیتا پەیتا جگەرەی بەبادەکرد، مایەوە. کاتێک هەستا بۆ ئەوەی بڕوات، گوتی خۆشحاڵم لە دووای ئەو هەموو ساڵە ژیانی دەربەدەری و بەدبەختی، ئیستاکە لە خانوویەکی ئاوەها کەشخە و گەورە بەم باغە جوانەوە دەژی؛ بەڵام راستی شتێک، باش بوو هاتەوە بیرم، هەفتەی داهاتوو هەڤاڵان دەعوەتییەکی گەورە دەکەن، هەندێ لە خوێندەواران و شاعیران و نووسەرانیان بانگ کردووە، ئەو مەجلیسە بێ تۆ هەر نابێ، بۆیە داوات

لێدەکەم کە کاتی بۆ دابنێی و لەوێ بیت، لەوێ دەتوانی باسی پلانەکانی ئەمڕۆیشمان بکەی بۆیان، بێگومان ئەو شەوە هەنگاوێکی گەورەیە، پێم وابێ خەریکە بەرەبەرە دێتە دەستمان کە چۆن چۆنی بە شێوەیەکی باشتر ئیش و کارەکان ڕێکبخەین.

شاعیری گەورەی نیشتمان کە بۆ بەڕێکردنی میوانەکەی هەستابووە سەرپێ، بەگرمی دەستی هەڤاڵە کۆنەکەی گووشی و گوتی کە بێگومان یەکەم کەس دەبێ دێت. گوتی سالانی ساڵە خەون بە وەها ڕۆژێکەوە دەبینێ. ڕۆژێک کە هەموو شاعیرانی وڵات پێکەوە باس لە گەورەیی فەرمانده و نیشتمان دەکەن.

لە ڕێگای ماڵەوە یەکێک لە هەڤاڵان کە بە هۆیەکی نادیار یەکجار دڵی خۆش بوو، گوتی قوربان هەواڵێکی سەیر، بەڵام ڕووم نیە بیگێڕمەوە! فەرمانده کە دەیزانی سەرئەنجام هەر دەیگێڕێتەوە هیچی نەگوت و چاوەڕوان مایەوە. دیارە باسیشی نەکردایە هەر بەلایەوە گرینگ نەبوو. هەڤاڵەکە لە دووای چەند چرکەیەک کە پڕی بێ ئۆقرەیی بوو گوتی پیاو بەڕاستی قسەی سەیرسەیر دەبیستێ، خەڵکی ئەم وڵاتەی ئێمە هەمیشە خەڵکێکی قسەخۆش و دەم بە پێکەنین بوون، بۆیە بڕیان کرد و دوژمن نەیتوانی بیانتوێنێتەوە،... قوربان خۆ گەشتەکەی دوێنێت لەبیرە،... خەڵکی پێمان دەڵێن نێرەکەر،... دەڵێن پیاو ئاوا نێرەکەرانە نەژی داخۆ ژیان کەی ژیانە!

فەرمانده ئەوەندە خێرا لایکردەوە و لە هەڤاڵەکەی ڕووانی، ئەوەندە چاوە تووڕەکانی پڕی پرسیار و سەرسوڕمان بوون کە هەڤاڵ بەرگەی نەگرتن و ڕووی وەرگێڕا و لەو دەستفرۆشانە راما کە بە درێژایی جادە

دەبینران. لە سەر کۆلانێکیش کەڕێک دەبینرا چڵکن و چەور بە بە بارە نەوتەوە کە لەبەر هەتاوی بێ بەزەیی هاویندا چین چین ئارەقی دەڕشت. کەرەکە چەند ئاشنا دەینواند.

(١٥)

خێڵ و عەشرەتی فەرمانده یەکجار زۆر بوون. بۆخۆی قەت باوەڕی نەدەکرد ئاوەها لە سەرتاسەری نیشتماندا گەرایان خستبێ. ئەمە ئەوی بەو ئەنجامە گەیاند خاوەن رەگ و ریشەیەکی رەسەنە و هەتا چاو بەرەو دوواوە بڕدەکا خاوەن بنەچەیەکی یەکجار بەهێزە لە خاک و لە مێژووی وڵاتدا. لەخۆوە نەبوو ببووە فەرمانده و جڵەوی نیشتمانی بەدەستەوە گرتبوو.

ناسینی خزمان لای فەرمانده سێ قۆناغی دەگرتەوە: قۆناغی پێش رۆیشتن بۆ شاخ، قۆناغی شاخ و قۆناغی دووای شاخ. لەسەردەمی پێش شاخ فەرمانده تەنیا هەندێ لە خزمانی ناو شاری دەناسی. زۆربەیان یان کاسب بوون، یان لێرە و لەوێ لە دایرە حکومییەکان ئیشیان دەکرد. ئەوانیش ئەو سەردەمانە وەک هەموو خەڵکی شار هاتووچۆی یەکتریان دەکرد، میوانییان سازدەکرد و هەروەها لە شایی و سەرەخۆشیەکانی یەکتریشدا بەشداربوون، بەم شێوەیە خزمایەتییەکەیان پتەو راگرتبوو. لە بیری دێ بە منداڵی ئاشقی یەکێک

لە کچەکانی خزمی خۆی ببوو، بەڵام هەتا لایکردەوە زۆر بێڕەحمانە بە شوویاندا. ئەمە ناخۆشترین بیرەوەریی سەردەمی منداڵیی فەرماندەیە. ئیستایش کە جاروبارە بیری دەکەوێتەوە ئاهی حەسرەتێکی قوواڵ بەربینگی پێدەگرێ و بۆ چەند ساتێک کاسی دەکا. دیارە بە ئیستایشەوە نازانێ ئەو کچە چی لێهات. گەر مابێ بێگومان ئیستا بۆخۆی پیرێژنێکە! لە گوندیشەوە پیاوێک کە سەر بە بەرەی باوکی بوو هەر دەهاتە شاری سەردانی دەکردن و، بۆیە بۆجۆرێک ئاگایشی لە خزمانی گوندیش بوو. بەخۆشییەوە لە سەردەمی شاخ فەرمانده توانی هەموو خزمانی دێ ببینێتەوە و لەگەڵیان پێوەندی خزمایەتی توند و تۆڵ بکاتەوە. ئەو کە نەیدەزانی تا ئەو رادەیە هەم لە بەرەی باوکییەوە و هەم لە بەرەی دایکییەوە لەوێ لە دەرەوەی شار بە سەر ناوچەیەکی پان و بەرینداخاوەن خزمە، یەکجار بەمە خەنی بوو. ئەوان ئەو سەردەمانە پشت و پەنای چاک بوون. زۆر جار لە مەرگ نەجاتیان دابوو. هەر لەو خزمانەیشی هەندێ گەنج چەکیان هەڵگرت و بوون بە هەڤاڵ و ئیتر فەرمانده بۆ زۆر شت پشتی بەوان دەبەست.

زەمانە بەردەوام بوو لە گەڕی خۆی و لە دووای راپەڕین کۆمەڵێک خزمی تر پەیدابوون کە فەرمانده قەت نە ناویانی بیستبوو و نە بینیبوونی! دایک و باوکیشی نەمابوون تا راستی و دروستیی ئەمە بسەلمێنن. بەڵام بتەوێ و نەتەوێ خزم خزمە! ئەم خزمە تازانە کە فەرماندەیان بە وشەی 'خزم' یان 'ئامۆزا' بانگدەکرد یەکجار رووخۆش بوون. کاتێکیش دەچوونە سەر ئەوەی بیسەلمێنن کە لەگەڵ فەرمانده پێکەوە خوێنیان تێکەڵە، وەهایان قوواڵ دەکردەوە کە سەر لە فەرمانده

دەشێواو و نەیدەتوانی قسەکانیان بخاتەوە سەر یەک. بە درۆ یاخود بەڕاست وەرگرتنی ئەم قسانە یەکجار زەحمەت بوو. هەڵبەت گەر کەمێک دڵی بدایە قسەکانیان رەنگە شتێکی لێ هەڵگرێاندایە، بەڵام ئەوەندە بیر و هۆشی لای نیشتمان و دۆستانی دەرەوە و ناوەوە و کێشە رۆژانەییەکان بوو، بە ئاستەمیش نەیدەتوانی خوو بداتە قسەکانیان. هەر ئەوەندەی پێدەکرا کاتێک سەردانیان دەکرد، سەریان بۆ راوەشێنێ و دووواتر بە ڕێز و بە بزەیەکەوە بەڕێیان بکا.

بەڵام ئەمە سەرەتای ڕێگا بوو. راستییەکەی ئەوە بوو خزمەکانی دووای رابەڕین وەک هەموو خزمەکانی تر داوای بەشیان دەکرد. فەرمانده کە بە دامەزراندنی زۆربەی عێڵ و عەشرەی خۆی و هاوڕێیان تەواو لەوە دڵنیا ببوو کە کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر دامودەزگاکانی حکومەت و لێرەوە بەسەر نیشتماندا هەیە، ئیتر بیری لەم بەشە، واتە خزمانی دووای رابەڕین، نەکردبووەوە. بۆیە بە تەواوی لێی ببوو بە دالّغە. ئاخر ئەخلاق حوکمی دەکرد ئەوانیش شوێنی خۆیان ببیننەوە. مەگەر چ جیاوازییەک لە نێوان ئەوان و خزمانی تردا هەبوو. لێرەوە لە کۆبوونەوەیەکی نائاساییدا بڕیاریاندا ئەم جۆرە کەسانە بکەن بە سەربازی ون و مووچەیەکیان بۆ ببڕنەوە. یان وەکوو سەردەمی شاخ بیانکەن بە سوپای بەرگری میللی و هەر کامە و چەکێکیان بدەنێ و لە کاتی تەنگانەدا گەر بە پێویستیان زانی بانگیان بکەنەوە. بۆ ئەمانەیش مووچەیەکیان بڕییەوە. بەم شێوەیە فەرمانده توانی هەموو خزمانی خۆی کە بە دریژایی مێژوویەکی پڕ لە هەورازو نشێو ناسیبوونی، لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بیانکا بە پایەیەکی پتەوی دەسەڵاتەکەی.

هەڤاڵانی تریش دیارە هەر ئەمەیان کردبوو و بۆیە لە حسێبێکی سەرپێی بەو ئەنجامە گەیشتن کە لە حەشیمەتی سێ میلیۆنیی وڵات دەورووبەری پێنج سەد هەزار کەسیان بە راحەتی لە دەوری خۆیان کۆکردبووەوە کە دەبووە یەک لەسەر شەشی خەڵکی. جا چی لەمە باشتر! رووی لە هاوڕێیان کرد و گوتی ئیتر باسی شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەمان ناکەم، گەر هەر ئەمانەمان هەبێ دەبینە خاوەن متمانەترین دەسەڵاتی ناوچە. لە راستیدا هیچ کام لە وڵاتانی دەورووبەر ئاوەها نەبوون. فەرمانده درۆی نەدەکرد. لانیکەم گەر بە ژمارەی حەشیمەت چاوت لێبکردایە، دەسەڵاتەکەی ئەو گەلیترین دەسەڵات بوو. هەر لێرەوە رۆژێ هاوڕێیانی کۆکردەوە و گوتی راستە وڵاتان بوونەتە برابەشمان، بەڵام دڵ لەدڵ مەدەن، ئاسۆ روونە!

تەنانەت مامۆستایەکی زانکۆ لە بواری ئابووری کە راوێژکاری خۆی بوو و بەجۆرێکیش دووراودوور بە خزمایەتی دەگەییەوە فەرمانده، لە حسێب و کتێبێکی مەتماتیکیدا بۆی سەلماند لەبەر ئەوەی زۆربەی داهاتی وڵات لە ریگای گیرفانی ئەم یەک لەسەر شەشەوە دەچێتەوە بازاڕ، ئەوا خەڵکیش لێی موستەفیز دەبن و بەم شێوەیە چەرخی ئابووری وڵات بە بێ هیچ چەشنە نیگەرانییەکی ئەوتۆ بەجوانی دەگەڕێ.

لەم کەین و بەینەدا بوو رۆژێک هەڤاڵان گوتیان ژنێک هاتووە و دەیەوێ ببینێ، گوتیان دەڵێ خزمیەتی! فەرمانده گوتی خزم! من خۆ خزمم نەماوە! گوتیان قوربان کەواتە جوابی ئەکەین. بەڵام فەرمانده، ئەمری کرد بێتە ژوورەوە. ئەوەی هاتە ژوورەوە عابا بەسەرێکی تەمەن گەڕاوە بوو بە چەند خاڵی شین بە روخساریەوە. هەموو گیانی هاواری دەکرد

خەڵکی گەرمیانە و تازە لە گوندەوە هاتووە. فەرماندە کە قەت خزمی لە ناوچەی گەرمیان نەبوو، بە تەعەجوبەوە هەروا لە ژنەی دەڕوانی کە ژنە بەسەر قاچ و دەستیدا کەوت و بە هۆنینەوەی شیعر، لاواندنەوە و گریانەوە خۆی بە قوربان و بە سایەقەی دەکرد. هەڤاڵان دەستبەجێ گەیشتن و دووریان خستەوە. لە دووای ئەوەی پەرداخێ شەربەتیان بۆ هێنا و کەمێک ئۆقرەی گرت، لە کاتێکدا بە گۆشەیەکی عاباکەی فرمێسکەکانی دەسڕییەوە، باسی چۆنیەتیی خزمایەتییەکەیانی کرد:

ـ وەقوروانی باڵاو وم خزمی عەبەی وەستا ئەحەی کوڕەزازای شێخ عەبدوڵام لە عەشرەی مەلای گەورە!

فەرماندە کە تەنیا لەم ناوانە عەشرەی مەلای گەورەی بیستبوو، گوتی:

ـ دایە گیان ئەوان هی کوێستان و تۆ هی گەرمیان خێر بێ چۆن چۆنی خزمن؟

ـ دایە لە دەور گەڕێ، بۆ ناوێ، شێخ خوا لێی رازی وێ کاتی خۆی کە لە بیرەوەری باوەگەورەمە لە لای ئێوە هاتیە دێی ئێمە و خوا کریە و لەگەڵ مێینەیەکی ئێمە جووت بووە و نەنکی منی لێ لە دایک بووە، هەرچەن شێخ کە رۆییە نەهاتەسەو بەڵام رۆحم وەقوروانێ بێ هەموو کەس ئەیزانێ خزمین!

فەرماندە یەکیک لە هەڤاڵانی بانگ کرد. ئەمری کرد پێنج سەد دیناری سویسڕی بدەنێ و وەهای بەڕێ بکەن کە قەت نەگەڕێتەوە. ئەم رووداوە وەها لە زەوقی فەرماندەی دا کە بۆ هەمیشە کۆتایی بەم جۆرە دیدارانە هێنا و وەفدێکی تایبەتیشی بۆ دیاری کرد. ئەمریشی دەرکرد ئیتر ئەو لە نیشتماندا خزمی تری نەماوە و ئەوەی بەو ناوەوە دێت تەنیا بۆ پارە

دێت و بەس. جا هەر کەس لەمە بەدووا بێت و شتی وابڵێ ئەوا چل شەو و چل رۆژ دەیخەنە زیندانەوە و دوواتر دەیدەن بە پشتی دێوی سپیدا تا فڕێیداتە ناو دەریایەکی رەشی بێ بنەوە! هەرچەند لە کۆتاییدا لەبەر ئەوەی دڵی زۆر میهرەبان بوو گوتی هەر کەسێک رۆژێک لە رۆژان یارمەتی ئەوانی دابێ گەر رووی تێکردن ئەوا دەبێ هەڤاڵان بەجوانی بەدەمیانەوە بچن. بەس بە مەرجێک بتوانن بیسەلمێنن. فەرمانده لە نوتقێکی کورتی چەند خولەکیدا گوتی ئەوان سپڵە نین و قەت رابردوو لەیاد ناکەن. جا لێرەوە بە خۆیان و بە نیشتمانەوە لە خزمەتیاندان.

بەم شێوەیە بەشیکی تر لە بودجە تەرخان کرا بۆ یارمەتییە لاوەکییەکان. رۆژ بەڕۆژ ژمارەی ئەو کەسانەی رووبان لە بارەگاکان دەکرد بۆ وەرگرتنی ئەم جۆرە یارمەتییانە هەتا دەهات زیا و زیاتری دەکرد. بەڵام فەرمانده خۆشحاڵ بوو. بەرەبەرە هەموو نیشتمان وەک تاری جاڵجاڵۆکە بە دەوری بارەگای فەرماندەدا تەنرا. مامۆستاکەی زانکۆ هەر چۆنێک حسێبی دەکرد ئەوەندەی نەمابوو ئەمە پێنج لەسەر شەشی حەشیمەتی نیشتمان بگرێتەوە. فەرمانده بزەیەکی دێتێ و بیردەکاتەوە. خۆشحاڵە هەر لە ئیستاوە رووسووری دونیا و قیامەت بووە.

(١٦)

هەستی نیشتمانپەروەریی فەرمانده جاری وایە ئەوەندە لە دەروون و زەینیدا گەورە دەبێ کە خۆی و نیشتمانی لا دەبن بە یەک. نیشتمان فەرمانده و، فەرمانده نیشتمان. جا مەگەر هەمیشە وەها نەبووە؟ مەگەر دەکرێ مرۆڤ نیشتمانپەروەر بێ و کەچی هەست بە جیاوازی لە نێوان خۆی و نیشتماندا بکات؟ بۆ سەلماندنی ئەمە پێویست ناکا تەنیا ئەو بە نموونە بێنینەوە. تەنیا چاوێک بە مێژوودا بخشێنە، هەموو شوێنێک وەها بووە. بگرە ئەم حاڵەتە مەزنە لای فەرمانده قوواڵیی و پانتایی نوێی وەرگرتووە. ئەوەندە قووڵ و بەرین کە دەکرێ فەرمانده بە بێ نیشتمان بێنیتە بەر چاوت، بەڵام نیشتمان بە بێ فەرمانده مەحاڵە. جاری وایە لە مێژوودا دۆخی وەها هەڵدەکەوێ کە هەموو شتێ پێوەندی بە مرۆڤێکەوە پەیدادەکا، هەرچەند ئەو مرۆڤەیش وەک هەموو گیانلەبەرانی تر لە رەگەزی مردنە و رۆژێک لە رۆژان دونیا جێدێڵێ؛ بەڵام راوەستە، کێ دەڵێ فەرمانده دەمرێ؟! قسەی قۆڕ و لابەلا. گەلینە گەر من بمرم ئەوا نیشتمانیش دەمرێ، نیشتمانیش بمرێ ئەوا ئێوە

هەمووتان دەمرن،... ئەمەتان لەبیربێت،... بیکەنە حەڵقەی گوێتان. کەواتە نیشتمان تا ئەو کاتە دەژی من دەژیم، وە چونکە نیشتمان قەت نامرێ ئەوا منیش نامرم، وە چونکە من قەت نامرم ئەوا نیشتمانیش هەرگیز نامرێ. رۆژێک فەرماندە لە لێزانی دڵ شێواو دەگێڕیتەوە کە بێت و شیعرێکی نەمر لە چەشنی دوو نەمرییەکەی تر بەسەر ئەم رووداوە مەزنەدا بڵێ کە تا هەنووکە لە مێژوودا نموونەی نەبووە.

هەڤاڵان سوار تڕۆمبیل دەبن و دەچن بە شوێن لێزانی دڵ شێواودا. دەیهێنن. لێزان کە وەک هەمیشە شانی داهێزراوی قورسایی وشە و وێنە شیعرییە نەگوتراوەکانە بە قژە ئاڵۆز و زۆر و لوولەکەیەوە دەردەکەوێ. بۆنی جگەرە کە لە خانە خانەی جەستەی چوارشانە و تۆکمەیدا بە دەیان ساڵە لانەی کردووە، لە دوورەوە کەپۆی فەرماندە دەجوولێنێ. لێزانی دڵ شێواو کە بە بێ کتێب ناتوانێ یەک سات چییە بژی لە کاتێکدا یەکێک لە هەڤاڵان بە کۆڵەپشتییەکی زەلامەوە پڕ لە کتێب هەنسکە هەنسک بە شوێنیەوەیە، دەگات و بێ ئەوەی سەر بەرزبکاتەوە، لەگەڵ فەرماندە دەست لێدەداتەوە و دەچێ لە سەر کورسییەک دادەنیشێ. هەڤاڵی کتێب لە کۆڵ کە ماوەتەوە چی بکا، داخۆ دانیشێ یان هەروا بە پێوە راوەستێ، بە دەم سڕینی ئارەقەی ناوچاوییەوە بە چاوە پڕ لە پرسیارەکانی لە لێزان و لە فەرماندە دەڕوانێ. بەڵام هیچیان ئاگایان لێی نیە. ئەوان کە دوو هاوڕێی یەکجار کۆنن و گەلێک بیرەوەریی خۆش و ناخۆشیان لە رۆژانی شاخ هەیە، دەستبەجێ دەکەونە گێڕانەوە خاتراتەکان. باسی ئەو رۆژە دەکەن وا لێزان مەجبوور بوو لە ترسی سەربازەکانی دیکتاتۆر دوو شەو و دوو

رۆژ لە تەویلەیەکدا بمێنێتەوە و خۆی دەرنەخا. لێزان کە دەنگی زۆر دەرنەدەهات و بە مرچەمرچ دەدوا، گوتی ئای یادی بەخێر، ناخۆش بوو یەکجار ناخۆش،... نا، پێم وابێ باشتر وەسفدەکرێ گەر بڵێم ناخۆش و ترسناک و لە هەمان کاتدا رۆمانسی بوو؛ لە چەشنی کاتە سەرچاوەکان، ئەو کاتانەی وا دەبنە هەوێنی شتی گەورەی تر؛ وەک هەوێنی قەسیدەیەکی گەورەی تریش. فەرمانده دەڵێ بێگومان دەبێ وابێ. لێزان باس لەوە دەکا کە چۆن چۆنی چل و هەشت ساعەتی تەواو ئەو گوێی لە دەنگەدەنگی دوژمن بوو لە کاتێکدا ئەو ناچار بوو بێدەنگ بێ و یەک تاقە وشە چییە لە دەمی نەیەتە دەرەوە. گوتی ئەمە هێمایەکی گەورە لە مێژووی نیشتمان بوو. فەرمانده گوتی تێپەڕی،... تێپەڕین، گرینگ ئەوەیە ئیستاکە لێرەی، لێرەین،... نیشتمان وەڵامی داینەوە، راستی لەگەڵ خانووەکەت چۆنی، لەگەڵ ژیانت. لێزانی دڵ شێواو لە پاش کەمێک بێدەنگی کە تایبەت بە شێوازی ئاخافتنی خۆی بوو، گوتی زۆر باشە زۆر، تەنیا ئەوەیکە هێشتا نەگەیوم هەموو ژووروەکانی بەسەر بکەمەوە. هەڤاڵی کتێب لەکۆڵ کە هەتا دەهات زیاتر نەوی دەبووەوە، دەرفەتی هێناو شانێکی بە دیوارەکەی تەنیشتیەوە دا. لێرەدا بوو لێزان سەری بەرزکردەوە و داوای لێکرد بێتە پێشەوە. هەڤاڵ کۆڵەکەی خستە سەر عەرز و لە خۆشیا بزەیەکی هاتێ. ئەوسا لێزان دەستی برد و لە پاش هێنان و بردنی چەند کتێب و پشکنینێکی ورد، بەرگێکی ئەستووری هێنایە دەرەوە. کتێبەکە ئەو قەسیدەیە بوو وا لە دووای ئەو رۆژە مێژوویی نوسیبووی. هەر کە ویستی دەست بکا بە خوێندنەوەی چەند کۆپلەیەک، فەرمانده هەڵیدایە کە بۆیە بانگی

کردووه بۆ ئەوەی باسی هەستێکی سەیری خۆی بۆ بکا وا ئەم ماوەیە مەشغوڵی کردووە. گوتی ئەم هەستە لە چەشنی ئەو هەستەیە کە تۆ ئەو چل و هەشت ساعەتە تیاتا سەریهەڵدا، بەڵام ئەمەیان دەگمەنترە، یەکجار دەگمەنتر. ئەوسا بە تێر و تەسەلی بۆ لێزانی دڵ شێواوی باسکرد. لێزان بەدەم گوێگرتنەوە چەند جگەرەی تری بەباکرد و لە دووای بیستنی قسەکانی فەرمانده چەند دڵۆپ فرمێسک لە گۆشەی چاوەکانییەوە هەڵقوڵان و سەرەوخوارببوونەوە. لێزان کە وەک شیعرەکانی نەیدەتوانی بەر بە فرمێسکەکانیشتی بگرێ، هێشتا قسەکانی فەرمانده تەواونەببوو،هەستا و بە بێ خواحافیزی رۆیشت. فەرمانده بەچاو بەڕێیکرد و ئیشارەتی لە یەکێک لە هەڤاڵان کرد لەگەڵی بڕوات. هەڤاڵە کتێب لە کۆڵەکەیش دەستبەجێ کۆڵە پشتییەکەی هەڵگرتەوە و شوێنی کەوت. فەرمانده کە لە هەرە کۆنەوە عادەتی شاعیری مەزنی نیشتمانی دەناسی، خۆشحاڵ لەوەی لە دووای ماوەیەکی نەچەندان دوور قەسیدەیەکی تر لە دوو توێی کتێبێکدا دێتە دەرەوە، ئارام پاڵی بە کورسییەکەیەوە دایەوە. خەنی لەوەی نەمریی ئەو دەکرا بە بەڵگە و لە رێگای دەقێکی ئەدەبییەوە نیشتمانی دەخرۆشان، بڕیاری دا بچێت و سەردانی گۆڕستان بکا. راستی راوەستە! ئەرێ ئەوە بۆچی لەو کاتەوە هاتووەتەوە قەت نەچووە سەردانی قەبرستان بکا کە مێژووی ئەم شارەی لە دڵی خۆیدا حەشارداوە؟ ئەرێ بۆ ئەوەندە بێ فکر بووە و نەچووە لانیکەم سەردانی گۆڕی دایک و باوکی بکات؟ بۆ مردووەکانی نیشتمانی لەبیرکردبوو؟ مەگەر نەک

ئەوەیکە ئەو فەرماندەی هەموو مردووەکانیشە! فەرمانده کە ئەم بیرانە یەکجار ئازاری دەدان، ئەمری کرد سەیارەکان ئامادەکەن.

شار خاوەن چەندین قەبرستان بوو، لە گۆشە و کەناری، کۆن و نوێ. بەڵام ئەمەیان وا فەرمانده سەردانی دەکرد سەرەکییەکەی بوو. هەم لە باری زەمەنییەوە و هەم لە باری ژمارەی گۆڕەکانەوە. لە رۆژهەڵانی شار لە نێوان چەند گەڕەک گردێکی گەورە و چەند گردێکی بچووکیشی لەخۆی گرتبوو. ئەوەتەی ئەم شارە هەیە ئەو گۆڕستانەیش هەیە. زۆر جار هەڤاڵان لە کاتی شاخدا لێرە لەناو قەبرەکاندا مابوونەوە و خۆیان حەشاردابوو. سەیرە ئەوەیە تەنانەت دوژمنیش بە شەو بەو هەموو چەک و سەربازەوە نەیاندەوێرا بچنە ناوێەوە! هەڤاڵان کە باسی ئەوێیان دەکرد دەیانگوت هەمیشە لە شوێنەکانی تر ساردترە، تەنانەت لە لوتکەی شاخەکانیش بە کاتی زستاندا. دەیانگوت بۆنێکی تایبەتیشی هەیە کە وەسف ناکرێ، جاری وایە هەستت دەکرد کەسێک لە تەنیشتەوەیە و ئەویش خەریکە کێشک دەبینێ، بۆیە زۆر جار هەر کێشکیشمان نەدەبینی و بە دڵنیاییەوە دەخەوتین، لە نیوان گۆڕەکاندا و لە ناو گۆڕە بەتاڵەکاندا. دەیانگوت گەر بە شەو لە گۆڕستان بمێنیتەوە جوان جوان هەست بەوە دەکەی کە شتێک وەک سنووریکی تایبەت قەبرستانەکە لەگەڵ دەوروبەری جیادەکاتەوە، سنووریک کە تەنیا لەوێوە لەناو گۆڕستانەکەوە دەبینرێ. شتێک وەک خەرمانەی مانگ بە دەوری مانگی شەوی چواردەدا.

فەرمانده بە ناو گۆڕەکاندا هەنگاو هەڵدێنێ و لێیان وردەبێتەوە. کەس ناناسێ. تەنانەت نازانێ دایک و باوکیشی لە کوێ نێژراون. شەرمێک

دایدەگرێ. هەست بە سپڵەیی خۆی دەکا. ئەوەی ئەم ئیستاکە دەیبینێ لەگەڵ قەدیمەکەی یەکجار جیاوازە. زەمەن ئێرەیشی گرتووەتەوە. ئەو کە سەرەتا دڵی دەدایە ناوەکان بەرەبەرە سەرنجی دەچێتە سەر تاریخەکان: لە دایکبووی ٧ـ ٥ـ ١٩٣٥، کۆچی دووای ٢٣ـ ١١ـ ١٩٩٣، لەدایکبووی ١٢ـ ٩ـ ١٩٤٦. کۆچی دووایی ١٥ـ١ـ ١٩٨٥،... یەک لەدووای یەک. ئەوسا ئەو ساڵانەی حسێب دەکرد وا مردووەکە ژیابوو،.... ئاە ژمارەکان چەند بچووک بوون،.... ئاە تەمەن چەند کورتە! ئەوسا بیری لە تەمەنی خۆی کردەوە، تەنیا شەست و پێنج ساڵ!... دڵی دەگوشرێ. نا شتی وانابێ. ئەم نابێ ئەوەندە بژی، وەک هەموو ئەمانەی وا لێرە نێژراون. ئەو شتێکی ترە. ئەو تەنیا هاتووە بۆ ئێرە کە بە مردووەکانیش بڵێ سەیرکەن من لە شێوازێکی ترم، ئەوە منم من کە مانام بە نیشتمان بەخشیوە، مانا بە بوون و بە ژیان،... نا من نامرم،... نەمرم! ئەوسا ئەژنۆی شل دەبێ، هەست بە بێ هێزیی لاقەکانی دەکا. چەند حەزی بە بارانێکی ناوەختی خورپەمە. لەو بارانانەی دەشۆنەوە، لەچەشنی لێزمەکانی کاتی شاخ، کاتێک هاورێیان بەرێز بەرێوە بوون،... تەرتەرێ. رەنگە ژیان و رەوتەکەی مانایەکی تر پەیدابکەن، لەو چەشنەی فەرمانده دەیەوێ.

لە گەرەکەکانی دەوروبەر دەنگی کەڵەشێر دێ، یەکی تر لە گەرەک یاخود کۆڵانێکی ترەوە جوابی دەداتەوە. کەڵەبابەکان هەمیشە وەهان، هەمیشە دەیانەوێ بوونی خۆیان بسەلمێنن، خوێندنی ئەوی تر تەحەممول ناکەن، ئەوەیکە تەنیا ئەوان هەن. دەنگی گریانی منداڵێکیش

دێت. فەرمانده بیری دوو کوڕەکەی خۆی دەکەوێتەوە. لە مێژە نەیدیتوون. لای سەیرە. کتوپڕ تاسەیان دەکا.

بەپەلە لە گۆرستانەکە دەچێتە دەرەوە. هەڤاڵان بەپەلە بە شوێنییەوەن و دەرگای تڕۆمبیلەکەی بۆ دەکەنەوە. هەر لەم کاتەدا دەنگی ناوەختی زەڕینی گوێ درێژێکیش دێ. فەرمانده ئەمە وەک نیشانەیەکی گرینگ لێکدەداتەوە. نیشانەیەک بۆ بیرهێنانەوەی ئەوەی کە قەت کەس ناتوانێ رابردوو بگۆڕێ، تەنانەت ئەویش وەک فەرمانده. هەستدەکا کەرەکە بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر داوای مافی خۆی دەکاتەوە، مافی ئەوەی کە ئەویش لەو رۆژە مەزنەدا هەبوو و بگرە دەوری سەرەکیشی گێڕا. بەڵام راوەستە! ئەمە دەنگی ئەوە یان هەموویان وەک یەک دەزەڕن؟ فەرمانده هەستدەکا زۆر خێرا هەندێ شتی لەبیرچووەتەوە. هەناسەیەکی قوواڵ هەڵدەکێشێ و بە هەڤاڵی شۆفیر دەڵێ لێخوڕە! لە سەر یەکێک لە گردەکان جەماعەتێک خەریکی ناشتنی تەرمی مردوویەکن.

(١٧)

رۆژەکان وەک هەمیشە تێدەپەڕن. کات تەنیا بوونەوەرێکە هەدا نادا. زەمەن مانا دەبەخشێ و مانا دەستێنێ. فەرماندەیش وەک هەموو خەڵکی تر هەست بەمە دەکا. بگرە زیاتریش. ژیان چەند ئاسان رووداوە حیماسییەکانیش دەکا بە رابردوو و چەند ئاسان خۆی وەک رەوتێکی ئاسایی دەنوێنێتەوە. مرۆڤ لە راستیدا بۆ ئەمە دروستکراوە، بۆ ژیانێکی ئاسایی. ئەوی تر تەنیا رێکەوتە، چ رۆژەکانی شاخ و چ رۆژەکانی راپەڕین لە ناو ریتمی سادەی ژیاندا دڵیان لە لێدان دەکەوێ و قارەمانەکانیش وەک هەموو خەڵکی دیکە کە دەچنەوە بەر ئاوێنە، مرۆڤێکی سادە دەبینن کە تۆزی زەمەن لە سەرو سیمایان نیشتووە. زەمەن شتێکە وەک بێتاقەتی، وەڕەزی، چرچبوون، بۆربوون و نیگایەکی سارد. بەڵام قارەمانەکان هەر تەسلیم نابن، خۆبەدەستەوە نادەن. ئەوان بەردەوام شوێنێکیان هەیە بۆی بگەڕێنەوە، ئەویش رابردووە. چ شتێکیش رابردوو لە ترۆپکی خۆیدا دەنوێنێتەوە، جگە لە وێنەکان نەبێ؟ هەرچەند وێنەکان بێ جوولّەن، هەرچەند تەنیا یەک

چرکەن، رەنگە کەمتریش لە چرکەیەک، بەڵام زۆر شت دەژیێننەوە. تەنیا ئەوەندەیە لێیان ورد بیتەوە، دیارە گەر زۆر رۆحت نەگوشن و لە هەموو شتێک بەتاڵت نەکەنەوە. دیارە گەر نەتگەیەننە ئەوپەڕی پووچی.

فەرماندەیش ئەمە دەکا. ئەویش ئاوێتەی وێنەکانە. وێنەکانی خۆی و ئەو وێنانەی وا لای هەڤاڵانی ترن و وەک بەڵگەیەک لە شەرەفی هاوڕێیەتی لەگەڵ فەرماندەن بە نامە یاخود لە دیدارەکاندا بۆی دەنێرنەوە. ئەم زۆر جار ئەو کاتانەیشی هەر لەبیر نەماوە، بۆیە بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوەکانی و ئەوجا دەڵێ ئای گەنجیەتی! ئەو گەنجیەتییەی لەوێ لە ساڵانی رابردوودا بەجێ ماوە و کەس نازانێ بۆ لەگەڵ مرۆڤ خۆی رێ ناکا. کەس نازانێ بۆ حەزی لێیە لە شوێنێک یان شوێنەکان پشوویەکی ئەبەدی بدا و تەنیا لەگەڵ خۆی بمێنێتەوە. فەرماندە لە هەموو حاڵەتێکدا: لە کاتی نووسین لە ناو چادر یان کونەبەردێکدا یاخود لەسەر تاشەبەردێک، لە کاتی قسەکردن بۆ هەڤاڵان یان بۆ خەڵکی، لە ناو ئەو هەڤاڵانەی دەوریان داوە، پیاوە تووڕەکان بە چەکەکانیانەوە، ئەوانەی زۆربەیان بە گەنجیەتی کوژران. فەرماندە لە دەروونی خۆیدا دەڵێ خۆزگەم بە خۆیان! گەر بە گەنجیەتی بمری بۆ هەمیشە بە گەنجیەتی دەمێنیتەوە، جا چ لە وێنەکاندا و چ لە بیرەوەرییەکاندا، بگرە لە لای خۆیشت. بەڵام کۆمەڵێک وێنەی تریش هەن، وێنەی هەڤاڵان لەو دیو سنوور، یاخود وێنەکانی خۆی لە کاتی دانیشتن لەگەڵ دراوسێکان و بگرە لەگەڵ دیکتاتۆریش، کاتێک دەست لێدەدەنەوە و یەکتر لە ئامێز دەگرن و بە بزەوە یەکتر دەدوێنن. وەک

بڵێی هەر هیچیش نەبووە، وەک بڵێی خوێنێکیش نەڕژابێ و شوێنێکیش کاول نەکرابێ. ئا، دەبێ. بۆ نابێ؟ ئەی مەگەر لە هەر دوو لا نەکوژراوە؟ ئەی مەگەر وەها نیە کە لە دونیای سیاسەتیشدا جاری وایە دوژمنەکان پێکەوە دادەنیشن؟ بەڵام،... بەڵام فەرمانده زۆر حەزی بەم جۆرە وێنانە نیە. هەوڵدەدا لە شوێنێکی تایبەت ئەرشیفیان بکات،... با زۆر لەبەر دەستدا نەبن. راستە زۆریان بینراون، بەڵام با لە لایەن ئەمەوە نەبێ. دراوسێکان و دیکتاتۆریش کاتی خۆی چەند نامەرد بوون، خۆ بەڵێن نەبوو ئەم وێنانە بڵاوبکرێنەوە، بەڵێن بوو جارێکە بمێننەوە تا بزانن لە داهاتوودا چ دەبێ. وێنەکانی دیکتاتۆر نەک چێژ نابەخشن بەڵکو تامی گەنجیەتیش دەترشێنن. نا، دەڵێی خوێیان پیاکراوە، خوێیەکی زۆر،... ناخورێن. بەڵام گرینگ نیە، گرینگ سەرکەوتنە. سەریشکەوت. دیکتاتۆر خەریکە دەتەقێ. حەجمینی نیە. با بتەقێ! ئەوسا لە یەکێک لە وێنەکاندا چاوی بە ماینە سپی دەکەوێتەوە. لێی وردەبێتەوە، نزیکتری دەخاتەوە. ماینە سپی، ئەسپی چاک بوو. زینێکی چاکی بۆ کردبوو و بە لێغاوێکی شیاوەوە، بە گوڵینگەکانی ناوچاوانی، ئاوزەنگی، بەو نەقیزەوە قەت دڵی نەهات تێوەی ژەنێ. بۆ خۆی دەیزانی چی بکا، پێویست نەبوو زەختی لێبکا، بۆ خۆی دەڕۆیشت. هەموو ڕێگاکانیش شارەزابوو. زۆر جاریش لە خەتەر رزگاری کردبوو، بگرە هەستیشی بە کەمینی دوژمن دەکرد. هەر لە دوورەوە رەق لەسەر جێی خۆی پێش ئەوەی بکەونە ناو داوەکەوە رادەوەستا، گوێکانی قوڵاغ دەکرد، یەک دوو جارێک بە چاوە دەرپەڕیوەکانییەوە دەیحیلکاند، ئەو چاوانەی وا بۆنی مەرگیان دەکرد.

ئای ماینە نازدارەکە! بەختی نەبوو، لە تۆپبارانێکی نامەردانەی دوژمندا بەرکەوت. لاقێکی پەڕی و چەند پارچە ئاسنیش سکیان درِی. هەناسەبڕکێی بوو. چاوەکانی چەند ترسابوون. رۆژێکی خۆشی بەهار بوو. لەو رۆژانەی وا بۆ مردن نابن. جوانتر لە وێنەکە وردەبێتەوە. سەیرە ماینەکەیش وەک هەڤاڵان و وەک فەرماندە لە وێنەگر دەڕوانێ. وەک بڵێی دەزانێ. ئا، بێگومان دەزانێ. هەموو کەس لە وێنەگر دەڕوانێ، بە تایبەت ئەو ساڵانە کە وێنە کەم بوون. تەنانەت لێیشی نەڕوانن هەر هەستیان لەسەریەتی. کامێراکە راتەکێشێ. هی ئەوەیشە خەمی ئەوەتە کە داخۆ وەها دێی وا خۆت بەدڵتە یان نا. ماینەکەی فەرماندەیش وەک خۆدی فەرماندە ناوبانگی دەرکردووە. چیرۆکی سەیرسەیری لەسەر دەگێڕنەوە. ناویان ناوە فریشتەی سپی. دەڵێن لە راستیدا خوا ناردوویەتی، وەک هەمیشە بە بیانوویەکی سادەوە، بەڵام لە راستیدا ئەرکێکی گەورەی لەسەر شانە. ئەو بەڵێنە فەرماندە بگەیەنێتە رۆژی سەرکەوتن، هەتا ئەو رۆژە بیپارێزێ. لە مەترسییەکان دەربازی بکا؛... بەڵام،... بەڵام تۆپەکە هەموو شتێکی بەیەکدا دا، شێواندی، رەوتەکی گۆڕی. گومانێک لە دڵی فەرماندە و هاوڕێیاندا سەریهەڵدا. وەها کە فەرماندە باوەڕی بە هیچ ماینێک نەما، ئەویش لە چەشنی سپییەکەی. ئەوسا دونیای بە لایەکی تردا گرت. بە لای فشەدا. بە خۆی گوت ئەوەی سەردەکەوێ وا هەموو رێگاکان تاقی دەکاتەوە و شەرمی لە هیچ نیە. جا ئەگەر حسێب لەسەر شەرم بێ ئەوا خوا ئەو شتانەی وا هەڵگری شەرمن نەیدەخوڵقاندن، کەواتە لە راستیدا شەرمێک بوونی نیە. ئەوەی هەیە جۆری رووانینی ئێمەیە. لێرەوە بوو

رۆژێک لە رۆژان کە لە گوندێکی نزیک سنوور دەپەڕینەوە، بە بینینی گوێدرێژێک کە بێ خەم بە لاپاڵێکەوە خەریکی لەوەڕین بوو، بیری هاوڕێیەتییەکەی لە دڵیا گەڕا. بۆ نا؟ ئەی ئەوە نیە بەشێکی گرینگی کاری گوند، وەک گزرە کێشان و هاتوچووی مەزرا و بارلێنانی شمەکی جۆراوجۆر و بگرە هاتوچووی شاریش هەر بەو دەکرێ. گەر گوند لەسەر شان و باهۆی ئەو راوەستاوە، ئەی خزمەتی شۆڕشێکی گەورە و گران بۆ نا؟ تازە زۆر جار هەڤاڵان لەمەیش کەڵکیان وەرگرتووە. مەگەر مەقەرەکان لە کاتی زستان بە هۆی کێهاوە گەرم دەبنەوە؟ ها، بە هۆی کێوە؟ فەرماندە هەر لەم بیرانە قوتاری بوو، هەر لەوێ رایسپارد کەرە بۆزی بۆ بێنن. کڕی. خاوەنەکەی هەرچەند حەزی نەدەکرد، بەڵام نەدەکرا. بگرە شەرفەێکی گەورەیش بوو. دەیتوانی تا چەند نەوە دوواتریش ئەم باسە لە ناویاندا هەر باس بێت. بەس ئەوەندەی پیاوەکانی دیکتاتۆر نەزانن. پارەکەی وەرگرت و گوریسەکەی بە شانیدا دا و ڕۆیشت. کەرەبۆز کە نەیدەزانی چ خەبەرە سەرێکی بەرزکردەوە و لە خاوەنەکەی ڕووانی کە بەسەر تولەرێگاکەدا دووردەکەوتەوە. پێی سەیربوو. ڕەنگە سەری لێ شێوابێ! ئەوسا لەو هەموو پیاوە ریشن و جل و بەرگ ئارەقاوی و چڵکنەی ڕووانی وا لەوێیان دەڕوانی و لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد. لە لای زۆر سەرنجڕاکێش نەبوون. بۆیە دیسان لمبۆزی لە زەوی ژەندەوە و دەستیکردەوە بە لەوەڕین. لە گوندەکەی تر هەڤاڵان کورتانێکی تازەیان کڕی و کۆنەکەیان هەر لەو ماڵە جێهێشت. کەرە بۆز گەنج بوو. درشت بوو. تەنیا سێ چوار ساڵێک لەتەمەنی دەگوزەرا. کەم ئەزموون بوو، بەڵام پڕ هێز بوو و تەژی لە حەزی

گەڕان. نەترسیش بوو. شەوانە دەنگی لووڕەی دووری گورگان ئەژنۆی پێ شل نەدەکرد. تەنیا گوێی قوڵاغ دەکرد و لە تاریکی وردەبووەوە. ئەوسا خێرا خەریکی ئیش و کاری خۆی دەبووەوە. وەک بڵێی دەیزانی خزمە نوێکانی لە چەشنێکی ترن. مانگی گاڵتە نەبوون. قەت نەیبینی کەسێک بتوانێ بە لاچاو و بە لارەلار لێیان بڕوانێ. تەنیا عەیبیان ئەوە بوو زۆر دەڕۆیشتن، کە ئەم تڕیشی دەکەنی زۆری پێ پێدەکەنین، هەڵبەت نەک لەبەر چاوی فەرماندەدا. دایاندەنا بۆ دووایی. ئەمیش چونکە گوێکانی زل بوون ئاگای لە هەموو شتێک بوو. سەرەتا پێی تێکدەچوو، بەڵام عادەتی گرت. لەم شاخ و کێوانە و بەم ژیانە دژوارەوە گەر گاڵتە و جەفەنگ نەبایە ژیان هەر نەدەگوزەرا. بۆیە ئەمیش جاری وابوو سەری بەرزدەکردەوە و بە بێدەنگی پێدەکەنی. باشە راستی پرسیارێک، بۆ ئەوان بە تڕکەندن پێدەکەنن؟... مەگەر پێکەنینی هەیە؟! فەرمانده لە ناو وێنەکاندا وێنەیەکی کەرە بۆزیش دەبینێتەوە. دەستی دەلەرزێ، بەڵام لێی ناکەوێتە عەرز. بگرە زیاتر لەوانی تر لێی وردەبێتەوە. بیردەکاتەوە کەری چاک بوو. ئەوەی ئەو رۆژەیش روویدا خۆ لە راستیدا تاوانی ئەو نەبوو، عەیبەکە لەوەدا بوو راپەڕین کاتێک کرا کە ماینە سپی لەمێژ بوو لە ژیاندا نەمابوو. جا ئەم چووزانێ! گەر بیزانیایە دونیا ئاوا دەگۆڕێ دەستبەجێ ماینێکی تری دەکڕییەوە. هەرچەند لەوەیش دڵنیا نیە ماینەکە بیتوانیایە بەو شێوەیە خۆی بە ناو سەنتەری شاردا بکردایە. نا، نەیدەتوانی. فەرمانده لەمە دڵنیایە. ئەمە تەنیا لە کەرە بۆز دەوەشایەوە. جاری وایە مێژوو بە کەسی بێ ئەقڵ دەخوڵقێ.

(١٨)

بەشی نهێنی هەڤاڵان لە دووای ئەوەی هەموو راپۆرتەکانی شانەکانی خۆیان لە سەرتاسەری نیشتمان بەسەرکردەوەو لێیان کۆڵییەوە، بەو ئاکامە گەیشتن سەرەڕای ئەوەی نیشتمان لەدەستی دیکتاتۆر رزگاری بوو، بەڵام بەرەبەرە خەریکە بەتووش دۆخێکی ئاڵۆز و خراپەوە دەبێ. لەبەشێک لە لێکدانەوەی لیژنەی باڵادا هاتبوو: "... بە دەیان ساڵە نیشتمان لە دۆخی داگیرکراوی و هەر لەبەر ئەمە لە دۆخی ناسەقامگیریدا دەژی، ئەمە وەزعێکی خولقاندبوو کە هەمیشە جۆرێک لە کەش و هەوای شۆرشگێڕی و حاڵ و هەوای نائاسایی لە ناو کۆمەڵگادا بەدی بکرێ. دەیان جیل بەم شێوەیە ژیاون و بۆیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دیاردەیەک سەری هەڵداوە کە لە کۆمەڵگاکانی تر جیای دەکاتەوە. مرۆڤی ئێمە لە باری دەروونییەوە مرۆڤی ژیانی ئاسایی نیە و فێربووە (یاخود فێرکراوە) لە ئاستی رووداوی گەورەدا

چاوەڕوان بێ. واتە هەمیشە لای وایە دەبێ شتی گەورە بەڕێوەببێت. ئەمە بووەتە سەرچاوەی رۆحی چاوەڕوانی، بەگژداچوونەوە، قایل نەبوون بە ژیانی رۆژانە، پاڵەوان پەرستی و بەگشتی ژیانێک کە دەکرێ هەمیشە شتێکی سەیروسەمەرە تیایا رووبدات. جا ئەو دۆخەی هەنووکە تیایاین (واتە دۆخی دووای راپەڕین) لەبەر ئەوەی یەکجار لەوەی پێشوو جیاوازە (کە دەکرێ ئەم دووانە بە دۆخی دیکتاتۆری و دۆخی پاش دیکتاتۆری دابەشی بکەین) دەبێتە هۆی ئەوەی ئێمەیش کە هێزێکی شۆرشگێڕین و یەکێک لە ئاکامەکانی وەها کۆمەڵگایەکین، بەردەبەرە شەرعییەتمان کاڵ بێتەوە و خوانەخواستە بۆ هەمیشە لەدەستی بدەین. جا تا درەنگ نەبووە دەبێ کارێک بکرێ (یاخود بکەین)."

ئەم راپۆرتە، بگرە تێروتەسەلتر پێشکەشی فەرماندە کرا. لە پاش دوو، رۆژ کۆبوونەوەیەکی بەرین لە ئاستی بەڕێوەبەرایەتی هەموو بەشەکانی پیوەندیدار بە دۆخی ئەمنی و ئاسایشی وڵات و سەرکردایەتیدا بەڕێوەبرا. لە دووای چەندین کۆبوونەوەی چڕ و تاقەت پڕوکێن کە لە بەیانییەوە هەتا ئێوارەی دەخایاند، سەرئەنجام بەو ئاکامە گەیشتن (دیارە فەرماندە لەم کارەدا پشکی شێری بەردەکەوت) کە دەبێ بۆ هێشتنەوەی شەرعییەتی دەسەڵاتەکەیان کە بەردەبەرە لە شەرعییەتی شۆڕشگێڕی بەتاڵ دەبووەوە (دیارە بە هۆی زاڵبوونی ژیانی ئاسایی) لە دوو بواری سەرەکیدا دوو کار بکرێ: یەکەم، دوژمنێکی خەیاڵی دروست بکرێ؛ دووهەم، بە تاپۆکردنی بەشێکی گرینگی نیشتمان لەسەر خۆیان نیشتمان بە خۆیان وابەستەی ئابووری بکەن. بە مەبەستی راپەڕاندنی

ئەم دوو ئەرکەیش دوو لیژنەی تایبەت دیاریکران بە ناوەکانی 'لیژنەی پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆرش' و 'لیژنەی تاپۆی شۆڕشگێڕانە'.

لیژنەی یەکەم لەدووای چەندین کۆبوونەوە ئەوانیش بەو ئاکامە گەیشتن کە بە کاوەخۆ و هەر جارەی یەکێک لە حیزبە بچووکەکانی تر لە پلانێکی بەرنامە بۆداڕێژراودا بە پێی کۆمەڵێک بەڵگەی ساختە بکەن بە بەکرێگیراوی دوژمن و نەیارانی نیشتمان. ئەوسا دەست بکەن بە ڕێکلامە لەسەریان و دوواتر خەڵکیان بگرن و بگرە لێرە و لەوێیش لێیان بدەن. لیژنەی دووهەمیش کەوتە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ئەو شوێنانەی وا لە درێژەی تاپۆکردنەکانی پێشووتر دەیانتوانی لە سەر ناوی هەڤاڵان ناونووسیان بکەن. لێرەوە سەرەتا بیریان چووەوە سەر بازاڕەکانی سەنتەری شار و ئەو زەوییە چۆڵانەی وا دەیانتوانی زەوتیان بکەن و بازاڕی چەند قاتی گەورەیان تیا دروست بکەن، دوواتر رووبان کردە دەرەوەی شار بۆ ناو سروشت. جا لە قۆناغی یەکەمدا هەموو ئەو زەوی و زارانەی بە دەوری ڕێگای نێوان شارەکانەوە بوون، یاخود ئەو باغ و باغاتانەی شوێنی گەشت و گوزار بوون یاخود دەکرا ببن بە شوێنی گەشت و گوزار و ڤیللا، دەستیان بە سەردا گرتن.

بەم شێوەیە نیشتمان کەوتەوە ناو دۆخی سالانی پێشوویخۆی بەڵام ئەمجارە بە شێوازێکی دیکە و لە ئاستێکی یەکجار بەرفراواندا.

لە پاش ماوەیەک پلانەکە جێبەجێکرا. شەو نەبوو لە تەلەفزیۆن و رادیۆکانەوە باسی فلانە حیزب نەکەن کە بەڵگەیان لێدەرکەوتووە لە هاوکاری لە گەڵ دوژمندان. هەواڵی گرتنەکان خێرا بە ناو نیشتماندا بڵاو دەبووەوە و لێرە و لەوێیش بە چەک دەچوونە سەر مەقەڕ یاخود

دامودەزگاکانیان. بەم شێوەیە حاڵ و هەوای نیشتمان گۆڕا و بووەوە بە هەمان دۆخی بەربەرەکانێ لەگەڵ دیکتاتۆر. لەگەڵ ئەمەیشدا بە هۆی ئەو سەروەت و سامانەی هەڤاڵان کۆیان کردبووەوە هەر کامەی بوونە خاوەن سوپای تایبەتی خۆیان و سوپایەکی زەبەللاحی فرەچەشن کۆکرایەوە کە هیچ کەس نەیدەتوانی خۆی لە قەرەی بدات. ئەوەی لەوە پێش بە لیستە و بە دامەزراندنی خزم و کەس و کار کرابوو، بە راپەڕاندنی ئەمەیش ئەوەندەی تر نیشتمانی کرد بە نیشتمانی فەرمانده و هەڤاڵان. بە پێچەوانەی گۆرانییە بەناوبانگەکە کە دەیگوت "ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا"، "ئێمە جەستەیەکن لە دوو گیاندا" کەوتە سەر زاری خەڵکی. بەم شێوەیە وڵات لانیکەم بۆ ماوەیەکی کاتی (هەرچەند نادیار)، گەڕایەوە بۆ ئەو دۆخە رۆحییەی وا بە دەیان ساڵ لەگەڵیا ژیابوو. رابردوو ژیایەوە و لە ڕێگای ژیانەوەی خۆیەوە پەلی بۆ داهاتووش کوتا. فەرمانده لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا لە دووای بیستنی دووارۆژەکان سەبارەت بەوەی هەتا هەنووکە کرابوو، پیرۆزبایی لە هەڤاڵان کرد و گوتی کە بەم کارە مەزنەیان تووانیان نیشتمان لە مەترسییەکی یەکجار گەورە رزگار بکەن کە ئەویش مەترسی لەخۆنامۆبوون لە دووای راپەڕینێکی مەزن بوو. گوتی ئەوان توانیان رابردووی پڕشکۆ بە شێوازی تر بژیێننەوە و رۆحی شۆرشگێڕی لە فۆرێکی تردا بە جەستەی گەلدا بکەنەوە.

یەکێک لە رۆشنبیران کە یەکجار بەم کارەی فەرمانده و هەڤاڵام سەرسام بوو لە وتارێکدا بەناوی 'کاتێک شەرعییەت لە ناو خۆیەوە لەدایکدەبێتەوە' نووسی کە شەرعییەتی شۆڕشگێڕی وەک خۆشەویستی

نێوان ژن و پیاو وایە کە تەنیا لە قۆناغی سەرەتای ژیانی هاوبەشیاندا خۆی دەنوێنێ و تا لادەکەینەوە دەبینین خێرا دەمرێ، یاخود یەکجار لاواز دەبێ. جا پیاوی ئاقڵ، ژیر و وریا ئەوەیە بتوانێ بە خوڵقاندنی شتی تر نەهێڵێ خانەوادەکەی بمرێ. وەها کە بتوانێ گوڕوتینی زیاتری بداتێ. فەرماندەیش ئەم کارە مەزنەی کرد؛ ئەو بە زەقکردنەوەی مەترسیی دووبارەی نەیارانی بنەماڵە ئیشێکی کرد خانەوادەکەی هەم زیاتر هەست بە خۆیان بکەن و هەم بە دروستکردنی خانوویەکی جوان، ژنەکەی بە شێوازێکی تر بە خۆیەوە ببەستێتەوە!"

ئەم شوبهاندنە لای فەرماندە یەکجار جوان بوو. هەموو شتێک بەخۆشییەوە بەرەو ئەو ئاراستەیە بوو مەزنایەتی و باوکایەتی و پیاوەتی ئەو زیاتر و زیاتر لای نیشتمان بسەلمێنێ. ئەم رۆشنبیر و قەڵەم بەدەستانەیش گەر بیانەوێ قەڵەمەکەیان بگێڕن بەراستی دەیگێڕن! جا ئەوەی بە چ لایەکدا، فەرق ناکا! زیرەکی لای فەرماندە دەشتێک بوو پڕ پیت و بەرەکەت کە دەکرا هەموو شتێکی لێ بڕوێ. جا ئەوە وەرزێڕ بوو بڕیاری دەدا چی تیا بچێنێ. رۆشنبیرەکانیش بەعام وەرزێڕی چاک بوون. گەر سەیریان بکەی هەموو جۆرێکیان تیا دەبینیتەوە. چەند ئەستەمیشە بزانی کامیان بەڕاستی چاکیان نەگوتووە. رۆژێک لە لایەن دادگای شارەوە نامەیەک هات. سکاڵا بوو. کەسێک کە زەوی و زارەکەی لە لایەن هەڤاڵانەوە دەستی بەسەردا گیرابوو، لە دایرە حکومییەکان شکایەتی کردبوو. کابرای سکاڵاچی گوتبووی تاپۆی یاسایی هەیە، گوتبووی زەوی و زارەکەی پشتاوپشت بۆی ماوەتەوە و هەموو خەڵکی ئەمە دەزانن، گوتبووی ئەو لەم زەوییانەدا خەریکی کشت

و کاڵە و بۆیە داگیرکردنیان بە زەرەری بەروبوومی وڵاتە. فەرماندە کە یەکجار بەمە تووڕە ببوو، ئەمری دەرکرد بچن و ئەوەی وا ماویشیەتی دەستی بە سەردابگرن. گوتی دەبێ بچن هەر لەو ئیدارەی وا ئەو سکاڵاکەی بۆ ناردووە ئیزنی ئەم کارە وەربگرن. دووای دوو رۆژ یەکێک لە هەڤاڵان هەواڵی هێنا کە ئەو پیاوەی وا شکایەتی کردبوو کاتی خۆی لە سەردەمی دیکتاتۆردا یەکێک لە مامەکانی سەر بە سەرکوتگەر بووەو بگرە بە سیخوڕی کردن چەندین کەسیشی بەگرتندابوو. فەرماندە گوتی دەمزانی... دەمزانی دەبێ شتێک لەو نێوەدا هەبێ! هەڤاڵەکە گوتی قوربان باری کرد و هاتووە بۆ شار، لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەیەکی جاشە هیچی پێ نەبڕا، جا با بۆ خۆی حەماڵی بکا.

ئەو زەوییە وا هەڤاڵەکە باسی لێدەکرد، بۆ چەند مانگ دووانر قەتعە قەتعە کرا، هەر قەتعەی قەباڵەی رەسمی بۆ کرا و لە دووای ئەوەی شۆقەیەکی گەورەی تیا سازکرا و بۆ شۆقەکە ئاو و کارەبا راکێشرا، راوەستان تا قەتعەکانی تری دەوروبەری ئەوەندەی تر نرخیان بفرێ.

نیشتمان بەرەبەرە وەها لە دەوری فەرماندە و هەڤاڵان کۆببووەوە کە بەڕاستی نەدەکرا لێکیان جیابکەیتەوە. مامۆستاکەی زانکۆ لە دانیشتنێکی ئێواران لەگەڵ هەڤالانی زانکۆدا گوتبووی ئەمە بەجۆرێک پێوەندی بە ژمارەی ئەو هەنگاوانەوە هەیە وا فەرماندە و هەڤاڵان کاتی خۆی لە شاخ هەڵیانهێنابووەوە. گوتبووی مرۆڤ هەتا زۆرتر بەسەر خاکی نیشتماندا بە مەبەستێکی پیرۆز هەنگاو هەڵبگرێ، ئەوا زیاتر ترپەی دڵی ئەوان و خاک ئاوێتەی یەکتر دەبن:

ـ "بە خۆشی فەرماندە، هەڤاڵان و خاکی نیشتمان!"

(١٩)

هەموو شتێک کەوتبووەوە سەر رەوڕەوی ئاسایی خۆی. فەرمانده لە دوورەوە گوێی لە شار بوو: وەک هەمیشە گرمەگرمی سەیارەکان،

ژاوەژاوی خەڵکی، قارەقاڕی قشقرەکان، وەڕینی دووری سەگە بەڕەڵڵان و دەنگی هەڤاڵان لە حەوشەوە تێکەڵ بەیەکتر دەبوون. چاوپێکەوتنەکان و پێوەندییە تەلەفۆنییەکانیش بەردەوام بوون، وەها کە بەڕاستی فەرمانده بەم هەموو شتە رانەدەگەیشت. هەمیشە کاتی کەم دەهێنا. چەند حەزی دەکرد لە جیاتی بیست و چوار سەعات، شەو و رۆژ چل و هەشت کاتژمێر بووایە؛ تازە ئەمەیش کورتی دێنا! ئەو کە لە شاخ جاری وابوو لە بێتاقەتی خۆی لە ناو چادر یاخود ژوورەکەی دادەنیشت و بە ئیشتیا لە دەوروبەر و دیوارەکان رادەما و خەیاڵی بۆ جۆرەها شوێن دەفڕی، ئیستاکە هەر دەرفەتی سەر خوراندنیشی بۆ نەمابوو. بگرە زۆر جار بەدەم خەویشەوە هەر زەین و خەیاڵی لەسەر رووداوەکانی رۆژانە و یاخود پلانەکانی داهاتوو بوو. خەو نەمابوو،... نەدەهات، کە دەیشهات وەها دەهات کە وەک تەرمێک لە ناو جێگادا دەکەوت و پرخەی ترسناکی چواردیواری ژووری نووستنەکەی دەهێنایە لەرزین. وەک دەڵێن خەویش کە زۆر قوولْ بوو ئەوەندەی ناوێ، خێراتر دەحەسێیتەوە. ئەوجا فەرمانده کتوپڕ لە خەو رادەپەڕی، هەتا ماوەیەک هەروا لە ناو جێگاکەیدا دەمایەوە هەتا خۆی دەدۆزییەوە. لە کوێم؟! زۆربەی کات ئەم پرسیارە لەسەر جێگاکەی قوتدەبووەوە. ئەوسا بەرەبەرە وێنەکان کە لە یەکتر ئاڵۆزکابوون، دەکرانەوە... لەبەر یەکتر دەکشانەوە و ئینجا دەیزانی لەمێژە سەردەمی شاخ تەواوبووەوە ئەو ئیستا ئەگەر نە لە باشترین بەڵام لە یەکێک لە دەگمەنترین ژووڕەکانی نووستنی دونیادا لە خەو بەئاگا بووەتەوە.

لە بەیانییەکی لەم چەشنەدا بوو کە بیری دوو کوڕەکەی کەوتەوە. ئا، خۆ ئەو دوو کوڕی هەبوو! دوو کوڕ کە خەریکبوو بالّایان دەکشا و بۆ خۆیان دەبوونە دوو پیاو. دوو پیاو لەم نیشتمانەیش یەعنی زۆر شت. رقی لە خۆیەتی کە قەت بەو شێوەیە لە بیریاندا نەبووە. دەڵێی کتوپڕ لە دووای ماوەیەکی زۆر لە بزربوونیان، لە بیابانێکی بەرەهوتدا دۆزیبنیەوە. دوو کوڕ! جا وەرە دوو پیاو کە لە خوێنی خۆتن بە دەورتەوە بن و کەچی لێیان بێ خەبەر بی! تازە مەگەر قەرارنیە ئەوان تەنانەت گەر جێگریشی نەبن بەڵام نزیکترین کەسەکانی ئەو بەتایبەت لە بواری سیاسەت و حیزبایەتی و وڵاتداریشدا بن! بێگومان. لێرەدا شەرمێک لە خۆی دایدەگرێ، ئاخر دیکتاتۆریش وەها بوو. ئەویش دوو کوڕی هەبوو و بگرە هەموو جۆرە دەسەڵاتێکیشی پێدابوون. وەها کە دەیانتوانی گاڵتە بە بەرزترین پلەکانی وڵاتیش بکەن. مەگەر ژن هەبوو بڵێ نا! بۆ کەس دەیوێرا توخنیان بکەوێ، کەس دەیوێرا خۆی لە قەرەیان بدا؟ بەڵام نا، من جۆرێکی تر دەکەم، بە دەوری خۆمەوە بن، بەڵام بە شێوازی تر. جا وەرە دوو کوڕت هەبێ و کەچی پەنا بۆ غەیرە ببەی، تازە مەگەر ئەوانیش نەیانچێشت، مەگەر ئەوانیش لە شاخ نەبوون و دەربەدەری و بەدبەختیان نەبینی؟ بێگومان. کەواتە ئەوانیش برابەشن، تازە زیاتریش، ئاخر بە منداڵی بینیان.

لەم خەیاڵانەدا بوو ئەمری دەرکرد بچن و کوڕەکانی بۆ بێنن. هەڤاڵان گوتیان قوربان دایکیان چی؟ گوتی تەنیا دوو کوڕەکە. کە هاتن دوو مێردمنداڵی کشاوەی بینی بە دوو ناوچاوانی گرژەوە کە دەڵێی بە رەشبینی و گومانەوە لە هەموو شتێکیان دەڕوانی. دوو کوڕی رەشتاڵە

که زیاتر سەر دایکیان دابووەوە. لەبەر خۆیەوە گوتی حەک مالّم بەساقەتان بێت، بەخوا هی ئێرەن، خوا داینـاون بۆ دووای خۆم! ئەوسا کتوپڕ دڵی داخورپا. شوکری خوای کرد تا ئێستاکە بەدەست کەسی ناپاک و پیسی نەیاری خۆی شتێکیان بەسەردا نەهاتووە، باشە ئەمە چ گەمژەیەتییەکە ئاوا دوور لە خۆی رایگرتبوون، جا با هەڵاڵان ئاگایان لێشیان بووبێت.

بانگی لە کوڕەکان کرد بچنە لای. دڕدۆنگ بوون. دیسان لە دەوروبەریان رووانییەوە و ئەوسا لە یەکتر. وەک بڵێی بە چاو لە یەکتر دەپرسن داخۆ بچن یان نا، یاخود داخۆ ئەوە کێیە پێمان دەڵێ بچین بۆ لای. فەرماندە بە دەنگێکی نەوی و میهرەبانانەوە گوتییەوە رۆڵەکانم وەرنە لام، وەرن بە قوربانتان بم! رستەکەی زۆر خێرا تەواوکرد، وەک بڵێی نابێ بەم چەشنە قسەبکا. کوڕەکان ئارام ئارام لێی نزیک کەوتنەوە. فەرماندە ناچار بۆخۆیشی چەند هەنگاوی هەڵگرت و لە ئامێزی گرتن. چەند پڕ بە باوەش بوون! راستە یەکیان لەوی تریان سالّێک گەورەتر بوو، بەڵام زۆر دیاری نەدەدا. تا شانی خۆی دەهاتن. دەیزانی ئەم سالّانەیش زوو تێدەپەڕن و ئەوەندەی پێناچێ کوڕەکانی لەویش زیاتر دەکشێن. ئینجا کەوتە گفتوگۆ لەگەڵیان. هەرچەند سەرەتا زۆر بە کورتی وەڵامی فەرماندەیان دەدایەوە، بەڵام کەمکەم خوویان بە جەوەکە گرت و بەتایبەت لە پاش ئەوەی ئاومیوە و شیرینی و خواردنی دیکەیشیان لەبەردەمدا دانان، ئیتر کرانەوە. باسی ژیانی رۆژانەی خۆیانیان کرد. ئەوەیکە زۆربەی کات تەنیان و دووبەدوو یاری دەکەن، ئەوەیکە بە ترۆمبیلێکی تایبەت هەموو رۆژێک دەیانبەن

بۆ قوتابخانەیەکی تایبەت و دەیانهێننەوە، زۆر سەیری تەلەفزیۆن دەکەن، هاوڕێیان نیە و تەنیا جارجارە کەسوکاری دایکی دێن و سەردانیان دەکەن و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ منداڵەکانی ئەوان بتوانن کایەبکەن، ئەوەیکە خەڵکی جۆرەیەکیان لێدەڕوانن، هەستدەکەن هەموو کەس بەخیلییان پێدەبەن. فەرمانده بە جوانی گوێی لێدەگرتن. گەورەکەیان مەند بوو و کەمدوو، بچووکەکەیان عەجول و حەز بە قسە، بەڵام ئەوەندەی دەزانی دەبێ ئاگای لە کاکی بێت. فەرمانده ئەمەی یەکجار پێ خۆش بوو. وادیاربوو ژنەکەی باشی تەربیەت دادابوون. ئەم کە قەت پرسیاری دایکیانی لێ نەکردبوون بەڵام کوڕەکان خۆبەخۆ چوونە سەر دایکیان، گوتیان ئەویش جگە لەو کاتانەی وا بەدەم ئەمانەوەیە، خەریکی شتێکی تایبەت نیە. زۆر جار بەتەلەفۆن لەگەڵ خزمان قسەدەکا، بە حەوشەکەدا دەگەڕێ و لە ئاسمان دەڕوانێ، جاری وایشە لەبەر خۆیەوە دەگری. گوتیان هەڵبەت نازانێ بۆ. فەرمانده مت بوو. پاش ماوەیەک گوتی کوڕینە حەزدەکەم چیرۆکێکتان بۆ بگێڕمەوە، چیرۆکێکی یەکجار کۆن. ئەوسا باسی قابیل و هابیلی بۆ کردن. گوتی ئەم دووانە برا بوون، قابیل براگەورە و هابیل برا بچوک، رۆژێک خوا داوای قوربانی لێکردن، هەر کامەیان قوربانی خۆیان بۆ بارەگای خوا برد، بەڵام خوا ئەوەی هابیلی قبوڵکرد و هی قابیل نا، قابیل لەمە یەکجار تووڕەبوو و شەو کاتێک براکەی خەوتبوو چوو بە خەنجەرێک کووشتی! دوو براکە لەیەکتریان رووانی، یەکیان گوتی چۆن شتی وا دەبێ، فەرمانده گوتی ئەمەم بۆ گێڕانەوە بۆ ئەوەی بزانن کە برایەتی چەندە نیعمەتێکی گەورەیە هەر بەو رادەیەیش دەتوانێ ترسناک بێت،

جا کوڕەکانم دەبێ قەولم پێبدەن هەتا هەن نەبنە قابیل و هابیل، هەتا هەن دەبێ برابن. راستییەکەی ئەوە بوو فەرماندە لە دووارۆژ دەترسا. حەزی نەدەکرد لە دووای خۆی هەموو شتێک بەسەریەکتردا بڕمێ. کوڕەکان کە هێشتا لە بیری چیرۆکەکەی باوکیاندا بوون، پرسییان داخۆ قوربانی چییە، گوتیان بۆچی خوا قوربانیی هابیلی وەرگرت و هی قابیل نا. فەرماندە کە وەڵامی بۆ ئەم پرسیارانە پێ نەبوو، گوتی ئیتر ئەوە خوا خۆی دەزانی خەریکی چییە، ئێمە قەت بەمە نازانین. وەک چۆن من ئیستا خۆم دەزانم خەریکی چیم و ئەو خەڵکەی وا لە دەرەوەی ئێرە دەژین قەت لەوەی لێرە دەگوزەرێ تێناگەن، گوتی ژیان وەهایە، ئەوەی بەرپرسیارەتی زۆرتری هەیە کەمتر خەڵکی لێی تێدەگەن و پێویستیش ناکا لە راستیدا تێی بگەن، ئەوان دەبێ تەنیا شوێنی بکەون و تەواو. دونیا ئەوەندەی شوێنی شوێنکەوتنە شوێنی تێگەیشتن نیە.

کوڕەکان ئەو رۆژە زۆر لە قسەکانی فەرماندە نەدەگەیشتن. فەرماندەیش لەمە گەیشت. کاتێک لە حەوشە راوەستابوو و سەیری ئەو ماشینەی دەکرد وا کوڕەکانی دەبردەوە بۆ ماڵەوە، بە هەڤاڵەکەی تەنیشتی گوت، خەریکن گەورەدەبن، دەبێ رایانگوێزی بۆ ئێرە، لە تەنیشت خۆماندا،... دەبێ زۆر شتیان فێرکەین. هەڤاڵ گوتی بەڵێ قوربان، هەر لە سبەیەوە دەستبەکار دەبین.

هەفتەی دووایی بنەماڵەکەی هاتن. لەوە بەدووا کوڕەکانی، جگە لە کاتی قوتابخانە و دەرس و دەور، بە دەوری خۆیەوە بوون. فەرماندە زۆر شتی بۆ باسدەکردن. هەروەها دەیهێشت ئاگایان لە جۆری هەڵسوکەوتی بێت. چ لە جۆری قسەکردن و ئاخاوتنی لەگەڵ هەڤاڵان و

چ لە گەڵ حیزبە بچوکەکان. فەرماندە دەیزانی بۆ ئەوەی دەسەڵاتدار بیت پێش لەهەر شتێک پێویستت بەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتداران بژی، نەک ئەوەی چەندە لە قوتابخانە فێر دەبی.

(٢٠)

ساڵانی دووای راپەڕین سروشت وەک هەمیشە دریژەی بە ژیانی خۆی دەدا. زستان زستان بوو و... هاوین هاوین. بەفر و باران لە ئاستی پێویستی خۆیاندا دەبارین و گیان و گوڵ و دارستان دەژیانەوە و... زەرد دەبوون. بگرە هەندێ جار هەڤاڵان دەیانگوت لە چاو سەردەمی دیکتاتۆر باشتر دەبارێ و، دونیا رەنگینترە. دەیانگوت تەنانەت جاری وایە گوێیان لێیە سروشت گۆرانی دەڵێ. گۆرانییەک خۆشترلە گۆرانییەکانی عەلی مەردان، حەسەن زیرەک، حەیرانی دەشتی هەولێر و هۆرەی هەورامان. فەرمانده ئەمەی بە نیشانەیەکی تر لە

بەهەشتبوونی ئەو سەردەمە وەسفدەکرد وا لە دووای راپەڕین دەستی پێکردبوو. لەمە باشتر نەدەبوو! لێرەوە بەو ئاکامە گەیشت لە نێوان سروشت و دۆخی سیاسی پێوەندێکی نەچڕ هەیە. پێوەندییەک کە تەنیا لە نیشتمانی ئەواندا بۆ هەموو جیهان سەلمێندرا. سەلمێندرا هەتا دۆخی سیاسی باشتر بێت ئەوا سروشتیش جوانتر و بە پیت و بەرەکەتترە. نیوەشەوان کاتێک بە گرمەی هەورەتریشقە خەبەری دەبووەوە، چاوەکانی هەڵدێنان و لە ناو تاریکایی گوێی بۆ دەرەوە رادەداشت. خوڕەی بە لێزمەی باران و گۆرانیی ئاو لە ناو پلووسکەکان چەند خۆش دەهاتنە گوێی. یاخود بە کاتی زستان، کاتێک تویژاڵێکی ئەستووری بەفر تەواوی نیشتمانی دادەپۆشی و دەیکردە بووکێکی سەرتاپا سپی پۆش. کاتێک لەبەر شۆقی تیشکی بەهێزی هەتاو لەسەر بەفر نەتدەتوانی چاو هەڵێنی. ئەمە زۆر جار فەرماندەی بیری سەردەمی شاخ دەخستەوە. بەفری سەر لوتکەکان و لاپاڵەکان. کاتێک جۆگەیەکی نادیاری بن بەفر، لە شوێنێک ئاوازی رۆیشتنی دەچڕی.

بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند و رۆژێک هەڤاڵان هەواڵیان هێنا کە دونیا زۆر گۆڕاوە، گوتیان چیتر وەک ساڵان بەفر و باران نابارێ و گەر ئاوا بڕوات وشکە ساڵییەکی سەیر روو لە وڵات دەکا. گوتیان خراپیی ئەمە لەوەدایە ئیستاکە بۆچوونێک لە نێو خەڵکیدا سەریهەڵداوە و دەڵێن گوایا ئەمە غەزەبی خوایە بەسەر نیشتماندا باریوە بەس لەبەر ئەوەی دیکتاتۆر نەماوە! فەرماندە بەمە زۆر تێکچوو. چۆن شتی وادەبێ. ئەوەندە تووڕەبوو ئەمری دەرکرد هەر کەسێک وای گوت زمانی ببڕن،

گوتی ئەمە خیانەت بە خوێنی شەهیدانە و سپڵەییە بەرامبەر بە خۆی و بە هەڤاڵان.

بەڵام بەڕاست بۆچی دونیا وەهای لێهاتبوو. فەرمانده کە ئەم سااڵنەی دووایی زۆر گوێی بەمە نەدابوو، کتوپڕ هاتەوە بیری بەڵێ شتێک هەڵە بووە، شتێک کە هەستی پێکردبوو، بەڵام بە تەواوی نەیدەزانی چییە. باشە بۆ جارێک لە جاران دڵی نەدابووە ئەمە. داخۆ مەگەر وەک هەمیشە نەدەچووە بەر پەنجەرە و نەدەچووە دەرەوە؟ بێگومان. رقی لە گەمژەیی و کەمتەرخەمی و بێ خەیاڵی خۆی دەبێتەوە. بەڵام نا، تاوانی خۆی نیە. ئەو ئەوەندە سەری قاڵە کە بەڕاستی ناتوانێ ئاگای لەم هەموو شتە بێت.

هەر رۆژەی هەواڵی وشکبوونی کانیاوێک دەهات، هەواڵی وشکبوونی چەمێک. رەقەهەڵاتنی چیایەک. دووانر هەواڵی ئەوەی دراوسێی یەکەم و دووهەم خەریکن بەنداوی گەورە لەسەر ئەو چەمانە دروستدەکەن وا لە خاکی ئەوانەوە بەرەو نیشتمان دەهات. ئیتر لەمە خراپتر نەدەبوو. دەبا هەرچی زووتر کارێکی بکردایە. سەرەتا دوو وەفدی بۆ لای دوو دراوسێکە نارد. بە بزەیەکەوە پێیان گوتن ئەوان خاک و ئاوی خۆیانە و هەرچیان پێ خۆش بێت ئەوا دەیکەن، جا فەرمانده و هەڤاڵان دوو رێگا چارەسەریان هەیە، یان ببن بە بەشیک لە ئەوان یان کاتێک باران دەباڕێ تەشتەئاو پڕکەن بۆ ئەوەی پەکیان نەکەوێ! هەڤاڵان بەشی دووهەمی پیشنیارەکەیان بۆ فەرمانده رانەگواست. کەچی فەرمانده لە یەکەم نوتقی خۆیدایە کە بە حەماسەتەوە لە رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە بڵاکرایەوە رێک باسی ئەمەی کرد. گوتی لەبەر ئەوەی وشکەسااڵی کاری

خوایە و رەوتێکی سروشتییە، ئەوا ئەمان کارێکیان لەدەست نایەت و بێگومان لە دووای ماوەیەک ئەمەیش تێدەپەڕێ و دونیا وەک سالّی سالّانی لێدێتەوە، جا تا ئەو کاتە خەڵکی دەتوانن بە تەشت و جامۆڵکە و هەرچی لەبەر دەستیاندایە ئاوبگرن بۆ ئەوەی سالّ یاخود سالّەکان بەڕێ بکەن و پەکیان نەکەوێ.

خەڵکیش وەهایانکرد. بێ خەبەر لەوەی یەکەم ئاوەکان لە کوێ دابنێن و دووهەم ئەوەیکە ئاوەکان دەگەنین. ئەو هاوینە ناخۆشترین هاوینی نیشتمان بوو. هەتاو داخ داخ بە ناوەڕاستی ئاسمانەوە بێ بەزەییانە دەدرەوشایەوە و نیشتمانی دەسووتان و دەکوڵان، ئیسفالّتەکان دەتوانەوە و جێ هەنگاوەکانیان لە خۆیاندا جێ دەهێشت، هالّاوێکی گەرم دەموچاوی دەسووتاند. کەس هەتا ئێوارە لە مالّ نەدەچووە دەرەوە. قەت ئەوەندە خەڵکی رقیان لە هەتاو نەببووەوە. کارەبایش تەنیا لە کاتە هەرە گەرمەکانی رۆژدا هەبوو، ئەویش جاری وابوو دەبڕا و ئیتر دونیا تەواو دەبوو بە جەهەننەم. هەڵبەت فەرماندە و هەڤالّان کێشەیان نەبوو. ژووڕەکان بەردەوام فێنک بوون و بەردەوام باشترین ئاویش لە ژێرزەمینییەکانیاندا دەستدەکەوت. تانکی سەر بانەکانیش هەمیشە لێواولێوی ئاو بوون بۆ خۆشۆردن. کتوپڕ هەواڵێکی تریش هات. زەردوویی. منداڵان زەردوویان دەگرت و بە سەر بانەکانەوە هەتا بەیانی لە عەزرەتا دەگریان. فەرماندە فەرمانی دەرکرد شەوانە پەنجەرەکان پێوەدەن بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگە ناسازەکان نەبێ.

نا، باوەڕی نەدەکرد. دەبێ شتێک هەبێ. ئاخر چلۆن دەبێ کتوپڕ ئاوەها سروشت بەسەر خۆیا بڕمێ. نا،... وانابێ. ئەوسا فەرماندە لە دووای

هینان و بردن و بیرکردنەوەیەکی زۆر بەو ئاکامە گەیشت کار کاری دوژمنانە، ئیشی ئەوانەی وا چاویان بە فەرماندە و هەڤاڵان و راپەڕین هەڵنایێ و ئیستاکە لە دووای ئەوەی نەیانتوانی سەرەڕای هەموو پیلانەکانیان بیرۆوخێنن، پەنایان بۆ سروشت بردووە. دەیانویست سروشت بە سەر نیشتماندا بڕوخێنن. بەڵام ئاخر چۆن،... چۆن چۆنی توانیویانە دەست بخەنە ناو سروشت بەو عەزمەتەیەوە. ئەوسا بیری ئەو فیلمانە کەوتەوە وا لە تەلەفزیۆن بینیبووی. بیری تکنۆلۆژیا سەیروسەمەرەکانیان، بەتایبەت هی ناو فیلمە خەیاڵی و ناو ئیفلام کارتۆنەکانیان. ئا، ئەمانە زۆر شت ناڕاستەخۆ دەگەیەنن، بەڵام کوا پیاوی ئاقڵ لێیان تێبگا! ئیتر فەرماندە تەواو بەو ئاکامە گەیشت کار کاری ئەوانە و بەڕاستی ئەمیش هیچی لەدەست نەدەهات. هەڵبەت... هەڵبەت وەک هەمیشە جگە لە مقاومەت کردن نەبێ. مەگەر ئەو بە خۆڕاگری هەتا ئێرەی نەهێنابوو؟ بێگومان. هەموو بوون و دەستکەوتەکانی ئەو بەرهەمی پێداگری و چۆڵنەکردنی مەیدانن. ئەمجارەیش لە سەری،... لە سەریان. فەرماندە بزەیەکی دێتێ. چەند دڵخۆش و لەخۆباییە کە زۆر خێرا دەتوانێ لە کاتی تەنگانەدا ڕێگاکانی دەربازبوون بدۆزێتەوە. داخۆ هەر لەبەر ئەمەیش نیە فەرماندەیە؟ بێگومان. ئەوسا لە نوتقێکی رادیۆیی - تەلەفزیۆنیدا دەڵێ هاووڵاتیان وەک سەردەمی پێش راپەڕین و راپەڕین دەبێ خۆڕاگربن، دەڵێ سروشت لە تکنۆلۆژیا گەورەتر و بەهێزترە و سەرئەنجام سوڕی خۆی زاڵدەکاتەوە، دەڵێ بڕواناکا تینویەتی و گەرما لە خودی دیکتاتۆر ترسناکتر بن، دەڵێ هەوڵدەدا لیژنەیەک لە هاوڕێیان هەڵبژێرێ تا لە

ڕێگای سەیرکردنی فیلمە کارتۆنییەکانەوە سەرئەنجام لە پلانەکانی دوژمن بگەن بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەک لەسەر هەمان ئەساس بدۆزنەوە،... سەرئەنجام لە کۆتاییدا لە چەند ڕستەیەکی تەواو حیماسیدا دەنەڕێنێ، کە دڵنیابن ئەمجارەیش وەک هەمیشە سەردەکەوین!

ئەو ئێوارەیە دۆخی ناو خانووەکەی یەکجار خۆشە. هەڤاڵان ڕازی لە وتاری فەرماندە هەواڵی بۆ دێنن کە لە دەرەوە لە ناو نیشتمان خەڵک ئیستاکە خاوەن وڕەیەکی ترن و یەکجار گەشبینن بە داهاتوو. فەرماندە لە وەڵامدا تەنیا بزەیەکی تەنک لێوەکانی دەتەنێ و دەچێتەوە بۆ ژووری کارەکەی. لەبەر ئەو نەقشانەدا ڕادەوەستێ وا بە چواردەوری ژوورەکەدا بە دیوارەکانەوە هەڵواسراون: نەقشەی دونیا، کیشوەرەکان، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سەرئەنجام خەریتەی نیشتمان بە هەموو شار و گوند و ڕێگا و بانەکانییەوە. کە ئاوا بە خێرایی و سەرپێیی چاوێک بە نەقشەکاندا دەگێڕێ، دونیا چەند بچوک دێتە بەرچاوی، بەڵام کاتێک لێیان وردەبێتەوە دەبینێ دونیا چەند گەورەیە! دەچێ و لەبەر خەریتەی نیشتماندا ڕادەوەستێ. چاو و سەرنجی دەچێتەوە سەر گوند و ناوچەکانی جاران. هەموویان دەناسێتەوە، بگرە زیاتر لە ناسین. بیردەکاتەوە چەندە لە ناوچەیەکی بەرتەسکدا دەهاتن و دەچوون و بەڕاستیش عەجەب ئازابوون. ئەوسا کەڕەشین دێتەوە یادی. گەردنی کە هەمیشە بەرەوخواربوو و دەڵێی هەمیشە بە شوێن شتێکی بزربوودا دەگەڕا. ئەو گەردنە بەهێز و درێژەی هەمیشە دەیلەقاند. کەلەسەرێکی بێخەیاڵ. لەبەر خۆیەوە دەڵی بەس نەبوو ئەم

وشکەسالّییە ئەو کاتانە رووی نەکردە ولّات، خۆ کەرەشین دەبووایە هەر خەریکی خواردنی زەردەگیا و کا بووایە،... نەء، گیاشین دەستنەدەکەوت،... ئەوەندەیشی ئارەق دەکردەوە مشتێکی لێدەمایەوە،... لەو شاخانە!

(٢١)

سەردەمی منداڵی و مێردمنداڵی جوان لە بیرە. باوکی کە ئێوارەیان دەهاتەوە، تەپ و تۆزاوی و ماندوو هەمیشە عەلاگەیەکیشی پێ بوو. جاری وابوو نان، جاری وابوو میوە یاخود دانەوێڵە لە هەر چەشنێکی وەک نیسک، نۆک و فاسۆلیا. هەندێ جاریش گۆشتی دێنایەوە. شەوانە بەعزێ جار لە دووای نانخواردن، پاڵی دەدایەوە و لە دووای هەڵقوڕاندنی بەپەلەی چاییەکی خەست دەستی دەکرد بە گیرفانیدا و پارەی ئەو رۆژەی دەردێنا وا پەیدای کردبوو. دەستی دەکرد بە ژماردنی و ئەوسا رووی لە دایکی فەرماندە دەکرد و دەیگوت ژنەکە ها ئەمیش بخە پاڵ ئەوانی تر. دایکی فەرماندەیش وەریدەگرت و لە ژێر رانی دەخست. باوکی دەنگی دەدا ژنەکە ئەوێ نا، ونی دەکەی! دایکیشی بە نابەدڵی لە کاتێکا جەستەی قورسی بە شوێن خۆیدا رادەکێشا و هەنکەهەنکی دەهات، دەچووە ژوورەکەی تر و لە ناو یەغانە کۆنەکەی

دەخست. ئەو یەغانەی وا کلیلەکەی هەمیشە بە خۆی بوو. باوکی و دایکی هەمیشە بەشی رۆژی بێ ئیشیان لادەدا.

فەرمانده لەو ساڵانەوە تێگەیشت پارە یەکجار گرینگە. ماندوویی ئێوارانی باوکی، چرچی ناوچاوی لە کاتی ژماردنی پارەدا، چاوە خەمین و پڕ لە دڵەڕاوکێکانی دایکی و قوفڵەکە پێی دەگوتن ژیان لەسەر ئەمە راوەستاوە. جاری وابوو ئەمیش عانەیەکی وەردەگرت. چەند بە شەرمەوە وەریدەگرت. کاتێ زیاتریش هەڵکشا و متمانەیان پێکرد، دەیاننارد بۆ شت کڕینیش. فەرمانده یەکجار ئاگای لە پارەکان دەبوو. دەیزانی نابێ بە هیچ جۆرێک ونیان بکا. دەیزانی هەتا پارەیان زیاتر بێت ئەوا باوکی ناوچاوانی لە ئاست دایکیدا کراوەترە. کە بوو بە مێردمندااڵێکیش زیاتر هۆشی بە دۆخەکەوە بوو. هەتا دەیتوانی خۆی لە پارەوەرگرتن و خەرجکردنی دەپاراست. ئەگەرچی وەک منداڵانی تری گەڕەک حەزی لە کڕینی نۆکاو و گوڵەبەڕۆژە و بیسکیت بوو، بەڵام خۆی دەپاراست. ژیان پێی دەگوت دەبێ زیاتر ئاگای لە دایک و باوکی بێت. سەردەمی منداڵیی فەرمانده بە بێ خۆی تێپەڕی.

کەچی داهاتوو بەو بارەدا نەگەڕا. هەر کە بوو بە پیاوێک تێکەڵی جیهانی سیاسەت بوو و ئیتر خێری بۆ دایک و باوکی نەدایەوە. باوکی کە لای وابوو کوڕەکەی دەیحەسێنێتەوە، مایەپووچ دەرچوو. ئەو سێ خوشکەی وا لە خۆی بچووکتر بوون دران بە شوو بە بێ یەک فلس یارمەتی لە لایەن ئەوەوە. هەر زۆر خێرا خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵێک کەس کرد کە لە دژی دیکتاتۆر بوون و بۆیە لە دووای ماوەیەک گیرا. ئیتر لەو ساڵەوە ژیانی بوو بە بگرە و بەردە، هێنان و بردن و راکە و

شارکە. تا سەرئەنجام لە تەمەنێکی کشاوەتر رووی لە دەرەوە کرد و بۆ هەمیشە ژیانی بەو لایەدا وەرگەڕا وا شوێنی کەوتبوو.

لە تەواوی ئەم سالانەدا بیری لە پارە نەکردبووەوە. لە شاخیش بە نانەسکی دەژیا، بەڵام لە پاش ئەوەی بوو بە فەرماندە و جڵەوی نیشتمانی بەدەستەوە گرت، تێگەیشت کە لەوێ لە شاخیش پارە و پوڵ چەندە گرینگن. یەکێک لەو شتانەی وا بەڕاستی دەبا هەمیشە لەبیریا بوونایە، ئەمە بوو. دەستخستنیشی زۆر دژوار نەبوو بوو: گومریک، ستاندنی یارمەتی لە خەڵکی بە تایبەت لە دەوڵەمەندەکانی شار، لە هەمووشیان گرینگتر وەرگرتنی لە دراوسێی یەکەم و دووهەم. حەک کە پارەی چاکیان دەدا! چەک و چۆڵیش. ئەسڵەن لە بنەڕەتدا بە بێ ئەوان نەدەکرا. چەک و چۆڵ و جبەخانە و شوێنێک بۆ تیمارکردنی هەڤاڵانی بریندار. ئیتر لەو سالانەوە فەرماندە بە ناچار مەجبوور بوو گوێ لە راپۆرتی هەڤاڵی بەرپرسی بودجەی شۆڕش بگرێ و بە وردی هەم لێکی بداتەوە و هەم گەر بە تووش گرفتێکەوە بوونایە ئەوا مشوری جیددی لێ بخواردایە.

ئەو سالانە پارەکان لە مەقەرەکان بوو. لە مەقەڕی سەرەکییەوە دابەشدەکرا و دیسان لە مەقەرەکانی تر لەلای بەشی مالّی دەپارێزرا. پاراستن و ئاگالێبوونی ئاسان بوو. لە چەند جانتادا بە راحەتی ئەم لاولایان پێدەکرا.

بەڵام لە دووای راپەڕین ئیتر دۆخ بە تەواوی گۆڕا. لە هەموو شوێنێکەوە پارە دەباری. ئاگالێبوونی ئەو پوولانەیش لەبەر ئەوەی هێشتا سیستمی بانکی نەکەوتبووەوە کار بەڕاستی ئەستەم بوو. لەبەر ئەمە وەک

سەردەمی شاخ پارەکان بۆ شۆڕشی فەرماندە بەڕێدەکران و لەوێ لە ژێرزەمینییەکی پتەو و بەجوانی پارێزراو لە ئەگەری ئاگر و ئاو دەپارێزرا. دووانر پارەکان بە سەر گەلێک هەڤاڵی پایەبەرزی تر کە فەرماندە باوەڕی پێیان هەبوو دابەشدەکران و ئەوانیش لە ژێرزەمینییەکاندا رایاندەگرتن. بەرەبەرە هەل و مەرج وایلێهات کە ئەمەیش دادی نەدان و دەبووایە بیر لە شتی تر بکەنەوە. سەرەتا بەشیکی زۆریان کردن بە شمشی تەڵا و دۆلار. دووانر هەر بەو پوولانە کەوتنە کڕینی بەشیکی زیاتری نیشتمان. بگرە لە دراوسێی یەکەم و دووهەمیش داوایان کرد گەر دەکرێ ئەم پارە و پوڵانە راگوێزن بۆ بانکەکانی ئەوان هەتا بزانن دونیا چی لێ بەسەردێ. دراوسێکان زۆر بە رووی ئاوەڵاوە قبوڵیان کرد و بەڵام مەرجیان دانا کە دەبێ بە چەندین ساڵ لە ژمارە حسێبێکی تایبەتیدا بن و فەرمانده نەتوانێ جارێ دەستیان لێبدات. بەم شێوەیە کێشەی راگرتنی زۆروبۆریی داهاتەکان چارەسەرکرا.

بەڵام گرفت ئەوە بوو کە بەربەرە کۆنترۆڵێکی وەهایان بەسەر داهاتەکاندا نەما. فەرمانده کە بۆخۆی نەیدەتوانی وەک سەردەمی شاخ بەسەریان بکاتەوە، مەجبوور بوو تەنیا گوێ بۆ ئەو راپۆرتانە بگرێ وا هەڤاڵان پیشکەشیان دەکرد و رەقەمەکان و شۆڕنەکانیش بەڕاستی ئەوەندە زۆربوون کە فەرمانده بە بیستنیان سەری لێدەهاتە ژان. ئەمە بووە هۆی ئەوەی سەری تووڕەکەکە بەڕەڵا کرا و ئیترخەرجکردن و دەستبەسەراگرتنیان هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەردا نەما. لە ناو هەڤاڵاندا

کەسی وەها دەوڵەمەند پەیدابوون کە لەسەردەمی دیکتاتۆریشدا نموونەی نەدەبیندرا.

رۆژێک لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا بەرپرسی بەشی داهات پێشنیاری کرد کە هەڤاڵان لەبەر ئەوەی شوێنێکی وەها لە نیشتماندا نەماوە دەستی بە سەردا بگرن، واچاکە بە داهاتەکانیان لە دەرەوەی وڵات بە تایبەتی لە رۆژئاوا زەوی و موڵک و ماڵ بکڕن بۆ ئەوەی ئەم سەروەت و سامانیان پارێزراو بێ و هەم بەم کارەیان سەرنج و متمانەی ئەو وڵاتانە بۆ خۆیان راگوازن بۆ ئەوەی بەم شێوەیە داهاتووی خۆیان زیاتر دابین بکەن. گوتی ئەم سەردەمە بە هۆی نیۆلیبرالیزمەوە سەردەمی پارەیە و جا هەر کەس زیاتر خاوەنی بوو ئەوا دۆستی زیاترە و داهاتووی ئەمینتر. گوتی لە سەردەمی نیولیبرالیزم سیاسەت یەعنی پارە و پارە یەعنی سیاسەت. زۆربەی هەڤاڵان کە نەیاندەزانی نیۆلیبرالیزم چییە بەڵام لە رووشیان نەبوو بپرسن گوتیان پێشنیارێکی جوانە و ئەمە دەتوانێ ئەوان لە دڵەڕاوکێیەکی گەورە کە راگرتنی ئەو هەموو پارە و ئاڵتوونەیە دەربازبکا.

هەڵبەت فەرماندە بۆ خۆی وەک سەردەمی منداڵی و گەنجیەتی بەردەوام هیچی نەبوو و هێشتا خۆی بە پارە نامۆ دەبینێ. هێشتا ئەگەرچی سااڵنی ساڵە دایک و باوکی نەماون، بەڵام ئەو هەر لای وایە دەبێ دەست بە پارەوە بگرێ و بۆیە نە داوای هیچ دەکا و نە هیچ موڵک و ماڵێکی ئەوتۆیشی بۆ خۆی کڕیوە. ئەسڵەن هیچ شتێک لەسر ناوی خۆی تاپۆ نیە. بگرە هەستدەکا گەر باسی شتی وابکا ئەوا لە کەسایەتی کەم دەبێتەوە و ئەو شوێنەی جارانی لە ناو هەڤاڵاندا نامێنێ. لە

راستیشدا پله و پایەکەی خۆی لا بەس بوو. لەمە زیاتر چی داوا بکردایە؟ چی بویستایە؟... مەگەر غەیری ئەوەیە کە هەر لە ڕێگای ئەوەوەیە هەموو شتێک بگرە پارەو پووڵیش دابەشدەکرێ؟ لە کۆبوونەوەکاندا لە کاتێکدا دەمی بە خواردنەوەیە، بە پێکەنینەوە ڕوو لە هەڤاڵەکەی تەنیشتی دەکا و دەڵێ هەتیو چەندەت هەیە؟ چاوەڕوانی وەڵام نامێنێ و ڕوو لەوەی تر دەکا و لە کاتێکدا چاوی لەسەر بۆڵە تڕێیەکی تڕە بە بزەوە دەڵێ ئەرێ هەتیو تۆیش تێرت نەخوارد؟ هەڤاڵان هەموویان پێدەکەنن و دەڵێن قوربان ئەمەیش بۆ خۆی خەباتێکە لە پێناوی نیشتماندا و جا چۆن پیاو چاوی لە خەبات تێردەبێ!

نیشتمانیش لەدەرەوە هەناسە هەڵدەکێشێ و وەک هەمیشە شەو و ڕۆژەکان بەڕێدەکا. لە خانوویەکی سێ قاتی گەڕەکێک چەند پیاو دانیشتوون و لەگەڵ یەکتر دەدوێن:

ـ لە خوا بەزیابێ ئەوەندەی نەماوە خانووەکەی ترم تەواوبێ.

ـ بارەکەی منیش سبەی ئەگات هەرچەند مانگێکە بەڕێوەیە.

ـ خوا نەیبڕێ بە خۆشییەوە پارە زۆرە، هەر زۆر زۆر.

لە کۆڵانێکی ئەودیویش ژنێکی ڕەقەڵەی بێوەژن بە شەش منداڵەوە خەریکی شێلانی تەشتی هەویرە. دەیەوێ نان بۆ دراوسێکەی بکا. منداڵەکان خەوتوون. ژنەکە سەرەڕای تێپەڕینی تەمەنێکی باش لێی و کۆکردنەوەی ئەزموون، بەڵام هێشتا لای سەیرە هەندێ کەس دەتانن ئەوەندە خاوەن پارە بن و ئەوەندە بتوانن خۆش و کەشخە بژین.

سبەیش لە جادە تەسک و گەورەکانی سەنتەری شار عەرەبانەچییەکان شان لە شانی یەکتر دەسوون و بۆنی هێلکەی کوڵاو و پاقلە هەموو

شوێنێک دەتەنێتەوە. منداڵە عەلاگەفرۆشەکان لەسەر مشتەری شەڕیانە و وەک تیسکەی تفەنگ بە شوێن خەڵکیدا رادەکەن. سواڵکەرێکی پیری کوێر بە گۆچانەکەیەوە وەک هەموو رۆژەکانی تر خۆ بە کۆڵەکەی بەردەمی دووکانێکدا دەکوتێ.

یەکێک لە هەڤاڵان دەڵێ راستی قوربان ئەو سرودە رووسیە چی بوو کە کرا بە کوردی؟ بە خوا سرودێکی جوان بوو،... ئەوەی وا دەیگوت بۆ دونیایەکی چی چی بۆ هەژاران؟ ئەها نوێ بۆ هەژاران،... راستی لە بیرت دێ لە سەردەمی شاخ چ حیماسەتێکی لە ناو هەڤاڵاندا دەخولقاند؟ فەرمانده کە هەستەکا یەکجار ماندووە دەڵێ سەردەمێکی تایبەت بوو یەکجار تایبەت. هەموویان سەر رادەوەشێنن.

فەرمانده دەڵێ گرینگ ئەوەی چواردەورمان کڵپەی ئاگر بوو و وازمان نەهێنا،... کڵپەی ئاگر،... خۆ تێدەگەن!

(٢٢)

لەبیری دێ سالانی زیندان ئەگەرچی یەکجار دژواربوون، بەڵام تێکەڵ بە جۆرێک لە هومێدی گەورە و گەشبینی بوون. ئەسڵەن ئەو سالانە هەموویان هەر وا بوون. تەنانەت ئەو کاتانەی هەڤاڵان لە سێدارەدەدران، بە سروودەوە دەمردن. دەڵێی پەتی سێدارە و لوولەی تفەنگەکان وا لە سپێدەیەکی زووەدا پێیان دەگەیشتن، درۆ یاخود کایەیەکی سەردەمی منداڵی بوون. مردن شتێک بوو وەک خەون. خەونێک لە نێوان ژیان و مردن، یاخود دریژەی ژیان، ژیانێک بەتەواوی جیاواز لەوەی هەبوو. ئەوەی لەڕاستیدا دەمرد دیکتاتۆر و تفەنگچیەکانی بوون. فەرمانده لە بیری دێ رۆژەکانی سەرەتا نەبێ دەترسا و لە دڵەڕاوکێیەکی سەیردا بوو، هەر زۆر خێرا خووی بە دۆخی تازەی خۆی گرت و بگرە جۆرێک لە هەستی لەخۆباییبوون رویشی تێکرد. دیوارەکانی ترس هەتا بێکۆتا رەوینەوە.

فەرمانده لە بیری دێ سەرجەم سێ جار گیرا. یەکەم جار شەش مانگ لە زیندانداا مایەوە و هیچی بەسەردا نەسەلمێندرا. بە شێوەیەکی

سەرسوڕهێنەر خۆی راگرت و نەچووە ژێر دانپیانانەکانی یەکێک لە هاوڕێ بوودەڵەکانی. گوتی هەر نایشیناسم! لێدان و تەعزیب نەیهێنایە سەرچۆک. دووهەم جار دوو ساڵ دوواتر گیرا. شەوێک درەنگان بە بڵاوکردنەوەی راگەیەندراوەکانەوە گیراو ئیتر ئەمجارە نکوڵی کردن نەیدەخوارد. هەڤاڵێکی سەرەوەتری خۆی لە دووای یەک هەفتە ناوبرد و بەڵام گوتی کە لە خوار خۆی کەسی تر نیە. دووای ماوەیەکی تر هەر لەسەر ئەم قسەی خۆی مایەوە و ئیتر باوەڕیان پێکرد. ئەمجارە دە ساڵ حوکمیان بەسەردا بڕی و دووای پێنج ساڵ بە هۆی خزمێکی دووریانەوە کە دەستی دەڕۆیشت ئازادکرد. سێهەم جاریش لە دووای سێ ساڵی تر گیرا. لە دووای ئەوەی لە پلانێکی وردا بەکرێگیراوێکی پیسی دوژمنیان لە شەقامی سەرەکی شاردا کوشت، گیرا و ئەمجارەیان لە دووای سێ مانگ لە کاتی بردنی بۆ خەستەخانە توانی لە کردەیەکی سەیردا کە هەتا ساڵان وێردی سەر زمانی خەڵکی بوو و بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە، لە دەست نیگابانەکانی راکا و ئەمجارە ئیتر بە یەکجاری روو لە شاخ بکات.

ساڵانی زیندان و مانەوە لە شار و ئەو کارە سەیروسەمەرانە وا لە پێناوی شۆڕشدا کردبوونی، ناوو ناوبانگێکی سەیری بۆ دروستکرد و بوو بە کەسێکی جێی سەرنج. لە شاخیش هەر کەمی نەهێنا و زۆر خێرا پلە یەک لە دووای یەکەکانی بڕی و سەرئەنجام لە دووای ئەوەی کەسی یەکەم لە بۆردوومانێکی دوژمندا گیانی لەدەستدا، بوو بە کەسایەتی یەکەم و جڵەوی شۆڕشی بە دەستەوەگرت.

فەرمانده هەم نموونەی زیندووی تێکەڵبوونی خەباتی شاخ و شار بوو و هەم لەسەردەمی ئەو هەموو شتێک گۆڕوتینێکی تری پەیداکرد. ئەو کە بە گوێرەی ئەزموونی سەردەمی منداڵی لەوە تێگەیشتبوو پارە شتێکی یەکجار گرینگە، لە هیچ کارێک بۆ پەیداکردنی نەدەسڵەمییەوە. حەزی نەدەکرد ناوچاوی خۆی وەک هی باوکی چرچ و لۆچی تێکەوێ و، لە خەمی ئەوەی سبەی پارە هەیە یان نا شەو بچێتە ناو جێگاوە.

یەکێک لەو شتانەی فەرماندەی لە سەرەتای چوونە ناو شاخەوە کەمێک پەشۆکان، بوونی زیندان بوو. دیارە لەوە پێش ناوی 'زیندانی شۆڕش'ی ژنەڤتبوو، بەڵام بەلایا تێپەڕیبوو. لای ئەو ئەم جۆرە زیندانە شتێک بوو وەک ئەوەی زیندانییەکان لەگەڵ خودی هەڤاڵان بوون و لە راستیدا زۆر جیا نەبوون. ئەوانەیشی وا خائین بوون ئیتر زوو دەکوژران و پێویستی نەدەکرد لە زیندانداا بمێننەوە؛ بەڵام کاتێک بۆ یەکەم جار زیندانی شۆڕشێ لە نزیکەوە بینی، واقی وڕما. زیندانەکە لە دۆڵێکی قووڵدا بوو بە شاخە سەرکەشەکانی دەوروبەوە، لە ناو لێڕەوارێکی چڕ، لە تەنیشت جۆگە ئاوێک کە بە بەهاردا کەمێک وەک چەم خۆی دەخەملاند و بە هاوینیشدا وشک دەبوو، دیارە بە بەستێنێکی هەمیشە تەڕ و نماوییەوە. لەوێ لانیکەم هەمیشە سەد زیندانی تیابوو. لەهەموو جۆرە تیرەیەک: لە جوندی و جاشەوە بگرە، هەتا ئەو گوندییانەی وا سیخوڕی حکومەت بوون، بگرە ژنیشیان تیابوو. فەرمانده کە قەت باوەڕی نەدەکرد خەڵکانێک هەبن ئاوەها بەدەم دیکتاتۆرەوە بن و بیانەوێ بەم شێوەیە لە دژی نیشتمان خۆیان بخەنە مەترسییەوە، کەمێک ناهومێدبوو. ئاخر چۆن شتی وا دەکرا! جگە لەمە زیندان

ئەگەرچی زیندانی شۆڕش بوو، بەڵام جۆرێک لە مەقبولیەتی بە کەسی بەرامبەر دەدا. تاوانباری بێ تاوان نیشاندەدا! تازە دەیبینی لێرەیش لێدان و ئەشکنجەدان هەبوو و کەسی تاوانبار بە بێ دادگاییکردنێکی شارستانیانە کە تێیدا خاوەن محامی و شتی لەم بابەتە بێت، دادگایی دەکرا و سزای بەسەردا دەسەپێندرا. راستییەکەی ئەوە بوو زیندان شتێکە هەمیشە لە دژی زیندانبان، جا فەرق ناکا کێیە. فەرمانده ناوچاوانی تێکدەنا و دەچوو لە سەر گرەبەردێک بە تەنیا دادەنیشت و بیری لێدەکردەوە. بەڵام رۆژەکان تێپەڕین و کار و بەرپرسایەتی و رووداوە یەک لەدووای یەکەکان، بەتایبەت کوژرانی هەڤاڵان کە رۆژ نەبوو یەک یان پۆلێکیان لە شەڕ یاخود کردەیەکی دوژمندا گیانیان لە دەست نەدەن، ئەوی بەربەرە بە زیندانەکە عادەتدا. بەتایبەت کاتێک یەکێکیان دەگرت کە راستەوخۆ لە بەگرتدان یاخود شەهیدکردنی هەڤاڵێک دەستی هەبوو. زیندان وای لێهات لای فەرمانده بوو بە شتێک وەک هەموو شتەکانی تری ناو ژیان. فەرمانده وەک هەمیشە راپۆرتی هەڤاڵانی لەسەر زیندانی شۆڕش وەردەگرت، بە وردی گوێی بۆ رادەداشت و دووات ئەوەی پێویست بوو وەک سەرنج و تێبینی دەیگوت و کۆبوونەوەکە کۆتایی پێدێنا. ژیان جارێکی تر بە فەرماندەی دەگوت شتەکان عادەتن، یاخود سەرەڕای هەموو نامۆییان رۆژێک لە رۆژان دەبنە عادەت و ئاسایی دەبنەوە. ئەمەیش لەسەریان!

بەڵام لە دووای راپەڕین رووداوەکان بە لایەکی تردا گۆڕابوون، یاخود باشتر بڵێین خەستتر ببوونەوە. ئیستاکە ئیتر خاوەن چەندین زیندان بوون، بگرە زیندانی نهێنیش. خراپتر لە هەمووی ئیتر لەم زیندانانەدا

وەک جاران پیاوەکانی دیکتاتۆر نەبوون رادەگیران، بەڵکو کۆمەڵێک خەڵک بەتایبەت گەنج بوون وا بە جۆرێکی تر بیریان دەکردەوە و وەک سەردەمی خۆی، دەسەڵاتەکەی فەرمانده و هەڤاڵانیان دەخسته ژێر پرسیارەوە. ئەوان باسیان لە گەندەڵی و لە دیکتاتۆرییەکی نوێ دەکرد کە بە مانای بەلاڕێدا بردنی راپەڕین و خیانەتکردن بە ئامانجەکانی بوو. ئەوان دەیانگوت دەسەڵات مولکی کەس نیە و هی میللەتە. باسیان لە یاسا و شتی لەم بابەتە دەکرد. ئیتر ئەمە تەواو فەرماندەی تووڕەکرد. ئاخر قسەی لابەلا و پووچ و بێمانا! چۆن دەبێ کەسی وەک ئەو و هەڤاڵان کە هەموو تەمەنیان لە پێناوی نیشتماندا دابوو ببنە لادەر و لە رێبازی پڕشکۆ و پیرۆزی نیشتمان لایاندابێ. بۆیە لای خۆی ئەمانەی یەکجار خراپتر لە پیاوەکانی دیکتاتۆر دەهاتەبەرچاو. هەڵبەت خراپی وەزعەکە ئەوە بوو نەیاندەزانی بە چ ناوێک ئەمانە سەرکوت کەن، جاران کە ئاسان بوو، دیکتاتۆر لەو بەر و ئەمان لەم بەر؛... بەڵام ئیستاکە چی؟ بۆیە لە دووای چەند کۆبوونەوە بەو ئاکامە گەیشتن کە ئەم جۆرە کەسانە: یان بە گوێرەی پلانی دوژمنە نوێیەکانی نیشتمان خەریکی دژایەتی کردنی وڵاتن، یان خەڵکی ساویلکە، سادە و کاڵفامن کە نەزانانە خۆشیان نازانن خەریکی چین. لێرەوە بە هەڤاڵان گوترا تا دەتوانن هەر چۆنێک بووە ئەم جۆرە کەسانە پەشیمان بکەنەوە و بیانخەنە ریزی ساویلکەکانەوە و لە رێگای راگەیەنەرە گشتییەکانەوە بە خەڵکییان بناسێنن. هەروەها پێشنیاریش کرا لە رێگای ئەو هەموو پارە و پوولە زۆرەوەی هەیانە بیانکڕن، بیانهێننە ریزەکانی خۆیانەوە

و دووواتر هەر لە رێگای راگەیەنەرە گشتییەکانەوە پیشانی خەڵکیان بدەنەوە.

لە تەواوی ئەم بێنە و بەرانەدا فەرمانده تەنیا بە یەک شت زۆر خۆشحاڵ بوو، ئەویش ئەوەیکە ئەم جیلە نوێیە نەیاندەتوانی وەک ئەوان، وەک سااڵی سااڵن، دەستبدەنە چەک و روو لە شاخی بکەن. پێش لەهەر شتێک لەبەر ئەوەی دراوسێی یەکەم و دراوسێی دووهەم دۆستی ئەمان بوون و ئەو ئیزنەیان پێ نەدەدان، دووهەم ئەمانە کۆمەڵێک گەنجی دەم رووت و سەر رووتی شاری بوون کە یەک سەعات چییە نەیاندەتوانی خۆیان لەو کێو و بەندەنانە رابگرن. بۆ مەگەر چوونە شاخ هەروا گاڵتەیە! ئەمانە بە پێچەوانەی فەرمانده و هەڤاڵان بە شوێن ژیانی چاکترەوە بوون و بۆیە پیاوی تەنگانە و برسیەتی و سەرما و گەرما نەبوون. ئەو بە ئەزموون دەیزانی گەر سیاسەت سەرەتا لە ژێر ناوی شتی وەک نیشتمان و ئایدیا زل و ناڕوونەکانی تر نەکرێ، زۆرینەی خەڵک شوێنی ناکەون. بژیوی و ژیانی رۆژانە شتێک نەبوو زۆرینەی خەڵکی بوروژێنێ. فەرمانده جاری وابوو لەبەر خۆیەوە پێکەنینی بە گەمژەیی ئەم جۆرە کەسانە دەهات.

هەڵبەت هەبوونی گرتووخانەکان هەمیشە هەستێکی ناخۆشی لای فەرمانده دروستدەکرد، بەاڵم،... بەاڵم وادیارە سیاسەت هەر ئەمەیە و هەر ئەمەیش دەبێ. هەمیشە کۆمەڵێک خەڵک هەن ناڕازین و بۆیە دەبێ ئەو دیوارانە هەبن. فەرمانده بیری لەمە دەکردەوە و بە خۆی دەگوت وادیارە زۆر شتی تریش هەن هێشتا دەبێ فێریان بم.

لە رۆژێکی سەرەتای زستاندا بوو هەڤاڵێک هەواڵێکی دڵتەزێنی هێنا:

- قوربان ڕێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤ بە گرتن و زیندانی کردنی هاووڵاتیان و هەروەها هەبوونی زیندانی شاراوە تاوانباری کردووین!... لە دونیادا بڵاوبووەتەوە.

فەرمانده هەڵبەزییەوە. سوورسوور بووەوە. چۆن شتی وا دەبێ:

- چی، ئادەی لە کوێدا نووسراوە؟

هەڤال ڕاپۆرتەکەی پیشاندا. هەم دەقە ئینگلیزییەکەی و هەم عەرەبییەکەی و هەم کوردییەکەی. لە سەرەوەی لاپەڕەکە چاوی بە ئارمە ئاشناکە کەوت: گۆی زەوی لە شێوازی زیندانێکدا و باڵندە و گوڵەگەنم و ئەو هێڵە سوورەی وا نیوەی گۆی زەوی ئابڵۆقە دابوو. هێڵە سوورە ناحەزەکە. فەرمانده لە کاتێکدا هەناسەی سواربوو، بە وردی خوێندییەوە. باوەڕی نەدەکرد:

- چۆن،... یەعنی چۆن!؟ لە دووای ئەو هەموو پارە و پووڵە لە بانکەکانمان خنیون، هێشتا دەمیان ئەوەندە دریژە! چۆن شتی وا دەبێ، شەرم نایانگرێ،...!

فەرمانده ئەو ڕۆژە هەر نەڕاندی و نەڕاندی و وردەتفی دەرپەڕاند،... هەڤاڵانیش هەموو بێدەنگ لێیان دەڕوانی. مەگەر کەس هەبوو زاتی ئەوە بکا خۆی لە وەزعەکە هەڵقورتێنێ. نەیاندەزانی چی بکەن. چاوەڕوانی باشترین کار بوو. هەر ئەو ڕۆژە فەرمانده لە نوتقێکی تەلەفزیۆنیدا گوتی هەندێ ناحەز بە دەستکەوتەکانی گەل، ڕاپۆرتی قین لە دڵانە و پڕ لە درۆ لەسەر نیشتمان و دەستکەوتەکان بڵاودەکەنەوە و وەک هەمیشەیش هەندێ پیاوی دوژمن کە خۆیان خزاندووەتە ریزەکانمانەوە بە کاری نەشیاو دەیانەوێ ڕوخسارمان لە ئاستی جیهانیدا ناشیرین

بکەن، گوتی ئێمە بەڵام بەر بەمە دەگرین و ناهێڵین کۆمەڵێک خەڵکی نابەرپرسیار و ناحەز بە گەل و نیشتمان ئەو بینا جوانەی وا سازمان کردووە بڕوخێنن... لە کۆتاییدا هەر گەلە سەردەکەوێ و رووڕەشی بۆ دوژمنان!

بۆ رۆژانی داهاتوو دوو کاری گەورە جێبەجێ کران: ڕێکخراوێکی تازەیان بە ناو 'بنکەی ماڤی مرۆڤی شۆڕش' دروستکرد و یەکێک لە هەڤاڵانی کۆن کرا بە بەرپرسی. هەموو ئەو زیندانیانەی وا لە گرتووخانە شاراوەکاندا بوون بۆ زیندانەکانی ولاتی دراوسێی یەکەم بەڕێکران بەو پارەیەی دایان بەڵێن بوو ئەوان هەتا کەمێک دۆخەکە ئارام دەبێتەوە لەوێ بمێننەوە.

فەرمانده بیری سەردەمی شاخ دەکەوێتەوە. هەستەکا چەندە وەڕەزی ئەو رۆژانەیە. یادی بەخێر مافی مرۆڤی چی و شتی چی... بۆ مەگەر یەک ڕێکخراوی جیهانی زاتی ئەوەی دەکرد رووبکاتە ئەوێ!

(٢٣)

شەوێکیان فەرماندە کاتێک لە ناو جێگاکەیدا راکشاوە و خەریکی بەسەرکردنەوەی چاوپێکەوتنێکی ئەمڕۆی خۆیەتی لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتێک، لەناکاو دەنگی تەقە لە دەرەر هەڵدەستێ. فەرماندە راستدەبێتەوە.

سەرۆک عەشیرەتەکان هەمیشە لای ئەو بوونەوەری سەیروسەمەرە بوونە. جۆری هەڵسوکەوتیان، ئاخافتنیان، نانخواردنیان، رووانینیان و...، هەروەها بە پیاوەکانیانەوە، ئەو پیاوانەی چواردەور دەست لەسەر دەست رادەوەستان و هەتا سەرۆک ئەمری دەرنەکردایە، نەدەجووڵان. سەرۆک عەشیرەتەکان لەگەڵ ئەوەی خاوەن عەشیرەی گەورە بوون (دیارە کەم و زۆریشی هەبوو)، بەڵام هاوکات هەمیشە چاوێکیان لە دەسەڵاتیش بوو، هەروەها دەسەڵاتیش لەوان. عاشقە و ماشقەی دێزە بوون. نەدەکرا خێڵێکی زۆرو زەبەندی ناوچەیەک لەبیربکرێ و حسێبی تایبەتیان لەسەر لێکنەدرێتەوە. ئەوانیش بە

ئەزموونی دووروودرێژی خۆیان دەیانزانی دەسەڵات هەمیشە بیریان لێدەکاتەوە و ئەمڕۆ نا سبەی حەتمەن وەفدێک یاخود کەسێک دەنێرێتە خزمەتیان. مەسەلە پارە و پووڵ نەبوو، دەسەڵات قەت چاوی لە سەروەت و سامانی ئەوان نەبووە. دەسەڵات سەرۆک و پیاوەکانی دەویست، بۆ رۆژی تەنگانە،... بۆ شەڕەکان. کێیش لەوان ئازاتر. هەر لە کۆنەوە جۆرێک لە جوامێری و ئازایەتی و پێداگری و هەستی تۆلەسەندنەوە و هەروەها لەخۆبایی بوون و خۆنواندن لەواندا هەبوو کە دەکرا لە کاتی خۆیدا زێڕ بێت. هەر ئەوەندە بوو سەرۆک بە جۆرێک پیشیان کەوێت یاخود ئەمر دەرکا و پیاوەکانی راسپێرێ، جا بۆ مەگەر کەس هەبوو بتوانێ بەریان پێبگرێ. تەنیا ئەوەندە بەس بوو لە هەموو ناوچەکاندا چەند سەرۆکێک بکەی بە دۆستی خۆت، ئیتر کۆنترۆڵی تەواوت بەسەر ناوچەکەدا پەیدادەکرد.

فەرماندە لەبیری دێت لە شاخ بەدەست ئەم عەشیرانەوە هەم خواردبووی و هەم خێری بینیبوو. لە نێوان ئەو و دیکتاتۆردا کێبەرکێیەکی گەورە لەم پێناوەدا هەبوو. هەرچەند دیکتاتۆر بە پارە و پووڵ دەیتوانی زۆرتریان لێ بکڕێ، بەڵام فەرماندەیش زۆر لە دووانەبوو. هەستی نیشتمانپەروەری ئەو شتە بوو لە هەندێ لەم خێڵانەدا نەمردبوو و بەتایبەت ئەگەر فەرمانده و هەڤاڵان لە ناوچەکەیاندا دەسەڵاتیان هەبووایە ئەوا بەلای خۆیاندا رایاندەکێشان. هەرچەند قەت نەیدەتوانی هەتا سەر باوەڕیان پێبکا. راستییەکەی ئەوە بوو سەرۆکەکان لە ناو هەستی نیشتمانپەروەری و قازانجی خۆیاندا بەردەوام لە هاتوچوودا بوون و هەر خولەی بە لایەکدا دەیانشکانەوە.

ئەمە فەرماندە و هەڤاڵانی وەڕەزکردبوو. بەشێکی بەرچاوی باشترین هەڤاڵانیش بەدەست ئەم عەشیرانەوە کوژرابوون. ئەوان وەک شینەمار وابوون، ژەهراوی و پیس و بێڕەحم،... خوای نەکردایە بە کەسیانەوە دابا!

لە دووای راپەڕینیش دۆخ زۆر نەگۆڕابوو. عەشیرەکان وەک خۆیان مابوون و نەگۆڕابوون، بگرە پەرەشیان سەندبوو. لەگەڵ ئەوەی بنکەیان لە شار خستبوو، پارەی چاکیان لە فەرماندە وەردەگرت و ئەوانیش وەک کۆڵەکەیەک هەیمەنەی دەسەڵاتی نوێیان راگرتبوو. بەڵام کێشە ئەوە بوو هەر جارە و بە کۆمەڵێک داواکاریی نوێوە دەهاتن و کاتی فەرماندەیان دەگرت. داوای پارە و زەوی، ناونووسکردنی چەکداری نوێ و شتی لەم بابەتە. کە دەشهاتن هەمیشە بە دیاری چاکەوە دەهاتن، بە چەند سەر مەڕ، بزن یان مانگاوە، یاخود شمەکی بایەخداری ناو ماڵ. جاری وایش بوو بە تڕۆمبیلەوە یان تفەنگێکی نایابەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ، فەرماندە هەر لە کۆنەوە دەیناسی. کاتی خۆی چەند جار لە نێوان دیکتاتۆر و ئەودا هاتووچۆی کردبوو، خولێک لەگەڵ ئەو و خولێک لە گەڵ ئەم. هەر جێگۆڕکەیەکیش بە پارەیەکی زۆرتر. بۆ خۆی پاشایەک بوو بە یەک دوو هەزار چەکداری خێڵەکییەوە. ناوچەیەکی پان و بەرینی لەژێر دەستدا بوو. ئەمڕۆیش هاتبوو داوای ئەو زەوی و زارانەی دەکرد وا لەگەل چەند گوندی دراوسێیان لەسەری لە بێنەوبەرەدا بوون. فەرماندە چەند جار خۆی پاراستبوو لە دانیان، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو گوندانەیش کەم نەبوون و بەزمی گەورەی لێدەبووەوە؛ بەڵام ئەمڕۆ جیاوازبوو. لە دووای ئەوەی بەشیکی

بەرچاوی خەڵکی گوندەکان رووبان لە شارکردبوو، فەرمانده بڕیاری گۆڕی و ئەمڕۆ ئەمری دەرکرد بەشێکی گەورەی زەوی و زارەکان بە ناوی سەرۆکەوە تاپۆبکرێ. سەرۆک کە رۆیشت لەچاو جاران سکی زەلامی یەکجار زیاتر پێش خۆی کەوتبوو.

فەرمانده کە دەیزانی ئەم بڕیارەی بەزمی لێدەبێتەوە و بەڵام نەیدەزانی ئاستی ئەم بەزمە لە چ رادەیەکدا دەبێ، لەم بیرانەدا بوو کە گوێی لە تەقەی تفەنگ بوو. راچڵەکی. نەکا خەڵکی گوندی بن! بزەیەکی هاتێ. ئاوا زوو، نا نا،... هێشتا نە بڕاوە و نە دووراوە،... بە کوێرا!

لە دەرەوە بەدەم دەنگی تەقەکانەوە هات و هاوار بەرز بووەوە. ریزی گڕاویی فیشەکەکان دوو سەری کۆڵانەکەیان دڕپێدەدا و دادەمرکانەوە. لە کاتی راپەڕینەوە ئەمە یەکەم جار بوو شتی وەها بەم شێوەیە نزیک لە شوێنی ژیانی ئەو رووبدات. چی بووە؟

هەڤاڵانی حەرەس دەگێڕنەوە رێک نیوەشەو کاتێک لەناو سەنگەرەکانیان دانیشتبوون و کێشکیان دەدا، کتوپڕ هەست بە جوولەیەکی سەیر لەو سەر کۆڵان دەکەن. لێی رادەمێنن. سەرەتا شتەکە سێبەرێک دەبێ. لە دووای چەند جارێک خۆدەرخستن و خۆونکردن کەمێک رووندەبێتەوە. هەڤاڵان دەنگی دەدەن. بەڵام شتەکە گوێیان ناداتێ و دیسان لە جوولەی خۆی بەردەوام دەبێ. هەڤاڵان تەقەی لێناکەن. چەند دانەیەکیان بە ئەسپایی و وریا بەرەلای دەچن. دەست لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ و وشیار. هێشتا ماویانە بۆ ئەو سەری کۆڵانەکە کە شتەکە وەک پەیکەرێک لە تیشک دەردەپەڕێ و بەرەو ئەوان دێت. هەڤاڵان دەپەشۆکن، بەڵام خۆیان نادۆڕێنن و دەستبەجێ تەقەی

لێدەکەن؛ بەڵام شتەکە ئەوەندە خێرا بەرەو لای ئەواندا دێت کە فریا ناکەون بەجوانی سیرەی لێبگرن. هەندێ لە هەڤاڵان دەڵێن هەستیان کرد شتە نوورانییەکە بەناو ئەواندا تێپەڕین و هەندێکی تریان لە کاتێکا چاوەکانیان ناتروکێنن دەڵێن نا بەلامانداتێپەڕی!

فەرمانده دەڵی شتەکە چیبوو؟ یەکیان دەڵی روون بوو، ئەوی تر دەڵێ زۆر بەپەلە هات و تێپەڕی، ئەوەی تر دەڵێ زۆر زل بوو، چوارەمی دەڵێ چوار پێی هەبوو، پێنجەمی دەڵێ سەریشی زۆر زل بوو، شەشەمی دەڵێ کلکیشی هەبوو، حەوتەمی دەڵێ دوو گوێی قوتیش؛... هەشتەمی فریاناکەوێ بڵێ کەر بوو کە فەرمانده بۆخۆی دەڵێ کەربوو، وانیە!؟

وایە کەر بوو. ئەو شەوە نیوەشەو کەرێکی نوورانی لە کۆڵانی فەرماندەوە زۆر نەترسانە و بە رووهەڵماڵاوی تێپەڕیبوو. فەرمانده هەڤاڵانی ناردەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. نا، درۆیان نەدەکرد. وادیاربوو وازی نەدەهێنا،... کەرەبۆز دەڵێم! باشە بە شوێن چییەوەیە؟... داوای بەش دەکا؟... یان شتی تر؟ باشە کەر و برابەشی لە دەستکەوتەکانی راپەڕیندا؟ فەرمانده بەم بیرانە دەروونی تێکچوو، هەستی بە هێڵنج دەکرد. چۆن شتی وادەبێ. وادیارە تا ئابڕو و حەیام نەبا وازناهێنێ. فەرمانده هەستەکا هەندێ کەس لە پشت مەسەلەکەوەن، رەنگە دراوسێی یەکەم یاخود دووهەم، هەرچەند رای زۆرتر بۆ سەر دراوسێی یەکەم دەچێ، ئاخر ئەوانن لەگەڵ ئەو دونیا و رۆح و جنۆکە و شتی لەم بابەتە لە پێوەندیدان، دیارە ئەوەی دووهەمیش وەهایە، بەڵام نەک وەک ئەوەی یەکەم. دراوسێی یەکەم دەتوانێ هەموو بوونەوەرە مردووەکان جا لەهەر چەشنێکی سەرلەنوێ

بانگهێشت بکاتەوە، چ کۆن و چ نوێ، چ لە چەشنی مرۆڤی و چ لە چەشنی نامرۆڤی. ئەوان ئەوەندەی بە کۆنەوە گرێدراون بە ئیستا و بە داهاتووەوە نا. ئا، ئەوانن. ئاخر ئەو کەرەبۆزەی ئەو دەیناسی لە کوێ ئەقڵی بەم جۆرە شتانە دەشکا.

فەرمانده دەزانی وەزعەکە کەوتووەتە سەر دەور و کەرەشین بەمە وازناهێنێ و بگرە لەمە بەدووا زۆرتر دەردەکەوێ و تاج و تەختی دەهێنێتە لەرزین. بیری کردەوە وادیارە مێژوو ئەوەندە بە ئاسانی وننابێ. راستی مەگەر هەر خۆیان نەبوون کاتی خۆی لە شاخ دەیانوت مێژوو منداڵدانی مرۆڤە؟ داخۆ هەر خۆیان نەبوون دەیانگوت مرۆڤ بەرهەمی مێژووە؟ با، هەر خۆیان بوون. هەر کەس بیویستایە رووداوەکەی سەنتەری شار فەرامۆش بکا، لانیکەم کەرەبۆز نەیدەکرد. ئەو لەوە کەلەرەقتر و پێداگرتر بوو فەرمانده بیری لێدەکردەوە. دیارە خوا هەڵناگرێ قەدیمیش هەروابوو. فەرمانده لەبیری دێت جارێکیان ئەم نەقیزەی تێوەشاند بۆ ئەوەی خێراتر رێگابکا و پەلەتر لەو ناوچەیە دەربازبن وا گومانی ئەوەی لێدەکرا دوژمن بێتەسەریان، بەڵام ئەمە وەها تووڕەی کرد کە نە بەلێدانی هاوڕێیان و نە بە تەقەکردن بە سەریدا کەرەشین نەجووڵا کە نەجووڵا. ژێر سکی بە شەقی بە هێزی هاوڕێیان سوورسوور هەڵگەڕابوو و گوێیشی بە تەقە کاس ببوو، بەڵام لە جێی خۆی متەقی نەکرد. مەجبوور هەموو دانیشتن هەتا بۆ خۆی بە قەناعەتی خۆی رابگۆڕی و بۆخۆی وەڕێکەوێ. بیری کردەوە چی دەبوو لە دووای ماهینە سپی بۆ هەمیشە وازی لە هەر چەشنە چوارپێیەک

بهێنایه،... یان چی دەبوو ماهینێکی تری له یەکێک له عەشیرەکان داواکردایه.

کەواته وازناهێنێ،... دەی با نەیهێنێ. ژیان زۆری به بەرەوه ماوه. فەرمانده ئەمەی گوت و لێفەکەی بەسەر سەری خۆیدا کێشا.

ئەو تیشکەی وا هەڤاڵان باسیان دەکرد، له تەنیایی نیوەشەودا به لاپاڵی کێوەکەی ئەوبەری شارەوه خەریکبوو سەردەکەوت. یەکێک له هاوڕێیان لەسەر بانییەوه ویستی به قەناسه تێیبگرێ، بەڵام یەکی تریان دەستی خسته سەر تفەنگەکەی و نەیهێشت،... گوتی کەس فیشەک له رۆح ناگرێ،... جگه لەوه فەرمانده خەوتووه!

(٢٤)

بەڵام فەرمانده خەوی لێنەکەوتبوو. رووداوی ئەمشەو گەلێک بیرەوەریی منداڵیی دیسان تیا زیندووکردبووەوە. دیسان بیرەوەریی رۆح و دێوەزمە و جنۆکە و شتی لەم بابەتە. راستی ئەوە بۆ ئەو جۆرە شتانە کۆتایی پێهاتبوو؟ لای ئەو بە هۆی شێوەی ژیانییەوە کۆتایی پێهاتبوو یان بەگشتی وەها بوو؟ هەبوون یان نەبوون؟ جاران رۆح بەشێکی گرینگ لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤەکانی پێکدێنا. بەشێکی بەرچاوی چیرۆکەکان بوون. ئەو کاتانەی تەنیا یەک یان دوو ژوور لە ناو ماڵ گلۆپی تیا دەئایسا و کۆڵانەکانیش تا رادەیەکی زۆر تاریک و نووتەک بوون. ئەو کاتانەی وا چوونە حەوشەیش بە شەوا غیرەتی دەویست و ئیتر هەر لەسەر بان و بانیژە گەڕێ! فەرمانده لە بیری دێت بە منداڵیش سەبارەت بەم جۆرە شتانە بەغیرەت بوو. ئەوەندە ئاسان دڵی بە چیرۆکە سەیروسەمەرەکان یاخود بە تاریکی دانەدەخورپا. بۆ خۆیشی نازانێ بۆچی لەچاو منداڵانی تر جیاوازتر بوو. لە کاتی چاوشارکێدا دەیتوانی لە ترسناکترین شوێنەکان خۆی حەشاربدا. بۆیە هەمیشە براوە بوو. کەس نەیدەتوانی بیدۆزێتەوە. باشتر بڵێین دەیانزانی لە کوێیە، بەڵام کەس زاتی نەدەکرد

رووی تێبکا. بۆیە جاری وابوو خۆی خۆی بەدەستەوە دەدا. هەستی دەکرد کایەیش بەربەرە خەریک بوو تامی نەدەما. منداڵەکان بەشوێن یەکتردا رایاندەکرد، بە شوێن ئەودا نا! لە بیری دێ قەت لە هیچ شوێنێکی تاریک بە تووش هیچ شتێکی سەیروسەمەرەوە نەبوو، بەڵام هەمیشە چیرۆکی ترسناکی بۆ منداڵەکان دەگێڕایەوە. ئیستا، کە بیری لێدەکاتەوە پێکەنینی دێ، بەڵام داخۆ مرۆڤ بە گەورە سالیش هەر خەریکی ئەمە نیە؟ بەتایبەت ئەو و هەڤاڵان؟ فەرماندە بە ئەزموونی منداڵی خۆی دەزانی مرۆڤەکان لە ناخەوە حەزیان بە درۆیە بەمەرجێک درۆکە باس لە جیهانێکی تەواو جیاواز بکا و بتوانێ سەریان گەرم بکا و کەمێک لە ئاسایی بوونی ژیانی رۆژانە دووریان بخاتەوە. جگە لەمە دەیزانی درۆ دەبێ هەمیشە جۆرێک لە قارەمان سازبکا، ئەو قارەمانەی بە کردەکانی ترسی ترسنۆکەکان دەڕەوێنێتەوە و دیسان دەتوانێ بیسەلمێنێتەوە کە نا مرۆڤەکان هەموویان لە یەک چەشن نین. فەرماندە زۆر جار ژیانی شاخی خۆی و حەقایەتی رۆحەکانی وەک یەک دێتە بەرچاو. داخۆ هەر دووکیان هەوڵێک نەبوون بۆ دەربازبوون لە ژیانی مرۆڤە بوودەڵەکان و ترسنۆکەکان؟ هەر وەک ئەو ساڵانە، مرۆڤەکان (بەڵام ئەمجارەیان گەورەکانیان) بە ئازایەتی ئەو و هەڤاڵان سەریان سوڕدەما. لای فەرماندە ژیانی شاخیش زۆر عەجایەب نەبوو، وەهایش نەبوو خەڵکی بیریان لێدەکردەوە. هەر ئەوەندە پێی راهاتبای. دەتبینی ئەوەندە قورسیش نیە. ئەی مەگەر ژیان راهاتن نیە؟ کە زۆر لەگەڵ مەرگ بووی ئیتر دەبی بە هاوڕێ،... هاوڕێیت. تەواو. لێی ناترسی. یەعنی لێی دەترسی، بەڵام ترسەکە ئیتر ئەو تام و چێژەی سەرەتای

نامێنێ. ئەویش دەبێتە شتەکانی تر. دەبێتە خۆرێک کە هەموو رۆژێک هەڵدێت و ئاوادەبێتەوە.

بەڵام ئەم رۆحەی ئەمجارە جیاوازە. فەرماندە هەرچەند نە ئەو کات و نە سەرەڕای هەموو چیرۆکەکانی قەت باوەڕی بە رۆح و شتی لەم بابەتە نەکرد، هەستدەکا ئەمجارە ئیتر گاڵتە نیە. نا، گاڵتەیە، بەڵام گاڵتەیەکی ترسناک. باشە ئەمە چیە،... ئەمە کێیە ئەمە دەکا،... بەڕاستی خودی کەرەشینە، یان،... یان... . فەرماندە رادەچەنێ. دەکێشێ بە ناوچاوی خۆیا. نەکا کاری دراوسێی یەکەم و دووهەم بێت،... ها نەکا!؟ ئەوسا هەوڵدەدا هەموو چیرۆکەکە بەسەربکاتەوە. سەرەتا لە ماینە سپییەوە دەست پێدەکاتەوە. دێتەوە بیری ماینە سپی فەرماندەیشی زۆر جار لە مەرگ نەجاتدابوو، لە کاتی شەڕەکاندا هەمیشە لە دوواوە بوو و بۆیە ئەگەری ئەوەی بەر گوللە بکەوێ یەکجار کەم بوو. لە کاتی تۆپبارانەکانیشدا هەمیشە وەهای رادەگرت کە ئیحتیمالی بەرکەوتنی یەکجار کەم بێت. بەڵام سەرئەنجام تیاچوو. شەڕ وەهایە، هەرچۆنێک بێت رۆژێک لە رۆژان گوللەیەک لە شوێنێکەوە دەتسمێ. ئەها،... نەکا دراوسێی یەکەم و دووهەم گرایان بە دیکتاتۆر دابێ؟... یان رەنگە هەر بۆخۆیان تۆپیان پێوەنابێ؟ فەرمانده مێشکی خۆی دەگووشێ، هەوڵدەدا ئەو رۆژەی بە جوانی بێتەوە بیر. ئەها،... راوەستە! من و ماینەکەم لەگەڵ هەندێ لە هەڤاڵان لە دیوی رۆژهەڵاتی شاخەکەوە بووین و دوژمن لە بەشی رۆژئاواوە بە تۆپ دایگرتبووین. ئێمە لە شیوێکدا بووین، شیوێکی قوول. فەرماندە بە ئەزموونی خۆی دەزانێ کە پێکانی وەها شوێنێک ئەویش بە تۆپ یەکجار زەحمەتە. بە

خوا ئەو گەوادانە لە دوواوە پێوەیان ناوین! ئای ی ی ماینە گیان! سپی وەک بەفر دەدرەوشایتەوە بۆیە پێکایانی.

ئەوسا دێتەوە بیری زۆر جار کەرەشینی لەگەڵ خۆی بردبوو بۆ ئەو دیو، بۆ وڵاتی دراوسێی یەکەم. دێتەوە بیری جاری وابوو لە مەقەڕ بەجێی دەهێشت، جاری وابوو کەرەشین بۆخۆی لە دەوروبەری بنکە دەلەوەڕا. هەڤاڵان ئاگایان لێبوو، بەڵام کوڕە وەی لە هەڤاڵانیش! کێ دەڵێ بە جوانی چاویان پێوەبووە؟ بەو نیوەشەوە دەکێشێ بە پشت دەستی خۆیدا. ئای دڵی غافڵ! ئیشیان لەسەر کردووە، دەماغیان گۆڕیوە، هەتا بڵێی شتیان لەدەست دێت،... ئای دڵی بێ خەبەر لە دونیا! ئەوسا بیر لە هەڵس و کەوتی کەرەشین لەو ساڵانەدا دەکاتەوە. ئەوەیکە جاری وابوو ئەوەندە کەلەرەق بوو کە پیاو هەر سەری لێ سوڕدەما. یەکێک لە هەڤاڵان کە خەڵکی گوند بوو و هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ گوێدرێژ سەروکاری هەبووبوو بە فەرماندەی گوتبوو قوربان ئەمە لە گوێدرێژ ناچی، بەڵایە بەڵا، خۆت لەدەستی قوتارکە، هەر عەیب نەبێ قوربان کەر زۆرە! راستی دەکرد هەر کەر زۆر بوو، بەڵام بۆ خۆیشی نازانێ بۆ قەت بەقسەی ئەو هەڤاڵەی نەکرد. ئەوسا بیری عادەتێکی خراپی خۆی دەکەوێتەوە کە یەکجار یەکەناس بوو. هەی بێمزەڕەت بی تۆیش بۆ عادەتت پیاو! بە دەورەی تەختی خەوەکەیدا دێت و دەچێ. هەموو دیمەنی رۆژی راپەڕینەکەی دێتەوە پێش چاو. ئەوەیکە کەرەبۆز چلۆن بێ باکانە بە بێ ئەوەی جوابی فەرمانده بداتەوە خۆی بەناو جەنگەی شەرەکەدا کردبوو. دەڵێی دوێنێکە بوو. ئای دیسان دڵی گەمژە، ئیستا دەزانم، ئەو خوێرییە دەیویست بەکوشتم بدات، ئەرێ بە

کوشتم بدات، دراوسێی یەکەم و دووهەم پلانی لەناوبردنی منیان هەبوو، بەڵام،... بەڵام سیخوڕەکەی خۆیان تیاچوو، لەخۆوە نیە لە کۆنەوە وتویانە چاڵ بۆ کەس هەڵمەکەنە خۆتی تێدەکەوی. لێرەدا فەرمانده بیرەوەرییەکی سەردەمی منداڵیی دێتەوە یاد. دوو دراوسێ شەڕیان بوو. لە کۆڵان پیاو و ژنەکانیان بەربوونە گیانی یەکتر و وەک سەگی هار یەکتریان هەڵدەدڕی. خەڵکی جیایان کردنەوە. لەم کەین و بەینەدا یەکێک لە ژنەکانی دراوسێیەکیان قوڕعانێکی بەدەستەوە گرت و هاتە بەر پەنجەرەکەی سەر کۆڵان و ڕوو لە ماڵی دراوسێکەی تر دەستی بە قوڕعانەکەدا دەنا و دۆعای دەکرد و لە خوای دلۆڤان دەپاڕاوە کوڕیان لێ بستێنێ،... کوڕیان جوانەمەرگ بکات. کەچی سەیر ئەوە بوو هەر ئەو ئێوارەیە کوڕی ئەو ماڵە خۆیان لە خیابان بە دەستی کەسێکی تر بە چەقۆ کوژرا. فەرمانده لەبیری دێت پیرەژنێکی دراوسێیان گوتبووی خوای گەورە ئەوەی قوڕعان بەدەستەوە بگرێ و دۆعای مەرگ لە کەسی تر بکا دۆعاکە وەردەگەڕێنێتەوەو لە کەسی خۆیان دەمرێنێ، گوتبووی لەوە تاوانێکی گەورەتر نیە لە دونیادا کە قوڕعان بەدەستەوە بگری و ئاواتەخوازی مەرگی عەبدی خودا بیت.

ئای گوێدرێژی نەگبەت! سەری خۆت تیابرد. بزەیەکی دێتێ. بەڵام وەک بڵێی کەسێک تێوەیژەنێ، دادەچڵکێتەوە. ئاخر گەر ئەو ڕۆژە تۆپاندبێتیان ئەی ئیتر ئەم بەزمە چییە؟! چەند سوڕی تر دێت و دەچێ. ئەها! دەی ئەگەر بتوانن گوێدرێژێک بکەن بە سیخور، چۆن ناتوانن زیندوویشی بکەنەوە! فەرمانده دەیزانی لە مێژە هەر دوو دراوسێکە بەتایبەت یەکەمیان لە ژێرەوە و بەدزیی وڵاتانەوە خەریکی پەرەپێدانی

ئاخرمودیلی تکنۆلۆژیان. بەتایبەت لە بواری سیخوڕی و ئامرازی دەست تێوەردان و گۆڕینی هەموو جۆرە رۆح لەبەرێک. ئەو هەمیشە لە ئارام قسەکردنی پیاوانی دراوسێی یەکەم جۆرێک لە دڵنیایی دەبینییەوە کە لە هیچ کەسێکی تردا نەیبینیبوو. فەرمانده پیاوێکی گەڕیده و دونیادیده بوو. دەیزانی ئەوەی لە خراپترین دۆخەکاندا نەشەمزێ مانای ئەوەیە پشتی ئاسە،... پشتی قایمە. خۆ ئەو نەگبەتانە کەسیشیان لەم دونیایەدا نەبوو، بۆیە دەبێ ئەمە بێت ئەمە! سەری خەریک بوو دەتەقی. بە خۆی گوت ئەوەی بوو، بوو... ئیتر رابرد؛ بەڵام با بزانم پلانی ئیستایان چییە. باشە مەبەستیان لە زیندووکردنەوەی کەرەشین چییە؟

پەرداخە ئاوەکەی لە سەر مێزە گچکەکەی تەنیشت تەختی خەوەکە هەڵگرت و قومێکی لێدا. لەسەر بانی دەنگی پێی هەڤاڵە کێشکگرەکان دەهات. لە دووای تەقەی ئەمشەو دونیا بێدەنگتر دەینواند. سێ ئەگەر هەیە: یان داوای برابەشی دەکەن، یان دەیانەوێ حەیام بەرن، یان نا کەرەشین بە گشتی لە دەست دەرچووە و ئیتر بە کەیفی خۆی دەکا. بەڵام گرفت ئەوە بوو نەیدەزانی لەم سیانە کامیان ئەگەری راستەقینەن. بۆیە هەر بەو شێوەیە سێ ڕێگای لەبەر بوو: یان وەفدێک بنێرێ و بزانێ چییان دەوێ و داخۆ لەوەی پێیان بڕاوە رازین یان نا؛ ئەگەریش بە تەمای حەیابردنن ئەوا دیسان لەگەڵیان بسازێ، یاخود هەرچۆنێک بووە کەرەشین دەستخا و ئەمجارە بەڕاستی بیتۆپێنێ. ئەوسا لە دڵەوە ئارەزووی کرد حاڵەتی سێهەم بێت. ئاخر بیستبووی جاری وایە

تکنۆلۆژیا لەدەستی خاوەنەکەی دەردەچێ و ئیتر کەس دەسەڵاتی بەسەردا نامێنێ. هەر مرۆڤ نیە، تکنۆلۆژیایش سەری لێدەشێوێ.
فەرمانده بزەیەکی هاتێ. بە خۆی گوت وەرە ژیان وای لێ بێ کەریش لە مرۆڤ بێ منەت بێ!

(٢٥)

لەگەڵ ئەوەی پارە زۆرە و لە سنووورەکانەوە شمەک دێت، کەچی کتوپڕ گرانییەکی سەیر روو لە وڵات دەکا. لە شارەکان هەموو شتێک بەتایبەت نرخی خانووبەرە تەواو دەچێتە سەر، جاری وایە هەست دەکەی نرخەکان خۆیان لە هیچ شوێنێک راناگرن و بەردەوام لە زیادبووندان. کەسابەت هەیە، بەڵام بۆ ئەوەی دەرەقەت بێی دەبێ زیاتر راکەی. هەندێ کەس دەماسن و هەندێ دەتاسن! هەڤاڵان لە کۆبوونەوەیەکدا داوا لە فەرمانده دەکەن ئەم دۆخە تاوتوێ بکەن. لەگەڵ ئەوەی باش دێتەبەرچاو، بەڵام هاوکات کەمێکیش پەرۆشن.

فەرمانده داوادەکا مامۆستاکەی زانکۆی بۆ بانگ بکەن. مامۆستای ئابووریزان بە بزەیەکی خۆشبینانەوە گوێی لێدەگرێ. بێ ئۆقرەیە و حەزدەکا خێرا نۆبەی بگات. بۆیە ئەو ئیزنە بە خۆی دەدات دووا رستەی فەرمانده ببڕێنێ و خۆی دەهاوێتە قسەکانییەوە. قوربان هەڵاوسان ئاساییە، هەژارییش ئاساییە، گرینگە ئەوەیە پارە هەیە و هەڵدەسوڕێ، گرینگ ئەوەیە خەڵکی گەر تەمبەڵ نەبن کار و ئیش هەیە و دەتوانن بژیوی خۆیان پەیدابکەن، راستە ئیستا لە چاو جاران زەحمەتترە، بەڵام ئێمە ئیستا وڵاتێکی داخراونین، کراوەین.

بەڵام فەرمانده کەمێک ترساوە، دەڵێ هەڤاڵان دەڵێن گوندەکان چۆڵ بوونە و خەڵکی هەموویان رووبان کردووەتە شاران، دیارە رایان وایە ئەمە باشە، بەڵام تۆ لات وانیە ئەمە خراپە. مامۆستای زانکۆ دیسان

خۆی هەڵداوێتە دووارِستە و دەڵێ قوربان ژیانی ئەم سەردەمە واتای ژیانی شارنشینیە، گوند هەر مانای نەماوە، سەیری هەموو وڵاتان کە هەموویان وەهان، تازە موشکیلمان چییە، ئەی ئەوە نیە هەموو شتێکمان هەیە، جا با هاوردەیش بن. لێرەدا کەمێک دەنەوێتەوە و دەنگی تۆزقاڵێک دێنێتەوە خوارەوە و لە کاتێکدا بە چاو دەوروبەری دەپشکنێ و وەک بڵێی نامەحرەمێک گوێی لێیە، بە ئەسپایی دەڵێ قوربان هەروەها لەبیرت نەچێ دەبێ ئاگامان لە دراوسێکانمان بێت، ئاگامان لە هەموو دۆستەکانمان لە ناوچەکە و لە جیهاندا بێت، نابێ نانبڕیان بکەین، گەر ئەمە بکەین پشتمان تێدەکەن و خوانەخواستە قوڕمان بەسەردا دەکرێ،... خۆ خۆت باشتر دەزانی قوربان ن...!

یەکێک لە هەڤاڵان دێتە ژوورەوە و نامەیەک دەخاتە سەر مێزەکەی و دەڕواتە دەرەوە. فەرماندە بەلاچاو سەیرێکی دەکا. نامەکە لە لایەن خزمێکەوەیە. نایکاتەوە. رێک فڕێیدەداتە ناو زبڵی ژێر مێزەکەیەوە. لە مێژە زۆر تاقەتی خزمانی نەماوە. باشە لەمە زیاتر چییان دەوێ؟ نەکا دەیانەوێ هەموو شتێکی ئەم نیشتمانە بکا بە قوڕگیاندا! بە هەڤاڵی ئابووریزان دەڵێ چاییەکەی بخواتەوە. بۆ خۆیشی دەکەوێتە بیرەوە. راپۆرتە نهێنییەکان دەڵێن خەڵکێکی زۆر تووڕەن، دەڵێن گەنجەکان سەری خۆیان هەڵدەگرن و دەڕۆن، دەڵێن بە وڵاتانی ناوچەدا بڵاوبوونەتەوە، بەتایبەت دراوسێی یەکەم و دووهەم. وەک بڵێی مامۆستای زانکۆ بیری خوێندبێتەوە بە دەم دوواقومی چاییەکەیەوە دەڵێ قوربان سەردەمی عەولەمەیشە، وەک سالاّن نەماوە، خەڵکی دەڕۆن، بە هەموو دونیادا بڵاودەبنەوە، تازە ئەمە زۆر درەنگ

گەیشتووەتە لای ئێمە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووسەد سێسەد ساڵ لەوە پێش هەر بە خەڵکی گەڕۆک دروستکرا، تازە لە ئەوروپاوە رووبان تێکرد، سەیر نیە قوربان! ئەو وڵاتە عەزیمە، چما ئێمەیش رۆژێک وەهامان لێ بێت! فەرماندە کە ئەمەی قەت نەبیستووە بە سەرسوڕمانەوە لە مامۆستاکە دەڕوانێ. بەڵام دەستبەجێ حاڵەتی نیگای دەگۆڕێ و دەڵێ لە شاخ وانەیەکی تایبەتمان لەسەر مێژووی کۆنی جیهان هەبوو، دۆخی ئەمەریکا ترۆپکی باسەکانی بوو. مامۆستاکە وەک بڵێی گوێی لەم قسانە نەبووبێ بەردەوام دەبێ و دەڵێ قوربان لە بیرت نەچێ هەموو رۆیشتنێک گەڕانەوەیشی هەیە، نابێ پەلە بکەین، رۆیشتن بە گیرفانی خاڵی و گەڕانەوە بە دەستی پڕ.

قسەکانی کاکی ئابووریزان ماقوڵ دێنە گوێی فەرماندە. راستە خۆ ئەم نایەوێ وەک دیکتاتۆر وڵات بەڕێوەببات. دیکتاتۆرەکان هەتا دەتوانن ژمارەی سنووردەکان زیاتر دەکەن و بارستاییان زیاتر، بۆیە ئەم دەبێ بە پێچەوانەی ئەوانەوە هەتا دەتوانێ سنووردەکان لاببات، جا بە هەر شێوەیەک پێی دەکرێ. جا داخۆ هەر لە سەرەتایشەوە هەر ئەمەی نەکرد؟ سەردانی دوو وەفدەکەی دراوسێکان دێتەوە یادی کە بێ ئەوەی هەڤاڵان بەخۆیان بزانن هاتنە بەر بارەگاکانیان. هیچیش رووی نەدا. نە ئەمان دەسەڵاتیان رووخا و نە ئەوانیش بوون بە خاوەنی هەموو شتێکی ئەم نیشتمانە. لەبەر خۆیەوە دەڵێ دەبینە نموونەیەکی یەکجار دەگمەن لە هەموو جیهاندا، ئەوەندە کە خەڵکی پسپۆڕ بنێرن بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەمان لەسەر بکەن و لێمانەوە فێربن.

مامۆستاکه لە کاتی رۆیشتندا وەک دوواقسەی دەڵی قوربان نەکا باوەڕ بەم قسانە بکەی کە هاوردەکردنی پارەی زۆر بۆ ناو بازاڕ خراپە و دەبێتە هۆکاری هەڵاوسان، گوێ لەم جۆرە کەسانە مەگرە!

فەرمانده نازانێ لەسەدا چەندەی هاووڵاتیان مووچەخۆرن، بەڵام دەزانێ لیستەیەکی یەکجار دوورو درێژ لە لای هەڤاڵانە. لە سنوورەکانەوە هەموو شتێک دێت و بە هۆی پارەی زۆرەوە هەر هەموویشی بازاڕی خۆیان هەیە. بگرە هەندێ لەو کاڵایانەیش بۆ ئەم لاولا قاچاخ دەکرێنەوە. نیشتمان بووەتە بازاڕێکی بەرەخۆر. لە سەدا نەوەدی حەشیمەتی وڵات لە چەند شاری گەورە و هەندێ شاری بچووکتردا کۆکراونەتەوە. جادە و کۆڵان بەرناکەوێ. تڕۆمبیل و مرۆڤ رێگا بە یەکتر دەگرن. هەوا هەتا دێت پیستر دەبێ. فەرمانده لە بەر پەنجەرەکەیەوە تویژاڵێک لە هەوای پیس و رەش و دووکەڵاوی بەسەر شارەوە دەبینێ. سەرۆک پۆلیس باس لە زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکا. شەڕ و جوێنفرۆشی و دەمپیسی. خیانەتکردن و تەڵاق لە بڕەودان. هەروەها دەستدرێژیش. کووشتنی ژنان و کچانیش زیادی کردووە. کە ئێوارانی جومعەیش دێت، سەیرانگاکان لەبەر زۆریی حەشیمەت جمەیان دێت. بتڵی بیرە و ئارەق و ویسکی سروشتیان پیسکردووە. جەماعەتی هەڵپەڕکێ لە هەموو شوێنێکەوە هەڵبەز و دابەزیانە. فەرمانده هەرچی دەکا دیمەنەکەی بۆ سەریەک ناخرێتەوە. بیردەکاتەوە ئاخر چۆن چۆنی دەکرێ ئەم هەموو شتە دژبەیەکە لەگەڵ یەک بەم شێوازە بژین. جاری وایە دەگاتە ئەو بڕوایەی کە راپۆرتەکان هەر هەموویان درۆن، ساختەن. بیردەکاتەوە لە دەرەوە لە راستیدا

شتێکی تر لە ئارادایە کە لە چاوی ئەو ونە. خۆ ناشکرێ سوار سەیارەکەی بێت و بچێ بۆ ناو خەڵک و بۆخۆی راستەخۆ لێیان بپرسێ چ باسە. تازە کردیشی، مەگەر دەتوانێ چەند کەس ببینێ. تازە مەگەر دیکتاتۆر نەیکرد؟ لە بیری دێ تەلەفزیۆنەکان پیشانیان دەدا، هەر خولەنەخولە خۆی بە ماڵێک یاخود گەڕەکێکدا دەکرد. دەی عاقیبەتی چی بوو؟ هیچ، قوڕی بەسەرداکراو و تەواو. نا، کەواتە ئەم نابێ وەها بکا.

بۆیە چۆک دادەدا و بە خۆی دەڵێ چاری نیە و دەبێ ئەوەی هەیە وەک خۆی وەریبگرێ. هەتا رۆژێ راپۆرتێکی سەیروسەمەرە دەگاتە دەستی. هەڤاڵان باس لە گەشە و بڵاوبوونەوەی حیزبێکی نوێ دەکەن کە ئایینی کردووە بە ئایدیۆلۆژیای خۆی و باس لە بەڕێوەبردنی نیشتمان بە گوێرەی یاسای خودا دەکەن. هەڤاڵان دەڵێن زۆرن و گەر فریای خۆیان نەکەون ئەوا گڵۆڵەیان دەکەوێتە لێژی. فەرمانده کە یەکجار تووڕەیە، دەڵی دەی وەک ئەوانی تریان لێبکەن، خۆ زۆر زەحمەت نیە، تازە ئەمانە ساوان و بێ ئەزموون. بەڵام کێشەکە رێک لێرەدا بوو کە ئەوان نوێ بوون. لەسەر شتێکیش دامەزرابوون کە فەرمانده زۆر جار لای وابوو تایبەتمەندییەکی ژیانی ناو ماڵە و تەواو. گوتیان خەڵکیان زۆر لەگەڵە. تازە لە وەزارەتی ناوخۆیش ئیزنی هەڵسوڕانی یاساییان وەرگرتبوو. لە هەمووی خراپتر وتیان پچەپچیشیان لەگەڵ دراوسێی یەکەم و دووهەم هەیە. بەمە فەرمانده داچڵەکا. بە ئەزموونی شاخ دەیزانی کاتێک دراوسێ یاخود دوو دراوسێ لە پشتت بن ئیتر بۆ ئەوەی وا جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە دەبێتە کێشەی جیددی. لێرەدا بیری

وشەی عەولەمەی هەڤاڵان کەوتەوە. دیسان بە ئەزموونی خۆی دەیزانی بۆ ئەوەی وەها حیزبێک دەستەمۆ بکا دەبێ پێش لەهەر شتێک لەگەڵ دراوسێکانی بسازێ و ئەمەیش بە مانای زۆر شتی تر بوو. فەرمانده بن باڵی کەوتە خورین. خوراندی. بەڵام خورینەکە تەواونەدەبوو و گەییە پشت و ژێر ناوکیشی. دوو هەڤاڵ یارمەتیان دا. کە لێبووەوە ئەمری دەرکرد بە زووترین کات ئیجازەی یاسایی ئەو حیزبە نوێیە جارێکە بسڕنەوە تا ئەم بۆ خۆی لەگەڵیان دانیشتنی دەبێ.

ئەو رۆژەی وەفدی حیزبە تازەکە هاتن رۆژێکی کۆتایی پاییز بوو. فەرمانده لێیان وردبووەوە. پێنج پیاوی ریشن بوون لەگەڵ ژنێکی محەجەبە. ئەمەی بەلاوە ئەنتیکە بوو. هاتەوە بیری لە ناو ئەماندا هێشتا هیچ ژنێک لە سەرکردایەتیدا نەبووە،... قەت قەت. ئەوەی کە ئەوەتەی هەبوون کۆمەڵێک پیاوی تووڕە بوون بە چەکەکانیانەوە. فەرمانده کەمێک تەریق دەبێتەوە. وادیارە خەڵکی بیر لە زۆر شتی تر دەکەنەوە. تەوقەیان لەگەڵ دەکا. بەسەرسوڕمانەوە دەبینێ وەفدەکە لە شێوەی قسەکردنیاندا زۆر لە دراوسێی یەکەم دەکەن. یەکیان کە زیاتر لە دەمڕاستیان دەچێ و پیاوێکی تەمەن مامناوەندییە باس لە فرەچەشنی دەکا، باس لە ئازادی و دیمۆکراسی، هەروەها باس لەوەی ئەم نیشتمانە نیشتمانێکی باوەڕدارە و ناکرێ باوەڕی زۆرینەی خەڵک لە بەڕێوەری وڵاتدا رەچاونەکرێ، ئەوەیکە ئەوەی وا باوەڕی بەو دونیا نەبێ ناتوانێ بە جوانی ئەم دونیایش رێکبخات. فەرمانده بە وردی گوێیان لێدەگرێ. ئەم قسانەی بەجۆرێک لەوە پێش بیستبوو، بەڵام هەمیشە لای وابوو ئەمە قسەی وڵاتانی تر و شوێنانی تره و یەکجار

لێرە دوورە. نا، باوەڕی نەدەکرد. جگە لەمە یەکەمجار بوو لە ژیانیدا بۆ قسەکردن مابووەوە. نەیدەزانی لە کوێوە دەست پێبکا. یەکێک لە هەڤاڵان هات و بە گوێیدا چپاندی کە قوربان بە چ ناوێکەوە ئیجازەکەیان لێ وەربگرینەوە. فەرمانده ناوچاوی تاڵکردو و بەدەست لە خۆی دووری خستەوە. ئیلهامێک پێی دەگوت نا بە هیچ کلۆجێک ناتوانێ ئیجازەکەیان لی بستێنێتەوە. بەم ئیشە تەنیا دۆخی خۆی خراپتر دەکرد. فەرمانده کە بەپێچەوانەی حیزبەکانی تر ئەمانی بە شەخسی نەدەناسی بە بزەیەکەوە گوتی جا پێش ئەوەی ئەم رای خۆی دەربببڕێ وا باشە هەڤاڵانی میوان خۆیان بە وردی بناسێنن. بەمە جەوەکە کرایەوە. زۆربەی میوانەکان خەڵکی باشوری نیشتمان بوون. خوێندەواری باڵایشیان هەبوو، بەو ژنەیشەوە وا لەگەڵیان بوو. کاتی خۆی چەندین کەس لە بنەماڵەکانیشیان لە لایەن دیکتاتۆرەوە یان کوژرابوو یان بێ سەرەوشوێن. دەڵێن کە شەهیدەکانیان هەر ئەو کاتیش خەریکی دامەزراندنی ئەم حیزبەی ئەوان بوونە. فەرمانده دەپەشۆکێ. شتی وا چۆن دەبێ. یەعنی لە ترۆپکی توانای خۆی و هەڤاڵان لە شاخ ئاگای لەم بەزمە نەبووە! ئەوسا میوانەکان باس لە ئەخلاق دەکەن. ئەوەیکە بەداخەوە لە دووای راپەڕین رەسەنایەتی نیشتمان خەلەلی تێکەوتووە و بە یاری خوا و بە گەڕانەوە بۆ نەریتە جوانەکان کە زۆربەیان رەگیان لە ئایینداا هەیە دەتوانرێ چاک بکرێنەوە. ئەوان رخنەیەکی زۆریشیان لە سەردەمی پارە هەیە. بە ناوی پارە فەرمانده دەگەشێتەوە. وەک بڵێی بە شتێک گەیشتبێ.

کاتێک میوانەکان دەڕۆن بە هەڤاڵان دەڵێ پێویست ناکا ئیجازەکەیان لێ وەربگرنەوە، با ئەوانیش هەبن، بەڵام لە بیرتیان بێت پارە بکەن بە قوڕگیاندا.

فەرمانده بیردەکاتەوە سەردەمی شاخ هەموو شتێک زۆر ئاسانتر بوو، راستە دۆخێکی دژوار و ناسەقامگیربوو، بەڵام هەموو شتێک بە سەر دوو بەرەدا دابەشکرابوو: ئەمان و دیکتاتۆر؛ کەچی ئیستا دەڵێی نەک تەنیا هیچ بەرەیەک نەماوە بەڵکو هەموو شتێک تێک ترینجاوە. ئاگات لەخۆت نەبێ لە بن پێتەوە دەڕوێن. باشە ئەمان چییان بوو کە خەڵکی بیریان لە دروستکردنی حیزبی تر دەکردەوە؟ مەگەر بەقەدەر هەموو مێژوو قوربانیان نەدابوو؟ نا، گوویان خوارد گوو! پێیان وایە هەر ئاوا دەتوانن خۆیانی پیابکەن و بڵێن ئیتر نۆرەی ئێمەیە؟ گەواد لە سەر ئیسفاڵت دەیکا و لای وایە بەقەدەر من مافی هەیە!... دەزانم سەرتان لە چ کونێکەوە دەرهێناوە،... دەزانم!

(٢٦)

رۆژێک که له ژووری کارەکەی خەریکی بە تەلەفۆن قسەکردن لەگەڵ بەشی عەسکەرییە هەڤاڵێک خۆی بە ژوورەوەدا دەکا. هەستەکا لە پشت دەرگاکە کەسێکی تر راوەستاوە. هەڤاڵەکە پەشۆکاوە. قسەیەک لە زاریدا ماوەتەوە. وەک بڵێی نازانێ لە کوێوە دەست پێبکا. فەرمانده بە چاوە پڕ لە پرسیارەکانی لێی دەپرسێ چ باسە لەگەڵ ئەوەی لەناو گووشییەکەوە کەسێک بەردەوام لەوبەرەوە قسەدەکا. سەرئەنجام وشەکان دێنەدەرەوە. قوربان خێزانت،... خێزانت خاتوون مردووە! فەرمانده بۆ ماوەیەک رادەمێنێ. هیچ نالێ. بێدەنگ. ئەوسا بەبێ ئەوەی هیچی تر بڵێ گووشییەکە دادەنێ. مرد؟... چۆن مرد؟ قوربان نازانم. کارەکەرەکەی هاتووە. من چەند هەڤاڵێکم نارد. ئەوسا فەرمانده رادەبێ و دەڕوا.

لەناو ژووری دانیشتنەکەخاتوون دەمەونخون کەوتووە. ناجوڵێ. دوو کوڕەکەی لەسەر قەنەفەکان دانیشتوون و دەگرین. خزمەتکارەکانی دیکە هەروا دەڕوانن. چاویان سوورە. هەڤاڵان لە فەرمانده رادەمێنن. فەرمانده ئارام لە تەرمەکە نزیک دەکەوێتەوە. لە دکتۆرتان راسپاردووە؟

قوربان بەڕێوەیە. فەرماندە دەنەوێتەوە. دەست بە لاملییەوە دەگرێ. ئاسەوارێک لە لێدانی دڵ نیە.

دکتۆر دەڵێ بە جەڵدەی دڵ مردووە.

لە گۆڕستانی سەرەکی شار ناینێژن. لە گردێکی نزیک خۆیان دەینێژن. گردێکی رووتەڵە. یەکەم مردووی گرینگی تیا دەنێژرێ. دەبێتە سەرەتای ئەوەی بیکەن بە گۆڕستانێکی تایبەت. تایبەتی ئەو هەڤاڵانەی تایبەت ژیان. ئەوانەی وا سەرترۆپک بوون. فەرماندە رازییە، ئێرە دەبێتە نیشانەیەکی بەرزی تری ئەم نیشتمانە. بیردەکاتەوە رۆژێک، کە ئەوەندە دووریش نیە، هەموو کەس لە جیهانەوە دێن بۆ سەردانی. بۆیە داوادەکا مۆنۆمێنتێکی تایبەتیش لەسەر هەڤاڵە کۆچکردووەکان بنووسرێ. رێک وەک کێلێکی بان سەر. سێ رۆژ نیشتمان دەکرێ بە پشوو. بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدێک کە تەواوی تەمەنی خۆی لەو کاتەوە شووی بە فەرماندە کردبوو لە خزمەتی نیشتماندا ببوو. هەرچەند قەت راستەوخۆ هیچ چەشنە ئەرکێکی نەبوو. بەڵام نزیکترین کەسی فەرماندە بوو. رێک لە ڕێگای خزمەت بە فەرماندەوە. چی لەمەیش پیرۆزتر. هەنگاو بە هەنگاو لە شاخ و لە دووای راپەڕینیش. هەرچەند زۆریشی نەدەبینی. خزمەتێکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام لە هەمان کاتدا راستەوخۆترین خزمەت. بەتایبەت لە دووای راپەڕینەوە. خاتوون زیاتر لە پەنجا ساڵ تەمەنی بوو. قەت خۆی جوان نەدەکرد. وەها دەردەکەوت سروشت پێی بەخشیبوو. وەک بڵێی دەیەویست بڵێ جا بۆ کێ خۆم جوان بکەم! فەرماندە چەندە بە نیشتمانەوە سەرقاڵ بوو ئەویش هەر ئەوەندە بە ماڵ و حاڵی خۆیەوە. قەتیش لەسەر هیچ قسەوباسێکی سیاسی

هەڵینەدا. یەعنی نە دەرفەتی درا و نە بۆخۆیشی ویستی. راستە مێردەکەی لەم بەر بوو و دیکتاتۆریش لەوبەر، بەڵام لەناو ئەم هەموو وردە رووداوەدا سەریەکهێنانەوەی سەرەداوەکانیان لەلای گەلێک دژواربوو. بێدەنگ مێردەکەی بۆ هەر شوێنێک پەلکێشی کردبا دەڕۆیشت. ژنی مێردان مااڵی لەبن بەردان! باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو ناومااڵی هەتا دەگەیشتە دیوارەکان هی ئەو بوو و، لەوە بەدووا بە بەرینایی نیشتمان و دونیایش هی فەرمانده و هەڤااڵن.

فەرمانده کە خواستی، ئەم بە ئەمری باوکی شووی پێکرد. نە لێیان پرسی و نە ئەمیش گوتی باشە یان نا. قەدەری خۆی قبوڵکرد، هەرچەند هەموو دەستە خوشکەکانی بەخیلییان پێدەبرد. درەنگیش منداڵی بوو. لە چلەکانی تەمەنیدا بوو. خاوەنی دوو کوڕ. کە منداڵەکانیشی لەدایکبوون ئەوەندەی تر باوەڕی بەوە هێنا سەرەکیترین ئەرکی ئەو هەر لە چوارچێوەی مااڵدایە. خاتوون گەلێک شەوی بە تەنیایی بەسەربردبوو. کاری ناو ماڵ و نوقم بوون لە خەیاڵاتدا دوو بواری سەرەکیی ژیانی ئەو بوون.

فەرمانده زۆری نەدەدواند. کە دەهاتەوە ئەوەی پیاوێک دەبێ بیکا، دەیکرد و ئەوەندەی پێنەدەچوو بزردەبووەوە. هەمیشە یەک دوو بنەماڵە هەبوون کە رایاندەسپاردن ئاگایان لێی بێت. خاتوون جاری وابوو هەستیدەکرد سەری بەقەدەر کێوێک دەماسی. ئەوەندەی بیردەکردەوە نەبێتەوە. لەچی؟ ئیستا کە بیری لێدەکاتەوە، نەدەهاتەوە بیری. بیرە بێسوودەکان. جاری وابوو بۆخۆیشی نەیدەزانی بۆ شووی کردووە، یاخود پیاوەکەی بۆ ژنی هێناوە. داخۆ تەنیا لەبەر ئەوە شووی کردبوو

چونکه هەموو کچێک سەرئەنجام دەبێ رۆژێک مێردبکا و ماله باوک جێ بێڵێ! گەر قەرار رۆیشتن بێت ئەو زۆر رۆیشتبوو. رەنگە بەقەدەر هەموو ژنانی نیشتمان. ئەوەندە زۆر کە سەروبنی بۆ یەک نایەتەوە.

شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت هەر تەنیا ئەم ژنی فەرمانده نیە. ئەو بە غەریزەی خۆی عادەتی پیاوانی دەناسی. دەیانتوانی بە بێ ئەوەی کەسێکیان خۆش بوویێت لەگەڵی جووت بن. دەیزانی مێردەکەی بە جۆرێک دڵی لەلایەتی. دیارە رەنگە تەنیا بەو هۆکارە کە ئەم ژنی بوو. جیابوونەوەیش قەت لە ئارادانەبوو. هە،... شتی وا چۆن دەبێ! دەیزانی دەبێ جەستەی خۆی هەتا کۆتایی رابکێشێ.

زۆر جار بیری لەوە کردبووەوە گەر هاتوو مێردەکەی رۆژێک لە رۆژان شتێکی بەسەربێ، خوانەخواستە بکوژرێ یان بێ سەرەوشوێن، ئەوا چارەنووسی ئەم چی بەسەردێت. داخۆ دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی و بۆ لای کەسوکاری،... یان. لە دڵەوە دەزانێ شتی وا نابێ. دیکتاتۆر لێی ناگەڕێ. کەواتە ئەمیش بەقەدەر مێردەکەی گیرۆدەی ئەم شاخانەیە.

لە رۆژی ناشتنەکەی، گردەکە پڕی پیاوە چاویلکە رەشە لە چاوەکان بوو. هەموویان بێدەنگ بوون. کەس نەیدەزانی لە پشت چاوەکان چ جۆرە نیگایەک خۆی حەشارداوە، بەڵام بێدەنگیی جەستەکان لانیکەم باسیان لە خەمێک دەکرد. خەمێک کە زۆرتر ئاراستەی فەرمانده بوو. کوڕەکانی چیتر گریانیان پێ نەمابوو. سڕ لە تەنیشت باوکیان راوەستابوون. رەنگە جەو گرتبوونی. جۆرێک لە مەزنی لە هەوادا دەهات و دەچوو. شتێک کە گریانی دەڕەواندەوە. وەک بڵێی بۆ یەکەم جار بوو دەیانزانی کوڕی کێن و چین. بە باڵای کشاو و روخساری

منداڵانەیانەوە هیچ چەشنەجوولّەیەک و هیچ شتێکیان لە چاو ونندەبوو.

بنەماڵەکەی خاتوونیش هاتبوون. دایکی پیر و بە لەقەلەق. لە بەشێکی جیاواز دوورتر لەوانی تر راوەستابوون. زۆربەیان بە عابای رەشەوە. فەرمانده ماوەیەک لێیان راما. ئەوانەی وا تەنیا خزم بوون و ئەم بەجوانی نەیدەناسین. خوێنی ئەوانیش لە کوڕەکانیدا دەهات و دەچوو. بۆنی ئەوانیشیان دەدا. بەڵام کەچی؟ فەرمانده هیچ نوتقێکی نەدا. یەکێک لە هەڤاڵان ئەم ئەرکەی لەئەستۆگرت و لە گوتارێکی حیماسیدا باسی رۆژانی شاخی کرد. شێرەژن و دایکی نیشتمان ئەو دوو وشە سەرەکییە بوون وا زیاتر لە هەرشتێکی تر لە گوتارەکەیدا دەبیستران.

بۆ بەیانی نیشتمان پڕ کرا لە وێنەی دایکی نیشتمان. رۆژنامەکان بەشێوەی تایبەت لەسەریان نووسی. لەگەڵ ئەوەی هیچ وێنەیەکی تایبەت نەبوو تا فەرمانده و خاتوون لە تەنیشت یەکتردا پیشان بدات، بەڵام هەموو شتێک ئاماژە بەوە بوو بەوەی ئەم ژنە چ کۆڵەکەیەکی گرینگی ژیانی فەرمانده بووە و چلۆن لە رۆژە رەشەکاندا وەک هەتاو ژیانی گرینگترین کەسی نیشتمانی رووناک کردووەتەوە و، شان بە شانی ئەو لە دژی دیکتاتۆر راوەستاوە.

رۆژەکانی داهاتوو فەرمانده زۆر بەدەماغ نەبوو. بیری مەشغوڵ بوو. بیری لە ژنەکەی دەکردەوە، ئەوەیکە چۆن ئەو رۆژانە و ئەو سااڵنە تێپەڕین و خاتوون لە کوێی ژیانی ئەودا راوەستابوو. ئەو ئاگای لە وڵاتانی تر بوو. ئەوەیکە چلۆن ژنی سەرۆکەکان لەگەڵیان دەهاتن و دەچوون و بە موناسبە و بێ موناسبە خۆیان دەردەخست. ئەو ژنانەی

دەیانتوانی بدوێن و نوتق بدەن و خەڵکی چەپڵەیان بۆ لێبدەن و دروشمیان بۆ بڵێنەوە. باشە بۆ ئەم ئەم کارەی نەکردبوو؟ سەری رادەوەشێنێ و بزەیەکی تاڵ لێوەکانی دەنەخشێنێ. نا، هەموو شتێک ئاماژەیە بەوەی ئەم بۆخۆیەتی و بۆیە هەرلەخۆوە باڵای بەقەد باڵای نیشتمان هەڵنەکشابوو. دەستێک، قەدەرێک هەر لە سەرەتاوە ئەمەی بەم شێوەیە دیاریکردبوو.

لەجیاتی وێنەی خاتوون، رۆژنامەکان پڕی وێنەی فەرمانده و کوڕەکانیەتی. دوو کوڕ وەک بەرهەمی شێرەژنی نیشتمان،... دوو کوڕ کە ڕێگای ئەوانیش وەک ڕێگای باوکیان ڕوون و گەشە. ئەوسا چیرۆکە سەیروسەمەرەکانی سەردەمی شاخ. بۆ وێنە کاتێک خاتوون لە گوندێک لە لایەن دوژمنەوە دەور دەدرێ و دوژمن بە تەمای دۆزینەوە بست بە بستی گوندەکە دەپشکنن. بەڵام خاتوون ئازایانە ژنی یەکەم نیشتمان و سەرۆکەکانی داهاتوو دەپارێزێ و لووتی دوژمن لە عەرز دەدا. خاتوون لە کادانێکی تەژی لە کا تەلیسێک بەسەر خۆی و منداڵەکانیدا دەدا و شەو و رۆژێک بە بێ جووڵە دەمێنێتەوە. دوژمن سەرەڕای ئەوەی ئەوێیش دەپشکنن، بەڵام نایدۆزنەوە. رۆژنامەکان ئەمەیش وەک بڕیاری خودای گەورە لێکدەدەنەوە، ئەوەیکە خودایش لەگەڵ نیشتمانە. بەڵام خودا یارمەتی کەسێک دەدا کە دڵی وەک دڵی دایکی نیشتمانی هەبێ. ئەوسا نیوەشەوێک بە خۆی و کوڕەکانییەوە لە گوند کە هیشتاکە لەدەستی دوژمندایە، دەردەکەوێ و خۆی دەگەیەنێتەوە هەڤاڵان.

سی و پێنج ساڵ ژنی بووە. سی و پێنج ساڵ! چ ساڵانێکی دوورودرێژ و بەڵام لەهەمان کاتدا کورت. رابردوو هەمیشە وەک چرکەیەک دێتەوە

یاد. چرکەیەک پڕ لە بیرەوەری. بیرەوەرییەکان ئەوەندە پێکەوە لکاون کە هیچ زەمەنێکیان نێوان ناکەوێ. تەواو پێکەوە گرێدراون. ئەسڵەن هەموویان لە ناو هەمان یەک چرکەدان. تەنیا خەیاڵ جیایان دەکاتەوە، ئەویش وەک رووداو ئەگینا هەموویان پێکەوە دەژین.

داخۆ پەشیمانە لەوەی زۆری نەدەدواند،... لەوەی کاتێک قسەی لەگەڵ دەکرد زۆربەی کات لە دیوار و سەقف و لە شتەکانی تری دەڕوانی؟... داخۆ مافی ئەوەی هەبوو ئەم چارەنووسەی بەسەردا بسەپێنێ؟ بۆ خۆیشی نازانێ. ئەوسا دەگاتە ئەو رایەی ئەی بۆ نا، مەگەر قەرار نیە هەموو پێکەوە لە پشت سەری فەرمانده بن، داڵدەی بدەن؟

فەرمانده منداڵەکانیشی زۆر نەدەدواند. پێوەندییەکە هەمیشە ڕەسمی بوو. لە دەروونەوە دڵی دێشێ،... ژاندەکا. ڕوخساری دەگووشێ. ڕەنگە ئەمە لۆژیکی ژیانی ئێمە بێت. بەشێک لەوەی وا کەسەکان دەگەیەنێتە ئەوەی لەگەڵ کەسێکی یەکجار گرینگ کە بەتەواوی جیاوازە لە مرۆڤەکانی تر، سەروکاریان هەیە. ئەو تەنانەت لە دووای ڕاپەڕینیش لەگەڵ ژنەکەی لە ماڵێکدا نەدەژیا و لە ژووریٚکدا نەدەنووست. ئەو وەک خوا تەنیا بوو، بەڵام وەک خوایش ئاگای لە هەموو شتێک بوو. تەنیاییەکی پڕ لە رووداوەکانی نیشتمان.

چەند رۆژ لە دووای مەرگی خاتوون، کورەکانی ڕاگواست بۆ بیناکەی خۆی و لە دوو سێتی کۆتایی ڕاڕەوەکەدا نیشتەجێی کردن. زانی دەبێ ئیتر بەرەبەرە بۆ داهاتووی دووای خۆی ئامادەیان بکا. چەند کەسیشی ڕاسپارد خزمەتیان بکەن. هێشتا کار زۆر مابوو. نا، ناکرێ خۆی ئەوەندە بداتە دەست خەیاڵات. کەچی؟

بۆ سبەی ئیشتیای راو دەیگرێتەوە. دیسان لەگەڵ هەڤاڵان لە بێ ئەژمار تڕۆمبیلی سەیروسەمەردا وەڕێدەکەونەوە. کاتێک لەناو شارەوە تێدەپەڕن، دیسان کەس نازانێ فەرماندە لە کامە سەیارەی جام ڕەشدایە و داخۆ لە پێشەوەیە، لە ناوەڕاست یاخود لە دوواوەدا. ئاسکە دەشتەکییەکانیش چاوەڕوانیان. باشوکێکیشیان پێیە بۆ ڕاوی کەرووێشک و پۆڕ. لە کاتی خەمە گەورەکان و بێتاقەتییەکاندا هیچ شتێک بەقەدەر ڕاوکردن خۆش نیە. خەم ڕەوێنە. هەستەکەی تەنیا سروشت نیە نزیکترین کەسەکانت لێ دەستێنێ. تۆیش دەتوانی هەمان بەڵا بەسەر سروشتدا بێنیتەوە. ژیان لەم دان و ئەستاندنەدایە ڕەوڕەوەی خۆی وەردەگرێ. ئەیچۆن!

(٢٧)

سالّەکان تێپەڕیون و نیشتمان هەروا بێ کارەبایە. گوتیان ئەو رۆژەی دیکتاتۆر پاشەکشەی کرد و ئەم نیشتمانەی جێهێشت، کارەبایشی برد! هەموو ئەو ئامێر و کەرەسانەی وا لەسەر بەنداوە گەورەکان هەبوون لەگەڵ خۆی رایگواستن و ئیتر نیشتمان غەرقی تاریکی بوو. گوتیان ئەمەی کرد بۆ ئەوەی پیشانی بدات رووناکی بەوەوەیە و گەر ئەو نەما شەو هەموو ولّات دادەگرێ.

لە راپەڕینەوە ئیتر چرالامپا، چراموشی، مۆم و چراتۆڕ باوبووەوە. خانووەکان و کووچە و کۆڵانەکان شۆقی جارانیان نەما. بەڵام لە شوێنێکەوە کارەبا دەهات و خانووەکەی فەرمانده و هەڤاڵانی دەکرد بە رۆژ. وەک بڵێی فەرمانده دەیویست بە دیکتاتۆر بڵێ ئەها هەنووکەیش هەر منم وەک سەردەمی شاخ لە مەرامبەر تۆدا راوەستاوم، بڕوانە تۆ وەک هەمیشە دۆڕاوی و ناتوانی شوێنی ژیانی من و هەڤاڵان بکەی بە شەو. بەم شێوەیە لە فەرماندەوە بەردەوام تیشک بەرەو نیشتمان دەهاوێژرا.

وە چەند جوانیش ئەم پەیامەیان دەگەیاند. شۆینی ژیانی ئەو و هەڤاڵان هەتا بەیانی وەک دوڕ و گەوهەر لە ناو گەڕەکەکان و یاخود لە دەرەوەی شار بە سەر گردەکانەوە دەدرەوشانەوە. نەک ژووڕەکان و حەوشە، بەڵکو سەر دەرگا و حەسارەکانیش هەمووی بە گڵۆپی ورد و درشت رازابوونەوە. خانووەکەی فەرمانده وەک داهاتووی نیشتمان گەش و رووناک بوو.

خەڵکی کە سەرەتا نەبوونی کارەبایان وەک پیلانی دیکتاتۆر لێکدەدایەوە، بەربەرە بە تێپەڕینی ساڵەکان ئەم پرسیارە لە مێشکیاندا چەکەرەی کرد کە لە دووای ئەم زەمەنە درێژە بۆچی کارەبا نەهاتەوە؟ نەکا بەڕاستی دیکتاتۆر راستی دەکرد و رووناکی لەگەڵ ئەو بۆ هەمیشە کۆچی کرد و هەتاهەتایە نیشتمان شەوە گەشاوەکانی ڕەوینەوە. باشە بۆ ئامێر و کەرەسەکان دابین نەدەکرانەوە!؟ کەس وەڵامی ئەم پرسیارەی پێنەبوو، تەنانەت فەرمانده و هەڤاڵانیش. بەرەبەرە وایلێهات نیشتمان بە تاریکی راهات.

بەڵام فەرمانده وەک هەمیشە بە هۆی توانای بێ وێنەی خۆیەوە وەڵامی پەیداکرد. لە نوتقێکی تەلەفزیۆنیدا (کە دیارە خەڵکی زۆرتر لە ڕێگای رادیۆوە گوێیان لێگرت)، گوتی نەبوونی کارەبا حیکمەتێکی تیایە کە دەبێ زەین و مێشکی مرۆڤ زۆر تیژبێ بۆ ئەوەی بتوانێ بیدۆزێتەوە. گوتی نەبوونی کارەبا گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی رۆمانسیەت، ئەو کاتانەی وا مرۆڤەکان شەوانە لەبەر مۆم و ئاگردا دادەنیشتن و حەقایەتە شیرین و سەیروسەمەرەکانیان بۆ یەکتر دەگێڕایەوە، حەقایەتی خۆشەویستی و ئەشق، حەقایەتی سەرزەمینی پاشا و ئەو

کچه نەشمیل و جوانەی وا بەڵێن بوو کوڕەپاشا بیگاتێ. ئەو سەردەمەی وا جێژوان پەناو پەسێوەکانی ناو دڵی تاریکی شەوان بوو و شەوان بە هەناسەی ئاگرینی دڵداران رووناک دەکرانەوە. گوتی نەبوونی کارەبا مانای یەکگرتنەوەی سروشت و نیشتمانە. گوتی سەردەمانێک بووکیان بە سواری کەر بە بووکی دەبرد و چراتۆڕیش ڕێگای بۆ دەنەخشاند (لێرەدا بە هێنانی ناوی کەر، هەڵوێستەیەکی کردبوو و بە قوواڵی ڕۆچووبووە ناو بیرانەوە). هەروەها گوتبووی نەبوونی کارەبا لێکگرێدانی شاخ و شار پێکەوەیە. بیری نەتەوەی دێنێتەوە کە چ رابردوویەکی پڕشکۆ و بیرنەکراوەی هەیە. خودای مەزن ئێمەی لە شاخەوە بە ئێوە بەخشی و ئێوەیشی لێرەوە بە شاخ. گوتی بەم شێوەیە رابردوو و ئیستا یەکدەگرنەوە و مێژوو تەواوقەد لە بەرامبەرماندا هەڵدەستێتە سەرپێ.

ئەم نوتقەی فەرماندە دوواتر ئەوەندە سەرنجی لێکۆڵەرانی راکێشا کە وەک خودی هەبوونی کارەبادا هەڵیانسەنگاند،... بگرە زیاتریش.

بە شوێن ئەم نوتقە مێژووییەدا بابەتی تریش هات. بۆ وێنە هەڤاڵێک لە وتارێکی دوورو درێژدا نووسیبووی نەبوونی کارەبا بووەتە هۆی سڕینەوەی ئەو دەنگانەی وا هەبوونیان لە ماڵەوە نەیاندەهێشت گوێمان لە دەنگە هەمیشە جوان و سەرنجڕکێشەکانی ناو شەوان بێت. ئیستا ئیتر دەنگی وڕەوڕی سەلاجە و فریزەر و تەلەفزیۆن و پەنکە و موبەڕیدە نەماوە و بۆیە کاتێک دەخەوین گوێمان لە دەنگی سروشتە لە دەرەوە. بۆ وێنە گوێمان لە دەنگی بایە، لە دەنگی سەمای گەڵاکان بە لقەکانەوە، دەنگی خوێندنی باڵندەکانی بێداری ناو شەو و خشکەی مار

و مێروو،... هەروەها دەنگی سیسرک و ویزەویزی مێشوولە و...،... جا داخۆ ئەمە خۆی لە خۆیدا موعجیزە نیە؟!

فەرماندە کە ئەم وتارەی یەکجار بەدڵ بوو، خەڵاتێکی باشی هەڤاڵی نووسەری کرد و لە دانیشتنێکی شەوانەی چراخاندا وەک نموونەیەکی بەرزی وردبینیی ئەدەبی - هزری لێکیدایەوە. هەڤاڵان سەریان بۆ لەقاند. هەڤاڵی نووسەریش کاتێک ئەم خەبەرەی پێگەیشت، تاقە چراموشییەکەی ماڵەوەی کوژاندبووەوە بۆ ئەوەی ماڵ و منداڵی زیاتر لە جەوێکی شاعیرانەدا گوێ لە دەنگە شاراوەکانی ناو شەو بگرن.

بەم شێوەیە نیشتمان و سروشت کە بە هۆی دیکتاتۆرەوە ساڵانی ساڵ لەیەکتر دابڕابوون، یەکیان گرتەوە و بوونەوە بە یەک جەستە.

بەڵام گرفتەکە ئەوە بوو هەواڵ هات لە دەرەوەی سنووورەکانی نیشتمان ئاڵوگۆڕی سەیروسەمەرە رووبدابوو. بۆ وێنە باسی سەتەلایت کرا. ئەوەیکە بە پێچەوانەی جاران هەنووکە لە وڵاتان تەنیا یەک دوو کەناڵی تەلەفزیۆنی نیە خەڵکی دابنیشن و سەیری بکەن. ئەوان ئیستا دەیانتوانی لە ڕێگای سینییەکی گەورەی زەلامەوە ئاگایان لەهەموو کەناڵەکانی دونیا بێت!

هەواڵەکە ئەوەندە گەورەبوو کە نەدەکرا چیتر نیشتمان بە بێ کارەبا بێت. سەردەمی ڕۆمانسیەت تەواوببوو. خەڵکی بیر و هۆشیان لەسەر هەواڵەکە بوو. وای لێهات دەستەدەستە کەوتنەوە کۆچ بەرەو ولاتانی تر. فەرماندە و هەڤاڵان دەبا مشورێکی وەزعەکە بخۆن. لێرەوە پێشنیاری ماتۆڕی بەرهەمهێنەری کارەبا کرا و ئیتر ئەوەندەی پێنەچوو هەڤاڵان دەستیانکرد بە کڕین و هاوردەکردنی. بەم شێوەیە لەهەموو

گەڕەکێک بە گوێرەی پێداویستی مەکینەیەک دانرا و بە راکێشانی وایەر دەست بە تەوزیعی کارەبا کرا. بەرەبەرە سینییە گەورەکانیش سەر بانەکانی پڕکردەوە و ئیتر خەڵکی هەر لە سەعات شەشەوە کە کارەبا دەهاتەوە هەتا دوانزەی شەو بە دیار سەتەلایتەکانەوە دادەنیشتن و بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەو هەموو کەناڵانەیان دەکرد.

دەنگی ماتۆرەکان ئەوەندە بەرزبوون کە ئەمجارە خەڵکی بۆ ئەوەی بە جوانی گوێیان لە قەناتەکان بێت هەتا دەیانتوانی دەنگی تەلەفزیۆنەکەیان بەرزدەکردەوە. شار گرمەی دەهات. ئەوان کە بە زەحمەت گوێیان لەیەکتری بوو، مەجبوور بە هاوارهاوار لەگەڵ یەکتری دەدوان.

فەرمانده جاری وایە شەوانە دێتە بەر پەنجەرەکە و سەیری ناو شار دەکا. شار یەکجار بەخەبەرە! لای ئەو دونیا کتوپڕ چەندە ئەوەندەی دیکەیش گۆڕا. سالانی شاخی وەک خەونێک دێتەوە یاد. سەیری خانووی خاتوونیش دەکا کە بە پەنجەرە تاریکەکانییەوە لەو سەری حەوشە گەورەکە ترسناک دەنوێنێ. دەزانێ ئیستا کورەکانی کە هەر کامەیان لە ژوورەکەی خۆیاندا خاوەنی سەتەلایتێکن، بەم شەوە درەنگانە دانیشتوون و سەیری تەلەفزیۆن دەکەن. فەرمانده دەزانێ یەکێک لەو شتانە کەناڵە رووتەکانە. بزەیەکی تاڵ دەیگرێ. تازە دونیا وای لێهاتووە! دەزانێ لەوێ لە دەرەوە پیاوەکان بەسەر ژنەکاندا دەنەڕێنن و ناچاریان دەکەن زوو بخەون بۆ ئەوەی سەیری ئەم جۆر قەناتانە بکەن. کاتێکیش مەکینەکان ساعەتی دوانزە دەکوژێنەوە، هەستدەکا گوێی لە دەنگی جوێندانی پیاوە تووڕەکانە. نیشتمان کۆتایی

شەو بۆنی شەهوەتی گرتووە. بزەیەکی دێتێ. چی لەمە باشتر، ئیتر خەڵکی بیر و خەیاڵیان بۆ زۆر شوێن ناچێ. گوناهە گەورەکان شوێنیان لەق دەبێ. ئەوسا شوکرە کە سەتەلایت سەردەمی دیکتاتۆر نەهات و لەناو خەڵکیدا باونەبوو، ئەگینا ئەو و هەڤاڵانیش لەبیردەچوونەوە.

پەنجەرەکە پێوەدەداتەوە و دەچێتەوە سەر مۆبلەکەی. تەلەفزیۆنەکە هەڵدەکاتەوە. ئیستا تەنیا ئەو و هەڤاڵانن دەتوانن لە دووای کاتژمێر دوانزەیش سەیری سەتەلایت بکەن. بەپەلە قەناتەکان دەگۆڕێ. لە ئامریکاوە بۆ ئۆروپا و لەوێوە بۆ رووسیا و لاتین ئەمەریکا. بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ فەڕەنسە. ئەو هەمیشە بەم وڵاتە موعجیب بووە. راستە وەک سااڵن دەنگ و ڕەنگی نەماوە، بەڵام بەردەوام فەڕەنسە فەڕەنسەیە، بەتایبەت کچەکانیان. گڵۆپەکان دەکوژێنێتەوە و جێگای خۆی لەسەر مۆبلە تاکەکەسییەکە خۆشتر دەکا. ڕەنگە بەم زووانەیش سەفەرێکی پاریس بکا.

لەو سەری حەوشەکەوە هەڤاڵی حەرەس کە لە بن تاریکایی سەنگەرێکی سەرداپۆشراودا جگەرە دەکێشێ و لە هەمان کاتدا لەو تیشکە الوازە گەڕۆکانە دەڕوانێ وا لە ژووری فەرماندەدا لە هات و چۆدان، کەمێک خۆی خواردەکاتەوە بۆ بەر رووناکایی گڵۆپە دوورەکان و ئەو مانگەشەوەی وا بە حەوت تەبەقی ئاسمانەوە تیشک دەهاوێ. لە سەعاتەکەی دەڕوانێ. کاتژمێر یەک و نیوە. بیر لەوە دەکاتەوە داخۆ کەی ئەو نیوسەعاتەیش تێدەپەڕێ و کێشکەکەی کۆتایی پێدێت. هەڤاڵان لە ژوورەوە سەیری سەتەلایت دەکەن.

(٢٨)

هەڤاڵانی بەرپرس بەرەبەرە لەیەکتر دادەبڕان. چیتر وەک سەردەمی شاخ و ساڵە سەرەتاییەکانی دووای راپەڕین نە یەکتریان دەبینی و نە ئەو بەزم و ڕەزم و دانیشتن و گاڵتە و جەفەنگەیان مابوو. ئیستا بە

گوێرەی ئیش و کار لە کۆبوونەوەکاندا یەکتریان دەبینی و لە دووای ئەوە هەر کامە لە خانووە کۆشک ئاساکانی خۆیاندا کاتەکانی ژیانیان بەڕێ دەکرد. بەربەرە تەمەن هەڵکشابوو و لاجانگ و ریش سپی هەڵگەڕابوون. بەڵام ئەمە لەگەڵ ستایلی ژیانی نوێ بە هیچ چەشنێک نەدەهاتەوە. بۆیە یان سەروسمێلیان بە جوانی دەتاشی، یان تەنیا ریشیان دەتاشی و لەگەڵیا سمێڵ و قژیان بۆیاخ دەکردەوە. بۆیاخەکە لە وڵاتی دراوسێی دووهەمەوە دەهات. چەور چەور وەک بۆیاخی پێڵاو. بە بۆنێکی خۆشەوە. ئەمە لەگەڵ چاویلکە رەشەکان بەڕاستی دەهاتەوە. کرێمێکی زۆریشیان لە دەموچاویان دەدا و ئیتر شەوق و شەبەقیان لە دووڕەوە سەرنجی هەموو زیندەوەرێکی رادەکێشا. ئەوان زووزوو نامەی سوپاس و پێزانینیان بۆ سەرۆکی وڵاتی دووهەم بەڕێدەکرد.

هەڤاڵان تەنیا بەمە رازی نەبوون. ئەوان دەبا قەرەبووی رۆژانی شاخیان جوانتر بکردایەتەوە. راستە تەمەن رۆیشتبوو، بەڵام گەنجیەتی مەرج نیە بە تەمەنەوە بێت. گەنجیەتی شتێکیش بوو وەک خۆشی، رابواردن، دڵی خۆش و لەهەمووی گرینگتر کیژۆڵەی جوان و دڵڕفێن.

لە ناو کۆشکەکاندا باخی رازاوە سازکرا، بەو ئاسکانەوە تیایاندا لە هاتوچۆدابوون و هەروەها بە مەسبەحەکانەوە. سەرچاوەی ئاوی مەسبەحەکان کانیی چیاکان بوون. کارەکەرەکان کە زۆربەیان لە وڵاتانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە بوون، وەک فڕفڕە هەڵدەسووڕان. هەڤاڵان لە تەنیشت حەوزی مەلەکاندا رۆژنامەکانیان دەخوێندەوە، بە تەلەفۆن دەدوان و دەست و پێوەندەکانی خۆیان بۆ ئەم لاولا بەڕێدەکرد. ژنە چاوکاڵە قژ رەشەکان ئەوەندەیان شێلابوون کە گەر بە زەڕەبینیش

بگەڕایتایە یەک زەڕرە ماندوویی سەردەمی شاخ چییە لە جەستەیاندا نەدەبینرایەوە. زۆر جار میوانیی گەورە سازدەکرا و هەتا نیوەشەو دەنگی قاقای پێکەنین و قسەکردن و زڕەی پیاڵە و گۆرانی دەهات و دەچوو. بەڵام حەسارەکان ئەوەندە دوور بوون کە پێویستی نەدەکرد یەک وشە چییە بەری پێبگرن. خەلکی ئەوەندە دووربوون کە هەڤاڵان خەمی ئەوەیان نەبێ ئارامی و خەوی شەوانەیان لێ تێکبدەن. بەرەبەرە وای لێهات بیرەوەرییەکانی سەردەمی شاخیش بە هۆی گێڕانەوەی زۆر باویان نەما و ئەمجارە بیرەوەریی سەفەر بۆ وڵاتانی تر بوو ببوونە قسەوباسی سەرەکی. هەڤاڵان زۆربەی دونیایان کردبوو. ئەوەی شیاوی تامکردن بێ، لەوێندەر، چەشتبوویان. بگرە جۆرێک لە پێشبڕکێ لە نێوانیاندا سەری هەڵدابوو. ئەوەیکە بۆ دانیشتنی دوواتر کێ وڵاتی زۆرتری بینیبوو و کێ بیرەوەریی خۆشتری هەبوو. زۆربەیان گلەییان لەوە دەکرد کە بە تەمەنی گەنجیەتی بە تووش ئەم دۆخەوە نەببوون و بۆیە ئەو تام و چێژەی وا پێویست بوو لەم سەفەرانە نەیاندەبینی. یەکیان بە پێکەنینەوە دەگێڕایەوە زۆر جار لەگەڵ چاوشین و قژزەردەکان تەنیا گەمە دەکا،... دەستبازیی و وەک بەراز لووت ژەندن لە سەروسینگیان. بووووو.... گڕڕڕڕڕ،... غڕڕڕڕڕ! هەڤاڵانی تر پێدەکەنین و دەیانگوت هەتیو بەخوا تۆ هەر بەراز بووی! دەیانگوت لەبیرت دێ فیشەک لە کەلەکەتەوە دەرچوو و کەچی ئاخت لێوە نەهات! هەڤاڵان راستیان دەکرد. ئەو کاتانە وەها بوو. بەرازبوون بەشێک لەو خەسڵەتە بوو بۆ ئەوەی بتوانی سەردەمی شاخ تێپەڕێنی.

کارەکەرە چاوبچووکەکانی باشووری رۆژهەڵات یەکجار بەحەیا و مەزڵوم و شەرمن بوون. هەر لە خۆوە بۆ هەموو شتێک دەنەوینەوە و دوو بەری دەستیان لەسەر سینگ جووتەکرد و داوای لێبوردنیان دەکرد. وەک بڵێی هەمیشە هەڵەیەکیان کردبێ. هەڤاڵێک پێدەکەنی و دەیگوت حەیف زۆر وردن، ئەوی تر لە وەڵامدا دەیگوت خۆشییەکەی هەر ئەمەیە، وردی و تەسکی! ئەوجار هەموو دەیاندایە قاقای پێکەنین. چاوبچووکەکان کە لە زمانی هەڤاڵان نەدەگەیشتن شەرمێونانە بزەیەکیان دەکرد و دیسان کەمێک دەنەوینەوە و نیگایان دادەخستەوە و دەستەکانیان جووتەکردنەوە. هەڤاڵێکی تر دەیگوت کە قسە ئەکەن ئەڵێی ئەمیاوێنن! ئەوی تر دەیگوت لەو کاتەی تریشدا قیژەکەشیان تایبەت بەخۆیانە، لە پشیلەی بەشەڕ دەچن گەر کەمێک دەنگیان نەویتر بێت! دیسان هەڤاڵان دەیاندایەوە قاقای پێکەنین.

چاو وردەکان لە ژووروەکانی ژێرەوەی خانووی هەڤاڵان کە بڕدرابوون دەژیان، یاخود لەو خانووانەی وا بەتایبەتی بۆ ئەوان لە بەشی پشتەو سازکرابوو. زۆربەیان بەتەمەن منداڵ بوون یاخود یەکجار گەنج بوون. راستییەکەی ئەوە بوو نیشتمان خەریک بوو بەرەبەرە وەک وڵاتانی عەرەبیی دەوروبەری کەنداوی فارسی لێدەهات. هەڤاڵان یەکجار خەنی بوون. خەریکبوو لووتی عەرەبە شۆڤینییەکانیان لە عەرزدا و دەیانسەلماند نیشتمانیش چیتر لە عەرەبی دیزداشەلەبەری هەگاڵ بەسەری گون شۆڕ چیتر کەمتر نیە و تەنیا بە هۆی هەڵەیەکی مێژوویییەوە کەمێک وەزعەکە دوواکەوت. هەڤاڵان جاری وابوو وەک عەرەبی مارمێلکەخۆر پێنج شەش کچۆڵەی چاووردیان پێکەوە دەبردە

ژووری خەوتن بۆ ئەوەی ئەوانیش بیسەلمێنن تەنیا عەرەب بەکارنیە. ژووری خەوەکان لەم کاتانەدا دەڵێی دەبوو بە پشیلەخانە! هەڤاڵان گڕیان دەگرت و نەیاندەزانی لە کوێوە دەست پێبکەن و لە کوێ کۆتایی پێ بێنن. بۆیە زۆر جار ناڕازی لە دۆخەکە بە شەق و لێدان بەردەبوونە گیانی کچەکان. ئەوانیش تەنیا وەک هەمیشە دەنەوینەوە و چاو لە زەوی بە دەستە جووتکراوەکانیانەوە، ڕووت ڕووت داوای لێبوردنیان دەکرد.

فەرمانده جاری وابوو وەڕەزیی هەڤاڵانی دەکرد. باشە لە کوێن،... بۆ وەک جاران دەرناکەون؟ هەرچەند دەیشیزانی بۆچی. جاری وایە مرۆڤ پرسیار دەکا بەس لەبەر ئەوەی کردبێتی. پرسیار جاری وایە پڕکردنەوەی کاتەکانی ژیانە. شتێکە وەک جگەرەکێشیان، وەک ڕاوکردن و وەک ڕابواردن لەگەڵ قەحبەی عەرەب. فەرمانده لای خۆی بیردەکاتەوە کە مافی خۆیانە، هەڤاڵان ماندوون و ژیانی شاخ بریندارى کردوون، ژیانی شاخ لە سەرەتاییترین شتەکانی ژیانی دامالێن،... جا لێیانگەڕێ با بای بن باڵی خۆیان بدەن،... با ببوژێنەوە. بەڵام هەڤاڵان ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر ئەو ماسولکانەی وا سەردەمی شاخ پێکەوەیانیان نابوو، لەدەستدەدەن. دەپووکێنەوە. سەیارە، ژووری خەوەکان و شێلانەکان ماسولکەیان تیانەهێشتوون. بە بایەکی پاییزی خێرا نەخۆشدەکەون و بە پژمەیەک ئەوانیش دەپژمن. ڕێک وەک باوێشک کە لەمەوە خێرا خۆی دەگەیەنێتەوە ئەوی تر. نەخۆشەکان جاری وایە بە چەند هەفتە ونن. نا، وانابێ،... نیشتمان ناکرێ جێ بێڵین. بۆیە گلەییان لێدەکا. هەڤاڵان دەبیستن، بەڵام وەک بڵێی مێشێکیشیان میوان

نەبێ. فەرمانده جاری وایە یەکجار تووڕەیە. وەڵام نادەنەوە. وەک جاران پێمل نین. باشە چدەبێ ئەمیش شتێکی لەم چەشنە بکا،... جوابی تەحەی پەحەیە! بەڵام شتێک لە دەروونەوە دەنگیدەدا نا نابێ! پێی دەڵێ ئەو فەرماندەیە. پێی دەڵێ وەک جاران بەدەوام بە. دەڵێ ئاوایش دەبێ. بەڵام راوەستە بەڕاستی ئەمەیە ئەنجامی ئەو سەردەمانە؟... بۆ ئەمەمان کردا؟ فەرمانده هەوڵدەدا لە نێوان هەموو ئەو قارەمانەتی و لەخۆبوردنانەی جاران لەگەڵ ئەوەی ئیستاکە هەڤاڵان دەیکەن پێوەندێک بدۆزیتەوە. ئا، دەکرێ بەشێکی ئەمە بێت. مەگەر باسی خۆشگوزەرانیمان نەدەکرد؟ دەی ئەوە هات. فەرمانده بۆ ساتێک دەروونی ئارام دەبێتەوە. نا هەڤاڵان کارێکی هەڵەیان نەکردووە. منێک کە لە شاخ دەبا خۆم خزمەتی خۆم بکردایە و ئیستاکە لە وڵاتانی هەرە دوورەوە بۆ خزمەتکاریم دێن، نا بابا بەڕاستی گۆڕانێکی گەورەیە،... مەگەر نیشتمان هەر ئاوا سەرفرازناکرێ؟

لە دوورەوە دەنگی گرمەی مەکینەکانی کارەبا دێت. دەڵێی لەشکرێکی سەربازی بە تانگ و تۆپ و دەبابەوە لە جوولەدان. مەکینەکان زەوی دەلەرێننەوە. فەرمانده جاری وایە هەستەکا هەندێ جار ئەوە ئەم دەنگەیە گەڵا زەردەکانی پاییز کە هێشتا بە لقەکانەوە ماونەتەوە هەڵدەوەرێنێ، نەک بای نیشتمان. ئەو بایەی لە شاخەکانی سالانەوە هەڵدەکا و خۆی دەگەیەنێتە حەوشە گەورەکەی ئەو و هەڤاڵان. بایەکی ئاشنا.

رۆژێک یەکێک لە هەڤاڵان بە پڕتاو خۆی بە ژوورەوەدا دەکا. قوربان 'هەڤاڵ هەڵمەت' مردووە! فەرمانده بە ئارامی سەربەرزدەکاتەوە. وەک

بڵێی چاوەڕوانی وەها هەواڵێک بێت. وەک بڵێی ماوەیەکە بەو ئەنجامە گەیشتبێ کە بەرەبەرە ئیتر سەرەی مەرگی هەڤاڵانە. ئەوان ئەو ساڵانە لە شەڕەکاندا دەکوژران و ئیستا کە شەڕ نەماوە دەبێ هۆکارێکی تر بۆ مردن هەبێ. قوربان لە مەسبەحەکەیدا خنکاوە.

هەڤاڵ هەڵمەت هەڤاڵی رۆژانی تەنگانە بوو. بەرپرسێکی سەربازیی بەناوبانگ. بە دەیان شەڕی فەرماندەیی کردبوو و چەند جاریش بریندی سووک لە جەستەی کەوتبوو. کەمدووبوو و زەلام بە سمێڵێکی ئەستوورەوە، بەو جامانەوە هەمیشە لە ملی دەکرد. فەرمانده بەجوانی ئەم وێنەیەی دێتەوە بەرچاو. دوواجار کە بینی سێ هەفتە لەوە پێش بوو. هێشتا بە دەماغ بوو. باشە بۆ مرد؟

هەڤاڵ کە زۆری خواردبووەوە لەگەڵ چاو وردەکان بە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین خۆ بە حەوزی مەلەکەدا دەکا. وەک دەڵێن قۆلی لەسەر شانی دووانیان دەبێ کە کتوپڕ دوو هێڵنجی بەهێز دەدا بە بێ ئەوەی بڕشێتەوە. ئەوسا رەنگی دەگۆڕدری و بەلایا دەکەوێ. هەڤاڵ هەڵمەت سەنگکوب دەکا و یەک دوو قوڵپ ئاوی حەوزەکەیش دەچێتە سییەکانییەوە. کەس ناگاتێ. جەستەیشی لەوە قورسترە بتوانن ئەوەندە زوو لە ئاوەکە دەریکێشنە دەرەوە.

ئەم هەڤاڵەیش لەهەمان گرد دەنێژن. گردی هاوسەرەکەی. فەرمانده هەستەکا هەنگاوێکی گەورە لەو ساڵانە دووركەوتووەتەوە. ئەمە یەکەمین مەرگی گرینگی دووای ساڵانی شاخە لەناو هەڤاڵانی بەرپرس. دڵی تەنگ دەبێ. بیری ژنەکەی دەکەوێتەوە. دەکرێ فەرماندەی نیشتمانێک بیت و کەچی هەست بە تەنیاییەکی کوشندە و سەیریش

بکەی. بەڵام نەکا تاوانی پیری بێت،.. یاخود جادووی ئەو رۆحانەی وا تێدەپەڕن بێ ئەوەی بتوانی بە فیشەک بیانپێکی؟
لە دەرەوە بۆ یەکەم جار تەپوتۆزێکی سەیر هەموو نیشتمان دادپۆشێ. تەپوزێکی بێ وێنە. هەڤاڵێک بەپەلە خۆی بە ژوورەوەدا دەکا:
- قوربان پیلانێکی نوێی شۆڤینەکان، دەیانەوێ بە تۆز بمانخنکێنن!

(٢٩)

یەکێک لە حەزە گرینگەکانی فەرمانده هەستان و دانیشتن لەگەڵ سەرۆکی وڵاتانی دیکەیە. هەرچەند زۆری خایاند تا لەگەڵ سەرۆکی دراوسێی یەکەم و دووهەم دابنیشێ، بەڵام کاتێک جێبەجێ بوو لە خۆشیا حەجمینی نەبوو. فەرمانده دەیزانی ئەم دانیشتنانە بە مانای تێپەڕینی یەکجارەکی لە سەردەمی شاخ و هاتنە ناو دونیای ئاسایی

سیاسەته. ئەم دانیشتنانه چەسپاندنی هەمیشەیی دەسەڵاتی ئەو بوو. هەرچەند کاتێک سەردانی ئەم دوو وڵاتەی دەکرد هەمیشه بە جۆرێک هەستی بەکەمگرتنی خۆی دەکرد. بۆ وێنه لە دانیشتنەکاندا زۆریان نەسیحەت دەکرد، زۆریان بیری جاران و ئەو یارمەتیانه دەخستەوە وا کاتی خۆی لە سەردەمی بەرنگاربوونەوەی دیکتاتۆردا پێیاندابوو، یان کاتێک داوای شتێکیان لێدەکرد زیاتر داواکه لە ئەمر و فرمانی دەکرد تا داوا. بەڵام فەرمانده شوکر بوو. بیری دەکردەوە رەنگه هەموو سەرکردەکان لە دونیا هەر بەم چەشنه دەستیان پێکردبێ. لە شوێنێک دەنەوی و لە شوێنێکی تر کە یەکجار گرینگتره راستدەبیتەوە. ئەمە لای ئەو یاسای ژیان بوو. بۆیە بە ئارامی و بە تەحەممول گوێی لێدەگرتن و هەوڵیدەدا بە کردە یانخود قسەیەکی هاکەزایی جەوەکە تێکنەدا. پیاوی بچوک دەبێ لەگەڵ گەورە دابنیشێ بۆ ئەوەی ببێ بە گەورە!

فەرمانده لای وابوو ئەم دۆخه لە کاتی سەردانی سەرۆکی وڵاتانی تر گۆڕانی بەسەردادێت، بەڵام بە سەرسوڕمانەوە دەیبینی لەوێش وەزعەکه زۆر جیاوازنەبوو! دیارە ئەوان فەرقیان هەبوو، بەس بە جوانی دەیبینی زۆر گرینگیی پێنادەن و وەک بڵێی خێرا دەیانویست لە کۆڵێ خۆیانی بکەنەوە. باشه، هۆکار چی بوو؟ بۆ وەک سەرۆکی وڵاتێک پێشوازیان لێنەدەکرد؟ بۆ هەمیشه کەمی دێنا؟ فەرمانده زۆر بیری لەمە دەکردەوە. هەندێ جار هۆکاری ئەمەی بۆ سەردەمی شاخ دەگێڕایەوە. بە خۆی دەگوت مرۆڤ کە ماوەیەکی دوورودرێژ چاو لەدەستی وڵاتانی تر بوو و پارە و چەک و چۆڵ و خزمەتی تری لێیان وەرگرت، ئیتر وەک کەسێکی ئاسایی سەیری ناکەن. لەبەر چاویاندا

دەبێتە خزمەتکار، یان نۆکەر. یان رەنگە وەک پیاوی دراوسێی یەکەم و دووهەم لێیاندەڕوانی و ئیتر سیقەیان پێنەدەکرد! سەری دیشێ. بۆ خۆیشی نازانێ کامیانە. هەوڵیدا لە سەردانەکانیدا بە پێشکەشکردنی ئالبۆمێکی رازاوە لە شەهیدان سەرنجی سەرۆکەکان بقۆزێتەوە بۆ ئەوەیکە ئەمانیش لە راستیدا چەندە تێکۆشەر بوونە و چەندە باجی هەڵوێستەکانی خۆیان سەبارەت بە دیکتاتۆر و سەبارەت بە خۆیان داوە. بەڵام لەوە نەدەچوو زۆر سوودی هەبێ. سەرۆکەکان چاوێکی خێرایان بە لاپەڕەکاندا دەخشاند و لەولای خۆیانەوە لەسەر مێزەکە دایاندەنا، یان کەسێک لێی دەسەندن و دەیبرد لە شوینێک لەچاو ونیاندەکرد. فەرماندە هەتا ئالبومەکە لە چاو بزردەبوو لێی دەروانی. لەم کاتانەدا زۆر لەو قسانەی ئاڵوگۆڕدەکران نەدەگەیشت. ئالبومەکە دەبوو بە شتێک لە ناو هەموو شتەکانی تردا، دیارییەک وەک هەموو دیارییەکانی تر،... لە ناو ژووڕە بێ ئەژمارەکانی کۆشک و بینا گەورەکانی وڵاتانی غەریبدا.

فەرماندە زۆر جار لەم کاتانەدا بیری گەڕەکەکەی خۆیان لە سەردەمی منداڵی دەکەوتەوە. ئەو کاتانەی وا پیاوێکی دراوسێیان هەبوو، پیاوێکی کەتە و زل و ترسناک بە سەری تاس، سمێڵێکی گەورە و سینگێکی پڕ موومەوە بەناوی عارفی حەبێی جاجکە کە هەموو خەڵکی گەڕەک لێی دەترسان. ئەم بە ئیستایشەوە نازانێ بۆ لێی دەترسان. رەنگە هۆکارەکەی ئەوەیە هەندێ کەس بۆ ترساندن خوڵقاوە و هەندێکی تر (کە زۆرینەن) بۆ ترسنۆکی. نایشزانی بۆ ترسنۆکەکان هەمیشە ژمارەیان زۆرترە. داخۆ هۆکاری شەرمە، سەرقاڵی بە ژیانی

خۆیانەوەیە یاخود عادەتی دێرینەی مرۆڤە بۆ ئەوەی کەسێک هەمیشە دەبێ هەبێ بۆ ئەوەی لە لای سەرەوە دابنیشێ و ئەوانی تریش لەلای خواروەوە. ئاخر نەک ئەوەی هەمیشە شوێنێکی وەها هەیە. فەرمانده نازانێ، بەڵام لەوە ناخۆشتر نیە خۆت بە عارفی حەبێی جاجکە بزانیت و کەچی لە گەڕەکەکەی ئەو بەرتەوە کەسێک هەبێ و لێت بشێوێنێ. کەسێک کە لە عارفی حەبێی جاجکە بەسامتر و بەدەسەڵاتترە،... یەکجار.

لەهەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو بەپێچەوانەی سەرۆکی وڵاتان کە بە فڕۆکە هاتوچۆیان دەکرد ئەم دەبا بە ماشین سەفەری بکردایە. ڕێگا دوورودرێژ بوو و جاری وابوو تا دەگەییە سنوور دەبوایە بەشێکی گرینگی ڕێگاکەی جادەی خۆڵ بووایە. خۆڵێکی نەرم کە جاری وابوو بەشی خووارەوەی لاسیقی تایەکانی لەخۆیدا نوقم دەکرد و لە هەمووی خراپتر فەرمانده و هەڤاڵانیشی بە ئیشتیا لە تەپ و تۆزدا دەشاردەوە. فەرمانده لە دووای یەک دوو ساڵێک ئەمری دەرکرد جادەکان قیرەتاو بکەن، بەڵام ئەمەیش نەیتوانی داخی نەبوونی فڕۆکەخانە و تەیارە لە دڵی بهاوێتە دەرەوە. گرانباییترین تڕۆمبیلەکانیش سوکناییان پێ نەدەبەخشی. بۆیە سوێندی خوارد هەرچۆنێک بێت ڕۆژێک لە ڕۆژان فڕۆکەخانەیەکی جوان و رازاوە بکاتەوە و وەها پۆرتی دراوسێی یەکەم و دووهەم و هەموو وڵاتانی تر لە عەرزبدات کە بە حەیاتی بە خۆیانەوە نەیاندیبێ.

ریزی ئەو تڕۆمبیلانەی فەرماندەیان تا سنوور بەڕێدەکرد خۆی لە نزیکەی سەد سەیارە دەدا، بە سەیارەی عادی و جوندی و دۆشکە و بی

کەی سی لەسەرەوە بگرە هەتا ئەو رەبایە کاتی و هەمیشەییانەی وا بە دەم رێگاوە دانرابوون و فەرماندەو هەڤاڵانیان دەپاراست. بەس هەر کە دەگەیشتنە سنوور تەنیا یەک سەیارە مافی ئەوەی هەبوو ئاودیو بێت، ئەویش تڕۆمبیلی خودی فەرمانده و نزیکترین هەڤاڵانی بوو. ئەمە خۆی لە خۆیدا هیچ عەیبێکی تیانەبوو، بەڵام وەک بیستبووی سەرۆکی وڵاتان ئاوەها بە وەفدی بچووکەوە سەفەریان نەدەکرد. ئەو ئەمەیشی بە نەوعێک بێ ڕێزی لێکدەدایەوە کە بۆ بەرپەرچدانەوەی هیچ ڕێگاچارەیەکی نەدەبینییەوە. خراپییەکی تر ئەوە بوو کاتێک لە سەر سنوور ریزی بێ ئەژماری ماشینی هەڤاڵان لێی جیادەبوونەوە، کەسێکی پایەبڵندی وڵاتی میواندار لە سەر سنوور چاوەڕوانی نەدەبوو، بەڵکو بەرپرسی ناوچە یاخود پارێزگارێک بە چەپکێک گوڵی ڕەنگاوڕەنگەوە چاوەڕوانی دەکرد. هەر لە سەر سنووریشەوە پاراستنی بەشی ئەمنی خۆی و هەڤاڵان بەدەستی میواندارەکانەوە دەبوو و زۆر جار ئەمە و لە پاڵیا کەمیی ژمارەی خۆیان وەک میوان بەتووش دڵەڕاوکێیەوە دەکرد. بەڵام نا هیچ نابێ، بێگومان هیچ نابێ! مەگەر لە مێژووی پێوەندی ئەواندا چ شتێک زیاتر هەیە لە هاوکارییەکەی دوو لایەنەی هەڤاڵانە! ئەمەی بەخۆی دەگوت و بەدەم هەڤاڵانەوە پێدەکەنی و بە چاوەکانی دەیگوت دەبینن ژیانمان چەندە گۆڕانی بەسەرداهاتووە؟ ئەو پرسیارە هەواڵ ئامێزەی وا هەڤاڵان قەت نەیاندەتوانی لە نیگاکانیدا بیخوێننەوە. لە یەکێک لە سەفەرەکانیدا کاتێک گەیشتنە سنوور، بۆ یەکەم جار لەوێوە بە کۆپتەر بۆ ناوەندی پارێزگا رایانگواست و ئیتر ئەمەی بە گۆڕانێکی یەکجار گەورە وەسفکرد. ئەو کە کاتی خۆی، لەسەردەمی

شاخ، تەنیا یەکجار لە کاتی وتوویژێکی نهێنی لەگەڵ دیکتاتۆر بە سواری کۆپتەر بۆ باشووری نیشتمان رایانگواستبوو، دووهەم جاری سواربوونی خۆی لە کۆپتەر وەک موعجیزەیەک لێکدایەوە. بە هەڤاڵانی گوت دڵنیابن هەتا فڕۆکە زۆرمان نەماوە، سەیرکەن سەرەتا قاچەکانی خۆمان، دوواتر ماپین و کەرەشین، ئەوسا تڕۆمبیل و ئیستا کۆپتەر،... دوواتر چی؟ بێگومان فڕۆکە،... ئەمە مەنتقی ژیانە!

بەڵام سواربوونی کۆپتەریش خۆش بوو. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا زیاتر لە لوتکەی شاخەکان بەرزببووەوە. لەوێوە شاخەکان چەند ئاسان هەیبەتی خۆیان لەدەستدەدا. هەموو شتێک وەک بەری دەست ساف و بێ گرێ و گۆڵ دەینواند. کەواتە لای خوا سەردەمی شاخیش شتێک بوو وەک هەموو سەردەمەکانی تر! بەم بیرە دڵی خەمگین بوو. نەکا هەموو ئەو رێگایانەی پیایا رۆیشتبوو ئەوەندەیش مەزن نەدەهاتنە بەرچاو. وادیارە گرینگ ئەوەیە لە کوێوە دەڕوانی، نەک ئەوەی لە چی دەڕوانی. کە لە سەفەری ئەم جارە گەڕایەوە سوێندی خوارد جارێکی تر سوار کۆپتەر نەبێتەوە، لانیکەم بە شێوەی کاتیش بێت؛ بەڵام هەموو جارێک دراوسێی یەکەم و دووهەم دیسان بە کۆپتەر دەیانگواستەوە. نەکا پێیان زانیبێ و بە ئەنقەست ئەم کارەدەکەن؟ فەرماندە لەسەر ئەم بیرەی خۆی مکوڕە. دەزانێ ئەوان لەوە زۆر زیرەکترن کە ئەم جاری وایە بۆی دەچێ. سەرۆکی وڵاتی یەکەم لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا پیش ئەوەی بکەونە ناو گفتوگۆی فەرمییەوە بە لەحنێکی گاڵتەئامێز لێی پرسیبوو داخۆ بەتەما نیت خانووە تاریکەکەی ناو حەوشەکەت ئاودان بکەیتەوە و بە داگیرساندنی گڵۆپێک وزەی ژیانی تێ بهاویتەوە؟! فەرماندە تەکانێکی

خواردبوو، داچڵەکابوو. ئەوان ئەمە چۆن دەزانن؟ ها چۆن؟... بەڵام دەیزانن.

فەرماندە بیردەکاتەوە ئەمەیش وەک وێنەکانی خۆی و کەرەشین لە رۆژی راپەڕینەکە لە لایەن کەسێکەوە گیراوە، جا ئەو کەسە یان لەسەر زەوییە و لە تەنیشت خۆیەوەیەتی، یان بە کۆپتەرێکەوەیە بە حەوت تەبەقی ئاسمانەوە!

(٣٠)

ئەو سااڵنە باوکی زۆری هەوڵیدا کوڕەکەی خوێندن تەواوبکا و بۆ خۆی ببێ بە شتێک، بەڵام وەک بڵێی چارەنووس بەلایەکی تردا دەگەڕا. هەرچی پێی دەگوت با وەک منت لێ نەیەت و کارێکی رێک و پێک پەیدا

بکەیت و ببی بە خاوەن ژیانێکی خۆش و بەدوور لە کوێرەوەری، بەڵام فەرمانده قەت گوێی نەدایە. هەر ئەوەندە خۆی بینییەوەو لەگەڵ هەڤاڵانی ئاشنا بوو، چیتر خوێندن سەرنجی رانەکێشا. عەشقی نیشتمان وەها سەرنجی قۆستەوە کە نەیدەتوانی یەک چرکەیش چییە لە پۆل دابنیشێ و سەری بخاتە سەر کتێبە سەیروسەمەرەکان. لە پەنجەرەکانەوە لە دەرەوەی دەڕوانی و بەخۆی دەگوت ژیان لەوێیە،... لەوێ، نەک لەناو کتێبە بێ رۆحەکاندا!

پۆلەکانی خوێندن سارد و سڕ و بێ جوولّە بوون. دەبا رۆژانە بە چەندین کاتژمێر دابنیشێ و گوێ لە تورِەهاتی مامۆستا بگرێ. باشە کەچی؟! فەرمانده ئەوەندەی وزە لەخۆیدا شکەبرد کە جاری وایە لەوانەبوو بە بێ ئیزن رابکاتە دەرەوە و لە حەوشەی قوتابخانە بقیرێنێ و بە جیهان بڵێ کە نا ژیان وانابێ!

بۆیە پێش ئەوەی قوتابخانە تەواوبکا، وازی لێهێنا و تێکەڵ بە هەڤاڵانی بوو کە ئەو سالّانە لێرەو لەوێ سەریان هەڵدەدا و لە راستیدا ژمارەیەکی کەم بوون. کەم، بەڵام دڵنیا لەخۆ و لەخۆبایی کە دەیانزانی ئەوەندەی نەماوە دونیا وەها بشڵەقێنن کەس قەت لەبیری نەچێتەوە. فەرمانده ئەو سالّانە هەستی دەکرد بۆ گۆڕانی رەوتی مێژوو لەدایکبووە. ئەو سالّانە خوێندن زۆر گرینگ نەدەهاتە بەرچاو. گرینگ وِرە و بڕیار و ئازایەتی و خۆبەخشین بوو. هەڤاڵان هەر هەموویان خاوەنی ئەم خەسڵەتانە بوون، جا یەک کەم و یەک زۆر. فەرماندەیش لەناو هەموویاندا سەرتر دەینواند. جگە لەمە، ئیشی بەردەوام و کەوتنە زیندان و بەسەرهاتی زۆر ئەوی یەکجار بەئەزموونکردبوو. رۆژێک لە

ژیانی خۆی بەقەدەر دە رۆژ لە ژیانی خەڵکی ئاسایی دەهاتەبەرچاو. بگرە لە بەرامبەر خوێندوارەکانیشدا خۆی تاقی کردبووەوە. دەیبینی ئەزموونی ژیانی لەوان زۆرترە و تێکەڵبوونی ئەم ئەزموونانە بە ئازایەتی، خەسڵەتێکی لەودا پێکهێنابوو کە کەم کەس دەیگەیشتێ. ئەمە کارێکی کرد رۆژبەڕۆژ زیاتر هەستی متمانەبەخۆبوون تیایا گەشەبکا و ئیتر بەڕاستی لە هیچ شتێک نەسڵەمێتەوە. کاتێکیش رووی کردە شاخ بگرە ئیتر هەموو شتێک یەکجار کامڵ خۆی دەنواند. زۆر جار هەستی دەکرد شاخەکانیش نەیدەگەیشتنێ. هەستی دەکرد بەقەدەر سااڵنی تا سەرکەوتنی کۆکردووەتەوە و بۆیە دڵنیا لە زانیارییەکانی خۆی گەش گەش لە ئاسۆی دەڕوانی. تەنانەت لە شاخ بەهۆی دوورکەوتنەوەی لە شار جۆرێک لە سادەیی دروست ببوو کە زیاتر لە هەمیشە ئەو و زانیارییەکانی بەرجەستەدەکردەوە و هیچ رەقیبێکی ئەوتۆی لە بەرامبەردا نەدەهێنایە ئاراوە. لە شاخ وشەکان بۆ چەند وشەی سەرەکی پاشەکشەی کردبوو کە هەموو فەلسەفەی بوونی ئەو و هەڤاڵانی لەخۆیدا جێدەکردەوە و بەجوانی دەینواند. وشەکانیش ئەمانە بوون: نیشتمان، فەرماندە، شۆڕش، حیزب، گەل، ئاسۆ، دوژمن، داگیرکەر، چەک، قارەمان، شاخ، مەتەرێز، شەهید، خوێن، هەڤاڵ و بەرگری. لە کاتی قسەکردن یاخود نووسین تەنیا ئەوەندە بەس بوو لەمانە کەڵک وەربگری بۆ ئەوەی هەم خۆت بۆ گەل رووبکردبێتەوە و هەم هەموو هۆکاری ئەوەی بۆچی دەژیا بداتە دەست گوێگرەکەیەوە.

بەاڵم بە تێپەڕینی ساڵەکان بەرەبەرە هەڤاڵان یاخود کاتێک خۆیشی رووبەڕووی هەندێ خەڵکی خوێندەوار دەبوونەوە، یان چاویان بە

هەندێ کەسی بەرپرس لە وڵاتی دراوسێی یەکەم و دووهەم دەکەوت، دەیبینی دایرەی زانیارییەکانی ئەوان بەرفراوانترن و هەتا دێت زیاتریش دەبن. هۆکار چی بوو،... نازانێ. لای خۆی جاری وایە بۆ ئەوەی دەگێڕێتەوە کە رەنگە خۆی و هەڤاڵان زیاتر لە رادەی پێویست لە شاخ مابوونەوە، یان هۆی ئەوە بوو لە دەرەوەی سنووری ژیان و چالاکی ئەوان دونیا بە خێرایی لە گۆڕانێکی سەیردا بوو. یان نا، رەنگە هی بەرتەسکبوونی ئەو جیهانی زمانییە بێت وا ئەوانی بە شۆڕشەوە گرێدەدا. نەکا شۆڕش هەر خاوەنی ئەوەندە کەلیمە نەبێت!؟ بەم پرسیارە دەکەوتە بیرەوە و هەوڵیدەدا لە زەینی خۆیدا وشەی تریش بدۆزێتەوە کە زۆر جار بە ئەنجامێکی ئەوتۆ نەدەگەیشت. تا سەرئەنجام بەو پرسیارە ترسناکە گەیشت کە نەکا ئەمان ئیستاکە لە چاو کۆمەڵگا لە باری خوێندن و زانیارییەوە لەدوواتر بن؟ تا هەڤاڵێک رۆژێک قسەیەکی جوانی کرد. گوتی قوربان هیچ شتێک وەک شۆڕشگێڕی نیە، هیچ زانستێک لەم دونیادا ناتوانێ لە مەیدان بەدەری بکا، قوربان دڵنیا بە هەزار ئەوەندەی تر ئەو خەڵکە زانا بن لە ئاست شۆڕشگێڕی و ئازایەتی ئێمەدا کەم دەهێنن و خەڵکی هەر زیاتر گوێ لە ئێمە دەگرن، ئەیچۆن!

هەڤاڵ راستی دەکرد. جا بۆیە فەرماندە بۆ قەرەبووکردنەوەی کەم وکوڕییەکانی خۆیان ئەمری دەرکرد هەڤاڵان زیاتر بە مێژوودا رۆبچنەوە. مێژوویش چەندە یارمەتیدەر بوو! هەموو فەرماندەکانی پێش ئەو یان مەلا بوون و یان سەرۆک عەشیرە. تازە بگرە ئەو لە چاو ئەوان

سەروگەردنێک باڵاتر بوو. بە خۆی گوت کەواتە باشترە خۆت لەگەڵ رابردوو هەڵسەنگێنی نەک ئیستا.

هاوکات بەرپرسانی هەڤاڵیش خەبەریان دەدایە کە لە ناو خەڵکیدا خوێندەوارەکانن کە لە کەمترین ئاستدا بەوانەوە پەیوەست دەبن و دەیانگوت هۆکاری ئەمەیش قسەی زل و بوودەڵەیی و ترسنۆکییانە. راستیان دەکرد، ئەوانەی دەچوونە مەکتەب هەمیشە قسەزل و لەهەمان کاتیشدا ترسنۆک بوون. بەکەڵکی هیچ نەدەهاتن. دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە بوو. ژیان و خەیاڵیان لە مەودای نێوان ماڵەوە و شوێنی کاریان زیاتر بڕی نەدەکرد. لە شاردەرکەوتن بۆیان زەحمەت بوو. دیکتاتۆر بە ئیشتیا لە دامودەزگاکانی خۆی وەریدەگرتن و ئیش و کاری پێدەدان. یەک دەبووە مامۆستا، ئەوی تر مودیر، یەکی دیکە موهەندیسی دایرەی ڕێگا و بان و... . نا، ئەوان تەنها زەمانێک داگیردەکران کە فەرمانده و هەڤاڵان ڕوویان لە شارەکان بکردایەتەوە. ئەوان ماڵی ئێرە نەبوون. ئەو خوێڕییانە تەنیا بە هێز دەستەمۆ دەکران. ئەوان هەمیشە حەزیان بە ژیانێکی ئارام و خۆش بووە، ڕۆژی جارێک خۆیان نەشۆن ناگەنە شەو. خۆ هەڤاڵان نین یەخەی کراسەکانیان تۆیژاڵی چڵک دەگرێ و هەفتەیەک بە ڕێگادا دەڕۆن بەبێ ئەوەی قاچیان لە پێڵاوەکانیان دەربێنن. حەک قوربانتان بم هەڤاڵینە! ئەی ئێوەیش بوودەڵینە، با بێینەوە جا دەزانم چۆن ئاقڵتان دەکەم!

بەڵام ئەمە بەر بەوە ناگرێ فەرمانده نەنێرێ کتێبی زیاتریان بۆ نەیەت. ئەو هەوڵدەدا ئەو کتێبخانە گچکەکەیەی هەیانە و هەڤاڵانی بەشی چاپەمەنی و ڕادیۆ کەڵکی لێوەردەگرن بەرفراوانتر بکا. کتێبە تازەکان

دێن، بەڵام هەر جارە و لە شێوازێک. بە گوێرەی پلان نیە. هەرکەس هەرچی دەستدەکەوێ دەینێرێ. فەرمانده سەیریان دەکا. باوەڕناکا لەو چەشنە بێت وا بەرپرسانی دراوسێی یەکەم و دووهەم یاخود خوێندەوارەکان کەڵکی لێوەردەگرن.

تا رۆژێک هەواڵێک دێت:

- قوربان مامۆستایەکی زانکۆ هاتووەتەوە دەرەوە، رووی لە ئێمە کردووە.

- ئەی کوا، لە کوێیە؟ زوو بیهێننە لام!

- قوربان سبەی دەگا.

بۆ سبەی پیاوێکی تێکسمڕاوی قەڵەوەی چاویلکە لە چاو کە هەمیشە دەڵێی شتێکی ترش لە گەرووەیایە، دەهێننە لای. مامۆستای بەشی کۆمەڵناسییە. وەک بۆ خۆی دەڵێ دکتۆرای هەیە. هۆکاری هەڵاتنەکەیشی دیسان وەک بۆخۆی دەڵێ ئەوەیە زیا لە پێویست لە وانەکانیدا لەسەر مارکس راوەستابوو. ئەمە دیکتاتۆری زۆر تووڕەکردبوو.

- مااا... مارکس!

- بەڵی مارکس!

فەرمانده هەستەکا ئەم ناوەی لەوە پێش بیستووە، بەڵام نایەوێ وای پیشان بدات کە هەر هیچی لێنازانێ. هەرچی بیریش دەکاتەوە نازانێ لە کوێ بیستوویەتی. رەنگە کاتی خۆی لە زیندان. ئەها ئیستا بە جوانی دێتەوە بیری! لە یادیەتی ئەو کاتیش ئەم ناوەی بە جوانی بۆ نەدەهات و بگرە هەر رقی لە شێوازی گووتنەکەیشی بوو.

- ئیتر دیکتاتۆری وەهایە، پیاو لەسەر ناوی پیاوی تر تێوەدەگلێ!... نێروبەرانی لێی تێگەیشتوون!

مامۆستاکە لە فەرماندە دەڕوانێ:

- ئیشی من وانەگوونتەوە بوو و هیچی تر. من تەنیا زانیاری دەگوازمەوە، مەرج نیە ئەوەی خەڵکی تر دەیڵێن منیش هەمان باوەڕم هەبێ. بگرە رەنگە تەنانەت من لەسەر پێناسەکردنی کۆمەڵگای نوێ لە ژێر ناوی کاپیتالیزم کێشەم هەبێ و زیاتر بە سۆسیۆلۆجەکانی تر وەک گیدێنز و ماکس وێبێر و بێک و باومان نزیک بم؛... مودەرنیتە، مودەرنیتەی یەکەم و دووهەم، کۆمەڵگای پیشەیی، مودەرنیتەی شلەتێن، ئەمانە ئەو دەستەواژانەی ترن کە دەکرێ سەردەمی ئێمەی باشتر پێ وەسف بکرێن هەتا مارکس،... تازە مەرج نیە کاتێک باس لە مارکس دەکرێ باوەڕیشمان بە تیۆرەکەی سەبارەت بە چینی کرێکار هەبێ، چما مانای چینی کرێکار و رۆڵی ئەم چینە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانیشدا لای مارکسییە نوێکانیش وەک ئاڵتۆسەر گۆڕانی بەسەردا هاتووە،... بەڵام،... بەڵام خۆ ئەو گەمژانە تێناگەن!

فەرماندە هەست بە ئازارێکی سەیر لە ناو سکیدا دەکا. لە ناو چادرەکە هەڵدەستێتە سەرپێ و ئەمردەردەکا شوێنێکی باش بۆ مامۆستا دابینبکەن و ئاگایان لێی بێت. ئەو شەوە زۆر بیر لە میوانە تازەکەیان دەکاتەوە. باشە چی لێبکا؟ هەبوونی بە جۆرێک شکاندنی ئەمیشە. وەی لەو قسە زەلامانە! بۆ دوو رۆژی دووایی جەولەیەکی باش بۆ ناوچەکانی باکوور رێدەخا و نزیکەی دووسەد چەکدار لەگەڵ خۆی دەبا. مانگێکی رەبەقی پێدەچێ. گەلێک دەستکەوت. بە سەدان جوندیی دوژمن دەکوژێ و بریندار

دەکا، بە دەیانیش دیل، یارمەتییەکی باش کۆدەکاتەوە و بە دەیان گەنجیش لەگەڵ هەڤاڵان دەکەون و چەک هەڵدەگرن. جگە لەمە چەک و تەقەمەنییەکی زۆریش دەگرن. هەڵبەت بە دەیان هەڤاڵیش دەکوژرێن و بریندارەبن. شاخ و دۆڵەکانی نیشتمان جارێکی تر دەیان گۆرغەریب لە خۆ دەگرنەوە.

کە دێتەوە هەڤاڵان هەواڵی دەدەنێ مامۆستاکە چەند رۆژێکە بە تەمای ئەوروپا لە سنوور پەڕیوەتەوە.

فەرمانده هەناسەیەکی راحەت هەڵدەکێشێ و، لەبەر خۆیەوە دەڵێ:

ـ هەڤاڵان راستدەکەن، خوا تەنیا داینەون بۆ قسەی زل!

(٣١)

ماوەیەکە کوڕەکانی زیاتر سەرنجی دەقۆزنەوە. باڵایان فرەتر کشاوە و خەریکن دەبن بە پیاو. گەورەکەیان مووی دەرکردووە و بچووکەکەیشیان سمێڵی گووگرە بووە. لە خۆی بە هەیبەتترن. هەتا بڵێی قۆزن. فەرمانده لەبەر خۆیەوە دەڵێ لە کێ دەچن؟ بە رواڵەت شتێکن لە نێوان خۆی و دایکیان، بەڵام بە قەڵافەت جیاوازن. ئەوسا دێتەوە بیری لە خاڵەکانیان دەچن. فەرمانده کچی نیە. تەنیا خاوەنی ئەم دوو کوڕەیە. داخۆ حەزی

دەکرد خاوەن کچیش بێت؟ نازانێ. بیری لەمە نەکردووەتەوە. دەزانێ خەڵکی زیاتر حەزیان بە کوڕە. بەڵام هەستدەکا بۆ ئەو گەر کچیشی هەبێ مەوزوعەکە زۆر ناگۆڕدرێ. ئاخر کێ دەوێرێ بەچاوی خراپ سەیری کچەکەی بکا! فەرمانده بزەیەکی دێتێ. ئاه، چ خۆش دەبوو کچێکیشم هەبایە! ئەمە یەکەم جارە ئەم ئاواتە بەدەمیا دێت. ئەوسا دیسان دێتەوە بیری کە بەڕاستی ئەوەتەی هەیە، جگە لەو ساتانەی وا سەردانی ژنەکەی دەکردەوە، تەواو لە ژینگەیەکی نێرانەدا ژیاوە. دەوروبەری هەمیشە پڕی پیاوە شەڕکەر و بەهەیبەت و تووڕەکان بووە. پیاوانی رۆژانی تەنگانە کە دەیانتوانی بە چەندین مانگ هەرچی چیا و کوێستانە بگەڕێن و پشوونەدەن. پیاوانی دوژمن بەزێن. ئەو پیاوانەی زستانان دەیانتوانی لە چادر و خانووە قوڕەکان لەبەر چرا لامپا و چرا مووشی دابنیشن و هەتا درەنگان قسەی قۆڕ بۆ یەکتر بگێڕنەوە، گۆرانی بڵێن، هەڵپەڕن و یاخود گۆرەوی و جل و بەرگەکانیان بدوورنەوە. فەرمانده ئەگەرچی زۆر جار بە سەریاندا دەیگوڕاند و جاری وابوو فەلاقەیشی دەکردن، یاخود لەسەر هەڵەی گەورە لە زیندانی دەخنین، بەڵام خۆشیانی دەویست. ئەم پیاوانە چەندە خۆنەویست بوون و چەندە سادە دەژیان. لەعنەت لە شار،... لەعنەت لە شەقام و لە...! فەرمانده شەرمێک لە خۆی و لە هەڤاڵانی هەنووکە دایدەگرێ. بەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێ و خێرا خۆی لە خەیاڵاتی پڕوپووچ رزگاردەکا. لەعنەت لە رابردوو!... لەعنەت! ئەوسا دیسان دێتەوە بیری کە فەرماندەی چاک ئەو فەرماندەیە بەردەوام لە دۆخی نوێ بگات و خۆی لەگەڵ بگونجێنێ. بگرە دۆخی نوێیش چێ بکا.

ئا لە کوێ بووم؟ ئەها. کوڕەکانم. کاتی ئەوە هاتووە ئیتر بەرەبەرە ئامادەبکرێن. زەمەن زۆر سەریع دەگوزەرێ، تا لادەکەمەوە گلۆپەکەی ئێرەیش وەک خانووەکەی ئەوسەر حەوشەکە دەکوژێتەوە.

بۆ سبەی دەنێرێ کوڕەکانی بێن. فەرمانده زۆربەی ئەو رۆژە لەگەڵ ئەوان بەسەردەبا. سەرەتا لە سەردەمی شاخەوە دەست پێدەکا. باسی ئەو سالانە و دایکیان. ناوەناوەیش دێتەوە ناو باسی زیندان، بەڵام زۆر حەزی بەم بەشە نیە. باسی وڵاتداری و نیشتمان و گەل دەکا. ئەوەیکە تازە لە ناوچاوانی ئەو و بنەماڵەکەی نووسراوە جڵەوی نیشتمان و گەل بەدەستەوە بگرن و سەرەڕای هەموو خۆشی و ناخۆشی، دژواری و ئاسانی شان بخەبە بەر ئەرکەکانیان و چەرخی نیشتمان بگەڕێنن. دەڵێ هەموو کەس لەم ژیانەدا لەگەڵ چارەنووسێک دێتە دونیاوە و ئەمەیش چارەنووسی ئەوانە. ئەوسا باس لەو هەستە غەریبە دەکا کە هەر لە سالانی زووەوە سەبارەت بەم ئەرکە لە دەروونی ئەودا بووە و هەمیشە هاواری لێکردووە و ئەمیش گوێرایەڵانە چارەنووسی خۆی داوەتە دەستی. کوڕەکانی وەک بڵێی ئەمە یەکەم جار نیە ئەم قسانە دەبیستن، زۆر بە سەرنج و حەزەوە گوێیان لە قسەکانی باوکیان نیە. نەکا ئەمە یەکەم جار نەبێ سەری ئەم باسەیان لەگەڵ دەکەمەوە؟ جا لێرەدا کتوپڕ پرسیارێکی سەیر لە کوڕەکانی دەکا:

- بێگومان ئێوەیش وەها،... ئێوەیش گوێتان لەم هاوارەیە لە دەروونی خۆتاندا،... وانیە؟

وەڵام نیە. منداڵەکانی سەیری یەکتری دەکەن و دیسان لە باوکیان دەڕوانننەوە.

وەک بڵێی بەهەڵە پرسیارەکەی بە جۆرێکی نەشیاو کردبێ، دەڵێ:
- بێگومان ئێوەیش هەر لە هەمان ڕەچەڵەکن، لە پشتی منەوە دابەزیونەتە ناو ژیان،... ئێوەیش دڕەنگ یان زوو ئەم دەنگە دەبیستن، وانیە؟
گەورەکەیان دەڵێ:
- باوکە من شەوانە ماوەیەکە خەوم لێناکەوێ، هەر جووڵەم دێت،... وەڕەزم،... ڕەنگە...
- ئافەرین کوڕم!... ڕێک ئەوەیە کە من باسی لێدەکەم.
ئەوسا بە نیگا پڕ لە پرسیارەکانییەوە لە بچووکەکەیان دەڕوانێ.
- منیش... منیش هەروام،... دیارە زووتر خەوم لێدەکەوێ، بەڵام خەوی سەیرسەیر دەبینم،...
- وەک؟
- وەک،... وەک بۆ وێنە دایکم جاری وایە دێتەوە خەوم، جاری وایشە...
- خۆیەتی، خۆی!... خەوبینین بە دایکتەوە کە هەموو تەمەنی بەم ڕێگایەوە بوو ئەوەت پێ دەڵێ تۆیش هەمان چارەنووست هەیە کوڕم،... هەمان چارەنووس!
کوڕەکان لەبەر ئەوەی نەیانتوانیووە قسەکانیان تەواوبکەن، تووڕەن. فەرمانده مشتی گرێدەکا و دەڵێ ژیان بەردەوامە!
بۆ سبەی ئەمردەردەکا دوو چواردەخۆری ڕەشی قەترانی بدەن بە کورەکانی. کوڕە گەورەکەی بۆ فێربوونی کار و وەرگرتنی بەرپرسایەتی

رۆژانه لەگەڵ بەرپرسی بەشی نهێنی و بەشی پاره و داهات هەڵسوکەوت و هاوکاری هەبێ و، بچووکەکەیشی لەگەڵ مەسئولی بەشی سەربازی. کوڕەکانی زیرەکن و زۆر خێرا فێردەبن. فەرمانده که هەموو ئێوارەیەک راپۆرتی پێدەدەن و جگه لەمه له دووای راپۆرتەکه لەگەڵ کوڕەکانی دانیشتنی تایبەتی هەیه، یەکجار به وریایی و گەشەی خێرایان رازییه. ئەوەی که یەکجار له جۆری رەفتار و هەڵسوکەوتی کوڕەکانیدا جێی سەرنجیەتی، بێ منەتی و ساردییەکی خۆڕسکه که تەواو هەیبەتیان پێدەبەخشی و خێرا دەوروبەرەکانیان دەخاته ژێر کاریگەریی خۆیەوه. فەرمانده دەزانێ ئەمه ئەو شتەیه یەکجار بۆ ئەوان پێویسته. ئیستا که کوڕەکانی خاوەن خەباتی سەردەمی شاخ نین، دەبێ تایبەتمەندییەکی تر جێگای بگرێتەوه. ئەو دەزانێ هەتا دڵ ساردتر بیت، مێشک گەرمتره و باشتر ئیش دەکا. لایشی سەیره وەهان. ئاخر نەک ئەوەی هەتا دایکیان مرد لەگەڵ ئەودا ژیان و له ژینگەی پیاوانه بەدووربوون؟ کتوپڕ فەرمانده هەستەکا خۆشحاڵە لەوەی ژنەکەی کتوپڕ به نەخۆشی مرد. وەک بڵێی هەمان چارەنووس که ئەو لای کوڕەکانی باسی لێکردبوو له شوێن و کاتی پێویستدا هاتبووه فریایان و منداڵەکانی له ژینگەی ژنانه دوورخستبووەوه و، فڕێیدابوونه ناو ئەو دۆخەوه وا له راستیدا بۆی خوڵقابوون. هەتا ساڵەکان زیاتر تێدەپەڕین، کورەکانیشی ساردوسڕتر دەبوون. ئەوەندەی پێنەچوو فەرمانده بەرپرسایەتی هەر سێ بەشی گرینگی عەسکەری، داهات و کەرتی نهێنی دایه دەست ئەوان و بەم شێوەیه دڵنیابوو لەوەی که له دووای خۆی سێوەکه دەکەوێتەوه باوشی

ڕەچەڵەکی خۆیەوە و بەم شێوەیە داهاتووی نیشتمان و گەل پارێزراوەبێ و ناکەوێتە دەست ناحەزان.

فەرمانده لە چیرۆکە کۆنەکاندا خوێندبوویەوە جاری وایە هەندێ لە پاشاکان لەبەر ئەوەی خاوەن کوڕ نەبوونە، چۆن چۆنی بەتووش گرفتی گەورەوە ببوون. لەبەر خۆیەوە دەڵێ بێگومان لەبەر ئەوەی خوا دەزانێ چۆن چۆنی بوونەتە پاشا! ئەوسا بزەیەکی دێتێ و سەرێک بادەدا. مێژوو لە ژیانی ڕاستەقینەدا زۆر هەڵەناکا.

کوڕەکانی لەوە یەکجار زیرەکتر بوون وا بیری لێدەکردەوە. لە ماوەیەکی یەکجار کەمدا مەسئولە سەرەکییەکانی سەرتابەری هەموو دامەزراوەکانی ژێردەستی خۆیان دەگۆڕن و، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی باشتریشیان هەبێ ناوەناوە بە بێ هیچ چەشنە پلانێک سەردانیان دەکەن. ئەمە کارێک دەکا تەواو دەسەڵات پەیدابکەن و نیشتمان نازناوی دووانەی هەیکەل ئاسنینەکەیان پێ ببەخشن. لە هەموویشی سەرنجڕاکێشتر ئەوە بوو هەمیشە بەیەکەوە لە ڕاگەیەنێرە گشتییەکاندا دەردەکەوتن و ئەمە تەواو سیمایەکی تایبەتی پێ بەخشیبوون. فەرماندەیش لەو سێ بوارەدا دەسەڵاتی تەواوی پێ بەخشیبوون و تەنیا وەک ئەرکێکی فەرمی بە پێی پێویست لەگەڵیان دادەنیشت و، گوێی لە چۆنیەتی بارودۆخەکە دەگرت.

هەر لەو ماوەیەدا چەند هەڤاڵێکی تری بەناوبانگی سەردەمی شاخ بە نەخۆشی سەرەتان و سەکتەی مێشک و دڵ مردن و لە گردە بەناوبانگەکە ناشتیانن. ناشتنی ئەوان ئەمجارە بە هۆی پلانی نوێی کوڕەکانییەوە یەکجار جیاواز بوو. بۆ وێنە دە چەکدار بە تفەنگەکانیان

هاوکات هەر یەکەیان سێ فیشەکی بەرەو ئاسمان دەتەقاند و دووا تر بە هەزاران گوولّی رەشیان (کە کەس نازانێ لە کوێوە هێنابوویانن) بە ئاسمانی گردەکەدا پەخش و بلّاودەکردەوە. با، پەڕەی رەشی گوولّەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد و بە ناو شەقام و کۆلّانی شاردا دایدەباراندن.

گردەکە بە مۆنۆمێنت و جۆری رازانەوە و گۆرە شازەکانییەوە وەها رووەوە شار دەدرەوشایەوە کە زیاتر لە قەبرستان لە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی دەکرد. کوڕە بچووکەکەی ناوی نابوو پێرلاشزی نوێ. ئەوان ئەم ناوەیان لە ڕێگای سەتەلایتەوە بیستبوو.

لە کردەیەکی دیکەدا کوڕەکان ئەمریان دەرکرد تەرمی هەموو ئەو سەرکردانەی وا سەردەمی شاخ لێرەو لەوێ بێ ناز نیژرابوون، با تەرمێکیش نەمابێ و هەر خاک و خۆڵ یاخود ئێسک و پروسک بێت، بێننەوەو لە گردەکە بیانێژن. بەم شێوەیە گەل و نیشتمان چەندین مانگ بەمەوە خەریکبوون و جارێکی تر مێژوو سەرەڕای تێپەڕینی سالّەکان، ژیایەوە.

ئەمە کارێکی کرد دووانە هەیکەل ئاسنینەکە بەتەواوی شیاوی ئەوە بن ببنە جێگری باوکیان. تەنیا ئەوەندەی نەبێ کە نیشتمان خەمی ئەوەی دەخوارد چلۆن دوو کەس دەتوانن پێکەوە ببنە سەرۆک،... داخۆ پێکەوە دەگونجان؟

(٣٢)

لە دووای ئەوەی فەرماندە بە هۆی پێگەیشتن و بەئەستۆگرتنی بەرپرسایەتی لەلایەن کوڕەکانییەوە لە داهاتوو دڵنیابوو، کاتەکانی ژیان تام و چێژێکی تریان پەیداکرد. راستە ئەو هەر لە کۆنەوە بەهۆی بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانەیەوە بڕوای بە قەدەری زاڵبوونی خۆی و هەڤاڵانی هەبوو و، پێش بینی ئەوەی دەکرد هەر کە بە دەسەڵات بگەن بۆ هەمیشە نەوە لەدووای نەوە جڵەوی نیشتمانیان بەدەستەوە دەبێ، بەڵام راگواستنی بۆ کوڕەکانی وەک کردەیەکی یەکجار مەزن

دەهاتەبەرچاو کە قەدەرەکەی دەکرد بە خەونێکی راستەقینە. ئاخر مەگەر نەک ئەوەیکە هەر خەون و چارەنووسێک پێویستی بە کۆمەڵێک هۆکاری واقعی هەیە. ئەو لێرەدا هەموو هۆکار و فەلسەفەی ژیانی ژنەکەی هاتەبەرچاو.

هەڵبەت فەرمانده تەنیا بەمە رازی نەبوو، بەڵکو بەردوام هەوڵیدەدا هەفتانە چەندین جار چاوی بە کوڕەکانی بکەوێ و بە گێڕانەوەی بەردەوامی رابردووی خۆی و هەروەها ئەزموون و زانیارییەکانی، باشتریان بار بێنێ. بەڵام ئەوان وادیار بوو زۆر حەزیان بەمە نەبوو و بەتایبەت بیرەوەرییەکانی باوکیان لەلایان یەکجار بێتام و کۆن دەهاتنە بەرچاو. رۆژێک کوڕە بچووکەکەی لە کاتێکدا جۆرێک لە گاڵتەپێکردن لە دەنگە سارد و بێ هەستەکەیدا بوو، گوتی باوکە وازبێنە، واز! فەرمانده دەمی بوو بە تەڵەی تەقیوو و هەروا بۆ ماوەیەک سەیری کرد. پاشان بە بزەیەکەوە گوتی وادیارە ماندووم کردوون، زۆر باشە بڕۆن، دایدەنێین بۆ کاتێکی تر. بەڵام کوڕەکەی لەوە راستەوخۆتر بوو ئەم بیری لێدەکردەوە. باوکە بۆ جارێکی تریشی دانانێین، واز لەو سااڵنە بێنە! فەرمانده ئارەقێکی سارد لە ناو پشتی نیشت. کتوپڕ هەستیکرد بێ ڕێزییەکی سەیری پێکراوە، بەڵام زۆر خێرا بە سەر خۆیدا زاڵبووەوە و ئەمجارە گوتی وادیارە بەساڵداچووەکان دەبێ لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆیان دانیشن و گەنجەکانیش سەر لەنوێ بیرەوەریی تر بۆ خۆیان دروست بکەن. کوڕە گەورەکەی هەستایە سەرپێ، دەستی خستە سەر شانی باوکی و گوتی چیتر پێویست ناکا بە بیرەوەرییەکانمانەوە بژین، باوکە، زمانە گۆڕاوە، یەکجار گۆڕاوە، ئاگات لە سەتەلایت نیە، لە

گرینگیی پاره و لەو حەزەی خەڵک ئیستاکە بۆ هەبوونی شمەکی سەیروسەمەرە لە ماڵەکانیاندا هەیانە، نیە؟ پێم وابێ دەبێ ئاگات لێبێ، ئەگەریش لات وایە بەم بیرەوەریانە شت فێری ئێمە دەکەی ئۆکەی زۆر باشە، بەڵام لەمێژە ئێمە ئەوەی تۆ باسی دەکەی بیستوومانە و فێری بووین، باوکە، تۆ کەمێک زیا لە پێویست لە رابردوودا دەژی. فەرماندە هەستی کرد سەرمایەتی. ژووڕەکە کتوپڕ سارد هەڵگەڕابوو. بچووکەکەی گوتی لێی گەڕێ بۆ ئێمە، ئیستا ئێمە دەزانین چۆنی بگێڕین، ئیستا ئیتر پارە و دەسەڵاتمان هەیە، وڵات بە هەموو شتەکانییەوە لەبەر دەستماندایە، جیلی ئیستا وەک ئەوەی تۆ نیە، لێمانگەڕێ!

لێمانگەڕێ! فەرماندە رۆژانی داهاتوو زۆری بیر لەم قسەیە کردەوە. وادیارە خراپ تێگەیشتبوون، وادیارە لە بیریان چووبووەوە باوکیان هێشتا مابوو و هێشتا ئەو بوو خاوەنی دووابڕیار بوو. نا وانابێ! پەشیمان بوو لەوەی ئەو هەموو دەسەڵاتەی دابوونێ. دەبووایە کارێک بکا. هەرچی هێنای و بردی عەقڵی بە هیچ نەشکا. خۆ تازە نەدەکرا پلەکانیان لێ بستێنێتەوە. بەم کارە دەیشکاندن و ئیتر ئەو قەدر و حورمەتەیان نەدەما. داهاتوو لەکیس دەچوو. وادیاربوو هێشتا نەمردبوو برابەشی بۆ پەیدا ببوو! پیشی بە خۆیا دەخواردەوە. سەرئەنجام دووای هێنان و بردنێکی زۆر بە خۆی گوت تازە چاری نیە و دەبێ لەگەڵ وەزعەکە بسازێ. بە خۆی گوت تا هەم ناتوانن لانیکەم جێی من بگرنەوە، نا، ناتوانن! هێشتا نیشتمان و هەڤاڵان رووداوەکانی ساڵانیان لەبیر نەچووەتەوە. هەستیکرد کەمێک ئارامتر بووەتەوە.

ئەوسا پێکەنینی بە خۆی هات. وای لە دەسەڵات!.. وای وای! بەڵام لە سەرێکی ترەوە خۆشییەک بە دەروونیدا هات. ئەو دوو روخسارەی ئەو بینیبوونی، هەتا دەمان بە ئاسانی دۆخەکەیان لە دووای ئەویش رادەگرت. بەس لە ناو خۆیاندا لێیان تێکنەچێ!... جا بۆ تێکبچێ؟ نانا، تێکناچێ.

کۆڕەکانی ناردیان لە وڵاتی دراوسێی دووهەمەوە باشترین جۆری سەیارە بۆ هێزی ئاسایشی ناوخۆ بکڕن، جلوبەرگی سەردەمی شاخ گۆڕا بۆ جل وبەرگی سەربازی بە نوێترین شمەکە پێویستەکانەوە. بەڵام نە دراوسێی یەکەم و نە دووهەم نەفەربەریان نەدەدانێ و تازە نەشیاندەهێشت لە وڵاتانی ترەوە هاوردەی بکەن. بەڵام ئەمە گرینگ نەبوو. دووانەی هەیکەل ئاسنین تەواو سیمای هێزی چەکدار و ئاسایش و بەشی ئەمنییان گۆڕی و بەمە نیشانیاندا ئەوانەی جاران نین وا خەڵکی بیریان لێدەکردەوە. ئیتر تەواو ئەو بڕە بیرەوەرییەیش کە خەڵکی هەیانبوو و دەیانگوت کاتی خۆی ئێمە یارمەتیی ئەمانەمان دەدا و بە پارە و بە خواردن ئاگامان لێیان بوو سڕایەوە و جۆرێک لە سەربەخۆبوون بە فەرمانده و هەڤاڵانی بەخشرا کە سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی لە دووای هاتنەوەیان لە شاخ ئەنجامیان دابوو، لە لای خەڵکی پێکنەهاتبوو. دوو براکە بەمە رانەوەستان و هەموو حیزبە بچووکەکانی تریان ناچار کرد چەکەکانیان دابنێن و گوتیان ئەمان بۆ خۆیان ئاگایان لێیاندەبێ. بەم شێوەیە هێزێکی زەبەلاح پێکەوە نرا کە هەم هی فەرمانده بوو و هەم هی دەسەڵات. کەس نەیدەتوانی لێکیانی جیابکاتەوە.

لە راپۆرتێکدا کە دوو براکە رۆژێک پێشکەش فەرماندەیان کرد گوتیان سەد هەزار هێزی چەکداریان هەیە، بیست هەزار هێزی پۆلیس و سی هەزاریش هێزی نهێنی. ئەوسا گوتیان لە کۆی پێنج میلیۆن هاوواڵاتی گەر هەر ئاوا سەرپێی حسێبی بکەین و سەدوپەنجا زەربی چوار کەسیش بکەین (وەک ژمارەی ئەندامانی بنەماڵەکانیان)، ئەوا بە دڵنیاییەوە شەش سەد هەزار کەس بە گرەنتی لەگەڵمانن و ئەمە دەبێتە لەسەدا هەشتی جەماوەر، ئیتر ئەمە بەجیا لە شانە حیزبییەکانمان و لە کارمەند و خەڵکی مووچەخۆری تر. ئەمە جگە لەوەی بە پێچەوانەی سەردەمی شاخ کە دراوسێی یەکەم و دووهەم دالّدەی فەرماندەیان دەدا ئیستاکە ئیتر هیچ دراوسێیەک دالّدەی کەس نادا، چونکە لە راستیدا ئەمان هێزێکی رەسەنی نیشتمانین و بۆیە بۆ هەمیشە گرەنتی خۆیان کردووە.

فەرماندە کە لەوە پێش قەت ئەم جۆرە حسێب و کتێبانەی نەکردبوو لە زیرەکیی کوڕەکانیدا مابووەوە. ئەوەی ئەو کاتی خۆی لە مەکتەب وەک مەتماتیک خوێندبووی و دوواتر لە سەردەمی شاخ تەنیا لە حسێب و کتێبی پارە و پوڵدا بەتووشی دەبووەوە، ئیستاکە بە شێوازێکی تەواو نوێ هاتبووەوە ناو جیهانییەوە. بگرە کاتێک باس لە ژمارەی هێزەکانی خۆیشی لەو کاتەدا بوو زۆر بیری لە ژمارەی هەڤاانی شاخ نەدەکردەوە. ئەو ساڵانە ژمارە زۆر گرینگ نەبوو. کەواتە دەکرا دەسەڵات و هێزیش بە وردی بە زمانی مەتماتیک باسی لێبکرێ. سەر هەڵدەبڕێ و بە وردی لە کوڕەکانی دەڕوانێ. چەند شانازی بە خۆیەوە دەکا. لێرەدا کوڕە گەورەکەی دەڵێ تەنیا یەک کێشەمان دەبێ ئەویش هەڤاڵانی خۆتە،

ئەوانەی وا ماڵ و مووڵکیان بەیەکەوە ناوە و هەر کامەی بە جۆرێک هەندێ چەکداری خۆیانیان هەیە، ئەمە مەترسییە. فەرماندە دەستبەجێ تێدەگا. ئەو تەنانەت بیریشی لەمە نەکردبووەوە. کوڕەکەی دەڵێ گەر ئیزن بدەی ئێمە ئەمەیش جۆردەکەین.

بەم شێوەیە هەڤاڵان بانگهێشت دەکرێن و داوایان لێدەکەن کە بەرپرسایەتی هێزەکانی دەورو بەری خۆیان بۆ بەشی عەسکەری و نهێنی راگوێزن. ئەوان کە سەرەتا دەپەشۆکن هەوڵدەدەن نەهێڵن، تەنانەت هەندێکیشیان بە تووڕەیی کۆبوونەوەکە جێدێڵن، بەڵام لەدووای هێنان و بردنێکی تا رادەیەک زۆر ئەوانیش مل دەدەن، ئەگەرچی یەک دووانێکێشیان بەمەبەستی تەمێکردنی ئەوانی تر و زووتر مل پێکەجکردنیان لێ بێ سەروشوێن دەکەن.

فەرمانده لە بیری دێ باوکی تەحەمولی ئەوەی نەدەکرد کەس قسە لە قسەیدا بکا. هەموویان لە ماڵەوە، بە دایکیشییەوە، گوێڕایەڵ بوون. وەی لەو رۆژەی کەسێکیان بێ قسەیی باوکیان بکردایە! دەبووە رۆژی حەشر. تەنانەت کە پشیلەکانیش کاتێک لە سەر حەسارەکە بە شەوان شەڕیان دەبوو، ئەوە باوکی بوو مافی ئەوەی هەبوو بەو نیوەشەوە دەرپەڕێ و بیانتارێنێ. فەرمانده دێتەوە بیری بە جۆرێک ئەو ژیانە خۆش بوو. هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدا بوو و ئەگەرچی ئەمان ئیزنی زۆر شتیان نەبوو بەڵام رێگاکان دیار بوون. وادیارە کوڕەکانم لە من زیاتر لە باوکم دەکەن! بزەیەکی دێتێ.

ـ هەر ئەوەندەی بوو باوکم هەمیشە ماندوو بوو،... ماندوو ماندوو!

فەرمانده بە دیتنی جلوبەرگی نوێی هێزە چەکدارەکانیش دڵخۆشە. لەبەر خۆیەوە دەڵێ ئەمەیش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ ئەوەی خەڵکی رووداوەکەی سەنتەری شار لە رۆژی راپەڕینەکە لەبیربەرنەوە. ئەو کە باوەڕی نەدەکرد ژیان ئەوەندە لە خۆیدا هەڵگری گۆڕان و شتە نوێیەکان بێت، لە دووای ماوەیەکی باش دیسان بیری کەرەشین دەکەوێتەوە:

- راستی لە کوێیە؟... بڵێی چی بەسەرهاتبێ؟

هەر ئەو رۆژەی ئەم پرسیارە لە دەروونیدا چەکەرەدەکا، یەکێک لە کوڕەکانی کە ماوەیەکە چاوی لەسەر کچێکی جوانە و بە رێکەوت لە یەکێک لە گەشتەکانی بە ناو شاردا بینیبووی، لە پلانێکدا بەر بە ماشینەکەی دەگرێ، بە زەبری دەمانچەکەی لەبەر چاوی دایک و باوکیدا دایدەبەزێنێ و لەگەڵ خۆی دەیبا.

بەم شێوەیە ئەگەرچی هێشتا فەرمانده ماوە و جڵەوی وڵاتی بەدەستەوەیە، بەڵام دەورانێکی نوی لە ژیانی نیشتمان دەست پێدەکا.

(٣٣)

هەڤاڵ شەوان باشترین سەرکردەی سەربازیی فەرمانده لە سەردەمی شاخدا بوو. ئەم نازناوەیان لەسەر نابوو لەبەر ئەوەی بەشەو قەت نەدەخەوت و خۆی و چەکدارەکانی هاوڕێی، کە هەمیشە لە نێوان بیست تا سی کەسدا دەبوون، هەتا هەتاو هەڵدەهات لە جووڵەدابوون. ئەوان تەنیا بە رۆژ دەخەوتن.

ئەم خەسڵەتە ببووە هۆی ئەوەی بتوانن باشترین گورز لە دوژمن بوەشێنن. کاتێک دونیا خەوتووەو تۆ بەخەبەری، ئیتر ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تۆ وریاتر بیت و بتوانی هەمیشە لە دۆخێکی باشتردا بیت. هەڤاڵ شەوان و هەڤاڵانی رەنگ و رووی شەویان گرتبوو. وەک شاعیر

'لێزانی دڵ شێواو' لە وەسفە نەمرەکانیدا دەیگوت جاری وابوو لە تاریکە سەلاتیان دەکرد و جاری وابوو لە مانگی شەوی چواردە، جاری وابوو خشپەی هەنگاوەکانیان لە هی مار دەچوو و جاری وابوو لە گورگ، بەو چاوانەوە وەک چاوی هەڵۆ دەئایسان و هەتا دوورترین مەوداکانیشیان دەخستنە ژێر چاوەدێری خۆیانەوە.

هەڤاڵ شەوان ئەوەندە ناوبانگی دەرکردبوو کە دوژمن وەک سەگ لێی دەترسا. هەموو گەل تامەزرۆی دیداری بوون. بەڵام لەبەر ئەوەی لە تاریکیدا دەبینرا قەت کەس نەیدەزانی بەڕاستی سەروسیمای لە چ چەشنێکە. هەر ئەوەندەیان دەزانی تەقیلەیەکی بەسەرەوەیە، جامانەیەک بە دەوری ملیدا، ریشێکی درێژی وەک شەو رەش و کوڵەبااڵێکی ناوچەی هەورامان لە بەریدا سەرنجیان رادەکیشا. لێزانی دڵ شێواو لە وەسفێکی تریدا گوتبووی "ئەو هەڤاڵەی هەتاو تامەزرۆی دیدارییەتی". راستی دەکرد. هەڤاڵ شەوان کاتێک لەخەو هەڵدەستا خۆر لە ئاوابوونda بوو و دووانیشکەکانی زەردەپەڕیش ئەوەندە کەم هێزبوون کە رێگای بەرچاوی هەتاویان بەجوانی روون نەدەکردەوە. جگە لەمە سێبەری درێژی لێڕەوارەکان و شاخەکانی نیشتمان ئەوەندەی دەبوونە یارمەتیدەری شەو، نەدەبوونە هاوڕێی رۆژ. بەم شێوەیە حەسرەتی دیتنی هەڤاڵ شەوان لە دڵی خۆری نیشتماندا مایەوە و قەت نەیتوانی ببینێ. بەداخەوە هەڤال لە شەڕێکی دەمەو بەیاندا، کاتێک شەو هێشتا سەعاتێکی بە بەرەوە مابوو، کەوتە ناو بۆسەی دوژمنەوە و گیانی لەدەستدا. وەک دەیانگوت دوژمن بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم هەڤاڵە بخاتە داوەوە بە چەند ساڵ پلانی دارشتبوو. لە کۆتاییدا بە هۆی یەکێک لە

سیخوڕەکانی کە خۆی خستبووە ناو ریزی هەڤاڵانی هەڤاڵ شەوانەوە، سەرئەنجام لە کەمینێکدا لە گەرمەی شەڕدا ئەو سیخوڕە خوێڕییە لە دوواوە فیشەکێک دەنێ بە سەرییەوە و رادەکا. بەم شێوەیە شەو کە هیوایەتی هەڤاڵ بوو، بوو بە بەستێنی دوواکاتەکانی ژیانی.

کوژرانی ئەم هەڤاڵە زەبرێکی جەرگبڕ بوو لە فەرماندە و هەڤاڵانی درا. بەڵام لە سەرێکی تریشەوە فەرماندە پێی خۆش بوو،... یەعنی پێی خۆش نەبوو، بەس لای وابوو کاتی هاتبوو! ئاخر بە گوێرەی ئەزموونی فەرماندە کەس نابێ لە ناو و ناوبانگ ئەوەندە بڕواتە سەرەوە کە سەروەتری خودی فەرماندەیش بکەوێ. نا، شتی وا نابێ. ئەمە مەترسییەکی گەورە بوو. لەبەر ئەوەی لە کاتی بەزم و کێشە ناوخۆییەکاندا ئەم جۆرە کەسانە بە هەر لایەکدا بکەوتنایە یەک دونیا هەڤاڵیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. جگە لەمە فەرماندە زۆر جار کە خەڵکی ناوچە جۆربەجۆرەکان سەردانیان دەکرد و ئەمیش وەک ئەرکێکی حیزبی و نیشتمانی دەبا چاوی پێیان بکەوتایە و گوێ لە قسە و دەردی دڵیان بگرتایە، گوێی لێدەبوو کە هەواڵی 'هەڤاڵ شەوان'یان لێدەپرسی. بەمە یەکجار رقی هەڵدەستا. ئیتر ئەو خەڵکە بێتامیان کردبوو. مەگەر بۆخۆی پنگ بووا!

ئەو رۆژەی خەبەری شەهیدبوونی هەڤاڵ هات، ئەگەرچی کتوپڕ هەستی بە بۆشاییەکی سەیرکرد، بەڵام هاوکات خۆشییەکیش بە دەروونیدا هات. وەک بڵێی لەمپەرێکی گەورە لەسەر ڕێگای لاچووبێ. بە خۆی گوت کاتی ئەوە هاتبوو بچێتە ناو ریزی کاروانی سورخەڵاتی شەهیدانی

گەلەوە، لەوێ ئیستاکە زیاتر بەکەڵکمان دێت، هەر کوڕی ئازا و قارەمان زۆرە!

لە ناشتن و گرتنی ڕێوڕەسمی بەشکۆ بۆ هەڤاڵ شەوان درێغیان نەکرد. باشترین نوتقی دونیای ئامادەکرد و لێزانی دڵ شێواویش باشترین شیعری خۆی هەتا ئەو کاتە نووسی. دوواتر لە چەند چالاکیی گەورەدا دەستی چاکیان لە دوژمن و بکوژەکانی وەشاند و بگرە گوتیان ئەو مەسئولەی وا هەڤاڵی شەهیدکردبوو، تۆپاندبوویان!

مەرگی هەڤاڵ شەوان نیشتمانی هەژاندبوو. ببووە خوێنێکی گەرم کە نیشتمانی بە جۆش هێنابوو. رادیۆکەیان بۆ یەک دوو مانگی ڕەبەق هەمیشە شتێکی لەم پێوەندییەدا پێبوو.

کتێبی کاروانی شەهیدان هەتا دەهات بە لاپەڕەکانی زیاددەبوو. لەوێیش سەرەتا مەسئولەکان بوون بە وێنەکانیانەوە لە لاپەڕەکانی پێشەوە و دوواتر هەڤاڵانی تر بە گوێرەی پلە و پایە و شتی تریانەوە. فەرمانده دەیزانی ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەگەرچی ئەو لە دووای هەموو ئەو هەڤاڵانە مردووە، بەڵام وێنەکەی دەچێتە یەکەم لاپەڕەوە. هەستێکی خۆش گرتی. بەڵام هاوکات هەستێکی ناخۆشیش ڕووی تێکرد . بە خۆی گوت کەواتە ئالێرەدا لاپەڕەیەک جێگای خاڵییە، یاخود لێیەتی و هێشتاکە من نایبینم! ئەوسا چەند ژیان بێ مانا هاتە بەرچاوی. کتێبەکەی بەپەلە بەست و لەسەر مێزەکە فڕێیدا و بە چەند هەنگاوێک لێی دوورکەوتەوە. بڵێی ئەو سەردەمە بێت؟ دەستێکی ڕاوەشاند، وەک بڵێی پرسیارەکە لە خۆی دووبکاتەوە. ئەوجا تەمەنی خۆی حسێب کرد: "هەفتا ساڵ،... هەفتاااا ساڵ!" ژمارەکان خەریکبوون دەبوونە خاوەن مانا.

لە بیری دێت هەڤاڵ شەوان لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا کوژرابوو. گەر مابا ئیستا لە دەورووبەری تەمەنی خۆیدا دەبوو. راستی گەر مابا چیدەکرد؟ ئەویش وەک هەڤاڵانی تر،... یاخود...؟ وەڵام کەمێک زەحمەتە. فەرمانده لای وایە هەندێ کەس لەگەڵ ئەوەی هیوایەتیان زۆرە بەڵام ژیانیان جۆرەیەکە، واتە وەهایە کە دەبێ بکوژرێن. هەندێ هیوا هەن لەگەڵ مەرگ رێدەکەن. لە بیری دێ لە هەڤاڵ شەواندا جۆرێک لە بێ منەتی و بێ دەربەستی هەبوو. بێ خەیاڵ بوو، زۆر بیری لە شت نەدەکردەوە و سەر لە پێناو بوو. هەرچیت پێ بگوتایە دەیکرد و سڵەمینەوەی نەبوو. فەرمانده جاری وایە هەست دەکا هەڤاڵ بە ئەنقەست بەرەوپیری مردن دەچوو. وەک بڵێی گەر هەستی بە مەرگ نەکردایە نەیدەتوانی بژی. چاوشارکێیەکی ترسناک. خۆزگە ئاگای لە شێوازی گەورەبوون و ژیانی زووتری ئەو هەڤاڵە بووایە. دەزانێ ئەم خەیاڵە بێسوودە. مردووەکان ناگەڕێنەوە، قەت قەت. خزم و کەسوکارەکانیشی ئیستاکە لەو گونده بێگومان زۆریان مردوون. یان رەنگە زۆر بە جوانی ئەویان لەبیر نەمابێ. بەڵام نا،... هەڤاڵ 'حەمەی ئارپی جی'شی هەیە کە وەک هەڤاڵ شەوان بەدەست و برد و چاونەترس بوو و کەچی ئیستاکە ئەویش وەک ئەوانی تر لە مەسبەحەکەی و لە ناو بووکەشووشەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیادا نوقم بووە و ماسولکەکانی سەردەمی شاخی ئەویش توابوونەوە. دێتەوە بیری حەمە ئار پی جی جێگای هەڤاڵ شەوانی گرتبووەوە. ئەو دووانە یەکجار لەیەکتر دەچوون. نا، کەواتە گەر مابا ئەویش... . چیتر تاقەتی ئەم بیرکردنەوانەی نەماوە. باشە مەگەر مرۆڤ دەبێ هەموو تەمەنی بەیەک

شێوە بژی؟ شتی وا چۆن دەبێ. فەرماندە رقی لە خۆیەتی کە دەبینێ جاری وایە بەم شێوەیە لە رابردوودا غەرقدەبێ. داخۆ مەگەر بۆخۆی هەر ئەوەیە کە هەبوو؟ بزەیەکی دێتێ. ئیستایە دەزانێ کوژرانی هەندێ کەس بۆ دەیان ساڵی تریش رەحمەتە ئەگەرچی لە کاتی شەهیدبوونەکەیدا بەمە نازانی. دڵنیا لەوەی سێبەری هەڤاڵ شەوان دەتوانێ بەسەر کۆشک و تەلار و باغاتی هەڤاڵاندا بکشێ و لەخۆیاندا نوقمی بکا و بیانشارێتەوە، ئەمردەکا بێن و ئەلبوومەکە ببەن.

فەرماندە بیری بیرەوەرییەکی خۆش دەکەوێتەوە. هەڤاڵێکیان هەبوو بە ناوی قارەمان کە کاتێک ناوی نیشتمانی دەبیست، دەستبەجێ دەستی دەبرد بۆ گونی! هەڤاڵان پێی پێدەکەنین و دەیانگوت بەخوا خوێریت! بەڵام هەڤاڵ قارەمان خوێڕی نەبوو. نیشتمان ناوی بێوەژنێکی دراوسێیان بوو کە ئەو پیش ئەوەی روو لەدەرەوە بکا لە پێوەندیدا بوو لە گەڵی. خەونی گەورەی هەڤاڵ قارەمان ئەوە بوو رۆژێک لە رۆژان بتوانێ بگەڕێتەوە و بگاتەوە نیشتمانی دراوسێیان. بەختی ئەو هەمووی دوو ساڵ لەدەرەوە نابێ راپەڕین دەکرێ و دەگەڕێنەوە. بەڵام بەداخەوە دەبینێ نیشتمان شووی بە پیاوێکی بەرگدروو کردووە. هێشتا منداڵی لێی نیە. لێی رادەسپێرێ حاشای بۆ بکا و لە پیاوە جیابێتەوە. نیشتمان ئەمە ناکات و دەڵێ خۆشم دەوێ و جگە لەمە تۆ منت بەجێ هێشت. دەڵێ تۆ نیشتمانێکی دیکەت لە جیاتی من هەڵبژارد. هەڤاڵ قارەمان دەڵێ من بە عەشقی تۆوە چەکم بۆ نیشتمان هەڵگرت! ئەمەیش نیشتمان ناخەڵەتێنێ. ئەمجارە هەڤاڵ هەڕەشە لە مێردەکەی دەکا.

مێردی بەستەزمان دەستبەجێ تەڵاقی دەدا و هەڤاڵ قارەمان بۆ چەند رۆژی دوواتر دەیگوێزێتەوە.

هەرچەنێ چەند جار لای هەڤاڵانی گوتبووی تام و لەززەتەکانیش دەگۆڕدرێن، گوتبووی بەتەمایان دێینەوە بەڵام سااڵنی رابردوو قەت دووپات نابنەوە،... قەت قەت!

(٣٤)

یەکێک لە حەزە گرینگەکانی فەرماندە خواردنە. بەیانییان هەنگوێن، رۆنەکەرە، ماست بە نیوسانتیم تۆپژاڵی چەوری بەسەرەوە، مەرەبای لەسەداسەد سروشتیی، هێلکەی ئەو مریشکانەی وا دانەوێڵەی تایبەتییان بۆ دێت و جۆرەها نانی تەنوور و نانی تیری. نیوەڕۆ و ئێوارانیش جۆرەها خواردنی گەرمی بەلەزەت: وەک گۆشتی پۆڕ، مریشک، گۆشتی سوور، کەباب، جگەری قاز و مریشک و مەڕ، بۆندارترین جۆری برینجی باکووری ئێران و ئەنواع شلە لە جۆری فاسۆلیا، بامیە، قیمە و... بوون کە ئەم سەر تا ئەو سەری مێزەکەی دەڕازاندەوە. سەوزە و پیاز و زەڵاتەیش لە جێی خۆی. فەرماندە حەزی لێنەبوو بەتەنیا نان بخوا، هەمیشە جگە لە کوپەکانی چەند هەڤاڵێکی تریشی لێبوون. یەکێک لەو کاتە گرینگانە وا فەرماندە تیایا زەوقی دەگەییە ترۆپک، ژەمەکان بوو.

دیاره بەشێکی زۆری ئەم خواردنانە بۆ ئەوانی تر، میوانەکان یاخود بۆ رازاندنەوەی مێزەکە بوو، ئەگینا ئەو دیسان شێوازێکی تری تایبەتی خواردنی خۆی هەبوو. رێک لەو کاتەدا دەستدەکرا بە نانخواردن، یاخود هەڤاڵان چەند پارووپەکیان لوولدابوو، دەوروپشتی تایبەتی بۆ دەهات کە چین چین لەسەری نانی تازە چنرابوو، بە شیش لە نیوانیاندا. لە یەکەم قاتەوە بە جۆرەها جگەر دەستی پێدەکرد، ئەوسا کەباب (لە جۆری سادە و تێکەڵ بە سەوزەی بۆندار)، مریشک و گۆشت (گۆشتی ئاسک و قاز و گوێرەکە). بیناکە بەرزبەرز هەتا گەردنی دەگەیشت. ئەوەی بەرامبەر تەنیا سەری فەرماندەی دەبینی بە چاویلکە رەشەکانییەوە و بە دەمێکی زلی کراوە بە پێکەنینەوە کە بۆی نەدەقونجا. فەرمانده قۆڵی لێهەڵدەکرد بە دەستەکانی بە بێ بەکارهێنانی کەوچک و چەتاڵ و کێرد دەستی دەکرد بە خواردن. دووپاروویش ئەو تیکە نانە بوو وا جوان جوان بنی دەوروپشتەکەی کە چینی ئەسڵ بوو دەلستەوە. ئەوسا دوو پەرداخ دۆ کە گوولّە باخ و قەزوانی بەسەرەوە بوو دەکرد بە قوڕگیا. فەرمانده سوورسوور هەڵدەگەرا. خوێن دەزیایە گووپە خرپنەکانییەوە. بە زمان و بە چیلکە دەستی دەکرد بە خاوێنکردنەوەی دەم و لێوەکانی و نێوان دیانەکانی. ئەو کە دوواکەس بوو دەستی دەکرد بە خواردن، یەکەم کەس بوو دەگەییە کۆتایی. میشەمیشەکەی ژوورەکەی دەتەنی. ئەوسا لە ئەوانی تری دەڕوانی و دەستیدەکرد بە گاڵتەکردن: هەتیو باشی لوولبدە! هەتیو خەساری مەکە هەڵیمەوەرێنە! هههه ئەلێی مانگای دەخۆی، سەیری دەم

و لەوسی! هەڤاڵان قاقا پێدەکەنین و سوورسوور هەڵدەگەڕان. بەڵام فەرمانده بەخۆشییەوە تەنیا گاڵتەی دەکرد و بەس.

تەنانەت کاتێک فەرامانده لە دراوسێی یەکەم و دووهەمەوە میوانیشی بۆ دەهات، هەر بەم شێوەیە نانی دەخوارد. نەیدەتوانی ئەم عادەتەی تەرکبدات. تەنیا شتێک بوو لە تەواوی ئەم ساڵانە لەگەڵیدا بوو و قەت لێی لانەدابوو. هەموو ئەوانەی وا دەیانناسی، لەگەڵی راهاتبوون و ئیتر عەجایەب نەدەهاتە بەرچاویان. بگرە کە دەهاتن جاری وابوو لەگەڵ خۆیان چەند سەر مەڕی سپیی قەڵەو و جوانیشیان بۆ دەهێنا، مەڕی تورکی و مەڕی ئێرانی لە جۆری رەگەزی ئەفشاری کە قەڵەو و قورس بوون. مەڕی تورکی لە لای فەرمانده جوانتربوون، بەڵام تامی مەڕی ئەفشاری شتێکی تر بوو. ئەمری دەرکردبوو مەڕەکان تێکەڵی جەڵەبەکەی خۆی بکەن کە لە لەوەڕگەکانی پشتی بارەگاکەی چەندین شوانی تایبەت بە چەکەوە (کڵاشینکۆف و قەناسە و رەشاشەوە) چاوەدێرییان دەکردن. فەرمانده دەیگوت نێروبەرانیان بکەن... نێروبەرانی! مەبەستیشی ئەوە بوو بەڵکو رەگەزێکی نوێیان لێبەرهەم بێنێ بەڵکو گۆشتی بەلەزەتتریان لێ سازبکا. رەگەزێک تێکەڵ لە مەڕەکانی خۆی و ئەوان. جا ئەوسا چ ناوێکی لەسەر نابان؟ نازانێ. پێدەکەنێ و دەڵی رگەزی زۆڵ! قاقا دەیداتە پێکەنین. زۆڵەمەڕ، زۆڵە گۆشت، یان جاشەمەڕ یان جاشەگۆشت. فەرمانده ئەوەندەی تر پێدەکەنێ. سکی دەلەرێتەوە و غەبغەبەکانیشی وەک دوگی مەڕ دەجووڵێنەوە.

سەرەتای دەستپێکی جەڵەبەکەی فەرمانده وەک زۆربەی شتەکانی تری دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شاخ. ئەو لەوێیش خاوەنی رانەمەڕ بوو. بە سەدان. لەگەڵ هەڤاڵان لەهەر شوێنێک بارگە و بنەی بخستایە ئەوا لە دووای ماوەیەک مەڕەکانیش دەگەیشتن. بە قولەقول و هاوارهاواری شوانان و وەڕینی ئەو سەگانەوە وا حەجمینیان نەبوو و بە راکەڕاکە مەڕە پەرتەوازەکانیان دیسان دەهێنایەوە ناو ریزی جەڵەبەکەوە. دەنگی زەنگۆڵەکان لەدوورەوە پەیامیان دەدا ئەوا هاتن! فەرمانده لەهەر دۆخێکدا بایە، چ کۆبوونەوە و چ پشوودان، بزەیەکی دەهاتێ و دەیگوت حەک مااڵم بەقوربانتان بێ! ئەوسا وەک هەمیشە مەڕەکان لە دۆڵێکی تەنیشت هەڤاڵان جێگیردەکران. هەبوونی مەڕەکان هەمیشە دەبووە هۆی ئەوەی گورگەکان بەدەورییانەوە بن. بەتایبەت لە زستاندا. فەرمانده ئەوانیشی ناو نابوو فاشییەکان. فاشییە سروشتییەکان کە بەشێوەیەکی خوایی لەگەڵ دیکتاتۆر یەکیان گرتبوو و لە دژی ئەو بەرەیەکیان پێکهێنابوو. بۆیە ئەمری دەرکردبوو بەهیچ جۆرێک رەحم بە گورگەکان نەکرێ. باشترین چەکیش قەناسە بوو.

بەاڵم کێشەیەکی هەبوونی مەڕەکان ئەوە بوو بە هۆی ئەوانەوە فڕۆکەکانی دوژمن زوو شوێنەکەیانی دەدزۆییەوە و دەستی دەکرد بە بوردمان کردنیان. ئەگەرچی ئەمەیش نەبووە هۆی دوورخستنەوەی وەهای مەڕەکان لێیان. لە کۆبوونەوەیەکی گرینگدا بڕیاریاندا بیانکەنە چەند کەرت و لە چەند دۆڵدا بڵاوەیان پێبکەن. ئەم پلانە کارساز بوو و سەری لە دیکتاتۆر و فڕۆکەکانی شێواند.

هۆکار تێپەڕینی تەمەن بوو یان دابەزین لە شاخ، بەڵام بەرەبەرە خواردنیش تام و چێژی جارانی نەمابوو. دکتۆر فەرماندەی فەحسکرد و گوتی کلۆسترۆلی خوێنی زیادی کردووە و دەبێ ئاگای لە خۆی بێت. کەواتە کێشەکە لە خۆیدا بوو. چی بکا چی نەکا، ماوەیەک بەقسەی دکتۆری کرد. نا، وا نابێ! لەوانە بوو شێت بێت. بۆیە بڕیاری دا بە ڕێک و پێکی دەرمانەکانی بخوا، بەڵام بۆ خواردن زۆر گوێنەداتێ. بگرە خراپتر گەڕایەوە سەری. بە خۆی گوت کوڕە چی دەبێ با ببێ، ژیان ئەوەندەی ناوێ! لە دووای شاخ بەزیادی ماوین.

رۆژێک لە کاتی سەردانی مەڕەکانی بەتووش دیمەنێکی سەیرەوە بوو. هەڤاڵان کە لێرەو لەوێ بە چەکەکانیانەوە دەبینران، بینی لە نزیک یەکێک لە چادرەکانیاندا گوێدرێژێک راوەستاوە. دیمەنەکە چونکە دووربوو بەهۆی شەپۆلی گەرماو و گەشیی هەتاوەوە جوان خۆی نەدەخەملاند. بەڵام چاوەکانی درۆیان نەدەکرد. چاویلکە رەشەکەی کەمێک دانەواند و بە بێ وان رووانی. ئا، راست بوو،... خۆی بوو،... گوێدرێژێک کە دەڵێی ئەویش لەوێوە لەمی دەڕوانی لە تەنیشت چادرەکە کە لەبەر دەمیدا هەڤاڵێکی شوان بە کڵاشینکۆفەکەیەوە دانیشتبوو و خەونووچکە دەیبردەوە، راوەستابوو. فەرماندە زەندەقی چوو! داوای دووربینی کرد. ئا، هەڵەی نەدەکرد. لە خودی کەرەشینی دەکرد. ئەویش لەوێوە لەمی دەڕوانی. شێوازی ڕووانینی تایبەتی کەر کاتێک ئاراستەی جەستە بەرەو شوێنێکی تر و کەچی سەری بەرەو لای تۆیە! سووربووەوە. لە هەڤاڵەکەی تەنیشتی پرسی ئەو گوێدرێژە لەکەیەوە لێرەیە. قوربان عەیب نەبێ کامە گوێدرێژ؟ کوێری مەگەر

نایبینی، ئەها ئەوەی ئەوبەر دۆڵەکە لە تەنیشت چادرەکەوە! هەڤاڵ دەستیکرد بە سێبەری چاوەکانی و لە دووری رووانی. قوربان عەیب نەبێ و دوور لە رووی جەنابت هیچ گوێدرێژێک نابینم! فەرمانده کە لەوانە بوو تێکبچێ، دەستی دایەوە دووربینەکە. ئەی ئەوەتا، مەگەر نایبینی، کوێر بووی یان گێل؟ هەڤاڵ کە سوورسوور هەڵگەڕابوو گوتی قوربان دەکرێ دووربینەکەم بدەیتێ؟ رووانی، بەوردی،... دیسان جگە لە چادرەکە و ئەو هەڤاڵەی خەونووچکە دەیبردەوە هیچی تری نەبینی. نەیدەزانی چی بڵێ، دەیزانی گەر ئەمجارەیش بڵێ هیچ گوێدرێژێک نابینی بەر غەزەبی فەرمانده دەکەوێ و قوڕی بەسەردا دەکرێ. بەناچار گوتی قوربان ئەو کەرە نەگبەتە دەڵێی، قوربان ئەوە ماوەیەکە هەڤاڵان لەبەر هێنانی ئاو رایانگرتووە. کانیی ئاوەکە بەسەر یاڵەکەوەیە و سەیارە بە زەحمەت دەیگاتێ، جگە لەمە هەڤاڵان کەمێک پێویستیان بە پشووە و بە گاڵتە، هەر لە کۆنەوە کەر و شوانیان گوتوە. ویستی پێبکەنێ کە نیگا تاڵەکانی فەرمانده رایوەستان. هەر ئێستا دەچی و ئەمردەکەی دەستبەجێ بیتۆپێنن، وەک گورگەکان بە فیشەکی قەناسە، تێگەیشتی. ئەوسا بەپەلە بەرەو ترۆمبیلەکەی گەڕایەوە و فرمانیدا بچنەوە بۆ بارەگاکەی. ئەو هەڤاڵەی مابووەوە رووبکردە هەڤاڵەکەی تەنیشتی و گوتی خوا رەحم کا، فەرمانده تێکچووە!

بەخۆشییەوە کار و سەرقاڵی ئەوەندە زۆربوون کە فەرمانده زۆر خێرا رووداوەکەی لەبیرچووەوە و دیسان گەڕایەوە سەر رەوڕەوەی ژیانی جارانی. دوو رۆژ دوواتر میوانی تایبەتی هاتن و ئەمری دەرکرد چوار مەڕ کەوڵبکەن و بە ساخی بیانخەنە ناو چاڵێکەوە و ئاوریان لەسەر

بکەنەوە. ئەمە لای ئەو یەکێک لە خواردنە بەتامەکان بوو. دەیویست میوانەکانی سورپرایزبکا. ناردیشی باشترین ویسکی بۆ بێنن. ئەگەرچی بۆ خۆی بە هۆی چەوریی خوێنییەوە یەکجار کەمی دەخواردەوە، بەڵام بە بێ ویسکی وەها خواردنێک حەرام هەڵدەگەڕا. مەڕەکان وەها پیشابوون بە لێو لێدەبوونەوە و دەخوران. وەک هەمیشە مەچەکی لێهەڵمالّییەوە.

فەرمانده هەستەکا یەکجار قەرزداری مەڕەکانیەتی. هەر لە کۆنەوە. ئەوان وەک هەموو شتێکی تری ئەم نیشتمانە خاوەن مێژوون. مانایان بە مێژوو بەخشیوە. ئەوانیش گیان و خوێنیان بەخشیوە. بوونەتە وزە لە گیان و لە جەستەی فەرماندەدا بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوام بێ و رۆژێک لە رۆژان دیکتاتۆر بخا. تەنانەت لە کۆڕەوە مەزنەکەی هەڤاڵان بەرەو شارەکان لە رۆژی راپەڕینیشدا ئەوانیش لەگەڵ بوون، ئەگەرچی لە دوواوە. بگرە تەپ و تۆزی رێکردنی ئەوان یەکجار زیاتر بوو. رەنگە هەر ئەمە دوژمنی تۆقاندبێ و یەکێک لە هۆکارەکانی خۆبەدەستەوەدانیان بێت. کەواتە هەیبەتی هەڤاڵان یەکجار زیاترە لەوەی وا خۆیشیان بیریان لێدەکردەوە. وادیارە دەبێ مێژوونووسان بێن و دابنیشن و رووداوەکانی ئەو سەردەمە سەرلەنوێ بخەنەوە بەر لێکۆڵینەوە. زۆر شت نەبینراوە و لەچاوخراوە.

فەرمانده بە دەم ئەم بیرانەوە لە دووای چەندین مانگ پێکێکی خەست لە ویسکییەکەی هەڵدەدا و دەڵێ "بەخۆشی مەڕەکان!"

(٣٥)

حەوت رۆژ و حەوت شەو بایەکی سەیر هەڵیکرد. بایەک بەهێزتر لە رەشەبا و لە زریان. وەک بڵێی رەشەبا و زریانیان لێکدابێ. پێکەوە لە بوونێکی نوێدا. بێ وێنە. داربەڕووەکانی نیشتمان و شاخەکان بە دەمییەوە دەنەوینەوە و جاری وابوو دەشکان. حەوت رۆژ و حەوت شەوی رەبەق دەنگی شکان گوێی کاسدەکرد. کە شاخ دەشکا وردەبەرد و خۆڵی تەقیو فەرسەخ فەرسەخ بڵاودەبووەوە. با هەر وازی نەدەهێنا. بە سەدان و هەزاران کەس هەناسەیان بۆ نەهات و خنکان. ئاسمان دەڵێی بە هەزاران پشیلە لێستبوویانەوە. لە بیابانەکانی نیشتمان هەر خۆڵ بوو بە شوێن خۆیدا رایدەکرد. بەرەبەرە ئەوانەیشی وا باوەڕیان بە خودا نەبوو هاتنە سەر ئەو بڕوایە پەروەردگار دەیەوێ تۆڵەیان لێبکاتەوە و بۆیە ئەوانیش لەگەڵ باوەڕمەندان بە سەر بەرمالّەکاندا کەوتن و دەستیانکرد بە پاڕانەوە و لاڵانەوە لە خودای مەزن و دلۆڤان.

مزگەوتەکان جمەیان دەهات. بەڵام خودا هەر گوێی لێنەبوو. زۆر کەس لە دەروونەوە دەیانگوت وەک هەمیشە.

لە دووای حەوت رۆژ و حەوت شەو کتوپڕ هەورە رەشەکان لە ئاسۆی وڵاتەوە دەرکەوتن. ئەوەندە خێرا ئاسمانی نیشتمانیان داپۆشی کە لەسەر ئەوەی داخۆ سەرەتا لە باکوورەوە دەرکەوتن، لە باشوور، رۆژهەڵات یاخود رۆژئاواوە خەڵکی لێیان بوو بە مقۆمقۆ و شەڕەدەندووک. هەورەکان ئەوەندە رەش و ئەوەندە نزم بوون کە لەچاو تروکانێکدا جیهان بوو بە تاریکەسەلات. ئەوجا چەخماخەی ترسناکی هەورەبروسکە و رێژنە بارانە سامناکەکان کە کەس لە ژیانیدا وێنەیانی نەبینیبوو! نیشتمان دەیگرماند و دەخرۆشا. دیسان حەوت رۆژ و حەوت شەوی رەبەق! خەڵکی کە وەڵامی خودایان نەبینی بە باوەڕمەندە کۆن و نوێکانەوە تیایا مابوونەوە کە داخۆ دۆعا و نزا هیچ یارمەتییەک دەدا؟ بەڵام دۆعا و نزا لە هیچ باشتر بوو. مرۆڤ بەهەرحاڵ دەبێ شتێک بکا.

لە بارەگای فەرماندە و هەڤاڵانیش هەراو هەنگامە بوو. لە هەواڵێکی سەیرو سەمەرەدا دەگوترا ئەمە هەمووی تاوانی ئەوانە، دەگوترا خودا بە هۆی گوناهە یەک لە دووای یەکەکانی ئەوان کە ئێستاکە ئەوەندە زۆربەبوون و لە ژماردن نەدەهاتن خەریکی تۆڵەسەندنەوە لە نیشتمان بوو.

هەڤاڵان هەر چۆنێک بێت رووبان کردە فەرماندە و وەک هەمیشە چاوەڕوانی وەڵام و چاوەڕوانی رێبەریکردنی ئەو زاتە مەزنە مانەوە. فەرماندە کە قەت لە ژیانیدا شتی وەهای نە بە خۆیەوە بینیبوو، نە لە سەردەمی منداڵی لە چیرۆکەکاندا بیستبووی و نە بگرە خەیاڵیشی بۆ

چووبوو، هۆکارەکەی گەڕاندەوە بۆ دیکتاتۆر. گوتی دیکتاتۆر نەمردووە و ماوەو لە شوێنێک خۆی حەشارداوە و بە یەکگرتن لەگەڵ هێزە ترسناکەکانی سروشت، لەبەر ئەوەی خەڵکی لەگەڵ نەماوە، خەریکی پیلانگێڕانە. هەڤاڵان خۆشحاڵ لە زیرەکیی فەرمانده بزە کەوتە سەر لێویان، بەڵام لەدەرەوە تۆفان بەردەوام بوو. بگرە خراپتر. چاویان لە پەنجەرەکان هەڵگرتەوە و دیسان لە فەرماندەیان رووانییەوە. وادیارە سەردەمی حەقایەتەکان گەڕابووەوە. ئیتر فەرمانده هەتا ئەو حەوت رۆژ و حەوت شەوەی تر تەواوبوون دەستی لە گێڕانەوەی ئەفسانە هەڵنەگرت. چما هەر کاتی خۆیشی لە شاخ هەر ئەمەی نەکردبوو؟ تازە ئەو کات هەڤاڵان خۆیشیان لەسەر بەکوشتەدا. ئیستا، کە تەنیا بایە و بارانە و وژەی بێکۆتایی هەوا سەرگەردانەکان. ئەمجارە حەقایەتی پیلانی دراوسێی یەکەم و دووهەم و هەموو ولاتانی دونیای گێڕایەوە کە چلۆن چاویان بە نیشتمان هەڵنایەت و چۆن چۆنی بە بانگهێشتکردنەوەی هێزە رەشەکانی ناو مێژوو دەیانەوێ سەرلەنوێ هەموو شتێک وەک رابردووە نگریسەکە لێبکەنەوە. کە ئەمەیش تەواوبوو باسی دوژمنانی ناوخۆی کرد ئەوانەی وا ئەگەرچی بە ئاشکرا نەیاندەوێرا و بگرە هەر هێزیشیان نەبوو لە دژی ئەو و هەڤاڵان راوەستن، بەڵام ئاوەها لە هەل کەڵک وەردەگرن و بە گەڕانەوە بۆ هەزار و چوارسەد ساڵ لەوە پێش رۆحە سەرگەردانەکانی سەحرا و ئەشکەوتەکانی عەرەب بانگهێشت دەکەنەوە و نیشتمان دەخەنەوە بەر غەزەبی رەشی خۆیان. هەڤاڵان لە کاتێکدا لەسەر چۆکن و دەستیان لە سەر سینگ گرێداوە، فرمێسک و بزە تێکەڵ لەسەر روخساریان هەروا

لە فەرماندە دەڕوانن. دەی توخوا، دەی! بەردەوم بە! گیانم بەقوربانت! بەم شێوەیە فەرماندە حەوت رۆژ و حەوت شەو حەقایەت دەگێڕێتەوە. هەڤاڵان ئیتر لە پەنجەرەکانەوە لە دەرەوە ناڕوانن. دەزانن ئەم رۆژە رەشانەیش وەک سەردەمی شاخ کۆتاییان پێدێت و ئەوان دەگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بۆ ناو کۆشک و تەلارەکانیان و بۆ ناو باوەشی سۆزانییەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئۆکراییین و عەرەبەکانی لوبنان. بۆ ناو ئاسک و مەسبەح و شانازییەکانی ناو مێژوو. دەی توخوا، دەی! حەک رۆحم بەساقەی بێت! فەرماندە ئەمجارە هەستەکا لە پێغەمبەرەکان دەکا. گوتاردان لە ناو دەنگی رەهێڵەباران و هەورەتریشقە لە خوات نزیکدەکاتەوە، ئەوەندە نزیک دەڵێی ئەو سەردەمانەیە وا مووسا بە گۆچانەکەی دەریای بڕدا. ئەو سەردەمانەی مریەم بە بێ مێرد سکی پڕبوو و محەممەد جاڵجاڵۆکە لە غاری حەڕادا شارددییەوە. وەک قەشەکان بەناو هەڤاڵاندا دەگەڕێ و دەستدەخاتە سەر سەریان و داوای شیفاعەتیان بۆ دەکا. هەڤاڵان هۆڕەهۆڕ دەگرین، بڵێی سەردەمی زێڕین بگەڕێتەوە،... بڵێی! لەپی گەرمی فەرمانده کە دەلەرزێ دەڵێ ئەرێ، دەڵێ ئەوان بۆ ئەوە نەخولقاون وەک دیکتاتۆر کاتی بن. سەردەمی شاخ شاهیدە ئەوان نەمرن.

ئەوسا فەرماندە ئەمردەکا قەحبەکان دەرکەن. بەشێوەی کاتیش بووە دەریانکەن. یاخود لە ژێرزەمینیەکانیان پەستاوێن. دەڵێ باران گوناهیان دەشواتەوە، دەڵێ ژێرزەمینەکان تاوانەکانیان لەم قەرەبالغییە بێ وێنەی سروشتدا وندەکا و خودا نایبینێ و بۆیە رەنگە دونیا سەرلەنوێ ئارام بێتەوە. شەقام و کۆڵان پڕدەبێ لەو ژنانەی وا بە

زمانی بێگانە دەدوێن و دەقیژێنن و بەم لاولادا لە ژێر رەهێڵەی بێ بەزەیی لێزمەدا رادەکەن و درگاکان بۆ یارمەتی دەکوتن. بەڵام نیشتمان گوێی لێ نیە. تەنیا دەنگی هەورەگرمێ و رەهێڵەباران و با و هەورەتریشقەیە دەگەنە گوێ. تاریکایی هەموو شتێک لە خۆیدا نوقم دەکا،... دەیشارێتەوە.

فەرماندە لەبیری دێ باوکی لە کاتی باراندا بانەکەی دەگێڕا. بە باگردێنێکی کۆنی قڵشتی قلشتی قورس کە گرێی تیابوو و کاتێک دەگەڕا دەشەلی. بەڵام لە کاتی دڵۆپەدا، هەمیشە گێڕانی باگردێن دەستبەجێ یارمەتی نەدەدا و بۆیە دایکی لە هەر شوێنێک دڵۆپە دایکردایە جامۆڵکەیەکی لۆحی دەخستە ژێر. تک، تک، تک... . فەرماندە لە بیریدێت زۆرجار گوێی لە دەنگی مۆسیقای دڵۆپەکان گرتبوو و بەدەم چڕینی ئاوازیانەوە خەوی لێکەوتبوو. دڵۆپەکان خاوەن زمان و خاوەن جیهانی تایبەتی خۆیان بوون. بەتایبەت لە تاریکیدا کاتێک نەدەبینران ئەمە باشتر هەست پێدەکرا. ئەم، ئەو سەردەمانە زۆرجار رادەبووە سەر سمتی و لەبەر خۆیەوە لەگەڵیان دەکەوتە گفتوگۆ. جارێکیان دایکی دەنگیدا ئەوە دەڕاوێنی؟ هیچ شتێک لە قسەکردن لە گەڵ کەسێک یان شتێک کە بەزمانی خۆی دەدوێ و لە کاتی گفتوگۆدا گوێت لێناگرێ و هەر بەردەوامدەبێ لە ئاخافتنی خۆی، سەیروسەمەرەتر نایەتەبەرچاو. دڵۆپەکان یەک لەوانە بوون. وەک دیکتاتۆر. فەرماندە جاری وایە هەست دەکا دڵۆپەکان بەتووش ئەم چارەنووسەیانەوە کرد: هەم دژی دیکتاتۆر و هەم وەک دیکتاتۆریش. نەکا چارەنووسی هەموو ئەوانەی لەگەڵ دیکتاتۆر دەجەنگن ئەمە بێت! ئەوان لەوە بەهێزترن تۆ بۆ

هەمیشە لەدەستیان قوتارت بێت. ئەوان هەمیشە لێرەن. لەگەڵ دڵۆپەکان دەگەڕێنەوە، تەنانەت بە مردووییش.

لەبیری دێت باوکی دەینەڕاند و دەیگوت ئەوەی دڵۆپە لە ماڵی خۆیدا قبوڵ بکات، گەوادیش قبوڵدەکات، ئەسڵەن ڕێوڕاست دەبێتە گەواد. ئیتر لە هەر کاتێکدا بایە، ماندوو یان غەرقی خەو، نیوەشەو یان نەخۆش هەڵدەستا و بەپەلە خۆی دەگەیاندە سەربانی.

لەدەرەوە تۆفان بێ بەزەییانە بەردەوامە. کتوپڕ فەرماندە دێتەوە بیری لە چیرۆکەکاندا باسی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو کراوە. بزەیەکی دێتێ و ڕوخساری دەکرێتەوە. لەبەر تیشکی هەورەتریشقەدا کە لە پەنجەرەکانەوە خۆیان بە ژوورەوەدا دەکەن، سیمایەکی ئەفسانەیی پەیدا دەکا. هەڤاڵان ئەوەندەی تر نوقمی دەبن و ئەوەندەی تر لەسەر چۆکەکانیان نەوی دەبنەوە.

فەرمانده دەنگ هەڵدەبڕێ: "بەم شێوەیە حەوت ڕۆژ و حەوت شەو بەردەوام دەبێ و ئەوسا حەقایەتەکە دەگاتە کۆتایی خۆی و دونیا سەرلەنوێ وەک خۆی لێدێتەوە،... سەر لەنوێ وەک خۆی!"

لەدەرەوە ئاو شەپۆلاندەدا. کووچە و کۆڵان و شەقام پڕن. حەوشەی فەرمانده و هەڤاڵانیش. شەپۆلەکان خۆیان بە دیوارەکاندا دەکوتن و شێتانە دەگەڕێنەوە و ئەوسا خۆیان بە دیوارێکی تردادەدەن. بانەکان دەتەپن. باغەکان لافاو دەیانبا. تڕۆمبیلەکانی هەڤاڵان شان لە شانی یەکترە دەسوون و بێ ئامانج لەگەڵ ئاو دەڕۆن. هەڤاڵان هۆڕەهۆڕ دەگرین. فەرمانده بزەیەکی دێتێ و دەڵێ پێبکەنن،... پێبکەنن! ئەوانیش ناباوەڕانە لە کاتێکدا دڵنیا نین لەوەی داخۆ پێبکەنن یان نا، لەیەکتر

دەڕوانن و ئەوسا بەرەبەرە، دانە دانە دەکەونە پێکەنین. هۆڵەکە شێتانە پێدەکەنێ. جەستەکان گەرم دادێنەوە. فەرمانده قۆڵەکانی چوارتاق کردووەتەوە، گەردنی کشاو، لە ئاسمان دەڕوانێ و بە تەکاندانی قۆڵەکانی دەڵێ بەرزتر و بەرزتر. هەڤاڵانیش وەک هەمیشە چەند بە ورەن.

حەوت رۆژ و حەوت شەوی تر تەواودەبێ. فەرمانده هەستەکا پیرتر بووە. بەڵام داخۆ هەمیشە وەها نەبووە؟ مەگەر نەک ئەوەیکە لە دووای هەر کارەساتێک مرۆڤ بەشێکی زیاتر لە ژیانی دەدا،... دەیبەخشێ؟ نەک ئەوەی کاتی خۆی باوکیشی هەموو ئێوارەیەک کاتێک لە کار دەهاتەوە پیرتر لە رۆژی پێشووتر دەینواند؟

(٣٦)

منداڵە عەلاگەفرۆشەکان لە بازاڕی سەرەکیی شار، لە ناو شەقام و کۆڵانەکاندا راکەڕاکەیانە. باریک و لاواز و تیژ. عەلاگە بە دەستەوە و لە تووڕەکەیەکدا بە کەمەریانەوە بەشوێن مشتەرییەکاندا هەڵدێن. ئەو مشتەرییانەی خەریکی کڕینی شتی وەک میوە و سەوزە و شمەکی ترن لە عەرەبانەچییەکان. منداڵەکان پاڵ بە یەکترەوە دەنێن، هەوڵدەدەن پێش یەکتر بکەونەوە . جاری وایە یەکیان زۆر خراپ بەدەمەوە دەکەوێ و هەنیشک و بەری دەست و ئەژنۆکانی بەخراپی بریندارەبن. جاری وایشە دەبێ بە شەڕیان. هەندێ جار دوو، یان سیانن پێکەوە دەگەنە مشتەرییەک. ئەوسا بۆ قسەکردن ڕێگا بە یەکترنادەن. ئاگایان لە یەک و چاویان لەسەر مشتەرییەکەیە. پاڵەپەستۆیانە. مشتەرییەکە دەمێنێتەوە لە کامیان بکڕێ. نیگای هەموویان لە یەکتر دەچێ، پڕ لە پاڕانەوە و خەمین و ماندوو. بەڵام دەبێ هەڵبژێری. کە هەڵیشدەبژێری، ئەوانی تر دەستبەجێ دەستدەکەنەوە بە راکردن بە شوێن مشتەری تردا. جاری وایە یەکیان دەمێنێتەوە و بەوردی سەیری ئەو پارەیە دەکا وا هاوکارەکەی خەریکە وەریدەگرێ. عەرەبانەچییەکان کە بۆ خۆیان

خاوەنی نایلۆنن، بۆ ئەوەی منداڵەکان دووربخەنەوە و هی خۆیان بفرۆشن، لێیان تووڕەدەبن، جوێنیان پێدەدەن و جاری وایە تەماتەیەکی رزیویشیان بۆ دەخەن. هەتا چاو کاردەکا منداڵ و عەرەبانە و مشتەری تێکەڵن. زۆربەی عەلاگەفرۆشەکان نەعلیان لەپێدایە. جاری وایە بەدەم غاردانەوە دادەکەندرێن و ئەمە دەبێتە مایەی گاڵتە و پێکەنین. ئەوەی تاکە نەعلەکەی بەجێماوە بە شەرمەوە دەگەڕێتەوە و بە بێ ئەوەی لە دەورووبەری خۆی بڕوانێ دیسان هەوڵدەدا بە خەیاڵ و بە رووانین مشتەرییەکی تر بدۆزێتەوە. نەعلەکان دڕاو و پیسن. لە لاسیقن و بەخۆشییەوە لەبەر ئەوەی تەقەڵ و دروومانیان تیانیە، زۆر بەرگەدەگرن.

فەرمانده کە لە تەلەفزیۆن و لەو وێنانەیدا وا هەڤاڵان بۆی دەهێنن، منداڵەکانی بینیوە، بزەیەک دەچێتە سەر لێوی و دەڵێ گیان دەدەن بۆ ئەوەی بیانکەی بە چەکدار،... سەیریان کە دەڵێی تیسکەی تفەنگن بۆی دەردەچن! بەڵام هاوکات دەزانێ دەبێ راوەستێ. ئەوان هێشتا زۆر منداڵن. بەڵام بە خۆشییەوە کات زۆر خێراتێدەپەڕێ و تا لادەکەیتەوە ئەوانیش دەگەنێ. فەرمانده چاوەڕوانی ئەو رۆژەیە. بە هەڤاڵان دەڵێ کاتی خۆیشی هەر ئەمانە بوون شۆڕشیان راگرت،... لە چیاکان. لە خۆمانن، هەرچەند ئەوکات عەلاگەفرۆش نەبوون و شتی تر بوون. ئەوسا دێتەوە بیری لە دووای راپەڕین منداڵی ئەم وڵاتە و عەلاگە یەکتریان دۆزییەوە و بوون بە هاوڕێی گیانی بە گیانی. نازانێ لەمە خەمگین بێت یان شاد. بە خۆی دەڵێ بەهەرحال میللەت دەبێ بژی و کەسابەت عەیب نیە. ئەو دەزانێ ئەو کەسانەی هەر لە تەمەنی

منداڵییەوە ئاوێتەی ژیان و بژیوین، خۆساختەترن، بەخۆ باوەڕپێکراوترن، کێو لەبن دێنن، بەس بەتووش پیاوی خۆیانەوە بن. دەبێ بەتووش فەرماندەی چاکەوە بن، فەرماندەیەک وەک خۆی. فەرمانده دەزانێ ئەمانە گەر بە شتێک بگەن بەری نادەن و قەدری دەزانن، وەک گەنە پێیەوە دەچەسپن. وەک چڵمنە لووسکەکان نین، ئەوانەی قنی خۆشیان پێ ناشۆردرێ و هەمیشە لووشکەلووشکیانە و هاواری دایک و باوکیانە. حەک ماڵم بەساقەتان بێت!

بە هەڤاڵێکی دەڵێ لات وایە تا کەی دەتوانین لەمانەمان هەبێ؟ هەڤاڵ دەڵێ قوربان خەمت نەبێ، بێ ئەژمارن، هەر دەورەیەکیش بە جۆرێک خۆیان دەردەخەن، دونیا دەوران دەورانە قوربان، جارێ عەلاگەفرۆش و جارێکی تر... (لێرەدا دەمێنێتەوە چ بلێ)... پەک ناکەوێ قوربان! فەرماندە دەزانێ پەک ناکەوێ، بەڵام پرسیار عەیب نیە، وابامشە هەر لە زووترەوە مشووری وەزعەکە بخۆی. لایشی سەیرە، لەگەڵ ئەوەی ژیان دژوارتر بووە کەچی زاوزێ نەک هەر وەک خۆیەتی بگرە زۆرتریش بووە. لای سەیرە. نیشتمان پڕبووە لە منداڵە وردتکە. ئەو منداڵانەی زیاتر و زیاتر بە خوێندن نامۆدەبن و زیاتر شوێنی پارە و پوڵ دەکەون. دایک و باوکەکان زیاتر لە جاران دەڵێی دەخزێنە ناو جێگاوە. بزەیەکی دێتێ. رەنگە هۆکارەکەی نەبوونی کارەبا بێت. ئەیچۆن هەر ئەمەیە! بەتایبەت شەوگاری درێژی پاییز و زستان. جەستەکان زیاتر بیری یەکتر و تامەزرۆی یەکتر دەکەن. هەڤاڵێک دەڵێ قوربان مادام خەڵکی زەوقی خوێندنیان نەماوە و لە جیاتی قوتابخانە منداڵەکانیان دەنێرن بۆ عەلاگەفرۆشی، داخۆ باشتر نیە قوتابخانە گشتییەکان دابخەین و

کەرتی تایبەت بکەینەوە؟ هەڤاڵ راستەکا. ئیتر کەرتە تایبەتەکان سەرهەڵدەدەن. هەڤاڵانن خاوەنیانن. ئیتر ئەوانەی وا دەزانن خوێندن چییە منداڵەکانیان دەنێرنە مەدرەسە نەک هەموو زیندەوەرێکی بن ئەم ئاسمانە. خۆ خوێندن گاڵتە نیە. قوتابخانەکان بچووکدەبنەوە. چیتر وەک جاران دەنگی هەراهەرایان لێرە و لەوەی گەڕەکەکان ناگەنە گوێ. نیشتمان ئارامتر بووەتەوە، بەڵام فەرمانده هەستەکا لە هەمان کاتدا زیرەکتریش. نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب. کتوپڕ بیری کوڕەکانی خۆی دەکەوێتەوە. راستی تا چەندەیان خوێندووە؟ دێتەوە بیری هەتا دایکیان مابوو زۆر بیری لەمە نەدەکردەوە. ڕاپەڕین و ئەرکی بەڕێوەبەردنی نیشتمان لەبیری بردبووەوە. راستی تا پۆلی چەندەیان خوێندووە؟ نا، نازانێ، لەبیری نەماوە. ڕوویشی نیە لە کوڕەکانی بپرسێ. سەرێک بادەدا. چۆن شتی وادەبێ! ئەوسا بەخۆی دەڵێ بێگومان لانیکەم سەرەتاییان تەواوکردووە. دەی ئەمەیش بەسە... بەس! سەری دێشێ. باشە بۆ ئەوەندە گەمژەبووە و لێیانی نەپرسیوە. کوڕە جا بۆچیانە؟ ئەی ئەوە نیە بەرزترین پلە و پایەی نیشتمانیان وەرگرتووە. مەگەر خوێندن هەر بۆ ئەم مەبەستە نیە. ئەوجا خێرا مەسەلەکەی لەبیردەچێتەوە.

ئەها منداڵەکان،... منداڵە عەلاگە فرۆشەکان! فەرمانده دەزانێ زۆربەیان هی گەڕەکەکانی قەراخ شار و هی ئەو گوندییانەن وا لە دووای ڕاپەڕین ڕوویان لە شارەکان کردووە. ئەوانەی وا لە خانووە قوڕەکاندا دەژین. ئەسڵەن گەڕەکێکیش بەم ناوەوە هەیە. دوو ژوور و هۆڵێک و حەوشەیەکی بچووک،... هەمووی لە قوڕ. خانووە قڵشاوەکان. گەر

خەیاڵت تیژبێت دەتوانی هەزار نەقش و نیگاریان لێ سازبکەی. کۆڵانە تەنگەبەرەکان. منداڵە چاونەترسەکان و راهاتوو بە دانیشتن لە سووچی کۆڵان و بە بیرکردنەوە لە هیچ. نیگا قورسەکان. فەرمانده ئەم جۆرە چاوانە باش دەناسێتەوە. مێژووی هەیە لەگەڵیان.

لە دووای راپەڕین شتێکی دیکەیش کە گۆڕاوە بەشی سەربازییە. چیتر وەک سەردەمی دیکتاتۆر نە سوپا ماوە و نە ئەوەی ئەوانەی هەژدە ساڵی پڕەکەنەوە دەبێ بەگوێرەی حوکمێکی حکومی بچن بۆ سەربازی. ئیستا تەنیا سوپای فەرمانده هەیە، هەمان سوپای سەردەمی شاخ، بەڵام لە جۆری شارییەکەی. سوپای فەرمانده و... نەک سوپای نیشتمان. گۆڕانێکی گەورە، کە ئەویش وەک هەموو گۆڕانەکانی تر گرینگیی هەبوونی فەرمانده بۆ نیشتمان دەسەلمێنن. بەڵام چۆن چۆنی کاتی خۆی ئەم منداڵانە بکا بە چەکداری خۆی؟ خۆ ئاگادارنامەیەک نیە. هەڤاڵان دەڵێن خەفەت مەخۆ، لەبەر ئەوەی نیشتمان ئیستاکە هی خۆمانە و لە هەموو شوێنێک خەڵکی خۆمان هەن، زۆر ئاسان دەتوانین بنەماڵەکانیان ئاگاداربکەینەوە. لە عەلاگەفرۆشتنەوە بۆ سەربازیکردنی نیشتمان تەنیا هەنگاوێک مەودایە کە ئەویش مووچەیەکی مانگانە لە خەزێنەی هەڤاڵانەوە پڕی دەکاتەوە. بەڵام هەتا تەمەنی شانزە و حەفدە پڕەکەیتەوە، مەودایەکی زۆرە. سەردەمی منداڵی ئەوەندەیش زوو تێناپەڕێ. رۆژەکان و شەوەکانی دریژن. شەقامەکان و کۆڵانەکانی راکردنی دوورن و نیگا ناگاتە ئەو سەریان. سەردەمی منداڵی رەنگ و بۆنی عەلاگەی گرتووە. خشەخشیەتی.

فەرمانده دەنێرێ لە دراوسێی یەکەم و دووهەمەوە جل و بەرگەکان بێنن. جل و بەرگە ڕەنگ خۆڵییە پەڵەپەڵاوییەکان. چەندین ئەنباری گەورە بۆ ڕاگرتنیان تەرخانەدەکرێن. جنسەکانیان یەکجار باشن، بەزەحمەت دەدرێن، هەتا ساڵانی ساڵ دەمێننەوە. نەوە لە دووای نەوە بە ئاسانی چاوەڕوانی منداڵەکان دەمێننەوە. کە لەبەری دەکەی و چەک و ڕەختی بەسەردا دەبەستی و جووتێک چاوێلکەی ڕەشیشی بۆ لەچاودەکەی، ئیتر دەڵێی قەت لە ژیانتدا عەلاگەفرۆش نەبووی. چ قەڵەمبازێکی مەزن! عەلاگەفرۆشەکان سوپاسگوزاری فەرماندەن.

فەرمانده وێژدانی ئاسوودە و ئارامە. ئەو لە بیری هەموو چین و توێژەکاندایە. تەنانەت منداڵانیش. عەمبارەکانی پڕ لە فاسۆلیا و برینجیش چاوەڕوانیانە. ئەوەندە پێویست ناکا سەموونی وشک بە نانەوە بخۆن، بە زەحمەت قووتی بدەن و تیشکی بێ بەزەیی هەتاوی نیشتمانیش بیانبرژێنێ. هەرچەند فەرمانده حەزی بە ڕەنگی دەموچاویانە. ئەوان هەر لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنەوە چەند لە جوندییەکان دەکەن! چەند لە ڕوخساری هەڤاڵان لە سەردەمی شاخ. داخۆ ئەمە نیشانەیەکی بەردەوامبوونی ڕۆحی شاخ و شۆڕش لە نەوە نوێیەکاندا نیە؟ بێگومان وایە! فەرمانده سەربادەدا و بە قوواڵایی بیرکردنەوەکانی خۆی سەری سوڕدەمێنێ. بێگومان ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو ئەمانە دەکا بە نووسین،... بە کتێب و،... بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەتایبەت بۆ کوڕەکانی جێدێڵێ.

ڕاستی ئەوە بۆ تا ئیستا بیری لە نووسینی کتێب نەکردووەتەوە،... بگرە بۆ یەک تاقە کتێبیشی نیە!

(٣٧)

لە بیرم دێت نەمدەزانی داخۆ باوکم خۆش دەویست یان نا، ئەو باوکەی خەڵکی یاخود هەڤاڵەکانی ناویان نابوو فەرمانده! فەرمانده پیاوێکی لەخۆڕازی بوو کە هیچ شتێکی لەبیرنەدەما. یەعنی من و براکەم و دایکمی قەت لەبیرنەبوو. نازانم چۆن ببووە سەرۆک!؟ هەتا دایکیشم مابوو ئەوە کە وەزعی بوو، هەمیشە تەنیا و هەمیشە لەگەڵ ئێمە. زۆرم رق لە باوکمە. تەنیا بە کەیفی خۆی دەکرد. ئەو سەردەمانەی لە شاخ بووین لەبیرم دێ هەمیشە لەم گوند و ئەو گوند جێی دەهێشتین، بە دیار خەڵکییەوە. دیارە بەخۆشییەوە خەڵکەکە زۆر باشبوون لەگەڵمان. کە دەڕۆیشت جاری وابوو بە چەندین مانگ

نەدەهاتەوە. دایکم لەبیرم دێت بە شەوان زۆر دەگریا. لە بەینی من و براکەمدا دەنووست و هەتا خەومان لێدەکەوت چەندین جار ماچی دەکردین. باوکم نە ئێمە و نە دایکمی لەبیرنەدەما. کەچی دایکم هەمیشە لەبیریابوو. من کە ئەو سەردەمانە نەمدەزانی ئەو هەموو پیاوە تفەنگچییە چین وا بە دەم باوکمەوەن و هەمیشە لە گەڵیا بەم لاولادا دەڕۆن، لام وابوو هەموو باوکێک وەهایە. بەڵام کاتێک سەیری منداڵەکانی دەوروبەرم دەکرد تێگەیشتم نا وانیە و ئەوە تەنیا باوکی منە، رەنگە منداڵی ئەو پیاوانەی تریش وا لەگەڵیا بوون. ئەوەیکە باوکم و ئەوانیش بۆ ئەمەیان دەکرد، نازانم. یەعنی نەمدەزانی. قەتیش لە دایکمم نەپرسی. هەستمدەکرد بەم پرسیارە ئەوەندەی تر خەمگینی دەکەم و ئەوەندەی تر شەو و رۆژی لێ تاڵ. هەر ئەو سااڵنەیش دەمزانی شتێک لە باوکم و ئەوانی تردا جیاوازە. بە تفەنگ و بەو رەختانەوە دەیانبەست و کاتێک لە یاڵەکەی پشت ئاواییەوە دادەبەزین هەموو دەچوونە سەیریان. کە دەهاتن هەموو خەڵکەکە یەکجار ڕێزیان دەگرتن، بە دەوریاندا دەهاتن، بە تایبەت بە دەوری باوکمدا، ئیتر دەمزانی باوکم زۆر پیاوێکی موهیمە. کە دەشرۆیشتنەوە دیسان هەستم لەو ڕێزەدا دەکرد لە ناو خەڵکیدا هەبوو. لێرەوە زانیم ئێمەیش، یەعنی من و دایکم و براکەیشم تایبەتین. دەمزانی دەبێ زۆر باش ئاگامان لەخۆمان بێت.

دایکم هەر لە خەو هەڵدەستا لەگەڵ ژنی ئەو ماڵانەی وا لەگەڵیان دەبووین ئیشی دەکرد. هەرچەند ئەوان پێیان ناخۆش بوو و نەیاندەهێشت، بەڵام دایکم بەقسەی نەدەکردن. دەیگوت کارنەکەم

ئەوەندەی تر شێت دەبەم. دایکم شێتانە ئیشی دەکرد، لە بەیانییەوە هەتا شەو. ئێمەیش هەمیشە بە دەوروپشتییەوە بووین. ئێمەیش یارمەتیماندەدا. دایکم قەت وەک منداڵانی تر بە تەنیا بەڕەڵڵای دەشت و دەری نەدەکردین، یەعنی لەگەڵ بەرخەل و شتی وا. بۆیە زۆربەی کات من و براکەم یاریمان دەکرد. هەر بە دەوری دایکمانەوە. کاکڵەمووشانمان سازدەکرد، کەللابەردمان لە هی یەکتر دەگرت، هێلانە زەردەواڵەمان دەوروژاند، بە بەرد لە چۆلەکەکانمان دەگرت و لەبن دارتووەکانیش تووە سپی و تووە سورمان کۆدەکردەوە. یاخود بە داریک بە دەستەوە لە سەر کانییەکەی پشت ئاوایی شوێن بۆق دەکەوتین. بە زستانیش یان لەبەر کووڕەی دار لێی دەکەوتین یاخود شەڕەتەپۆڵە و شتی لەم بابەتە. لەهەر دێیەکیش مەکتەبی لێ بووایە ئەوا ئێمەیش دەرسمان تیا دەخوێند، هەرچەند تەنیا سێ ساڵ و ئەویش بە نیوەچڵی. کە باوکم دەهاتەوە هەمیشە لام وابوو ئیتر ناڕوا و بۆ هەمیشە لامان دەمێنێتەوە، بەڵام وەها نەبوو، ئەوەندەی پێنەدەچوو سەرلەنوێ وندەبووەوە. لەگەڵ هەڤاڵەکانی دیسان بە یاڵەکەی پشت ئاواییدا سەردەکەوتنەوە و بۆ چەند مانگی تر هیچ هەواڵێکمان لێنەدەزانی. من و براکەم دەستمان بە کراسی دایکمانەوە دەگرت و سەیرمان دەکرد هەتا لە کەل ئاودیودەبوو. یان لە سەر بانیژەوە. ئەو یەک دوو رۆژەی لامان دەمایەوە، چەند خۆشبوو. من و براکەم لەم لاولای دادەنیشتین، قۆلێکمان دەخستە سەر رانی و لەو ژێرەوە لە ریشی زبر و روخساری گنجاویمان دەڕوانی. بە جامانەکەی سەرسەرییەوە، بەو چاوانەوە کاتێک دەدوا بچووکی دەکردنەوە. کە باوکم دەهاتەوە من رقەکەم لێ

وندەبوو. خەنی و لەخۆڕازی لە هەبوونی، کاتێک دەمبینی ئەو هەموو پیاوە بەدەوروبیەوە بوون و هەرچی دەگوت بەقسەیان دەکرد و وەک پیاوێکی گرینگ لێیاندەڕوانی، بیرم دەکردەوە کە دایکم هەڵەیە، بەو ئاکامە دەگەیشتم دایکم لە باوکم ناگا و نازانێ لە راستیدا چ پیاوێکی مەزن مێردیەتی. بەڵام هەر کە باوکم دەڕۆیشتەوە دیسان وەک جارانم لێدەهاتەوە. چاوەکانی دایکم و ئاە و نیگاکانی دەیانگرتمەوە. راستی باوکم حەقی هەبوو، یان دایکم؟

زۆر حەزمدەکرد دایکم باسی باوکمان بۆ بکات، بەتایبەت شەوانە کاتێک دەمانویست بخەوین، بەڵام ئەو هیچی نەدەگێڕایەوە. وەک بڵێی دەیویست شتێکمان لێ بشارێتەوە. لە جیاتی ئەمە باسی ئەو سەردەمانەی بۆ دەگێڕاینەوە وا لەسەر ماڵی باوکی ببوو. ئەوەیکە چەندین خوشک و برا بوون و چەندە خۆشیان لێ گوزەراوە. ئەوەیکە خاوەنی مەڕ و ماڵاتی زۆر بوون و باوکیان یەعنی باوەگەورەم پیاوێکی دەستڕۆیشتوو و دەوڵەمەند بووە و خەڵکی زۆر ڕێزیان لێگرتووە. دایکم بەتایبەت زۆر باسی خوشکەکانی دەکرد. ئەوسا هەناسە هەڵدەکێشێ و جاری وایشە یەک دوو دڵۆپ فرمێسک بە چاوەکانیدا دێنەخوارەوە. وەک بڵێی پەشیمان بووبێتەوە، بزەیەک دەیگرێ، بە پشتی دەستی فرمێسکەکانی پاک دەکاتەوە و باوەشمان پیادەکا. من لەم کاتانەدا دیسان رقم لە باوکمە. باشە ئەوە لە کوێیە؟ دەزانم منداڵەکانی هاوتەمەنم کاتێک لەگەڵ ئێمە کایە دەکەن ئاگایان لەخۆیان بوو و وەک بڵێی دەبێ زۆر لە من و براکەم نزیک نەکەونەوە، شتێک کە من حەزم لێی نەبوو. منیش حەزمدەکرد وەک هەموو منداڵەکانی تر بوومایە.

کەچی ئەوان کەمێک خۆیان دوور رادەگرت. بەربەرە تێگەیشتم ئەوان بەخیلیان بە من و براکەمدا دەهاتەوە و حەزیاندەکرد باوکی من باوکی ئەوان بێت. چەند گەمژەبوون!

لە هەر گوندێک بووینایە وێنەیەکی باوکم بە سەر دیواری ژوورەکەمانەوە بوو. وێنەیەکی رەش و سپی بە نیوەروخسارێکەوە کە لە شوێنێکی دەرەوانی جگە لەو شوێنەی وا کاکی وێنەگری تیاوەستابوو. وەک بڵێی هەمیشە باوکم سەرقالی شوێنێکی تر بوو جگە لەو شوێنەی وا کەسەکە لێیەوە وێنەی لێدەگرت. باوکم وەها بوو. کە دەهاتەوە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت ئاگای لە من و لە براکەم و لە دایکم دەبوو، ئیتر دەچووەوە لای هاوڕێکانی. قسەکانیان تەواونەدەبوو. لەبیرم دێ ئەو رۆژانە دایکم زیاتر لە جاران دەگریا. گەر بە من بێت حەزمدەکرد بیکوژم. تێدەگەی! بیکوژم.

یەکێک لە خۆشترین کایەکانی ئەو ساڵانە گرتنی کلکی ئەو مانگایانە بوو وا لە دەشت و دەر دەهاتنەوە. کلکیانمان دەگرت و بە شوێنیاندا دەڕۆیشتن. بۆ ئەوەی چێژی لێ بەری، کلک گرتنەکە شێوەی خۆی هەبوو. دەبووایە بە دەم گرتنییەوە خۆ بەدووادا بخەی بۆ ئەوەی هەموو قورسایی جەستەت بکەوێتە سەر کلکی مانگاکە. ئەوسا مانگاکە هێزی زیاتری بەخۆی دەدا و بەم شێوەیە تۆیشی رادەکێشا. ئێمە قاقا دەماندایە پێکەنین. جاری وابوو بە دوو منداڵ ئەم کارەمان دەکرد. گەورەکان دەنگیان دەداین، بەڵام کەمتر دەیانوێرا دەنگی من بدەن. تەنیا لە ژێر لێوەوە دەیانبۆڵاند. من دەمزانی بە هۆی باوکم و هەڤاڵاکانیەوەیە. جارێکیان براکەم کلکی کەرێکی گرت، کەری رەشی

دراوسێکەمان. کەر بەهێزترە، بەگوڕترە. براکەمی راکێشا. براکەم زیاتر خۆی بە پشتەوەدا خست. کەرەکە گوڕی زیاتری بەخۆیدا، کتوپڕ نازانم چۆن بوو لەقەیەکی هاویشت. براکەم وەک تۆپی لاسیق هەڵبەزییەوە و یەک دوو میترێک لەلاترەوە بە پشتا کەوت. ژنەکان بە هاوارهاوار و قیژەقیژ فریایکەوتن. لەقەکە سەری گرتبوو. لە هۆش خۆی چووبوو. دایکم شێتانە لە کاتێکدا خۆی دەڕنی، هات. بەخۆشییەوە چاکبووەوە. بەلام گەر لێی وردبیتەوە ئیستایش دەبینی قوپاوییەک لە سەریدا هەیە. جگە لەوە لەو ساڵەوە جۆرەیەکی لێهات. وەک جاران نەما. ساردوسڕە و بە بێدەنگی دەتوانی یەک ساڵی ڕەبەق لە تەنیشتتدا دابنیشێ و لێت بڕوانێ بێ ئەوەی یەک تاقە وشە چییە قسەبکا. لات سەیرنەبێ. تازە دەڵێن بەختی هەبووە. دەڵێن قاچی کەرەکە جوان نەیگرتووە، ئەگینا بەئاسانی دەیتوانی بیکوژێ. دەیشڵێن چونکە کوڕی ئەو پیاوە بووە خوا ڕەحمی پێکردووە. نازانم بۆ نەیاندەگوت لەبەر ئەوەی کوڕی دایکم بووە خوا ڕەحمی پێکردووە. من لام وایە خەڵکی بەگشتی زۆر گەمژەن. لە شت نازانن و کەچی هەر لەخۆوە چیرۆکی سەیروسەمەرەی بۆ سازدەکەن. ئاخر توخوا چۆن خوا بە پیاوێک ڕەحم دەکا کە ڕەحمی بۆ ماڵ و منداڵی خۆی نیە، ها،... چۆن؟ لە باوکمیان ڕاسپاردبوو و لە دووای چەند هەفتە سەروسەکوتی پەیدابووەوە. ئەمجارە بە سواری کەرێکەوە! ئەها ڕاستی لەبیرم چوو بیگێڕمەوە باوکم سەرەتا خاوەنی ئەسپێکی سپی جوان بوو. کە دەهات بەوەوە دەهات. جاروبار بە هەڤاڵانی دەگوت من و براکەم سوار ئەسپەکە بکەن. چەند خۆش بوو! خۆشترین بیرەوەریی من سواربوونی ئەسپە سپییە. چەند بەرز و بە هەیبەت بوو.

بە گەردنی کشاو و بەهێزییەوە. بە حیلکەی خۆشییەوە. کە باوکم بە کەرەکەیەوە هات من هەر یەکجار ترسام. ئەو شەوە نەچوومەدەر. یەعنی براکەیشم. دایکم گوتی رەزای مرێ لە کۆڵان بیبەستەوە نەک لە حەوشێ. باوکم کاتێک لەوە دڵنیابوو براکەم وەزعی باشە و جێگای مەترسی نیە، سوار کەرەکەی بووەوە و دیسان لە یاڵەکەی پشت ئاواییەوە ونبووەوە. بەس پێش رۆیشتن رووی کردە من و براکەم و گوتی لە بیرتان بێت قەت بە شوێن کەردا نەڕۆن،... قەت قەت. راستەکا، سالاّنی دووا‌تر بوو من لەوە گەیشتم تەنانەت دێهاتییەکانیش کاتێک بە شوێن گوێدرێژەکانیاندا دەڕۆن کەمێک خۆیان لە ئاستیاندا لادەدەن. بە قەراخ تووڵەرێکاندا دەڕۆیشتن. کتومت لە دوواوە نین. ئێمە، واتە من و براکەم، ئەو سەردەمانە ئەمەمان نەدەزانی. من پێم وایە ئەگەر باوکمان لەگەڵ بووایە ئەمەمان دەزانی و براکەم بۆ هەمیشە قوپاوییەک نەدەنیشتە ناوچاوانی. هەرچەند ئەو قوپاوییە سالاّنی دووا‌تر کاتێک بوو بە بەرپرسی هێزی سەربازی روخسارێکی تایبەتی پیدابوو، وەها کە ئەوەندەی تر لێی دەترسان و خەڵکی و هەڤاڵان لایان وابوو نا ئیتر ئەمە گاڵتەی لەگەڵ ناکرێ!

من ئیستا دەزانم دایکم ئەو سالاّنە چۆن بیری دەکردەوە. کاتێک کچۆڵەیەک بووە و لەسەر ماڵ، خەوی بە مێردێکی باشەوە بینییەوە. مێردێک وەک هەموو پیاوەکانی تر. سبەی زوو لەخەو هەستێ، بچێتە سەر کار و ئێوارە بە گیرفان و دەستی پڕ بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. بەڵام قەدەری ئەو ئەمە نەبوو. مێردی ئەو، یەعنی باوکی من و فەرماندەی نیشتمان، هەر لە سەرەتاوە نێوانی لەگەڵ کەسابەت خۆش نەبوو. هەر

لە سەرەتاوە بە نانەزکی ژیا، سەرەتا باوکی (واتە باوەگەورەی من)، دووا تر لێرەو لەوێ لەگەڵ هەڤاڵان و حکومەت (رەنگە ئەمەت پێ سەیربێ، بەڵام راستە، پیاو کە کەوتە زیندانەوە مەجبوور نان و ئاویشی دەدەنێ، وەک دەبینی شۆرشگێران هەمیشە بە جۆرێک لە جۆرەکان سەرباری میللەتن، هەرچەند من لام وایە ئەمە ئاساییە و ئاخر گەر ئەوانیش نەبن چۆن چۆنی دیکتاتۆرەکان رۆژێک لە رۆژان دەڕوخێن و میللەت ئازادەبن). لە شاخیش کە ئیتر هەموو کەس دەزانێ. بەڵام دایکم لەبەر ئەوەی باوکی حەزیدەکرد شوو بە باوکم بکا و لەبەر ئەوەی تۆران و تەڵاق و شتی لەم بابەتە عەیبەیە، هەتا لە ژیاندا مایەوە بە شوێن باوکمدا یەعنی فەرماندەدا رایکرد. داخۆ مەبەستیش هەر لە ئەزەلەوە ئەوە نەبوو کە هەر هەموومان، جا چ منداڵ و چ هاوسەریش، دەبێ بەشوێن فەرماندەدا راکەن؟ بێگومان. من لام وایە هەموومان دەبێ لە ژیانماندا بەشوێن کەسێکدا رابکەین. جا باشتر ئەو کەسە کەسی خۆت بێت، بەس بەمەرجێک کەس بێت. نەک هەموو کەس. دایکم زۆر سادە چارەنووسی خۆی قبوڵکرد. وەک تازەبووکێک، چەند هەفتەی سەرەتای ژیانی هاوبەشی لەگەڵ باوکم بەسەر ماییەنەکەوە چەند گوندێک دەکا و ئەوسا باوکم دەڵێ ئیتر بەسە و دەبێ لە شوێنێک نیشتەجێ بێت. دەزانم تا ئێمە لەدایک نەبووبووین دەبێ ژیانی دایکم زۆر دژوارتر بووبێ، بەڵام بە هاتنی من و براکەم لام وایە تەواو دۆخەکە گۆڕاوە.

ئیستا لەو ساڵانە گەلێک گوزەراوە. من پێم وایە بەگشتی دوو جۆر مرۆڤ لە دونیادا هەن: پێشڕەو (بۆ ئاگاداری ئەوانەی هێشتا لە جیهانی

سیاسەت نازانن یەعنی ئەو کەسانەی وا لە پێشەوە دەڕۆن و ژمارەشیان بە گوێرەی یاسایەکی نەزانراو لە چاو خەڵکی تر یەکجار کەمە)، دووهەم پاشڕەو، (واتە ئەوانەی لە دوواوەی پێشڕەوەوە دەڕۆن و ژمارەی ئەوانیش دیسان بەگوێرەی یاسایەکی نەزانراو یەکجار زۆرە، ئەوەندە زۆر هەر لە ژماردن نایەن). باوکم لە چەشنی یەکەم بوو و دایکم لە چەشنی دووهەم. واتە باوکم پێشڕەو بوو و دایکم پاشڕەو. دیارە ئەمە من و براکەیشم دەگرێتەوە هەرچەند سااڵنی دوواتر، واتە لە دووای راپەڕین تووانیمان قەرەبووی بکەینەوە. هەڵبەت پاشڕەوەکان لە دایکمیش وەک پێشڕەو دەڕوانن، بەاڵم من دەزانم ئەوانە گەمژەن و لە راستیدا تێناگەن. لای ئەوان هەرکەس لەوێ لە شاخ لای باوکم و هەڤاڵانی بوونایە ئەوا دەبوونە پێشەنگ،... قسەی قۆڕ!

ئیستا دەزانم دایکم هەمیشە خەفەتی ئەوەی دەخوارد رەنگە ئێمە بەهۆی کوژرانی باوکمەوە بە هەتیوی گەورە بین. هەرچەند من ئیستایش بە جوانی نازانم جیاوازیی نێوان من و براکەم لەگەڵ هەتیوان چیبوو. بەڕاستی چیبوو؟ ئەرێ ئەرێ تێدەگەم دەزانم بەهەرحاڵ ئێمە باوکمان هەبوو و لە سووچێکی ئەم دونیایە هەرچەند دوور لە ئێمە لە شوێنێک دەژیا، بەاڵم... کوڕە با واز بێنین. لەلای من هەتیوی بە هەبوونی باوکیشەوە دەبێ. تەنیا بە مەرجێک باوکەکە زۆر نەیەتەوە. دەبێ مەودایەک هەبێ، مەودایەک بەقەدەر زۆربەی کاتەکانی ژیانی منداڵی. من بەتایبەت ئیستا لام وایە باوکم لە دایکم یەکجار گرینگتر بوو. دایکم تەنیا بستێک لەبەر پێی خۆی واوەتری دەبینی، بەاڵم باوکم ئەوەندە دووری دەبینی نەبێتەوە. دووربینیش نرخی خۆی هەیە، دەبێ بیدەی.

ئەوەی قسەی زل دەکا دەبێ باجەکەیشی زل بێت، هەرچەند زۆر جار کەسەکە خۆی نیە وا باجەکە دەدا و ئەوە کەسانی ترن، بۆ وێنە من و براکەم و دایکم. ئاە دایکم! چەند نازنین بوو، بەڕاستی بیری دەکەم، ئەوەندەی بیردەکەم لەوانەیە شێت بم، لەوانەیە کەلەسەرم بتەقێ،... وەک تۆپ. بەڵام بەڕاستی با قسەیەکیش بۆ خوا بکەین گەر دایکم و ئێمە بەدەوری باوکمەوە نەبووایین، داخۆ ئەمەی پێدەکرا؟ من لام وایە نا. من پێم وایە دیکتاتۆر هەرچەندە دنەدەربێت و پاڵت پێوەبنێ بۆ ئەوەی لە دژی شتێک بکەی، بەڵام گەر بە دەوروبەرەکەت دڵخۆش نەبی هیچت پێناکرێ.

من زۆر جار لەگەڵ براچووکەکەم دەستی یەکترمان گرتووە و لە نیوەڕۆیانی گەرمی هاوین لە بن دیواری کۆڵان دانیشتووین و گوێمان لە ویزەویزی مێش و زەردەواڵەکان گرتووە. لە ئاسمانی سامانمان رووانیوە و زانیومانە باوکمان لە شوێنێک لەژێر ئەم پانتاییە شینەدایە. دایکم لە پەنجەرەکەوە هاواری لێدەکردین لەکوێن؟ دایە لێرەین، دڵنیابە دوورناکەوینەوە. یەعنی شوێنێکمان نیە بۆ دوورکەوتنەوە. وە بیرمان لەو رۆژەی دەکردەوە وا دەمانتوانی لەگەڵ باوکمان بڕۆین. باشە مەگەر قەدەری پیاوەکان رۆیشتن و دوورکەوتنەوە نیە؟ باوکم لە دوورەوە دەنگی دێت و دەڵێ ئافەرین کوڕم،... وایە، باشی بۆچوویت! دایکم دیسان تووڕەدەبێتەوە. نا دایکە زویرمەبە! تەنیا باوکم راستەکا،... تەنیا باوکم!

(٣٨)

نیشتمان پڕ ببوو لە موحەجیبە. هەڤاڵان هەواڵیان هێنا شەقامەکان و کۆڵانەکان چیدی وەک جاران نەماون. عاباپۆشەکان هەتا دەهات زیایان دەکرد و، مۆدەکان کەم. بگرە منداڵە مێینەکانیش بەشێکی بەرچاویان

حیجابیان بەسەرەوە بوو. ئەمە لە کاتێکا بوو ئەم ساڵانەی دووایی هەتا دەهات نیشتمان گەرم و گەرمتر دەبوو. هەتاو بە ئاسمانی بەرز و ساماڵییەوە وەک تۆپەڵە گڕێکی شێتی لێهاتبوو. بەڵام نا، لە نێوان جل و بەرگی زۆر و گەرمادا پێوەندێکی راستەخۆ نیە. ئەی ئەوە نیە جووتیاران لە کاتی کار لە مەزرادا و بە دەم جووتکردن و درووێنە و مەڵەغانگێڕانەوە جامانە دەبەستن؟ راستییەکەی ئەوە بوو بە هۆی موحەجیبەکانەوە شتیکی تر خەریکبوو لەچاو سەردەمی دیکتاتۆر فەرقی دەکرد. دیسان هەواڵ هات لە شەقام جاری وایە بە تەماتە رزیوی ناو جۆگان و بەرد شوێن ئەو ئافرەتانەی دەکەون وا موحەجیبە نەبوون. دەیانگێڕایەوە جارێکیان کچێکی پانتۆڵ لەپێ بە بلوزێکی سوورەوە کە لەگەڵ براکەی دەبێ کۆڵانەو کۆڵان هەڵیانبڕیبوون. گوتیان جاری وایە فیقەیان لێدەکێشن و دەستیان بۆ دەبەن و، پێیان دەڵێن قەحبە. فەرماندە باوەڕی نەدەکرد. ئەو کە سەردەمی دیکتاتۆر لە شار ژیابوو و ژیانی گوندیشی بینیبوو، قەت زۆر بیری لەوە نەکردبووەوە کە فلانە ژن موحەجیبەیە و ئەوی تر مۆدە. لای ئەو و بگرە زۆر خەڵکی دیکەیش ئەمە وەک شتێکی ئاسایی بوو، عیسا بە دینی خۆی و مووسا بە دینی خۆی. ئەمری دەرکرد کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان لەسەر مەسەلەکە رێکبخرێ. ناردی لێزانی دڵ شێواویش هات. لەبەر ئەوەی جگەرەی زۆری دەکێشا لە نزیک پەنجەرەکە لە لاخواروەوە کورسییەکیان بۆ دابینکرد. بە قژی لوول و بژ و، سیمای پڕ خەیاڵی هێشتا نەنووسراوییەوە هات. هەر کە دانیشت دەستبەجێ جگەرەیەکی داگیرساند، دووسێ مژی قوڵ و مزری لێدا و ئیتر لاخواروی ژوورەکە

بوو بە رۆژی قیامەت! هەڤاڵی تەنیشتی لەبەر خۆیەوە جوێنێکی حەواڵەکرد. لێزان بەلاچاو سەیری کرد، بەڵام هیچی نەگوت. وەک بڵێی دەیەوێ ئەمەیش دووات بکا بە هەوێنی شیعرێکی تر. بۆ وێنە رەنگە یەکێک لە بەیتەکانیشی ئەمە بێت "کاتێک دووکەڵ جوێن قانگدەدا...".

لەبەر ئەوەی ژنان نیوەی کۆمەڵگان، کۆبوونەوەکە نیوەی هەمان رۆژی خایاند. لە نێواندا ژەمێکی چاکیان خوارد و دوو جاری تریش پشووی باشیان راگەیاند، وەها هەڤاڵان بتوانن بەردەوام بە گوێرەی پێویست لەسەر بابەتەکە بن و لانەدەن. کۆبوونەوەکە سەرەتا بە شیعرێکی لێزانی دڵ شێواو لەسەر کێشەی دیمۆکراتیک و ئینسانیی ژنان دەستی پێکرد. شیعرەکە کەمێک درێژ بوو و فەرماندەی وەڕەزکردبوو، بۆیە بەناچار بە داوای لێبوردنەوە لە ناوەڕاستی خوێندنەوەکەدا، بە هەڵبڕینی دەست، پێی بڕیبوو. لێزان بە قامکێکی قژە هەڵڕژاوەکانی سەر تەوێل و چاوانی لادەدا و بە تەعەجوبەوە سەیری فەرمانده دەکا، وەک بڵێی دەیەوێ بڵێ قوربان چۆن شتی وادەبێ،... چۆن؟! بەڵام ئەو لە کۆنەوە نیگای فەرماندەی دەناسی، کە گوتی نابێ یەعنی ئیتر نابێ. لێزان خێرا لە سەر کورسییەکەی خۆی دانیشتبووەوە و بە دەم داگیرسانی جگەرەیەکی نوێوە سوێندی خواردبوو ئەو شیعرە، کە بە رای خۆی نیشتمانی جارێکی تر دەهەژاند، قەت لە داخانا چاپ و بڵاونەکاتەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی "لە قوزیایکی ئەوە بەم چاپی کا!" هەڤاڵەکەی تەنیشتی کە لای وابوو جوێن بەو دەدا، دەستی هەڵبڕیبوو کە بڵێ قوربان بێ رێزیم پێدەکا کە فەرمانده جوابی ئەویش ناداتەوە. بۆیە لە داخا گوتبووی "لە قوزیایکی خۆت بەم!" لێزان دیسان بە لاچاو

سەیرێکی هەڤاڵ دەکاتەوە و دیسان خەیاڵی شیعرێکی تر دەیباتەوە، ڕەنگە وەک "دایکم بە لێویەوە!"

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆیەکی زۆر دەکرێ. بۆچوونەکان بەگشتی بەم جۆرە بوون:

- دیکتاتۆر بە زۆر خەڵکی بەمۆدە کردبوو و، ئیستا، کە دیکتاتۆر نەمابوو خەڵکی بەشێوەیەکی ئاسایی چووبوونەوە سەر ڕێچکەی باو و باپیرانی خۆیان،

- دراوسێی یەکەم و دووهەم خەریکن زۆر زیرەکانە لەسەر نیشتمان ئیشدەکەن،

- بە هۆی هەژارییەوەیە، واتە هەژاری ڕەنگەکان دەکوژێ،

- دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێت، ڕەنگە لە ژێر عاباکاندا شتی خراپیان لە دژی ئێمە حەشاردابێ و کتوپڕ ڕۆژێک لە ڕۆژان بە سەرماندا دابارێن،

- بە هۆی ئیش و ڕێکلامەی حیزبە دینییەکانەوەیە،

- نا، عابا جل و بەرگی ڕەسەنی ئێمە نیە و، هاوردەیە و بۆیە ئەمە نیشانەی کارتێکەریی کلتوری بێگانەیە لەسەرمان و بۆیە دەبێ بەرنگاری بینەوە،

- بڵاوبوونەوەی ڕەنگی ڕەش لەم ئاستەدا باش نیە و خۆی لە خۆیدا کارەساتە،

- ژنان ترسی سۆزانییەکانیان لێ نیشتووە (ئەو هەڤاڵەی ئەمەی گوت بە شەرمەوە گوتی)،

- ئیشی پیاوانی دیکتاتۆرە و، دەیانەوێ بڵێن لە دووای ئەوان نیشتمان رەشپۆش بووە،
- لێزانی دڵ شێواو: "بە بارەتەقای مێژوو، رەش لە دەرگاکەمی داوە!"
بڕیار:
- لەبەر ئەوەی عابا دیاردەیەکی نیشتمانی نیە و هەروەها جلی مۆدەیش جلوبەرگی خۆمالّی نیە، رادەگەیەنین ژنان دەبێ لەمە بەولا تەنیا جلوبەرگی خۆمالێ لەبەرکەن،
- هێزی پۆلیس و ئاسایش لەسەریانە لە هەر شوێنێک ببینن هەندێ گێرەشێوێن بە بەرد و تەماتەی رزیو شوێن مۆدەکان دەکەون، دەستبەجێ کاردانەوەی تۆندیان هەبێ. بیانگرن و مەحکەمەیان بکەن و سزای تۆندیان بەسەردا بسەپێنن،
- هاوکات داوا لە مۆدەکان دەکەین بگەڕێنەوە بۆ جل و بەرگی نیشتمانی کە لەم جل و بەرگە پیرۆزەدا بێگومان کەس ناتوانێ ئازاریان بدات. بەردتێگەرتن لە جل و بەرگی نیشتمانی وەک بەرد تێگرتنە لە خودی نیشتمان!

کە کۆبوونەوەکە تەواودەبێ، لە دەرەوە لە نێوان لێزانی دڵ شێواو و هەڤاڵەکەی تەنیشتی دەبێ بە شەڕ و لێدان. هەرچۆنێک بێ جودایان دەکەنەوە و هاوکات ناهێڵن هەواڵەکە بە فەرماندە بگا. هەڤاڵەکە دەڵێ بەحەیاتی قەت بەقەدەر ئەمڕۆ ئەوەندەی دووکەڵ بەسەردا نەچووە، گوتی تەنانەت لە کاتی هینە بەدناوەکانیش (لێرەدا لە حرس و تووڕەیی خۆی وشەکەی نەهاتبووەوە بیر و بۆیە 'هینی' بەکارهێنابوو).

لێزانیش هیچی نەگوتبوو. هەستابووەوە سەرپێ، خۆی تەکاندبوو، سەیرێکی یەخە درِاوەکەی کردبوو و وەک دەیانگوت ئەو شەوە تا درەنگان خواردبوویەوە و گۆرانی عەلی مەردان و حەسەن زیرەک و ماملێی گوتبووەوە. دوو میوانی ناوەختی زەعیفەیشی دەبێ. ئاخری شەو قاقا دابوویە پێکەنینێکی شێتانە و ئیتر هەتا کاتژمێر چواری دووانیوەرِۆی رۆژی دوواتر خەوتبوو.

ئەو شەوە فەرماندە بیری دایکی خۆی دەکەوێتەوە. ژنێک بە جلوبەرگی کوردییەوە کە کاتێک دەچووە دەرەوە (ئەویش بە دەگمەن هەڵدەکەوت)، عابایەکی رەشی کۆنی بە سەر خۆیدادەدا. لە بیری دێ لە کۆڵانەکەی ئەوان ژنان هەمیشە بە جلی خۆمالّی لەناو حەوشەکان و لەبەر دەرگاکاندا دەبینی و لە دەرەوەیش بە عابایەک بە سەریانەوە. لە گەرِەکەکانی تریش، ئەو گەرِەکانەی وا خەڵکی دەوڵەمەندی تیا دەژیا، مۆدەکانیش دەبینران؛ ئەو مۆدانەی هەتا سەردەمی راپەرِین رۆژبەرِۆژ ژمارەیان زیادی کردبوو بە بێ ئەوەی زۆر عەجایەب بێتەبەرچاو. ئیستا هەموو شتێک لە ناو مالّدا گەرِابووەوە بۆ مەکسیپەکی دریژ بە لەچکێکی تۆندوتۆڵ بەسەرەوە و بە عابا رەش و ئەستوورەکانیش لە دەرەوە بە سەریانەوە. بە خۆی گوت راوەستە، داخۆ ئەمە مەترسییە لە سەرت؟ راستی جل وبەرگ چ پێوەندێکی بە منەوە هەیە؟ جلی خۆمالّی و مۆدە و عابا؟! دە تێیانهەڵدە!... کتوپرِ هاتەوە بیری باشترین چەکدارەکانی، خەڵکی ناوچەکانی گەرمیان واتە ئەو ناوچانە بوون وا ژنەکانیان زیاتر لەهەر شوێنێکی تر عابایان بەسەرەوە بوو. پێکەنینی بە گەمژەیی خۆی

دێ. باشە بۆ پێش کۆبوونەوەکە و دووا‌تریش ئەمەی نەهاتبووەوە بیر. باشە بۆ دونیا وای لێهاتبوو شتە باوەکانیش مانای تریان وەردەگرت؟

هەڵبەت سەرەڕای هەموو شتێک، لە ئەنجامی کۆبوونەوەکەیان رازی بوو. بەخۆی گوت گرینگ ئەوەیە نیشتمان لەژێر دەستی خۆماندایە و ئیتر هەرچی دەبێ با ببێ! تەنیا ئەوەندەی دیکتاتۆر نەگەڕێتەوە.

لە راپۆرتێکی تردا کە چەند مانگ دووایی پێشکەشکرا، نووسرابوو خەڵکی هەتا دێت زیاتر موحەجیبە دەبن، بەڵام بە خۆشییەوە ئیتر کەس بە تەماتەی رزیو و بەرد شوێن هیچ ژنێکی مۆدە ناکەوێتەوە. نووسرابوو ژمارەیەک خەڵکی سەرپێچی کەریشیان گرتبوو و سزایاندابوون.

فەرمانده دەزانێ دوو هۆکاری هەیە: شەقی پۆلیس و دابەزینی ڕێژەی مۆدەکان. بەڵام لە ئەنجام رازییە. گرینگ ئەوەیە نیشتمان ئارامە.

مانگێک دووای ئەم راپۆرتە هەواڵی شەڕەکەی ڕۆژی کۆبوونەوەکەیشی بۆ دەگێڕنەوە. یەکێک لە هەڤالە هەرە نزیکەکانی لە دانیشتنێکدا بە پێکەنینەوە باسیدەکا. لەمەیش رازییە، بەس نیە دەمانچەیان لەیەکتر رانەکێشاوە. هەرچەند کەس بۆی نیە لە کۆبوونەوەکاندا لەگەڵ فەرماندەدا چەکی پێ بێ. هەرچەند لێزانی دڵ شێواو لەسەردەمی شاخیشدا تەنیا بە چەکەکەی تەقەی لە کۆتر و لە کەو و لە باڵندە بەرزەفڕەکان، ئەویش بۆ خۆشی کردبوو.

(٣٩)

من وەک براکەم پێم وانیە تەنیا باوکم راستەکا. پیاو هەتا دەژی لام وایە قسەی قۆڕ زۆر دەبیستێ. جارێکە با ئەوە بڵێم منیش وەک ئەو نازانم خۆشم بووێ یان نا. هەرچەند کاتێک بیری ئەو سااڵنە دەکەمەوە رقم لێیەتی و کاتێکیش لە ئیستا دەڕوانم، خۆشم دەوێ. یەعنی خۆشم ناوێ... چۆنی بڵێم!... هەم خۆشم دەوێ و هەم نا، شتێکە لە نێوان ئەم دووانەدا. باوکم دەلێم، ئەوەی وا پێی دەڵێن فەرماندە. جاری وایە

خۆشم دەوێ و جاری وایە نا. من هەندێ جار بەزەییم بەسەریا دەێتەوە. هەستدەکەم راستە فەرماندەیە و دونیا بە کەیفی ئەوە، بەڵام ئەو چێژەی وا دەبێ لە ژیان بیبینێ، نایبینێ! مرۆڤ جاری وایە دەبێ دونیا بە کەیفی ئەو نەبێ. وەک هەموو کەسێکی تر. کە شتێکت بە کەیف نەبوو ئەوا ئیتر چێژ لەوەی دەگری وا بە کەیفت بوو. وەهایە ئیتر، ئەمە بەوەی! لای من وایە. باوکم رەوتی ژیانی ئێمەی گۆڕی، زۆر پێش ئەوەی من و براکەم لە دایک بین، تەنانەت زۆر پێش لەوەی دایکیشم ببێ بە ژنی. لای من ئەو چەندە دونیا بە کەیفی بوو، هەر بەو رادەیە بەپێچەوانەوە، هیچ شتێک بە کەیفی دایکم نەبوو. دیارە ئیستا کە بیری لێدەکەمەوە لەلام ئاساییە. دایکم ژنێکی بێ ئیرادە بوو و باوکم پڕی ئیرادە. وەک بڵێی بەشەکەی دایکیشمی بەرکەوتبوو. رەنگە هەر لەبەر ئەمەیش بووبێ کە لە رێکەوتێکی سەیردا دایکم دەبێ بە ژنی. مەگین وەها نیە کە هەمیشە شتە پێچەوانەکان یەکدەکەون؟ لای من کە وەهایە. با بگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە ئەوە تەنیا باوکم نیە راستەکا. بەڕای من هەموو کەسێک بەجۆرێک لە جۆرەکان راستەکا، بەڵام تەنیا جیاوازییەکە لەوەدایە هەندێ کەس لەگەڵ ئەوەی راستەکا، دەتوانێ راستییەکەیشی بسەپێنێ، بیسەلمێنێ. باوکم لەو جۆرە کەسانەیە. لەوانەی وا لەم بوارەدا دەگەنە ترۆپک. من قەت ئەو حەز و شەوقەی وا لە کاتی رۆیشتن لەگەڵ هەڤاڵانیدا دەمبینی قەت لە کاتی هاتنەوەی بۆ ماڵەوە نەمدەبینی. بە گوێی ئێمەدا دەیچرپاند حیزب باوکتانە، من ئەو سروادانەم گوێ لێبوو وا پیاوەکان پێکەوە دەیانخوێند و بە نیشتمانیان دەگوت "بە ماڵ و منداڵ بەقوربانی تۆم". دەبێ ئەوە بڵێم کە باوکم

وندەبووەوە حیزبیش وندەبوو. لەگەڵ ئەوەی بەجوانی لەو رستەیەیش نەدەگەیشتم، بەڵام دەمزانی رۆژێک لە رۆژان قەرارە بەڵایەکمان بەسەردابێت، بەڵایەک لە ڕێگای باوکمەوە، هەرچەند ڕێک ئەو کاتانەیش لە ناو ئەو قوربانی بوونەدا دەژیاین وا سروودەکە باسی لێدەکرد و کەچی ئێمە نەماندەزانی. دیارە ئەمەتان بۆ دەگێڕمەوە نەک لەبەر ئەوەی باوکم تاوانبارکەم، نا بەپیچەوانەوە، من زۆریش مەمنونی باوکمم. لەگەڵ ئەوەی سەردەمی منداڵیم بەبێ ئەو تێپەڕی چ لە شاخ و چ لێرە، بەڵام شتێکی پێبەخشیوم کە هەموو خەڵکی بەخیلی پێدەبەن. ئا، من سپڵەنیم. دەزانم ژیان وەهایە، دەزانم لەهەر ئاست و پلە و پایەیەکدا بیت دەبێ باجی بۆ بدەی. تەنانەت ئەوانەیشی وا لایان وایە نایدەن، دەیدەن، بەس بە شێوازێکی تر کە بەهۆی گێلییانەوە تێی ناگەن. بەڕای من ئەو باجەی شێر دەیدا لەگەڵ ئەو باجەی ڕێوی دەیدا یەکجار جیاوازە، دەبێ جیاوازیش بێ. بەس باوکم تێی گەیشت، ئێمەیش، هەرچەند درەنگتر و هەرچەند وەک کەسێکی قوربانی. ئا، تەنیا باوکم نیە راستەکا، بەڵام تەنیا ئەوە کە دەزانێ چۆن چۆنی راستەکا. جا من لەمبارەیەوە خەنیم، شانازی پێوەدەکەم. باوکایەتی ئەو بۆ من و بۆ براکەم لە چەشنی باوکایەتییەکی تر. ئەو شێوازێکی نوێی دۆزییەوە، شێوازێک کە تێیدا بوو بە باوکی هەموو نیشتمان. خۆش نیە؟... لاتان سەیرنیە؟ بێگومان دەبێ وابێ. ئەو لە باوکایەتی نیشتمانەوە بۆ باوکایەتی من و براکم گەڕایەوە... پەککوو لەو زیرەکییە،... پەککوو!

منیش هەموو ئەو شتانەی وا براکەم باسیان لێدەکا، گریانی دایکم و تەنیایی و کۆڵان و ترس و لەرزەکان و... هەر هەموویانم لەبیرە؛ بەڵام نامەوێ زلیان بکەمەوە، ئەمەیشم بە براکەم گوتووە. لای من کەسی بێ ئیرادە شیاوەی ئەوەیە وا بەسەریادێ. با دایکم قبوڵی نەکردایە، با جارێک وڕەی و غیرەتی ئەوەی هەبایە و بیگوتایە نا، تەواو! راستە دایکمە و دەروونم هەڵدەقرچێ کاتێک بیری لێدەکەمەوە، بەڵام وەک گوتم مرۆڤ دەبێ راستییەکان ببینێ. بەڕای من باوکم کەسێکی یەکجار ئازابووە، ئەوەندە ئازا و ئازاد کە ڕەحم و هەستی خۆی سەبارەت بە مااڵ و منداڵ خستە ژێر پێ و ئەشقی نیشتمانی وەها زلکردەوە کە باڵی بە سەر هەموو شتێکی تردا کێشا. باوکێک کە بە بێ پرسی مااڵ و منداڵ تەنانەت ئامادەیە ئەوانیش قوربانی بکات، ڕێک وەک ئیبراهیم کە ویستی کوڕەکەی واتە ئیسماعیل لە سەر داوای خوا بکا بە قوربانی و بەڵام خوا نەیهێشت. جا بێگومان دەبێ ناوی باوکیشم وەک ئیبراهیم لە مێژوودا بمێنێتەوە. ئەو ویستی ئێمە بکات بە قوربانی، بەڵام خوا وەک ئیبراهیم ڕەحمی پێکرد، ڕەحمی پێمان کرد و، وتی نا. بەڕای من ئەوەی تا ئەم سنوورە بڕوات دەبینێ کەس نابێتە قوربانی. بەڕای من ترسنۆکەکان دەبنە قوربانی. تەنیا ناوی ئەوانەی دەمێنێتەوە وا دەگەنە ئەو دیوی سنوور، وەک باوکی من وەک فەرماندە، تەنیا ئەمانە شیاوی ئەوەن ببن بە مرۆڤی مەزن. ئەوانەی وا شتەکانی تر لەچاو ئامانجەکانیان ئەوەندە بچووک دەبنەوە کە ئەقڵ نایگاتێ.

من ئیستایش دەچمە بەر ئاوێنە و سەرە قوپاوەکەم دەبینم، ڕێک ئەو ڕۆژەم دێتەوە بیر کە چۆن چۆنی کلکی کەرەکەم گرت و شوێنی کەوتم،

دەڵێی دوێنێکەیە! قوپاوییەکە ئازارم دەدا، رقم لێیەتی، سیمای گۆڕیوم و لە مرۆڤی شەقاوە و تاوانباری ناو فیلمە ئەمریکییەکان دەکەم، وەک ئەوانی لێکردووم؛ بەڵام من رقم لە باوکم نیە. وەک وتم ژیان دەبێ باجی بۆ بدەی. ئەوەی توانی بیدا و بە وشیارییەوە بیدا ئەوا دەگاتە شوێنی خۆی. راستییەکەیتان دەوێ من ئیستا ناڕاحەتم لەوەی کە وەک باوکم کەسم نیە لەگەڵ خۆم بیکەم بە قوربانیی نیشتمان. ناڕەحەتم لەوەی، لەگەڵ ئەوەی ئەرک و بەرپرسایەتی گرینگم لەسەرشانە، لە دۆخە سەختەکانی جاراندا واتە سەردەمی شاخ، چیتر ناژیم. من زۆر جار هەستدەکەم بەرەخۆرەی باوکمم، ئەمەیش هەستێکی خۆش نیە، پیاو دەبێ لەسەر پێی خۆی راوەستێ. پیاو دەبێ خاوەن مێژوو و خاوەن کەسایەتی تایبەتی خۆی بێت، کەسایەتییەک کە لەسەر ماندووبوون و هەوڵی خۆی دامەزرابێ. بەڵام من، تەنانەت براکەیشم، خاوەنی ئەمە نین. هەرچەند بەهۆی ئەوەی کوڕی ئەو پیاوەین ئەوا بەناچار دەبێ ئەرک وەربگرین و جێگای ئەو پیاوە دووارۆژ پڕبکەینەوە. ئەدی، هەر وایش بووە. شوێنی ئەم جۆرە پیاوانە تەنیا لە بنەماڵەوە پڕدەبێتەوە. بڕوانە دونیا! ئەوەی لەگەڵ نەریتێکی وا نەژیابێ ناتوانێ هەڵگری بێت. گەورەیی و دەگمەن بوون شتێکە لە خوێندا دەگەڕێ، شتێکی خوداییە لە ئاسمانەوە یاخود لە شوێنێکەوە کە هێشتاکە کەس نازانێ لە کوێیە و چۆنە، دادەبەزێتە خوارەوە و دەنیشێتە سەر شانت، یان دەروونت، دوواتر نەوە لە دووای نەوە دەڕوا، لەهەمان تایفە، لەهەمان بنەماڵە. خۆشحاڵم لە دایکم ناچم. براکەم کەمێک چووەتەوە سەر دایکم. پێم گوتووە. دەبێ چارەسەری بکا. لای من دایکم تەنیا دەبێ وەک بیرەوەری

بێت، وەک کەسێک کە قەدەر ئەرکی یارمەتیدانی باوکم و پێگەیاندنی ئێمەی لە نەبوونی باوکمدا پێدا بەس بۆ ئەوەی خەونە مەزنەکان بێنەدی. بەردەبازێک وەک هەموو بەردەبازەکانی تر. دایکم جێگای رێزێکی زۆرە، بەڵام جێی بەزەیی نیە. هەموو کەس بەقەدەر خۆی ئازار لەم ژیانەدا دەچێژێ. گرینگ ئەوەیە لەم ئازارانە چی بەرهەم دێت، چی بەرهەم دێنین. دایکم لەوانە بوو وەک خۆی وا هیچی پێ بەرهەم نەدەهات، بەڵام دەیتوانی یارمەتی ئەم بەرهەمهێنانە بدات، واتە لە کەسانی تردا، کە بە جوانی دایشی. منیش وەک براکەم ئەو شەوانەم لەبیرماوە. من هەستم بە نیگا غەریبەکانی دایکم لە ئاست باوکمدا کردووە. هەستم بە تامەزرۆییە دۆڕاوەکانی کردووە. بەخوا ژنان سەیرن! جیهانیان زۆر بچووکە، تەنیا منداڵ و تەنیا بنەماڵە. گەر بەزۆر پێیان نەکەی، نایکەن. ئەوان لە جیهانی دوو بستیی خۆیاندا دەژین. بستێک بۆ مێرد و بستەکەی تر بۆ ماڵەوە و بۆ منداڵ. لام سەیرە پیاو لە ژن دەبێ. دەبێ ئەم لێبوونەوەیە تەنیا شتێک بێت وەک بەربوونەوەیەکی رووت و تەواو. بەڕای من گەر لەمە زیاتر بووایە ئەوا قەت پیاوە مەزنەکانی وەک باوکم و وەک ئێمە نەدەهاتنە سەر رووی دونیا. من و... براکەیشم.

هەڵبەت لاتان وانەبێ من رقم لە دایکمە، یان رەنگە پێتان وابێ بە هۆی لەقەی گوێدرێژەکەوە مێشکم لەقابێ. هههه،... نا وانیە! بەپێچەوانەوە من دایکیشم زۆر خۆشدەوێ. ئەوان لانکی پێگەیاندنی شۆڕشگێڕانن. بەڵام هێشتا خودی شتەکە نین. وەک دەزانین جیاوازی هەیە لە نێوان رێگا و ئامانجدا. هەڵبەت نازانم تا چەندە ئەم شوبهاندنە دەتوانێ مەبەستەکەم

روون بکاتەوە. بەگشتی مەبەستم ئەوەیە کەسەکان دەبێ چارەنووسی خۆیان قبوڵ بکەن، دەبێ دیانی پیابنێن. ئەمە ژیان ئاسانتردەکا و ئیتر پێویست ناکا زۆر خەفەتی بۆ بخۆین. بەڕای من گەر دایکم ئەو سااڵنە لەمە بگەیشتایە ئەوا ژیانی زۆر راحەتتردەبوو. ئەو دەبووایە لەمە بگەیشتایە کە باوکم کاتەکانی لەوە گرینگتر بوون تەنیا بە دیار ئەو و من و براکەمەوە بەسەریان ببا. تەنانەت ئێمەیش پێویست بوو بە جۆرێک هەتیو بین. چما هەتیوبوونیش خۆی لە خۆیدا هەمیشە خراپ نیە. گرینگ ئەوەیە کێ هەتیوە و کەی هەتیوە و بۆ بووە بە هەتیو.

خۆ بێ گومان فلیمە بیانییەکانتان بینیوە، بۆ وێنە کاتێک چەنگیزی مەغول بە لەشکرەکەیەوە دەبزوێ. مەگەر ژن و منداڵی لەگەڵە؟ بێگومان نا. یان لەشکری ئیسلام، یان،... یان. ئێوەیش باش ئەمە دەزانن، مرۆڤە گەورەکان کە دەبزوێن بە تەنیایی و لەگەڵ پیاوەکانی تر دەبزوون. ئەمە یاسای جیهانە. ئەوەتەی مرۆڤ هەیە دەستەچیلەی ئاگری تر بووە جگە لەخۆی. من هەر ئەو کاتانەیش، ئەگەرچی تەمەنم یەکجار کەم بوو، بەجوانی هەستم بەمە دەکرد. ئەو کاتانەی باوکم لەگەڵ پیاوەکانی لە یاڵەکەوە دادەبەزین بۆ ناو ئاوایی. من هەر ئەو کاتانەیش رقم لە فرمێسکەکانی دایکم بوو، لە پشت ئەم فرمێسکانەوە لاوازییەک خۆی شاردبووەوە کە من لێی دەترسام. رقیشم لە باوکم بوو، بەاڵم لە پشت ونبوونەکانی باوکمەوە شتێک خۆی حەشاردابوو کە منی رادەچڵەکاند، بەخیلیم پێدەبرد. من قەت بەخیلیم بە دایکم نەبردووە. خۆشحاڵم ژن نیم. چارەنووسێکی کارەساتبارە. ژنبوون شتێکە وەک دووپاتبوونەوەیەکی بێ کۆتایی. بە دەوری خۆتدا بەردەوام

سووڕانەوە لە پێناوی هیچدا. بۆیە بڕیارمداوە قەت ژن نەهێنم. من تەنیا لە کاتی جووتبوون بیریان لێدەکەمەوە. بگرە لەو کاتەیشدا رقم لێیانە. رقم لە دەنگی ناسکیانە، لە ناز و غەمزەیانە، لە خۆبادانیان، رقم لەو نیگایانەیانە وا جگە لە داوا هیچی تری تیانیە. ئەوان تەنیا چاوەڕوانی ئەوەن بیاندەیتێ. جگە لە جەستەیەکیش بۆ پێشکەشکردن چیتریان نیە. کارەساتە،... بەڕاستی کارەساتە! من جاری وایە یەکجار رقم لە هەڤاڵانە، نازانم بۆ ئەوەندە گیرۆدەی ژنانن، هی ئێرە هیچ، خەیاڵیشیان بۆ هەموو دونیا دەڕوا. بە من بێت تاقیان ناهێڵمەوە. نیشتمان دەبێ وەک جاران پیاوی پیاوان ئیدارەی بکاتەوە، نەک ئەم خلەژنانەیە. نەک ئەم چرچەڵە سەرتاپا بۆیاخکراوانە. قێزیان لێدەکەمەوە. لام سەیرە ئەمە هەر ئەو پیاوانەن وا باوکم وا فەرماندە پشتی پێ دەبەستن. ئیستایە دەزانم کە بەڕاستی ئەو کاتیش هەر باوکم بووە بڕبڕەی پشتی نیشتمان بووە، نەک ئەم پەرپووتانە. بەس باوکم ئیزنی پێ بدایەم دەمزانی لە یەکەم هەفتەدا چییان بەسەردێنم. چ سەگ بە حەوشەیەکیان پێ بکەم. خۆزگە دەتبینین بە جەستەی سەرتاپا تاشراویانەوە لە تەنیشت مەسبەحەکانیاندا. بە قاچە باریک و سکە زلەکانیانەوە. من کە شەرم دەکەم. کوڕی پیاوانەم لەبەردەستدان. بە گژ کێویاندا بکەم نااڵێن نا. کوڕی پیاوانەن. ئاخ بۆ دەرفەتێک! خۆ سەرئەنجام رۆژێک دێت باوکم بمرێ، دیارە خوانەکا، بەاڵم ژیان ئیتر وەهایە، جا وەرەو ببینە! سەگ بە حەوشەیەکیان پێبکەم نەبێتەوە. شکۆی نیشتمانیان شکاند، شکۆی فەرماندەیش. هەر لە حەوزەکانیاندا لە خوێنی خۆیان دەیانگەوزێنم. بە شەرەفم شەرت بێت! چەند جار بە

براکەمم گوتووە با جێگکەمان بگۆڕینەوە، من دەبێ ببم بە بەرپرسی بەشی ئەمنی. من هی ئەوێم. دیارە هەر جۆریشی دەکەم. رۆژی خۆی دێت، ئەوە دەیبینن! هەڵبەت تا ئیستا چەند دانەیەکیانم هەر ئاوا لاپرەسەنی چزاندووە. خۆزگە دەتبینین. پیاو پێی سەیرە ئەمە هەر ئەو پیاوانەی جارانن.

بە تەمای سەدەی بیست و یەکەمم. وەک دەڵێن جیهان زۆر دەگۆڕدرێ. دەڵین تەنانەت لە هەسارەکانی ترەوە بوونەوەری تر کە لە ئێمە ناکەن و بگرە زۆریش ترسناکن دێن بۆ ئێرە، بۆ سەر گۆی زەوی. شەرت بێت بەوانیانەوە ببەستمەوە و لەگەڵیان بەڕێیان بکەمەوە بۆ ئەوێ بۆ ناو کاکەشانە دوورەدەستەکان. بە خۆیان و قەحبەکانیانەوە. نیشتمان خاوێن دەکەمەوە لەم پۆخڵەواتانە. ئەوە دەیبینن،... با رۆژی خۆی بێت، با سەدەی بیست و یەکەم بگات!

(٤٠)

دیسان هەواڵ هاتەوە لە شار خۆپیشاندانە. فەرماندە دیسان تووڕە بووەوە. بەڵێن بوو ئەم جۆرە شتانە دووپات نەبنەوە. ئەو بە هەڤاڵانی گوتبوو خۆپیشاندان تایبەتی سەردەمی دیکتاتۆر بوو و یەکجار بێمانایە لەسەردەمی ئەودا شتی لەم چەشنە رووبدات. گوتبووی ئیستا کە میللەت لەدووای سەدان ساڵ و بگرە هەزاران ساڵ بە مافی راستەقینەی خۆی شادببوو یەکجار گاڵتەجارانەیە کۆمەڵێک خەڵکی سپڵە و نەزان هەرلەخۆوە رێبکەون و دروشمی حەلەق مەلەق بدەن. گوتبووی ئەمانە گەر بمرن نەکیرو مونکیریش ئامادە نابن بەپیریانەوە بچن و لێیان بپرسنەوە. جا گەر پیاو هەر لە قەبرەکەیدا مایەوە ئیتر مردنیشی بێمانادەبێ.

بەڵام ئەم قسانە دادی نەدەدا. هەڤاڵان گوتیان وەزعەکە بەردەوامە. فەرماندە لەگەڵ ئەوەی ئەمری سەرکوتی نەیارانی نیشتمانی دەرکرد، داوای لە لیژنەیەکی تایبەتیش کرد بۆ تاوتوێ کردنی پێوەندیی نێوان دوو چەمکی دیکتاتۆر و خۆپیشاندان. لیژنەکە لە چوار مامۆستای زانکۆ لە بوارەکانی فەلسەفە، کۆمەڵناسی، کۆمەڵناسیی سیاسی و مێژوو (کە

لە دووای راپەڕین بە سفارشی خۆی و بە هۆی ئەوەی کوڕە شەهیدبوون لە زانکۆ وەرگیرابوون) پێکهاتبوو، هەروەها لەگەڵ دوو کوڕەکەی خۆی بە ئیزافەی چەند هەڤاڵێکی سەردەمی شاخ کە ئەم یەکجار بڕوای پێیان بوو. لە دووای قسەوباسێکی زۆر بەو ئەنجامە گەیشتن خۆپیشاندان لە سەردەمی دیکتاتۆر و لە سەردەمی ئازادیدا لەگەڵ ئەوەی هەمان چەمکە بەڵام خاوەن دوو ناوەڕۆکی جیاوازن: خۆپیشاندان لەسەردەمی دیکتاتۆر بۆ دابینکردنی ئازادییە، بەڵام لەسەردەمی ئازادی بۆ دابینکردنی دیکتاتۆرییە. لێرەوە بەو ئەنجامەگەیشتن کە سەرکوتکردنی تەنانەت بەشێوەی دیکتاتۆر رەوایە، بگرە دەکرێ شێوازی سەرکوتکردنەکەیشی یەکجار توندوتیژتر بێت ئەویش لەبەر ئەوەی گەڕانەوە بۆ رابردوو خەیانەتکردنە لە مێژوو و بۆیە سزای خۆپیشاندەران یەکجار قورسترە. بە واتایەکی تر سەرکوت لەسەردەمی دیکتاتۆر و لەسەردەمی ئازادیدا لەگەڵ ئەوەی هەمان چەمکە، بەڵام خاوەن دوو ناوەڕۆکە: یەکەمیان سەرکوتە بۆ لەناوبردنی ئازادی و دووهەمیان سەرکوتە بۆ دابینکردن و بەردەوامبوونی ئازادی. بەم شێوەیە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات و ئەمجارە لە جیاتی هێزی پۆلیس کە بۆ جەمع و جۆرکردنی خۆپیشاندەرەکان بەتووش کێشەوە بوو (بەتایبەت کیشەی دەروونی)، چەندین هێزی تریان نارد، هەر لە بەشی ئەمنی، هێزە تایبەتەکانی هەڤاڵان و سوپاوە بگرە تا هەموو ئەو مووچەخۆرانەی وا لە ماڵەوە دانیشتبوون و تەنیا بەهۆی پێوەندییان بە فەرمانده و هەڤاڵانەوە مانگانە پارەیەکی باشیان بۆ دەچووە ماڵەوە.

شەقام سوورهەڵگەڕا. کۆڵانەکان بریندارببوون. زیندانەکان پڕکران. خەڵکێکی زۆر ئاواره و پەڕیوەی دەرەوەی نیشتمان کران. لێزانی دڵ شێواویش وەک هەمیشه شیعرێکی لەسەر ئازایەتی هەڤالان نووسی و لەگەڵ سەردەمی شاخ شوبهاندنی. لێزان لای وابوو رۆحی شاخ و شار لێکدرابوونەوە. ناوی شیعرەکەی ئەمە بوو "کاتێک شاخ دەژیێتەوە".

سێبەری شاخ لەوە دریژتر بوو بیری لێدەکرایەوە. سێبەرێک بوو بە قەدەر هەموو نیشتمان. فەرمانده پاشان لە نوتقێکی حیماسیدا باسی لە بێسوودیی شۆڕش لە دژی شۆڕش کرد. گوتی لە مێژوودا قەت شتی وا نەبینراوە کە شۆرش بە شۆڕش لەناوبچێ. گوتی ئەم بیرە هەر لە بنەڕەتدا هەڵەیە، هەڵەیەکی گەورە. گوتی بۆ ئەوەی شۆڕشگێڕ بیت دەبێ دەروونێکی شۆڕشگێڕانەت هەبێ نەک تەنیا شیوازی شۆڕشگێڕانە. گوتی مێژوو قەت وەڵامی وەها خەڵکانێک ناداتەوە و لە هەموو باسەکە سەرەوقون گەیشتوون.

ئەو رۆژەی فەرمانده ئەم قسانەی دەکرد لە قەبرستان هەموو کوژراوەکان نێژران. تا چەند رۆژ دوواتریش لە ماڵەکانەوە دەنگی شین و شەپۆڕ بیسترا و ئەوسا هەموو شتێک سەرلەنوێ وەک جارانی لێهاتەوە. دونیا بووەوە بە ماستی مەیو. رۆژێک یەکێک لە هەڤاڵان بە پێشنیارێکی سەرنجڕاکێشەوە هات و گوتی باشتر وایە ئاوڕ لە بنەماڵەی کوژراوەکان بدرێتەوە و دڵنەواییان بکەین. فەرمانده کە ئەم پێشنیارەی یەکجار بە دڵ بوو، فرمانیدا لە نامەیەکدا کوژراوەکان وەک شەهیدانی تازەی نیشتمان ناوزەد بکرێن و بگوترێن کە ئەمانە لە راستیدا قوربانیانی نوێی دەستی دیکتاتۆرن. ئەوانەی وا بەدەست دیکتاتۆر

خەلەتابوون. ئەوسا لەگەڵیا چەپکێک گوڵ و بەستەیەک ئەسکەناس پارە بەڕێکران. کەس نازانێ دوواتر بنەماڵەکان چییان لەگەڵ خەڵاتەکان کرد، دیارە ئەمە زۆریش گرینگ نەبوو. فەرمانده جارێکی تر نیشانیدا لەگەڵ دیکتاتۆر یەکجار جیاوازە و بە چاوێکی نیشتمانی لەهەموو میللەت دەڕوانێ. مردوو و زیندوو لای ئەو فەرقیان نەبوو.

ساڵ جارێکی تر وەرگەڕا و تەمەن ٣٦٥ رۆژی تری پێ زیادبوو.هەر بەو گوێرەیە مردووەکانی ناو گۆڕستانەکانیش ساڵێک بە تەمەنی مردووییان زیادبوو. ژیان و مردن بەردەوام بوو. کات وەک هەمیشە هەموو شتێکی لە خۆی گرتبوو. فەرمانده بە هۆیەکی نادیار ئەمساڵ دڵی زۆر خۆش بوو. بۆ خۆیشی نازانێ بۆ، بەڵام ئەمە گرینگ نیە، گرینگ ئەوەیە لە دووای ماوەیەکی دوورو درێژ کتوپڕ حاڵ و هەوای سەردەمی گەنجیەتی گەڕابووەوە. ئەو سەردەمەی وا هەر لەخۆوە خەم دەڵێی میوانێکی یەکجار کاتییە. فەرمانده ئیستا جاری وایە گوێ لە گۆرانی زێ زێ و ئیبراهیم قادری و گۆرانی بێژە میلییەکانی تر دەگرێ و بگرە بە چۆپییەوە، کە لە ئاڵای نیشتمانە، لە ژووری ئیشەکەی بە تەنیا سووڕێکیشی بۆ دەدا. گۆرانی بێژە میلییەکان چەند زیرەکانە بەشێوازی گۆرانی وتنی خۆیان، بە هەمان هەوا، لە یەک کاتدا هەم خۆشی و هەم خەم دەردەبڕن. هاوکات هەردووکیان! فەرمانده ئەوەتەی لەبیری دێ حەزی لەم جۆرە ئاوازنە بووە. ئەمە شێوازێکە لە هەموو شوێنێک و لەلای هەموو کەس و نەتەوەیەک دەستناکەوێ. داخۆ سەیر نیە بتوانی بە هەمان گۆرانی هەم هەڵپەڕی و هەم داڵغە بتباتەوە! لەخۆوە نیە ئەم نیشتمانە سەرەڕای هەموو ئەو غەدرە مێژوویانەی وا لێی کراوە، ماوە.

بەڵام ئەم خۆشییەی فەرمانده زۆری نەخایاند. وەک بڵێی رووی دیکەی گۆرانییەکە ئەمجارە خۆی دەرخستبێ،... رووی داڵغە. دیسان هەواڵ هات لەو دیو سنوورەوە لە لای دراوسێی یەکەمەوە هێزێکی پۆشتە و پەرداخ لەو گەنجانە سازکراوە وا لەم چەند ساڵەدا پەرِیوەی ئەوێ بوونە. ئەو گەنجانەی وا خاوەن ئایدیۆلۆژیایەکی تر بوون و جارەجارە وەک هێزی پارتیزانی هاتوچۆی نیشتمانیان دەکرد و جەۆلەیان دەدا. فەرمانده کە بەم شێوازە یەکجار ئاشنابوو، دەستبەجێ وەفدێکی بۆ لای دراوسێی یەکەم نارد. فەرمانده بە ئەزموونی خۆی بەجوانی دەیزانی ئەمە خراپترین شێوازی دەست تێوەردانی دراوسێیە لە ناو ژیانی دراوسێیەکی تر. وەفدی دراوسێ کە ئەمجارە یەکجار بێ منەتتر و لەخۆڕازیتر لە جاران دەیاننواند بە جوانی گوێیان لە قسەکانی هەڤاڵانی فەرمانده گرت کە شەرمێونانە گوتیان قەت چاوەڕوانی شتێکی لەم چەشنەیان نەدەکرد. دراوسێی رۆژانی تەنگانە کاتێک هەموو قسەکانیان بیست، هەڤاڵانیان دڵنیاکردەوە (لەم ڕێگایشەوە خودی فەرمانده) کە شتی وا قەت نەبووەو بەهەڵە هەواڵیان پێدراوە و ئەوان وەک هەمیشە خۆیان بەدۆستی فەرمانده و نیشتمانی ئەوان دەزانن، بگرە ئامادەن لە هەر دۆخێکی نالەبار و دژوار و چاوەڕواننەکراویشدا بە تەنگیانەوە بچن.

فەرمانده لە دووای ئەوەی ڕاپۆرتی هەڤاڵانی بیست، لە پاش کەمێک بیرکردن بڕیاریدا چەند کەسێکیان لێ دەعوەت بکا و لە پاش میوانییەکی شاهانە لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری لە یاریگای سەرەکی شار، لە کاتێکدا میوانەکانی لە تەنیشتدایە، لە نوتقێکی بێ وێنەدا باسی

برایەتی و هاوڕێیەتی ئەوان بۆ میللەت لەسەردەمە دژوارەکاندا بکا. ئەمە خواردی و بۆ ماوەیەک جموجۆڵی هێزە چەکدارەکان نەما، هەرچەند لەو دیو سنوور هەر مابوون. فەرمانده دەیزانی بەم زووییە ئەم وەزعە کۆتایی نایە. بۆیە دەبا فکرێکی باشتری لێ بکاتەوە. چەندین هەفتە بەمەوە گێنگڵیدا. سەرئەنجام بە فکرێکی یەکجار مەزن و زیرەکانە گەیشت. بڕیاری دا لە دراوسێی دووهەم زیاتر نزیک بکەوێتەوە. لە ماوەیەکی کورتدا نیشتمان پڕبوو لە شمەکی ئەوان. ژمارەیەکی زۆریش لە کۆمپانیاکانیان هاتن. دراوسێی یەکەم کاتێک ئەمەی بینی بەشێکی گرینگی لە هێزە چەکدارەکان هەڵوەشانەوە و ژمارەیانی یەکجار دابەزاند. فێڵەکە گرتی، بەڵام راستییەکەی ئەوە بوو بەهۆی هەرەسهێنانی کۆمپانیا ناوخۆییەکان ئەوەندەی تر ژمارەی بێکاران زیادی کرد و گەنجێکی زیاتر رووبان لە وڵاتانی دراوسێ بەتایبەت دراوسێی یەکەم کردەوە!

فەرمانده جاری وایە سەری دێشێ، هەستەکا حەجمینی نیە و لە هیچ شوێنێک ئۆقرەناگرێ. لە چاو جاران زیاتر لە هەڤاڵان تووڕەدەبێ. هەڵدەچێ و هەرچی لەبەردەستدا بێت فڕێیدەدا. بەڵام لە کونجی دڵیدا، لەو بنی بنەوە ئاسوودەیە. دەزانێ ئەمە نابێتە هۆکاری کافربوونی. نەکیر و مونکیر لە هەر حاڵەتێکدا بەدەمییەوە دێن و بۆیە مەجبوورنابێ ساتە ترسناکەکانی سەرتای ناو قەبری بە بێ هۆ لێ دڕێژببنەوە. ئەو زۆر شتی بۆ نیشتمان کردووە. لانیکەم خودا بۆ خۆی ئەمە دەزانێ.

ئەویش وەک زۆر کەس تێدەپەڕێ، با فەرماندەیش بێت.

(٤١)

راستە مرۆڤ لە ئیستادا دەژی، بەڵام کاتەکانی تەمەنی هەر ئەم ساتەوەختە نین. راستە بە جەستە لە ئیستادایە، وەلێ بە خەیاڵ و بە بیر شتێکە لە نێوان رابردوو و ئیستا و داهاتوودا. هەر سێکیانە. ئەمەیش بۆ فەرماندە دەیخوارد، رەنگە زیاتر لەهەر کەسێکی تر. بگرە مرۆڤە مەزنەکان زیاتر لە هەر مرۆڤێکی تر لەم سێ زەمەندا هاوکات دەژین. جگە لەمە پێدەچێ لای ئەوان ئیستا کەمتر لە رابردوو خاوەن مانایە و لەهەمان کاتدا زیاتر لە داهاتوویش خاوەن مانا.

فەرمانده یەکجار ئاشقی بەیتە کۆنەکان بەتایبەت هی میرنشینەکان بوو. لای ئەو غەدرە مێژوویییەکان لەو کاتانەوە لە نیشتمان دەستی پێکرد. ئاخ نەیانهێشت،... نەیانهێشت! بە ئەژنۆی خۆیدادەکێشا و هەستیدەکرد هەموو قورسایی مێژوو لە سەر شانیەتی. "ئاغام، ئەمن رووم دەکردە دیوانێ ئاغایێ خۆم، لە لاییکی دادەنیشتن پێنجسەد پیاوماقوولْ و سەید و مەلا و پێنجسەد نۆکەر هەموو دەست لەسەر گوێ خەنجەرێ دادەنا، ئاغام لە دیوانێ ئاغایە خۆم دادەنرا پێنجسەد کورسیی تەخت زێڕین و هەر لەوی..." کە گوێی لەم بەیتە دەبوو دڵی پڕدەبوو و چاوەکانی تەژی لە فرمێسکی قەتیسماو. بەتایبەت کەلیمەکانی ئاغا و نۆکەر وەهایان دەبزواند لەوانە بوو شێت بێ. چی لێهات ئەو سەردمانەی وا وەک پێنجسەد کورسیی تەخت زێڕین، زێڕین بوون؟ نەمان. ئاداریان بە سەر پاداریانەوە نەما. لەناو دالْانە تاریکەکانی مێژوودا بێڕەحمانە ونبوون. کوا میرە مێرخاسەکان؟ کوان رۆژانی گەشاوەی نیشتمان؟

ئەگەرچی لەو سالْانە یەکجار تێپەڕیوە، بەلْام فەرمانده دلخۆشە بەوەی کە دەتوانێ بیانژێنێتەوە. بۆ نا، مەگەر لەچی کەمە؟ وشەی میر دەیوروژێنێ، بێ ئۆقرەی دەکا. ئەو میرانەی شتێکیان لە پاشا کەمتر نیە. فەرمانده لای وایە گەر تەنانەت ئەو سەردەمانە لە جیاتی میر وشەی پاشایان بەکارهێنابا ئەوا رەنگە بەگشتی چارەنووسی نیشتمان فەرقی دەکرد وەک هەموو خەلْکی دیکە بەو لایەدا دەکەوت کە دەبێ بکەوێ. ئەم بیرە وای لێدەکا بەڕاستی لەبیری ئەوەدا بێت میرنشینی زیندووبکاتەوە بەلْام ئەم جارەیان لە ژێر ناوی پاشا. قەت بۆ

قەرەبووکردنەوەی دۆڕاوییەکان درەنگ نیە، با بەناو سەردەمی نوێیش بێت. جا داخۆ مەگەر زۆر شوێن هێشتا پاشانشین نین؟ بێگومان هەن. راستە دراوسێی یەکەم و دووهەم خاوەن پاشا نین، بەڵام ئەی... ئەی ئەوانی تر چی؟ بۆ وێنە عەرەبەکان... یان، یان ئەها ئەورۆپییەکان. هەموویان پاشایەتین،... خاوەن پاشان. ئەو هەموو وەزعیشیان باشە. کەواتە بڕی پاشایەتی! فەرماندە لە حەژمەتی بیرەکان و هەستی هەڵچووی خۆی رادەبێتە سەرپێ. بڕیاردەدا دیسان هەڤاڵان و مامۆستایانی زانکۆ بانگهێشت بکاتەوە و مشورێکیان پێ بخوا. هەرچەند بڕیاری داوە، بەڵام پرسە گورگانەیەکیش خراپ نیە. ئەی ئەوە نیە پێنجسەد پیاوماقوڵ و سەید و مەلا لە دیوەخانی ئاغام دانیشتوون. خۆ لەخۆوە لەوێ نین.

بگرە ئەو سااڵنە نیشتمان پڕی میرنشین بوو، لە نێوانیاندا دابەشکرابوو،... بەڵام ئیستا چی،.. ئیستا کە هەمووی لە بەردەستی خۆندان (بە وشەی خۆندان پێکەنینێکی دێتێ و لای وایە ئەمەیش لە ئاکامی کاریگەریی بەیت و نەریتی سەردەمی میرنشینەکانە). ئیستا، کە نیشتمان یەکی گرتووەتەوە دەشێ پاشایەتی رابگەیەنرێ. بەس تەنیا یەک شت،... یەک شت،... فەرماندە دڵنیا نیە لەوەی دراوسێی یەکەم و دووهەم بەمە رازی بن، بەتایبەت دراوسێی یەکەم کە لە دژی پاشایەتی راپەڕیبوون و پاشایان بە سەرشۆڕی وەدەرنابوو. سااڵنی سااڵ لەوەپێش. نا، ئەوان ئەبەد رازی نابن. ئەبەد! فەرماندە دڵی دێشێ. سەری لە گێژەوە دێت. رقی لەهەرچی دراوسێیە دەبێتەوە. ئاخ چیدەبوو ئەو سەردەمانە، سەردەمی شاخ ئەوەندە یارمەتیم لێ وەرنەگرتنایە،

ها چی دەبوو؟ پرسیارێک کە بۆخۆیشی لە دەروونەوە پێکەنینی پێدێ. فەرماندە لە هەموو کەس چاکتر دەزانێ ئیستاکە مرۆڤ لەسەردەمێکدا دەژی هەموویان وەک زەروو لەسەر خوێنی یەکتر دەژین. ئەم بەوەوە لکاوە و ئەویش بەوی ترەوە. ئیتر هەر ئاوا هەتا بێکۆتایی. تەنیا لە قەبارە و هێزدا جیاوازن. ئەو چاک دەزانێ ئەوەی ئەم یاسایە رەچاونەکا، دۆڕاوە،... زۆر پیس دۆڕاوە. بەڵام،... تەنیا،... تەنیا کەمێک کەمتر لەوەی وەرماندەگرت. ئاهێکی قوڵ هەڵدەکێشێ. فەرماندە دڵنیایە هیچ شتێک بەقەدەر نەریتی میرنشینی بۆ نیشتمان ناخوا. هەر ئیستا بڕۆ چایخانەیەک و بەیتێک بخوێنەوە، بزانە چۆن خەڵکی لێت کۆدەبنەوە و چاوەکانیان پڕدەبێ لە خەم و گریان. بزانە چۆنیان دەهەژێنێ. ئا، هیچ شتێک بە قەدەر بەیتەکان بە رۆحی ئەم نیشتمانە ئاشنا نیە. نیشتمان بەیت و بەیت نیشتمان. عەجەب گێلێکم هەتا ئیستا بەمەم نەزانیبوو، بگرە لە سەردەمی شاخیش!

لێرەوە بڕیاردەدا کەمکەم پێوەندێکی باشتر لە گەڵ وڵاتانی عەرەب کە هەر هەموویان لە باشوور هەڵکەوتوون، چێ بکا. بێگومان چەند وەفدێکی تایبەت دەنێرمە لایان. هەتا زووتر، باشتر.

ئەوسا هەوڵدەدا ئەو سەردەمانە، کە هەر ئیستاکە ناویان لێدەنێ "سەردەمی زێڕین"، بێنێتە بەرچاوی خۆی. بەداخەوە قەت هیچ وڵاتێک لەسەریان فیلمی سازنەکردووە. ئەمەیش غەردێکی تر. ئەوجا تەپۆڵکەیەک دێتەبەرچاوی کە لە سەر سەری کۆشکێک سازکراوە و لە داوێنیشیدا ئەو خانووە سادەو ساکارانەی وا خەڵکی تیا دەژین. ئاسمانێکی ساماڵ و هەوایەکی پاقژ و دەنگی کەڵەشێر و مانگا و کوتانی

ئاسن و هاوار هاواری ئەو وەرزێڕانەی وا دەشت و دەریان تەنیوە. فەرمانده چاوەکانی هەڵناهێنێ وهەوڵدەدا بەردەوام بێت. هەوڵدەدا بۆنەکانیش لە قووڵایی میژووەوە بانگهێشت بکاتەوە. ئەو بۆنەی هێشتا بە بۆنی باڕوت ئاشنا نیە و تەژییە لە سروشت. زەمەنی چەند بێ ڕەحم دێتەبەرچاو. گەر تەنیا میرنشینی بەردەوام بایە ئەوا زەمەنیش قاوغی خۆی پەیدادەکردەوە. جگەرەیەک دادەگیرسێنێ و دووکەڵەکەی دەکا بە گژ میشێکدا وا شێتانە دەوروخولی سەر چاوەشووشەیەکی پەنجەرەکەیە. ئەی داخۆ منیش بەجۆرێک لە میرەکان نەدەچووم؟ ماییەنە سپی دێتەوە بەرچاو. ئا، ڕێک،... ڕێک وەک خۆیان. هەرچەند دەستبەجێ شەرمێک دایدەگرێ لەوەی کە زۆر نەزانانە و بە بێ ئەوەی بیری لێکردبێتەوە، گواستبووەیەوە بۆ کەرەشین. دیارە ئەمەیش بۆ دیکتاتۆر و پیاوکوژەکانی دەگێڕێتەوە. گەر تۆپەکانی ئەو نەبوونایە ئەم ئیستایش هەر ئەسپە سپی دەبوو (لێرەدا سااڵەکانی لێ تێکدەچێ). بەهەرحاڵ گرینگ ئەوەیە هەیبوو. شتێکی هەبوو وەک ئەو سااڵنە. تازە لە جۆری سپییەکەیشی. هەستدەکا شتێکی خۆڕسک لە دەروونیایەتی کە بەشێوەی خۆبخۆ ئەوی بە میژووەوە دەبەستەوە. لە خۆوە نیە بووم بە فەرمانده!

سەرئەنجام کۆبوونەوەکە دەکەن. مامۆستاکانی زانکۆ و هەڤاڵان یەکجار بە بیرە مەزنەکەی فەرمانده سەرسام دەبن و ئەمەیش بە یەکێک لە نیشانەکانی بلیمەت بوونی ئەو لێکدەدەنەوە. لە کۆتاییدا بەو ئەنجامەدەگەن ئەمە دەبێ وەک پلانی مامناوەندی (نەک درێژخایەن) لەبەر دەمیاندا بێت و بەرەبەرە ئیشی بۆ بکەن. کۆبوونەوەکە ئەوە

تەئید دەکا کە دەبێ نیشتمان لەگەڵ دراوسێ دووڕەکانی باشوور پێوەندی توند و تۆڵ بەرقەراربکەن تا لەم ڕێگایەوە دۆخی ناوچەیی بۆ ڕاگەیاندنی سیستمی پاشایەتی بڕەخسێنن. هاوکات پێ لەسەر ئەوە دادەگرن پلانەکە دەبێ تەواو شاراوەبێت، وەها کە دراوسێی یەکەم و دووهەم بە هیچ جۆرێک پێی نەزانن.

رازی لە کۆبوونەوەکە، بەڵام فەرمانده هەتا ماوەیەکی زۆر دیسان لەبیری ئەوەدایە بۆچی نەیتوانیبوو لە میرنشینی وەک ڕۆحی نیشتمان، ڕۆحێک کە بە درێژایی مێژوو هاتبوو و کتوپڕ لە شوێنێکدا پچڕابوو، بگا. ڕقی لە خۆی دەبێتەوە. ئەوسا هۆکارەکەی بۆ نوقمبوونی خۆی لە هەنووکەدا دەگێڕێتەوە و ئەمەیش دیسان وەک تاوانی دیکتاتۆر لێکدەداتەوە. ئاخر دیکتاتۆریش خۆی بەرهەمی ڕاپەڕین لە دژی سیستمی پاشایەتی بوو و لێرە بەجۆرێک ڕۆحی دوژمنکاریی لە نیشتماندا لە دژی پاشایەتی چاندبوو. ئای دیکتاتۆری زۆڵ! چاکت لێدەزانێ! کەواتە تێکشانی پاشا لە لایەن دیکتاتۆرەوە تەنیا بۆ لێدانی ئەم بووە. ئەمێک کە ئەو ساتانە لەدایک نەببوو، بەڵام دیکتاتۆر بۆنی کردبوو.

بۆ سبەی چەندین نامە بە دەسخەتی خۆی بۆ پاشاکانی ناوچەکە دەنێرێ و جگە لە خواستنی هیوا بۆ کردنەوەی وەرزێکی نوێ لە پێوەندیی نێوانیان، تیایا باس لە گرینگیی ئەوان و سیستمەکەیان بۆ هەموو خەڵکی ناوچەکە و جیهان دەکا. تەنانەت هەوڵدەدا بە باسکردن لە جیهانی مێرووله و هەنگ و شێر ئەوە بسەلمێنێتەوە کە

سروشتیترین شێوەی دەسەڵات پاشایەتیە و ئەوە مرۆڤە گەمژەکانن هەوڵدەدەن تێکی بدەن و بۆ هەمیشە لە مێژووی مرۆڤایەتی بیسڕنەوە. فەرمانده دڵنیایە مێژوو بەو ڕەوەتەدا دەڕوا ئەو خەونی پێوەدەبینێ. جا با زۆریش بخایەنێ. داخۆ کارە مەزنەکانیش هەمیشە وەها نەبوونە؟

(٤٢)

لەبیرم دێ ئەو ڕۆژەی بۆ یەکەم جار دایکم باسی باوکمانی کرد کە خەریکی چییە و بۆچی ئەوەندە درەنگ درەنگ دێتەوە ماڵەوە، ڕۆژێکی سەرەتای زستان بوو. وەک هەمیشە کوێستان زوو بەفر گرتی و ئیتر هاتووچۆ ئەوەندەی تر سەخت بووەوە. ڕێگاکان چەقین. ئەو زستانانەی

وا کاری گوند کتوپڕ دادەمرکا و جگە لە ئاژەڵداری و بانماڵین ئیشێکی دیکەی وەها نەدەما، ئەو ساڵانەی پیاوان لەسەر بانی و لەبن دیواران لە کاتی هەتاودا کۆدەبوونەوە و یان پێکەوە قسەیان دەکرد یان خەریکی هەڵماتێن دەبوون. بانماڵین و هەڵماتێن دوو کار و کایەی یەکجار پیاوانە بوون، بەتایبەت هەڵماتێن. من بە گشتی لەبیرم نایەت ژنان قەت کایەیان کردبێ. لانیکەم من نەمبینیوە. دڵنیایشم هەڵەناکەم. منێک کە بیست و چوار سەعاتە لەگەڵ دایکم بووم خۆ دەبووایە رۆژێک لە رۆژان ئاگام لە شتێکی وەها بووایە. ئێمە لەسەر بان و بانیژەکان سەیری گەورەکانمان دەکرد، یاخود بە شوێن یەکتردا رامانەدەکرد. کەللابەردیشمان دەتاشی و لێرە و لەوێ ئێمەیش پێکەوە یاریمان دەکرد، هەرچەند لەسەر هیچ و تەنیا بۆ خۆشی. هەرچەند جاری وابوو ئێمە لە گەورەکان خراپتر تێکهەڵدەچووین!

ئەو رۆژەی دایکم باسی کرد، رۆژێکی درەنگان بوو. ئاسمان ساماڵ، دونیا سپی پۆش و هەوا یەکجار ساردبوو. زۆپا دارەکەی نێڵدا و لە کاتێکدا لە ژوورە نیوەتاریک و نیوەڕوونەکەدا روخساری بە پشکۆ دەئایسا، گوتی کوڕە شیرینەکانم حەزدەکەم ئەمڕۆ ئیتر باسی شتێکتان بۆ بکەم کە تا ئیستا نەمکردووە و دەبێ ئیتر بیکەم! خەریکن بەرەبەرە گەورەدەبن و وا باشە کەمکەم ئاگاداری دەوروبەرتان بن، ئەوەیکە داخۆ چی دەگوزەرێ و جیهان بەری بە کوێوەیە. ئەوسا باسی ئەوەی کرد باوکمان فەرماندەی نیشتمانە و پیاوێکی یەکجار گرینگە و بۆ ئازادی و بەختەوەریی نیشتمان لەدەستی داگیرکەری دیکتاتۆر دیارە بە یارمەتی هەڤاڵانی دەجەنگێ. گوتی هەر لەبەر ئەمەیە ناتوانێ زۆر

بێتەوە ماڵەوە و ئێمە ناچارین زۆربەی کاتەکانی تەمەنمان بەتەنیا بژین و خۆمان دەرەقەتی ژیانی خۆمان بێین! گوتی لە هەموو نیشتمان باوکتان کە کەسێکی یەکجار بەناوبانگە دەناسن و بۆیە دیکتاتۆر هەمیشە بە شوێنیەوەیەتی خوانەخواستە بیکوژێ، یاخود ئازارێکی پێبگەیەنێ و لەم رێگایەوە هەم نیشتمان و هەم گەل نائومێدبکا. دایکم گوتی ئەرکی گرینگی باوکت وەهای کردووە ئێمە ببینە خاوەنی دژوارترین ژیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ببینە کەسانێک کە هەم نیشتمان و هەم دیکتاتۆر گرینگیمان پێبدەن و لەبەر چاویان وننەبین. گوتی ئێمە لەبەر باوکتان لە کەس و کارمان دوورین و شار و زێدی خۆمان جێهێشتووە.

ئەوەی من بەگشتی لەقسەکانی دایکم گەیشتم ئەوە بوو باوکم کەسێکی گرینگە و دەیانەوێ بیکوژن. قسەکانی تر، واتە هەموو ئەو کەلیمانەی دیکە دایکم بەکاری دێنان و سااڵنی دوواتر بوو کە زانیم بەهەڵە بەکاری دێنان (بۆ وێنە بە دیکتاتۆری دەگوت دکتاتەر و لە جیاتی ئازادی و بەختەوەریش وشەی 'خۆشی' بەکاردێنا)، من بەجوانی تێیاننەدەگەیشتم. فەرمانده یەعنی چی، ئەی دیکتاتۆر، یان خۆشیی نیشتمان، هەروەها ئازادی؟ بەڵام گرینگ نەبوو. نە من و نە براکەم بۆ یەک جاریش بێت پرسیارمان نەکرد داخۆ دایە ئەمە یەعنی چی و ئەوەی تر واتای چییە. شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوتم وابااشە تەنیا گوێ بگرم. بگرە هەستم دەکرد دایکم ئارامتر بووەوە، لەسەرەتای قسەکانی کە چاوەکانی هەتا دەهات بچووکدەبوونەوە، کتوپڕ لە کۆتاییدا کرانەوە و بەهەموو نیگاکانییەوە لە من و براکەم و لە دەوروبەرەکەی رووانی.

هەستمەکرد بەردێکی یەکجار زل و قورسی لە شانەکانی خۆی کردبێتەوە. لەدووای ئەمە دایکم زیاتر باسی کەسوکار و خزمانیشی بۆ کردین. وەک بڵێی دەرگای بۆ کرابێتەوە! من کە جاروبارە هەندێ لە کەسوکاری دایکم دەبینی دەهاتنە لامان و لە دووای یەک دوو شەو دەڕۆیشتنەوە، ئەمجارە زیاتر بە جیهانی خزمانی دوور ئاشنابووم. لەبیرم دێ جارێکیان یەکێک لە دراوسێکانمان بە دایکمیان گوت بۆچی منداڵەکان بۆ سەردان یاخود ماوەیەکی کاتی نانێریت بۆ ماڵی باوکت. دایکم زۆر بە توندی گوتی نا. گوتی نا لەبەر ئەوەی ئێمە منداڵی فەرماندەبووین و چاومان لەسەربوو. گوتی بەدەستی خۆم بیانخەمە چنگی زاڵمەوە!

باشە بۆ دەبێ کاتێک کەسێک فەرماندەیە و لە بیری نیشتمانداپە، نابێ زووزوو سەردانی منداڵەکانی بکا، یاخود لەگەڵیان بژی؟ ئەگەر وایە کەسێکی وەها ماڵ و منداڵی بۆچییە؟ ئەمە ئەو پرسیارانە بوون دوواتر بەربەرە لە مێشکمدا چەکەرەیان دەکرد. ئیستا دەزانم لە نیوان مال و منداڵ لەلایەک و نیشتمان لە لایەکی ترەوە پێوەندی ناڕاستەوخۆ، بگرە پێچەوانە هەبوو. هەبوونی یەکیان بەمانای نەبوونی ئەوی تریان بوو. رێک وەک پێوەندی نێوان یاریی هەڵماتێن و ژنانی ئاوایی. داخۆ فەرماندەبوون شتێک نەبوو وەک پیاوانی ئاوایی لە کاتی زستاندا، کاتێک لە بن دیوارەکان خۆیان هەڵدەخست؟ من زۆر جار وەهام دێتەبەرچاو. کەللاشووشە و کەللابەرد و پارە، هەڵتروشکان و تێگرتن و هەڵبەزینەوە، جارجارەیش شەڕەقسە و تێکهەڵچوون. ئەوانەی وا

دەیدۆڕێنن و ئەوانەی وا دەیبەنەوە. لە ناو گوندێکدا بە داوێنی شاخێکەوە کە تەنیا ئاسمانی لێوە دیارە.

من زۆر جار دایکم دێتەوە خەوم. ژنانی پیاوە نیشتمانخوازەکان تەنیان. کێ تاوانبارە؟ نازانم. من نازانم رقم لە باوکم بێت یان نا، هەرچەند زۆرتر رقم لێیەتی تا ئەوەی خۆشم بوویت. لای من ژیان ژیانە و ئەرک ئەرک. ناکرێ بەهۆی یەکیانەوە ئەوی تر جێ بێڵی. ئەرک گەورە و بچووکی هەیە، بەڵام کردن و نەکردنی بۆ نیە. تازە کێ بڕیاردەدا ئەمەیان گەورەترە لەوی تریان و ئەمیان بچووکترە لەوی تریان،... ها کێ؟ غەیری ئەوەی ئەو کەسەی وا یەکیان هەڵدەبژێرێ بڕیاردەدا!؟ نا، من فەرمانده نابەخشم. کۆشکی ئەو لەسەر تەنیایی و گریان و دڵتەنگییەکان و ترسەکانی دایکم بونیاتنراوە. ئەی بەشی دایکم؟ هیچ. من ئەم هیچیەتییەم بینی. دایکم تەنیا خانووی پێ برا. وەک هەمیشە. ژن و خانوو و منداڵ. ئەو منداڵانەیش کە زۆر خێرا چیتر نابنە هی ئەو، بەتایبەت ئەگەر منداڵی فەرمانده بن و کوڕ.

من زۆر رقیشم لەوانەیە ئەمە نابینن، نایبینن ئێمە چمان چێشت و کەچی ئیستا دێنە سەر شەقام و هاواردەکەن و تاوانبارمان دەکەن! گوایا ئێمە دیکتاتۆرین و گەندەڵ و نیشتمانفرۆش! ئەی گەمژینە ئێوە کاتی خۆی لەکوێ بوون... ها، لە کوێ؟ نەکا بڵێن راپەڕین ئێوە کردتان و ئێوە بوون دیکتاتۆرتان وەدەرنا... ها نەکا؟ لە تەواوی تەمەنتاندا بەکەیف و خۆشی خۆتان ژیان و دووات لە دووای ئەوەی گڵۆڵەی دیکتاتۆر کەوتبووە لێژی و هەموو کەس دەیزانی چیتر خۆی بە پێوەناگرێ، چەند رۆژێک جەستەی تەممەڵ و بێ کەڵکتان هێنایە شەقام

و گوایا دیکتاتۆر و پیاوەکانیانتان دەرپەڕان! پەح لەم ئازایەتییە،... پەح لەم غیرەتە! ئەی بێشەرەفانە جاران لە کوێ بوون؟ ها، ئەو کاتەی دایکم و ئێمە تەنیاییمان دەچەشت و لە پەنجەرەکانمانەوە جگە لە ئاسمان و هەیبەتی تاریک و بەسامی کێوەکان چیترمان نەدەبینی! ها،... لە کوێ بوون؟!

جا پیاو بن و جارێکی تر زاتی ئەوەبکەن وەرنە سەر شەقام، بۆ خۆم دەزانم چیتان پێدەکەم! هەر بۆ خۆم،... .

من جاری وایە خەو بە دایکمەوە دەبینم، بە براکەم و بە خۆمەوە، ئەو سالانە. ئاخ ئەو سالانە! بەڵام خەو بە باوکە خوێرییەکەمەوە نابینم. یەعنی نەبوو تا پێیەوە ببینم. ئەوەی نەبوو، نابینرێ. ئیستایش کە هەر وەک سالان دەژی، تەنیا بۆ خۆی و لە پێناوی ئارەزوو و حەز و خەونەکانی خۆیدا. ناویشی لێدەنێ نیشتمانپەرستی. بێگومانیش وەهایە. بەڵام داخۆ منەتی هەیە؟ گەر خۆی پێی خۆش نەبووایە و چێژی لێ نەبینیایە داخۆ دەیکرد؟ بێگومان نەیدەکرد. من پێم وایە جاری وایە هەندێ ئازار خۆشن،... خۆشی دەبەخشن. خۆشیش گرینگترین شتی دونیایە. گەر باوەڕناکەن بڕۆن لە هەڤاڵانی تەنیشت مەسبەحەکان بپرسن. شەرمی ناوێ. دیارە گەر دەوێرن، هەهەهە... . ئای نیشتمانی بوودەڵە! خوێڕی نەبوونایە من و براکەم و دایکم و تەنانەت باوکیشمتان پێوەنەدەکرد. ئەی ئێوەی وا ژیانی خۆتان دەکەن و کەچی حەزدەکەن هەمیشە کەسێک لە دەرەوەی خانووەکانتان قارەمان بێت بۆ ئەوەی ئێوە خۆتانی پێوە بادەن،... ئا، تەنیا خۆتانی پێوەبادەن و ئیتر هیچی تر. تەنیا بۆ قسەی مەجلیستان. ئەوسا بە چل پەنجا سالێک

جارێک، ئەویش گەر دڵتان خواستی، ڕاپەڕین بکەن و بڵێن هەموو شتێک مافی خۆتانە و بەڵام لێتان زەوتکرا،... گوایا باوکی منیش لێی زەوتکردن! یان من و براکەم و هەڤاڵان!... هەهەهە... گەمژینە!

من زۆرجار خەو بە دایکمەوە دەبینم. خەو بەو یەکجارەوە وا قسەی بۆ کردین و گوتی ئێمە کێین. ئێمە ئەمەین!... دەبینن... ئەمەین... هەر وایش دەمێنینەوە. ئێوە ئەم بڕیارەتان دا و بزانن قەت لە کۆڵیشتان ناکەوینەوە... ئەبەد! مرۆڤ بەقەدەر ئەو کاتانەی وا بۆ ئاواتەکانی سەرفی دەکا دەبێ بە خاوەنیان،... تێدەگەن بەقەدەر ڕۆژەکان و ساڵەکان. بەشی ئێوە تەنیا چەند ڕۆژە، ئەویش چەند ڕۆژی ناقابیل، وەک بیستوویشمە گەر گوێدرێژەکەی باوکیشم نەبووایە ئەوەشتان پێنەدەکرا... هەهەهەهە... هەر بژی کەرەشین،... هەر بژی!... هەر بژی بە شادی خۆشبەختی و ئازادی، هەربژی هەر بژی هەربژی!

(٤٣)

من وەک ئەو بیرناکەمەوە، مەبەستم براکەمە. دیارە ئێمە لە زۆر شتدا وەک یەکین، وەکوو یەکتر بیردەکەینەوە؛ بەڵام کاتێک قسە لەسەر دایکم و تەنانەت خۆیشمانە من جیاوازم. من لام وانیە مرۆڤ بەقەدەر ئەو کاتانەی وا بۆ ئاواتەکانی سەرفی دەکا دەبێ بە خاوەنیان. نا، وانیە! ئەبەد وانیە. بەڕای من ژیان شانسیشە. بەختە. دەبێ ڕێک لە شوێن و کاتی خۆیدا لەدایک بیت بۆ ئەوەی ببی بە شتێک. ئەمەیش بۆ هەموو

کەسێک دەستنادا. مرۆڤە مەزنەکان ئاوەها دەبنە مەزن. تەنیا بە هۆی خۆیانەوە نیە. ژیان دەبێ بە هەموو شتەکانییەوە وەها ڕێکبکەون کە لە خزمەتیا بن. ئا، خزمەت. وەک نۆکەرێک لە خزمەتی ئاغادا. ژیان ئاغائاسایە. ئەمەیە کلیلی کردنەوەی دەرگاکە. بۆیە زۆر کەس دەبنە قوربانی سەرەڕای ئەوەی زۆریشیان کرد و زۆریشیان هەوڵدا. لای من هەندێ، یاخود زۆرینە، قوربانین و هەندێکی یەکجار کەمیش سەرکەوتووکانن. ئەوسا قوربانییەکان چاویان لە سەرکەوتووەکانە و نۆکەریان دەکەن. نۆکەریان دەکەن لەبەر ئەوەی لە ڕێگای ئەوانەوە بەو شتانەی بگەن وا خۆیان پیی نەگەیشتوون. جا پێت وانەبێ ئەوان لەگەڵان لەبەر ئەوەی باوەڕیان هەیە. نا، وانیە ئەوان لەگەڵان لەبەر ئەوەی داوای بەش دەکەن، کێهایش ئەم بەشە دەدا، بێگومان فەرمانده. کەواتە فەرمانده بەجۆرێک هەموو ئەو خەڵکەیە. فەرمانده نموونە زیندووی خەون و ئارەزووەکانی ئەوانە، تەنانەت بە دایکیشمەوە. من حەزم لە مرۆڤی ڕاستی بینە. دەبێ جگە لە هەوڵدان خاوەنی کەرێکی وەک کەرەشینیش بیت بۆ ئەوەی کات و ساتی خۆی بە هۆی ڕێکەوتێکی نادیارەوە بتکا بە ناو ئەو شەڕانەدا وا دۆخەکە بەلایەکدا دەخەن، شەڕە گرینگەکان، ڕێک بەپێچەوانەی مەیلی خۆت، بۆ ئەوەی دوواتر ببی بەوە وا حەزت دەکرد ببی. لێرەوەیە کاتێک ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەیتەوە دەبینی هەموو شتێک هەموو ڕووداوێک ڕوویانداوە لەبەر ئەوی تۆ ببی بە شت. جا هەر لە تۆپینی ئەسپە سپییەکەی باوکمەوە بگرە هەتا مەراقەکانی دایکم. نا، من لێرەدا وەک براکەم بیرناکەمەوە لەگەڵ ئەوەی یەکجار خۆشم دەوێ. دەزانم شاگەشکە بووە و باوەڕ بە دۆخی

ئیستای خۆی ناکا و هەر لە خۆوە قسەدەکا بۆ ئەوەی نەکا راست نەبێ. نەکا خەون بێت. وەک پیاوی دوکاندار کە قەت لە کەسابەتی خۆی رازی نیە تەنانەت گەر رۆژی سەد هەزار دۆلاریش قازانج بکا. پیاوی کاسب هەمیشە شت دەشارێتەوە، تەنانەت لە خۆیشی. ئەو لە بیری ئەوەدایە بە چاوەوە نەبێ لەم جیهانەدا کە پڕە لە مرۆڤی چاوپیس و رژد و حەسوود. سەرکەوتنەکان و دەستکەوتەکان دەبێ هەمیشە بشارینەوە و تەنیا بەشێکی کەمیان دەرخەین. هەتا کەمتر باشتر ئەوسا ئیتر شەیتان زەفەریان پێنابا.

دەزانی بۆ من لەگەڵ براکەم هاوڕانیم؟ لەبەر ئەوەی دایکیشم زۆری هەوڵدا و کەچی کەمی گەیی، بگرە هەر نەیگەیشتێ. کێ بەقەدەر ئەو بەدیار باوکمەوە و بەتەمای گەڕانەوەی هەمیشەیی دانیشت و هەر بە خۆی گوت ئەمڕۆ نا سبەی؛ ها کێ؟ بێگومان کەس. دایکم هەمیشە لای وابوو باوکم هی ئەوە! بەڕاستی پیاو لە گێژیی هەندێ کەس سەری سوڕدەمێنێ. سالانی سال بە دیاریەوە دانیشت. لای وابوو ئەمڕۆ نا سبەی باوکم ماندوو دەبێ و دەگەڕێتەوە ناو باوەشی ئەو. ئاخر نەک ئەوەی وەک دەڵێن باوەشی ژن خاڵی کۆتایی هەموو ڕێگاکانە. فەرماندە وەک هەموو پیاوە مەزنەکانی تر ئەم ڕێچکەی گۆڕی. دیارە نەک بۆ هەمووان، نا، تەنیا بۆ خۆی و بۆ ئەوانەی وا لە خۆی دەچن. براکەم دەڵێ دایکمان بۆ ئارەزووەکانی هیچی نەکرد، دەڵێ ئەو تەنیا چاوەڕوان مایەوە. بەڵام داخۆ چاوەڕوانی بەشێکی گرینگی کردن نیە؟... مەگەر فەرماندەیش چاوەڕوان نەمایەوە؟ بەڕای من چاوەڕوانی یەکجار گرینگە. چاوەڕوانی نیشانەی ڕۆحێکی بەهێزە کە نابەزێ، نایەوێ ببەزێ.

ئەوانەی چاوەڕوان نین، بەزیون؛ زووتر لە هەر کاتێکی تر لە هەر کەسێکی تر. چاوەروانەکان هەمیشە ئامادەن بۆ ئەوەی هەڵەکان بقۆزنەوە. موعجیزە لە چاوەروانییەکانی ئەوانەوە هەڵدەقوڵێ.

نا من خەو بەدایکمەوە نابینم. یەعنی دەیبینم، بەڵام نەک وەک براکەم. کە خەویشی پێوەدەبینم پێموابێ تەنیا لەبەر ئەوەیە سەردەمانێک پێکەوە ژیاین، بە حەق یان بە ناحەق، بەڕێکەوت یان بە گوێرەی پلانێکی نادیار. کە خەویشی پێوەدەبینم ئەو وەک هەمیشەیە، وەک جاران. قەت ناگۆڕدرێ. یەعنی دیسان نایەوێ بگۆڕێ. بگۆڕێ کەچی. خۆ ئەو تازە دەزانێ چاوەڕوانییەکانی بێسوودە، خۆ دەزانێ فەرمانده لەمێژە لەو خانووەوەی ئەوی تیادەژی تێپەڕیوە. بگرە سەردەمی شاخیش هەر وەها بوو. باوکم و هەڤاڵان دەهاتن و تێدەپەڕین. ئەمە نیشانەیەکی باش بوو. ئەو دەبووایە هەر ئەو سەردەمانە لەمە بگەیشتایە،... کە نەگەیشت. هەندێ کەس وەک شمەک لەدایکدەبن، وەک ئامراز. گریانم دێ ئەمە دەڵێم، بەڵام وەهایە. دایکم دانراوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک، یەعنی دانرابوو، هەرچەند ئەو چیرۆکەی دەبا بیگێڕایەوە قەت بە دەمیدا نەهات. ئەو خەیاڵی لە شوێنێکی تر بوو و کەچی شتێکی دیکەی بۆ ئێمە باسدەکرد. ئەم جۆرە کەسانە بە هیچ شوێنێک ناگەن. من رۆژێک لە رۆژان نەمبینی یەخەی باوکم بگرێ و بڵێ بۆ کوێ. یەعنی نەیدەتوانی. ئەو تەنیا لە ڕێگاکانی دەڕوانی. لێزانی دڵ شێواوی گەمژە کە یەکجار رقم لێیەتی (من هەمیشە رقم لە شاعیرەکان بووە لەبەر ئەوەی دڵیان کۆیلەی ئەقڵیانە) شیعرێکی قۆڕی هەیە کە دەڵێ، دیارە گەر هەڵەنەکەم، کە دەڵێ "لێرەم و هێشتا لە ڕێگاکانیشم

/ جا یان ئێرە ڕێگایە یان ڕێگاکان ئێرە!". ئای لە لێزانیش! کەرەپیاو!... چاک نانی قسە زلەکانی دەخوا. ئەویش یەک تاقە فیشەک چییە بگرە بە بەردێکیشییەوە نەنا، کەچی لە تەنیشت فەرماندە دادەنیشێ و بگرە خۆیشی دەگرێ! لای وایە تڕەهاتەکانی ئەو نیشتمانی رزگارکرد،... هەهەهەە... ژیان پرە لە ڕووداوی عەجایەب و غەرایەب. لێگەرێ با وایش بێ. یەعنی وابووە. ئەوی زۆر دونیا بە جیددی وەربگرێ لای من گەوجەپیاوە، کەرە! دەبێ نیوەی بدەیتە دەست قەزاوقەدەر. هەمیشەیش کەرەشینێک پەیدادەبێ هەڵگری قەزاوقەدەرەکە بێت، هەرچەند بەشی لەکۆتاییدا لەمە فیشەکە گەرم و گڕاوییەکان بێت. سالّەکان تێدەپەڕن و مرۆڤەکان زۆر شت لەبیردەبەنەوە. پێویست ناکا مرۆڤ زۆر خەفەت بەمەوە بخوا. باوکم لەمەدا زۆر زیرەکە. بڕواناکەم هەتا ئیستا بۆ یەکجاریش خەوی بە دایکمەوە بینیبێ. یەعنی بۆ بیبینێ،... ها، بۆ؟ مرۆڤە مەزنەکان وەک دەڵێن ڕوو لە داهاتوون. ئەوەی وا بەڵێنە بێت لایان گرینگترە لەوەی وا هەبوو. هەموو کەس ناتوانێ خۆبداتە دەست ئەقڵیەتی زەمەن. هەموو کەس لەمە ناگا. فەرماندە لەمە گەیشت. من وا تێدەگەم دایکم هەمیشە بۆ ئەو ڕابردوو بوو، تەنانەت ئەو سالّانەیش. دایکم هیچی نەبوو پێشکەشی باوکمی بکا. مرۆڤەکان بەوەی پیشکەشی دەکەن دەبن بە خاوەن شت. ئەها ئیستا تێگەیشتم. مرۆڤەکان بەو ئەندازەیەی کات بۆ خزمەتکردنەکانیان تەرخان دەکەن لە ژیان وەردەگرنەوە. یەعنی کە من و براکەم لەدایکبووین ئیتر ئەرکی دایکم تەواوبوو. ئەوەی هەیبوو پێشکەشی کرد. دیارە ئەمەیش یەکجار گرینگە. گەر من و براکەم نەبین داخۆ داهاتووی

نیشتمان چی لێ بەسەردێ،... ها، چی؟ بێگومان کارسات! بە تەمای هەڤاڵانن،... بە تەمای ئەو خەڵکە؟ هە.

ئەوەی کوڕە فەرماندە نەبێ نازانێ هۆڵ و ژووڕەکانی ئەو شوێنەی وا نیشتمانی لێیەوە بەڕێوەدەچێ یەعنی چی،... نازانێ چۆن چۆنی ئێرە کۆتایی دونیایە و حاڵ و هەوایەکی تیایە قەت کەس ناتوانێ وەسفی بکا. من زۆر جار لێرە وەک خوام لێهاتووە، لێی گەیشتووم، کاتێک تۆ دەبێ بە دوواکۆڵەکەی جیهان و ئیتر هیچی تر نیە جگە لە خۆت پاڵی پێوەبدەی، ئیتر بیهێنە بەرچاوت چ دونیایەکە! تۆ کۆڵەکەی دونیا و خۆتی. باوەڕناکەی. بەڵام دەبینی جیهان بەردەوامە. زۆر جار خۆت و جیهانت لێ دەگۆڕدرێ. تۆ ئەوی و ئەو تۆ. نا، من حەزناکەم خەو بە دایکمەوە ببینم. خۆشم دەوێ، بەڵام خۆشەویستی هەموو شتێک نیە. دەبێ شتەکان لێک جیابکرێنەوە. هەر شتێک لە شوێنی شیاو و تایبەتی خۆی. دایکیشم وەها. ئەو کوڕانەی گەورەدەبن و رۆژ لەگەڵ رۆژ لە دایکیان دوورناکەونەوە و زیاتر لە باوکیان ناچن، کوڕ نین، یەعنی نابنە کوڕ، دەبنەوە دایکیان، دەبنە دایکی من، بوونەوەرێک پڕ لە چاوەڕوانی و وەک خودی چاوەروانی... ئیتر هیچ.

ساڵەکان بێگومان تێدەپەڕن. ئەمە خەفەتی ناوێ. ئەمە خەفەتێکی ژنانەیە. پیاوی راستەقینە بەپێچەوانەوە حەزدەکا تێپەڕن. کات، دوژمنی پیاوە مەزنەکانە. دەبێ پاڵی پێوەبنێی. نا من خەو بە دایکمەوە نابینم. کە دەیبینم خۆم لە خەو رادەپسکێنم، هەڵدەستم و لەعنەت لە شەیتان دەکەم. سوڕێک بەناو ژووڕەکەدا دەخۆم و سەرلەنوێ

دەنوومەوە. پێش خەوتنەوە هەوڵدەدەم بیر لە رۆژی دووانر بکەمەوە. ئەرێ رۆژی دووانر.
من رقم لەو خەوانەیە وا ژن قارەمانیەتی، تەنانەت گەر دایکیشم بێت.

(٤٤)

ماوەیەکە کەسێک نیوەشەوان لە بینا گەورەکە، ئەو خانووە کۆشک ئاسایەی وا وێنەیەکی زەلامی بەسەرەوەیە، دێتەدەرەوە و دەچێ لە بن تاقەدارێکی ناوەڕاستی حەوشەکە میزدەکا. حەرەسەکان لە سێبەرە ئاشناکەی دەڕوانن. فەرماندەیە. فەرماندە بەنەخوێنەکەی دەکاتەوە، جاری وایە بە پێوە و جاری وایە بە هەڵتروشکانەوە میزەکەی دەکا. نیگابانەکان بە سەرسوڕمانەوە لە یەکتر دەڕوانن. باشە فەرماندە بۆ لە

ئاودەستە هەرە پێشکەوتووەکەی خۆی میزناکا! چی قەوماوە؟ ئەو ئاودەستە گەورە و خۆشەی وا دەسگیرەکانیشی ئاڵتوونیە و بگرە بۆ ئەوەی یەک تاقە میکرۆب چییە خۆی تیاڕانەگرێ کەفەکەیشی کاشی کراوە، کاشییەکی سپیی گرانبایی کە لە وڵاتی دراوسێی دووهەمەوە هاوردەکراوە. هەڵبەت ماوەیەک لەوە پێش فەرماندە لەسەری هەڵخلیسکابوو و پشتەسەری بە قایمی درابوو بە کاشییەکاندا. هەر ئەو شەوە بە بیست تڕۆمبیل کە دەیان دۆشکەی ڕووسیان لەسەربوو، گەیاندبوویانە خەستەخانە. دەوری خەستەخانەیان بە هێزی تری ئەمنی و پۆلیس ئابلۆقەدا هەتا پشکنین کۆتایی هات. بەخۆشییەوە دکتۆرەکان توانیبوویان چارەسەری بکەن و نەهێڵن بەتووش کێشەی مێشکەوە بێت. دیارە لە دووای ئەو کارەساتە فەرماندە کەمێک وڕببوو و سووکە سەرئێشەیەکی بەردەوامی هەتا ماوەیەک لەگەڵابوو. وەک جارانی نەمابوو. ئیستا تا ماوەیەکی زۆر لەسەر کورسییەکەی بە بێ جووڵە دادەنیشت، لەبەردەمی خۆی مۆڕدەبووەوە و یەک تاقە وشە چییە لە زاری نەدەهاتەدەرەوە. دکتۆرەکان گوتبوویان ئەمەیش تێدەپەڕێ و بەرەبەرە دەچێتەوە سەر حاڵی جارانی. دەیانگوت فەرماندە لەوە بەهێزترە نەخۆشی بتوانێ زەفەری پێ ببات.

تاقەدارەکە تەمەنی پێنج ساڵێک دەبوو. دارسێو بوو و هەموو ساڵێک بەرێکی باشی دەگرت. هەرچەند کەس نەیدەچنییەوەو سێوە لاسووڕەکان هەڵدەوەرین و دەبوونە خۆراکی باڵندە و کرم و مێروو. دیارە ئەمە هیچ عەیبی نەبوو. ئاخر نەک ئەوەی بوونەوەرەکانی تریش مافی ژیانیان

هەبوو و، جگە لەمە سێوەلاسوورە لە دراوسێی یەکەم و دووهەمیشەوە بە لێشاو دەهات. نیشتمان بۆ خواردنی سێوەلاسوورە پەکی نەدەکەوت. ئەوەندەی پێنەچوو درەختەکە وشک هەڵگەڕا. گەڵاکانی وەرین، شاخ و لقەکانی سیس و رەقهەڵاتن و بەرەبەرە قەدەکەیشی کلۆربوو. وادیاربوو میزەکانی فەرمانده یەکجار سوێر و تیژ و ترش بوون و درەختەکە نەیتوانیبوو خۆی لەبەریاندا رابگرێ. جگە لەمە میزی فەرمانده بەهۆی خواردن و خواردنەوەی چاک یەکجار پڕی پاشماوەی ڤیتامین و پرۆتین و شتی تری لەم بابەتە بوو و بۆیە درەختەکە زۆر خێرا گەیشتە رۆژانی دووایی تەمەنی خۆی. مرد. وەک درەختی ناو چیرۆکە ترسناکەکانی لێهات. رەق و زیز و ئیسکلێت ئاسا. بەو لقانەوە لە قژی بژ و ئاڵۆزی پیرێژنە جادووگەرەکانی دەکرد. میزی فەرمانده یەکجار خەست و زەرد بوو (زەردییەکە جاری وابوو خۆی لە سووری دەدا)، وەها بۆگەن کە فەرماندەیش بۆ خۆی تەحەمولی بۆچەکەکەی نەدەکرد و بۆیە لەکاتی میزکردندا رووی وەردەگێڕا و لە شوێنێکی تری دەڕوانی. خۆڵی بنەکەیشی سووتاندبوو. رەش هەڵگەڕابوو. هەڤاڵان کاتێک بەمەیان زانی بۆ ئەوەی حەیایان نەچێ بە هێنانی گوڵ لەهەر چەشنێکی (کە لە گوڵدانی گەورەدا بوون)، دەوری دارسێوەکەیان بەچەند میترێک لەولاترەوە تەنی، بەڵام ئەمەیش زۆر دادی نەدەدا. راستییەکەی ئەوە بوو بۆچەکەمیز بەشێکی حەوشەکەی تەنیبوو. دیارە لە ترسی فەرماندەیش نەیاندەوێرا درەختەکە لە ریشەوە هەڵکیشن و فڕێی بدەن. ئەوجا فەرمانده لە کوێ میزی بکردایە؟ بێگومان سەری لێدەشێوا. لێگەڕان تا درەختەکە بەرەبەرە بۆخۆی تەواو بمرێ و ئەوجا رایگوێزن.

دیاره ئەو کاتیش بە ئیزنی خودی فەرماندە. هەرچەند ئەو لەوان زیرەکتر بوو و ئەمری دەرکرد دارسێوێکی دیکە لە ریشەوە هەڵکێشن و لە جێگای ئەوەی پێشوو بیچێننەوە. بەم شێوەیە فەرماندە شوێنی میزکردنەکەی بە کاتی شەوانە لە توالێتە ئەوروواپییەکەیەوە راگواست بۆ حەوشە.

بەڵام ئەم عادەتە نوێیە چیبوو بەتووش فەرماندەوە ببوو؟ چ شتێک ببووە هۆکاری؟ راستییەکەی ئەوە بوو لەو شەوەوە لەسەر کاشییەکان قاچی هەڵخلیسکابوو و کەوتبوو، لایوابوو ئاودەستەکە جنۆکەی تیایە! دەیگوت ئەو شەوە وەک هەمیشە بەئارامی هەنگاوی لە سەر کاشییە لووسەکان هەڵێنابوو و هەر بەو ئارامییەیش لەسەر کاسەکە دانیشتبوو (هەرچەند هەڤاڵان هۆکارەکەیان بۆ ئەوە دەگێڕایەوە کە کارەکەرەکان بەجوانی کاشییەکانیان لە دووای شۆردن وشک نەکردبووەوە بۆیە هەم سزایان دابوون و هەر دەریان کردبوون، بگرە بۆ یەکیشیان دۆسیەی ئەمنیان کردبووەوە و بەوە تاوانباریان کردبوو بە گوێرەی پیلانێکی نادیار کە رەنگە پیاوەکانی دیکتاتۆر دەستیان تیاهەبووبێ ویستبوویان سەرۆکی وڵات تیرۆربکەن). بەهەرحاڵ فەرماندە بە توندی لەسەر ئەو رایەبوو جنۆکە پاڵیان پێوەنابوو. دەیگوت بە جوانی هەستی بە پاڵ تێوەنانێکی بەهێزی لە لاتەنشتەوە کردبوو. لە تەنیشتی چەپەوە.

باوەڕکردنی ئەم قسەیە یەکجار دژواربوو، بەڵام کەس نەیدەوێرا بڵێ وانیە. بۆ وێنە هەڤاڵان لێکیان دەدایەوە گەر بەڵێنە جنۆکەیش هەبێ ئەوا هەبوونی لە حەوشە تاریک و نیوەتاریکەکەدا ئیحتیمالی زۆرترە هەتا ناو ئاودەستێکی یەکجار مودەرن و خاوێن بەو کاشییە لووسانەوە

کە هیچ جنۆکەیەکی دونیا، جا لەهەر چەشنێکی، بە هیچ کلۆجێک نەیاندەتوانی خۆیان بە پیوە تیا رابگرن. بەڵام ناچاربوون زیاتر و قوواڵتر بە رابردووی فەرماندەدا رۆبچن. هەندێ لە هەڤاڵان گەیشتنە ئەو رایەی فەرماندە لە سەردەمی منداڵی یەکجار گوێی لە چیرۆکی جنۆکەکان بووە و ئەگەرچی ساڵانی ساڵ لە شاخ خەباتی کردبوو و سارد و گەرمیی رۆژگاری یەکجار چەشتبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بیرەوەریی منداڵی یەکجار تیژە و بەدەگمەن لەبیردەچێتەوە، سەرلەنوێ گەڕابووەوە هەمان دۆخی جاران. تیۆرێکی تر ئەوەبوو فەرماندە خەریکبوو بەرەبەرە پیردەبوو و رەنگە بە شێوەیەک لە شێوەکان بە تووش ئالزایمرەوە بووبێ و، بۆیە شوێنی توالێت و دارسێوەکەی لێ تێکچووبوو.

راستییەکەی ئەوە بوو ئەم عادەتە دۆخەکەی تێکدابوو. نەدەکرا کەسی یەکەمی نیشتمان شەوانە بە بەر چاوی حەرەسەکانەوە بچێ و لە حەوشە وەک سەردەمی شاخ بە پێوە میزبکا. سەرەتا ویستیان ئەو رێگایەی فەرماندە لە خانووەکەوە هەتا درەختەکە پیایا دەڕۆیشت، بە دیوار بچنن و داڵانێکی بۆ سازبکەن. بەڵام ئەمە بیرێکی باش نەبوو. لەبەر ئەوەی حەرەسەکان ئەگەرچی فەرماندەیان نەدەبینی، بەڵام دەیانزانی هەموو شەوێک تیایا بەمەبەستی میزکردن تێدەپەڕی. بۆیە بڕیاریان دا حەرەسەکان بگۆڕن و هەڤاڵانی کۆن بۆخۆیان کێشک بدەن. لیستێکیان لە هەڤاڵانی کۆن کە لە فەرماندە نزیک بوون کۆکردەوە و بە گوێرەی پلان، هەتا ئەو کاتەی فەرماندە وازی لەم عادەتە دەهێنا، خۆیان بوونە حەرەس. بەڵام خراپی ئەمەیش ئەوە بوو بەهۆی چوونە

سەرەوەی تەمەنی هەڤاڵان لەسەر پۆستی نیگابانییەکە یان خەویان لێدەکەوت، یاخود لەسەریەک خەونووچکە دەیبردنەوە. بەمە ئاستی پاریزگارییەکە دادەبەزی و ئەگەری دزەی نەیاران، ناحەزان و دوژمنان زیادی دەکرد. هەڵبەت ئەمە لەهیچ باشتر بوو و بۆیە بەردەوامبوون. بەم شێوەیە فەرماندە یەک لە دووای یەک دارسێوەکانی بە میزە تیژەکەی خۆی دەڕزاند و مەودای رزاندنەکانیش هەتا دەهات کەمتر و کەمتر دەبوونەوە. دارسێوەکانی نیشتمان کەوتبوونە بەر هەڕەشەیەکی ترسناکەوە.

سالێکیان لە کاتی تێپەڕینی کۆمەڵێک قورینگە بە سەر ئاسمانی شاردا، لە باشوورەوە بەرەو باکوور، قورینگەکان لەو سەرەوە لە رووداوەکە گەیشتن و بۆیە لە بڕیارێکی کتوپڕدا بڕیاریان دا بچن و لە حەوشەکە بنیشنەوە. ئەوان کە بە هۆی گەڕانی زۆر و بینینی وڵاتانی جۆراوجۆرەوە قەت بە ژیانیان شتی وەهایان بە خۆیانەوە نەبینیبوو، ئەو شەوە هەتا بەیانی بە دەوری درەختەکەدا سووڕیان خوارد و شینیان بۆ گێڕا. فەرماندەیش لەدووای ئەوەی بیجامەکەی هەڵکێشا و بەنەخوێنەکەی بەستەوە، چووە ناو ریزەکەیان و ئەویش لە شین و شەپۆرەکەدا بەشداریکرد. هەڤاڵان کە لایان وابوو لەوکاتە درەنگانەی یەکێک لە شەوەکانی پاییز ئەوا جنۆکەکان بوون وا ببوونە قورینگە و بەدەوری دارسێوە مردووەکەدا ئاپۆرایان بەستبوو، چەکەکانیان دانابوو و هەڵاتبوون.

بەڵام نیشتمان لەوە ئەمین تر و ئارامتر بوو کەسێک یاخود ناحەزێک بتوانێ بیر لەوە بکاتەوە لە نەبوونی هەڤاڵانی حەرەسدا بچن و

ئاودیوی دیواری حەوشەکەی فەرمانده بکەون و خوانەخواستە بیانەوێ بەڵایەکی بەسەردا بێنن. لەدووای ئەوەی شینگێڕیی ئەو شەوە تەواوبوو، قورینگەکان یەک بە دووای یەکدا هەڵفڕینەوە و ڕێگای خۆیان بەرەو باکوور گرتەوەبەر و فەرماندەیش وەک هەمیشە بەو بیجامەوە وا بۆنی بۆچەکەمیزی لێدەهات چووەوە ژووری نووستنەکەی خۆی.

پرخەی خەوی سەرلەنوێ ژووڕەکەی، وەک دڵی دیکتاتۆری هێنایەوە لەرزین.

(٤٥)

شار پڕبووە لە بازاڕی رەش. بازاڕی دۆلارەکە جمەی دێت. هەر کەس بۆ خۆی بەستەیەک گەڵا، جانتایەک پارە یاخود یەک دوو گەڵایەکی بەدەستەوەیە و هاواردەکا. عەودالّەکانی نان بەناو یەکتردا ورووکاون. شەربەتفرۆش و مندالّە دەستفرۆشەکانیش کورتیان نەهێناوە و لێرەو لەوێ بەناو حەشیمەتەکەدا دێن و دەڕۆن. ئەوانیش هاوارهاواریانە. شەربەت، جاجکە، ساردی، بابۆلّە... ! ئەوان دەزانن کێ و کەی دەمی وشک دەبێ. سەریان بەرزدەکەنەوە و لە سیمای ئارەقاوی و ماندووی گەورەکان دەڕوانن. خێرا دەگەنە سەریان. جاری وایە گەر بەختیان

هەبێ بەسەر پارەی کەوتووەا کە لە ژێر قاچەکاندا بێ ناز کەوتوون دەکەون و بەدزییەوە هەڵیدەگرن و خێرا لە شوێنەکە دوورەکەونەوە. حەشر و حەلەلایەکە نەبێتەوە. بۆنی ئارەقی جەستە و بن باخەڵ و دەم تێکئاڵاون. کەس نازانێ کێ خێردەکا و کێ زەرەر. بەڵام ژیان دەگوزەرێ! بازارەکە لە فەرماندە و هەڤاڵانیش ون نیە. ئەوانیش لەوێن، بەڵام نەک بۆخۆیان، بەڵکو دەستوپێوەندییەکانیان، هەڤاڵانی پلە چەندەم کە کەس نایانناسێ. رەنگە هەر ئەوانەی سەردەمی شانە نهێنییەکان بن. لێرە و لەوێ دووکانی سەڕافییان هەیە و بەگەرمی خەریکن. راستییەکەی ئەوەیە کەس وەک ئەوان خێرناکا. کتوپڕ رۆژێک هەرچی گەڵایە دەیکڕن و بازار بەتاڵدەکەنەوە. وەها کە بەهۆی نەبوون یاخود کەمبوونی دۆلار کتوپڕ نرخەکەی دەچێتەسەرەوە و کڕیاری زۆردەبێ. ئەوسا بۆ چەند رۆژ دوواتر گەڵاکان دەهێننەوە ناو بازاڕ و، دەیفرۆشنەوە. بەم شێوەیە دونیایەک خێردەکەن. شمەکی ناو بازاڕیش دەفڕێ. ژنەکەی ئەو گەرەکەی وا ئیشی نانکردنە رۆژ بە رۆژ زیاتر وشک و رەق هەڵدێ.

فەرماندە لای وایە هەڤاڵان یەکجار زیرەکن. راستدەکا یەکجار زیرەکن. دەڵێی لەسەردەمی شاخیش هەر خەریکی ئەمە بوونە. بازرگانە ئەزەلی و ئەبەدییەکان. ئەو گەیشتووەتە ئەو رایەی شۆڕشگێڕ تەنیا بە چەک و بە خەونەکانی شۆڕشگێڕ نیە، بەڵکو دەبێ بەشێوەی خۆڕسک، بۆنی پارەیش بکا. ملۆمۆی عانەکردن گرینگترین ئەرکە. دەبێ بزانێ لە کوێ پارە کەوتووە بۆ ئەوەی دەستبەجێ بگاتەسەری. شۆڕش بە بێ پارەناکرێ. ئەمە راستییەکی تاڵ و حاشاهەڵنەگرە. دیارە بەو مەرجەی زۆر نەیدرکێنێ. لە ژێرەوە کاری خۆت بکە و هەتا دەتوانێ بناوانی

خۆت بەهێزبکە و ئیتر دڵنیابە لە بن نایەیت. لە ژێرەوە دابینی بکە و کۆی بکەوەو لە سەرەوە زمانت بە جۆرێکی تر بگەڕێ. ئەمەیە یاسا زێڕینەکە.

لە دووای راپەڕین و کەوتنی دیکتاتۆر، نیشتمان ئەوەندە غەرقی پارە ببوو کە جاری وایە فەرماندە بۆخۆیشی دەترسێ. بەڵام چار چییە. دونیا وەهای لێهات. کەسیش نازانێ بۆ. وەک بڵێی کتوپڕ خواوەند لە ئاسمانەوە ئایەتێکی تری نازڵ کردبێ. ئەلسوورەتەڵ پارە! هەهەهەهە... دەکێشێ بەناوچاوانی خۆیدا و بە خۆی دەڵێ چاکی بۆ چووی. چاکیشی بۆ چووە. پارەت نەبێ کەس شوێنت ناکەوێ. ئەو سەردەمانە رۆیی خەڵک هەر خواخوای نانەسکییەکی بوو و بەس. یاخود بە خوێندنەوەی هەواڵی چالاکییەکی هەڤاڵان لە دژی جوندییەکانی دیکتاتۆر شوێنت دەکەوتن. سەردەمانێک خوێن و قارەمانەتی دەخوا و سەردەمانێکی تر پارە. نا، بەسەرچوو،... بۆ هەمیشە. ئەو سەردەمانە رۆیشت بیرکردنەوە لە پارە عەیب بوو. ئیستا رێک بە پێچەوانەکەیەتی. هەر شتێکیش بوو بە گشتی ئیتر ئاساییە. تەنیا گەمژەکانن لە رابردوودا دەژین. فەرماندە کە قەت چاوەڕێی ئەوە نەبوو هەڤاڵان ئەوەندە ئاسان خۆ لە گەڵ دۆخ و لەگەڵ دونیا بگونجێنن، شانازییان پێوەدەکا. تەنیا ئەوەندەی نەبێ جاری وایە لەگەڵ یەک بەشەڕدێن و ئەم دەبێ بۆخۆی ناوبژیوانیان بکا، ئەگینا بە عیبادەتەل بەشەر لەیەک جیاناکرێنەوە. هەهەهە... پێکەنینی دێ. شەڕی ناوخۆ وادیارە قەت کۆتایی نایێ، جا هەر خولەی بە جۆرێک. عەیبیشی نیە. داخۆ مەگین بەڵێنە رۆژێک لە رۆژەکان کێشەکان

کۆتاییان پێ بێت! ریزی فیشەکە گڕاوییەکان کە بەناو ئاسماندا دەچن سەرنجی فەرماندە دەقۆزێتەوە.

بەڵام بازاڕی ڕەش تەنیا هی خەڵکی نیە. لێرەو لەوێ ئاژەڵەکانیش خەریکن! سەگەکان گۆشت دەگۆڕنەوە، پشیلەکان مشک، مانگا کا و باڵندەکان دانەوێلە. سەگەکان لە کەلاوەکانی دەوروبەری شار سەرقاڵن، پشیلەکان لە پەناو پەسێوی حەوشەکان، مانگاکان لە تەوێلە و لە دەشت و دەر کاتێک دەیانبەن بۆ لەوەڕ و، باڵندەکانیش لە پشت پەڵەهەورەکان. بەڵام ئیشی ڕەش قەدەغەیە. وادیارە میللەت تێناگا. بۆیە فەرماندە ئەمردەردەکا لە ملیان بدەن. هەڤاڵان بە لەندکڕۆژێرەکانیانەوە بەردەبنە گیانیان. سەرەتا کەلاوەکان، دووانر حەوشەکان و ئەوسا تەوێلە و دەشت و دەر،... بەڵام،... بەڵام لەگەڵ ئاسمان چی بکەن؟ ڕاستییەکەی ئەوەیە باڵندەکان زیاتر لە هەموو ئەوانی تر خێردەکەن. دیارە وەهایش نیە ئیتر ئەوانی تریش پەکیان کەوتبێ. بەرتیل وەرگرتن باودەبێ و بۆیە ئاژەڵەکانیش بەردەوام دەبن. کەس وەک سەگەکان لە بەرتیلدان زیرەک نین. بەڕاستی سەگن! هەڤاڵان ئەو گۆشتەی وا لای ئەوان بە ڕەش دەستیان دەکەوێ لە هەموو گۆشتەکانی تر زیاتریان بە دڵە. لە مریشک و بەرخەوە بگرە هەتا ئاسکەکێوییان لا دەستدەکەوێت. لە مانگاکان بەدبەختتر و بێچارەتر لە ڕووی کورەی زەویدا دروست نەکراون. بۆخۆیانن کەوڵ دەکڕێن. بازرگانەکان لەسەر ئاوری هەڤاڵان دەبن بە کەباب و بۆنی گۆشتی برژاو، شەوانی دەشت و دەر و گێژ و وڕدەکا. ئاخر 'کا'یش بوو بە شت!

فەرمانده کە یەکجار لە باڵندەکان تووڕەیە، ئەو کە دەزانێ ئەوان بە ئیشتیای خۆیشیان تەنانەت ئەم دیواودیوی سنووریش دەکەن بە بێ ئەوەی باج بە هەڤاڵان بدەن، سەرەتا بڕیاردەدا بە قەناسە تێیانکەون، بەڵام ئەمە دادیان نادا. سەرئەنجام دوو وەفد دەنێرێ بۆ وڵاتی دراوسێی یەکەم و دووهەم بۆ ئەوەی مشورێک لە وەزعەکە بخۆن. وەفدەکان هەروا بە دەست بە تاڵی دەگەڕێنەوە. لەوە دەچێ برادەرانی ئەو دیو سنوور لەگەڵ باڵندە قاچاخچییەکان دەستیان تێکەڵ کردبێ و هەر فەرمانده و هەڤاڵانن بێ بەشن. سەرئەنجام لە پلانێکی بێ وێنەدا تەواوی نیشتمان دەکەن بە دانە و داو. دیارە ئەمەیش بەڕێکەوتدەبێ. یەکێک لە هەڤاڵان شەوێک لە باخەکەی خۆی لە تەنیشت مەسبەحەکەیدا بەدەم خواردنەوەوە کتوپڕ ئەم گۆرانییەی بەدەمدادێت "هاتم بەبۆنەی خاڵت تووشی داوی زوڵفت بووم، تەیرێکی نابەڵەدبووم نەمزانی دانەو داوە". هێشتا دێرەکە تەواوناکا کە یەک بە خۆی لە خۆشیانا دەقیژێنێ و دەستبەجێ تەل بۆ فەرمانده دەکا و لە پلانەکەی خۆی ئاگاداری دەکاتەوە. بەقوربانی دەمت بم وەفایی! دیارە ئەگەرچی تەواوی نیشتمان دەکەن بە دانە و داو و زۆر باڵندەیش دەگرن، بەڵام ئەمە دۆخەکە چارەسەرناکا و باڵندەکان هەر وەک جاران لە پشت پەڵەهەروەکان خەریکی ئیش و کاری رەشی خۆیان دەبن. فەرمانده بەناچار، هەتا داهێنانێکی گەورە بۆ دەست پێڕاگەیشتنی ئاسمان، دەست رادەگرێ و چاوەڕوان دەمێنێتەوە. ئەو دڵنیایە ئەو رۆژە گەشەیش سەرئەنجام دەگا. مادام دیکتاتۆر رووخابێ، ئیتر شتەکانی تر یەکجار ئاسانترن.

رۆژێک هەڤاڵان پێی دەڵێن مامۆستاکەی زانکۆ هاتووەوە و دەیەوێ جەنابت ببینێ. دەڵێن زۆر بەپەلەیش دیارە و دەمی پڕە لە قسە، وەها کە چاوەکانی دەرتۆقیون! فەرمانده کە سەرقاڵی کردنەوەی دیارییەکی نوێیە، لە دراوسێی دووهەمەوە بۆی هاتووە، جەعبەیەکی زەلام کە بە خەتی درشت لەسەری نووسراوە "بۆ ئەو پیاوەی نەبووەکان دەکا بە بوو!"، بە دەست ئاماژەدەکا با بێتە ژوورەوە. لە قسەوباسێکی نیوسەعاتەدا مامۆستا بۆ فەرماندەی شیدەکاتەوە کە بەشی رەش لە ئابووریدا یەکێک لە گرینگترین بەشەکانی ئابووریە لە هەموو وڵاتان و لە هەموو جیهاندا، بۆیە پاراستنی یەکجار گرینگە. کاکڵی قسەکانی مامۆستا ئەوەیە ئەم بەشە دەتوانێ دوو خێری گەورەی هەبێ: یەکەم بە داهاتی نیشتمان بە گشتی زیادەکا و دووهەم ئەوەیکە بەشە بێکار و بێ ئیشەکەی نیشتمان بەخۆیەوە سەرقاڵدەکا و بەم شێوەیە لە ئەگەری راپەڕین و خۆپیشاندانەکان کەمدەکاتەوە. فەرمانده کە لە نێوان سەگ و پشیلە و مانگا و باڵندەکان لە لایەک و خۆپیشاندان و راپەڕین لە لایەکی ترەوە ناتوانێ هیچ پێوەندیێک بدۆزێتەوە لە ژێر چاویلکە رەشەکانییەوە لە مامۆستا دەڕوانێ. بەڵام بەراستی نەکا رۆژێک لە رۆژان ئەمانەیش لەگەڵ خەڵکی برۆژێنە سەر شەقام؟ دێتەوە بیری کە خودا ئەو سوپایەی وا لە دژی ئەو بۆ شەڕ هاتبوو بە تەیرەن ئەبابیل تەفروتونا کردبوو.

بۆ سبەی ئەمردەردەکا چیتر هەڤاڵان نابێ دەست بخەنە سەر ڕێگای بازاڕی رەشی ئاژەڵەکانی نیشتمان. نا، پیاوی ئاقڵ دەست لە هەموو شتێکی کاینات وەرنادا.

(٤٦)

ئێوارەیەک دوو کوڕەکەی دەبنە میوانی و هەتا درەنگان پێکەوە دادەنیشن. ئەمە یەکێک لەو دەگمەن شەوانەیە بەم شێوەیە یەکدەگرنەوە. کەس نازانێ داخۆ بیری دایکیان دەکەن یان نا. داخۆ جێگای خاڵییە یان نا. فەرماندە بۆخۆی زۆری حەز لەم پێکەوە دانیشتنانەیە، بەڵام کوڕەکانی بەدەمییەوە نایەن. هی گەنجیەتییە یان هی دۆخی تازەیان، نازانێ. هەڵبەت گرینگ نیە. گرینگ ئەوەیە دراوسێن و هەروەها لە کۆبوونەوەکاندا دەتوانن بەردەوام یەکتر ببینن. لە دووای نانخواردن کە وەک هەمیشە فەرمانده تەبەق تەبەق شیشە جۆراوجۆرەکان ئاودیودەکا، بەدەم خواردنەوەی یەکێک لە باشترین شامپانیاکانی دیاریی یەکێک لە هاوڕێیان لە فەڕانسەوە، سەیری

فیلمێکی وێستێرن دەکەن. هەڵبەت کوڕە بچوکەکەی بەگوێرەی عادەتی هەمیشەیی خەریکی خواردنەوەی عارەقە! عارەقە هەرزان باییەکان. هیچ مەزەیەکیشی پێوە ناخوا. یەک لە دووای یەک هەڵیدەدا و لە تەلەفزیۆنەکە مۆڕدەبێتەوە. فەرمانده کەیفخۆشە. پێدەکەنێ و قسەدەکا،... قسەدەکا و پێدەکەنێ. تەنیا کوڕە گەورەکەیەتی بەدەمیەوە دەکەنێ. باس باسی نیشتمانە. فەرمانده پێی وایە ئەگەرچی یەکجار دژوابوو بەڵام توانیویانە نیشتمان بخەنە سەر ڕەوتی ئاسایی خۆی و ژیان وەهای لێ بێ کە دەبووایە ببێ! ڕووەکاتە کورە گەورەکەی و دەڵێ کە بیری سەردەمی شاخ دەکەومەوە لام سەیرە ئیستا سااڵنی سااڵە لێرە دانیشتووم، لەم خانووەدا، لەبەینی خۆمانادا بێت باوەڕناکەم، دیارە ئەو سەردەمانە بەم هیوایەتەوە دەژیاین، جا گەر هیوامان نەبووایە قەت ئەوەمان پێنەدەکرا، بەڵام هاوکات باوەڕیشم نەدەکرد بەم شێوەیە بە دەستمانەوە بێت، دامنابوو بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ دیکتاتۆر بسازامایە. ئاخر ئەو بەو جبەخانە و جوندییە بێ ئەژمارانەوە و ئێمەیش بە چەند کەسی قونهەڵپچڕاوەوە. لێرەدا فەرمانده قاقا دەیداتە پێکەنین. دەڵێ ڕەنگە پێتان سەیربێت وادەڵێم، دەی وا بوو ئیتر. مەگەر ئێمە چیمان هەبوو، ها چی؟ تەنیا چیاکان. هەتا بۆمان سەردەکەوتن بڕستیان لێدەبڕا و ئیتر دەست لێوەشاندنیان زۆر سادەبوو. ئەیچۆن من ئیستا بە ئیستایش باوەڕناکەم. بگرە جیهانیش حەپەسا. لێرەدا دەنگی نزمدەکاتەوە. خوا ماڵی ئەو خەڵکە ئاوابکا، ئەڕێوەڵڵا، ماڵی ئەو خەڵکە. من ئیستایش بە ئیستا نازانم چۆن بوو ئاوا جووڵان. دەزانی دیارە ئێمە هەر لەسەرەتاوە خەومان بەمەوە

دەبینی، بەڵام کەمکەم بەو ئاکامە گەیشتبووین، یەعنی گەیشتبووم کە نابێ،... ناکرێ. کەچی کرا. بەرهەرحاڵ ماڵیان ئاوەدان. ئەشا ئەشا سەیری ئەو ماڵ وێرانەکە (ئاماژە بە تەلەفزیۆنەکە دەکا) چۆن چۆنی بە یەک دەمانچە هەموو ئەو خوێرپانە دەتۆپێنێ، حەک ماڵی نەشێوێ بۆ دەستوبردی، ئێمەیش وەها بووین، یەعنی هاوڕێیانمان، رێک لەم فیلمانەمان دەکرد. ئەوەی نەترسێ ئاوەهایە، بۆی دەڕواتە پێشەوە، دیارە کەمێک زیرەکیشی دەوێ،... ئەیچۆن! لێرەدا ئەوەی وا خەڵکە خوێرپییەکەی کوشتبوو سوار ئەسپە سپییەکەی بووەوەو لەناو شار دەرچوو و رووی لەو شاخەی کرد وا شار لە داوێنیدا بوو. مۆسیقایەکی خۆش لە ژووەرەکەدا دەنگی دایەوە. فەرماندە گوتی چاوتان لێیە، ها چاوتان لێیە، ئاگاتان لە ئەسپە سپییە، حەک ماڵم بەقوربانی! حەک یادت بەخێر چاوگەشە دڵ وریاکەم. ئەو خوێرپیانە کوشتیان. ئێمەیش ئاوا بووین، تەنیا ئەوەیکە کەس نەبوو دوواتر مۆسیقامان بۆ لێبدات هەهەهە... دیارە ئەمە فلیمە، بەڵام خۆشە، ژیان تیایا جۆرێکی تڕە، بەڵام باوەڕکەن گەر لە دڵی خۆماندا ئێمەیش مۆسیقامان لێبدایە ئەوا رێک وەک ئەم فلیمەی لێدەهات هەهەهە... بەڕاستی ئەوجا دەبوو بە فلیم! جووت براکە لە یەکتریان رووانی لەوەدەچوو بچووکەکە زۆر حەزی بەم وشانە نەبێت. هەر کەسی تر ئەم قسەی بکردایە ئیستا دەیانگرت و راپێچی زیندایان دەکرد. دەمیان پڕدەکرد لە فیشەک. ئاخر مەگەر دەکرێ مرۆڤ هەرچی بەدەمدا هات بیڵێ و رێزی تیانەبێ، ئەویش لەسەر ئەو سەردەمانە، سەردەمی سەدان و هەزاران شەهید؟ ئا، پێڵاو دەبڕنە دەمیان.

لەگەڵ کۆتایی فیلمەکە و نووسینی ناوەکان، هەرسێکیان دووانیێک هەڵدەدەن و براکان ماڵئاوایی دەکەن. فەرمانده هەستەکا کتوپڕ ژووڕەکە زۆر بێدەنگ و چۆڵ بوو. دڵی گیرا. گەڕایەوە درگاکە بکاتەوە و لە کوڕەکانی بڕوانێتەوە، بەڵام پەشیمان بووەوە. بەخۆی گوت خەریکی پیردەبی خەپە! خەپە پیریش ببوو. زۆرجار بە جوانی هەستی بە هەناسەی سواری خۆیدەکرد. هەستی بە جەستەی قورسی خۆیدەکرد. ئەمە یەکێک لە نیشانە گرینگەکانی پیری بوو. جومگەکانی دێشان. هەرچۆنێک حسێبی دەکرد لانیکەم چل کیلۆ زیاوەزنی هەبوو. برارۆ جا ئەمە بە کێ دادەبەزێ!؟ وەڵامی خۆی دەدایەوە و دەیگوت بە کەس! رەنگە لە دووای ئەسپە سپی و کەرەشین نۆرەی گۆچان بێت. خراپ نیە. 'چرچیل'یش هەیبوو. بە سەبیلەکەیەوە. نیشتمانیش بەم شێوەیە فەرماندەی لە داهاتوودا لەبیردەمێنێ. فەرمانده گومانی لەوەدا نیە لە چرچیلیش موهیمترە. ئاخر ئەم وڵاتێکی رزگارکرد، بەڵام ئەو وڵاتەکەی بە رزگارکراوی پێدرابوو. نا، جیاوازییەکە زۆرە. دەبا ئەو پیاو بووایە و یەک تاقە رۆژ چییە خۆی لەو شاخانە راگرتایە. ئەبەد نەیدەتوانی،... ئەبەد! دڵنیا لەم بۆچوونەی خۆی تەلەفزیۆنەکە بە کۆنترۆڵەکە دەکوژێنێتەوە و دەچێ لەسەر مۆبلەکە دادەنیشێتەوە. فەرمانده دەزانێ کەم کەس لەم ژیانەدا دەگاتە ئاواتەکانی خۆی. دەزانێ ژیان و دونیا شوێنێکی ئاواتکوژە. کەچی ئەم ئەگەرچی ئاواتێکی یەکجار مەزنیشی هەبوو کەچی توانی بیگاتێ. ئەو ئەمەی بەوە لێکدایەوە کە ئاواتەکەی لەگەڵ ئاواتی زۆربەی خەڵکی لەیەکدەچوون. هەرچەند هەر ئەم لاسەروو کەوت. دیکتاتۆر رۆیشت. ئەمە خەونی هەموویان بوو،

بەڵام هەموو نەیانتوانی بچنە جێگای دیکتاتۆر. نانا مەبەستم ئەوە نیە کە وەک دیکتاتۆریان لێ بێت، مەبەستم ئەوەیە بگەنە دەسەڵات. بەڵام خۆر مەگەر هەمیشە وەها نەبووە، مەگەر لە دەسەڵاتدا تەنیا یەک کەس یاخود چەند کەسێک نەبوونە، مەگەر جێی چەند کەس دەبێتەوە؟ ها چەند کەس؟ گرینگ ئەوەیە کەسەکە لە خەڵکی بێت و خەڵکی بە هی خۆیان بزانن، ئەلحەمدولیلا منیش هەم! من ئەوەم وا نیشتمان خەونی پێوەدەبینێ. فەرمانده پاڵ دەداتەوە. هەستدەکا سەری کەمێک لەگێژەوە دێت. رەنگە هی مەشرووبەکە بێت، یان رەنگە ماندووم.

رادەبێ بچێ بخەوێ لەپڕا گوێی لەدەنگی زەڕەزەڕی کەر دەبێ! نا، خەیاڵە، خەیاڵدەکەم. بەڵام دەنگەکە بەردەوامە. هەڵدەستێ بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات. دەیکاتەوە. وەک بڵێی بۆمبێک بەڕوویدا بتەقێتەوە و بەدووادا فڕێی بدا، هەنگاوێک بەپڕتاو دەکشێتەوە. چ حەشرێکە! لە تەواوی نیشتمانەوە دەنگی زەڕەزەڕی گوێدرێژ دێت. وەک بڵێی بە هەزاران و دەیان هەزار کەر پێکەوە و تێکڕا گەردنیان بەرزکردووەتەوە و دیانەکانیان دەرخستووە و لە کاتێکدا بە لێوەکانیان کایەدەکەن بەهەرچی هێزی خۆیانە دەزەرێنن. فەرمانده دەست بە گوێیەوە دەگرێ. دونیا خەریکە کەڕوکاس دەبێ. چ خەبەرە! لە حەوشە دەڕوانێ. دەبینێ حەرەسەکان وەک هەمیشە خەریکی نیگابانی خۆیانن، جگەرە بەبادەکەن و وەک بڵێی مێشێکیشیان میوان نەبێ! وادیارە کەڕن. ئەمە دەڵێ و هاواریان لێدەکا. بەڵام کەسیان لاناکاتەوە. فەرمانده هەتا دەتوانێ گوڕوتینی زیاتر دەداتە خۆی. دیسان بێسوودە. وادیارە لەبەر زەڕەزەڕ گوێیان لێ نیە. ئەوسا کڵاشینکۆفە مزەلییە سەرتاپا ئاڵتونییەکەی کە

بەتایبەت نێردرابوو لە رووسیا بۆی دروستبکەن، هەڵدەگرێ و لە پەنجەرەکەوە دەستدەکا بە تەقەکردن. دیسان هەڤاڵان گوێیان لێی نیە. فەرمانده وەها رق هەڵدەستێ کە سیرەیان لێدەگرێ و راستەوخۆ تەقەیان لێدەکا. هەڤاڵان لە خوێنی خۆیاندا دەگەوزن. هەردووکیان دەکەونە پەلەقاژەیەکی کورت و دەکوژرێن.

رۆژانی دوواتر فەرمانده سوێندەخوا کە ئەو شەوە لە نیشتمان شەڕەکەرێکی سەیربووە. ئەم ویستوویەتی هەڤاڵان ئاگاداربکاتەوە کە وریاتربن و ئەوەیشی کە داخۆ ئەم هەراهەرایە چبوو. هەڤاڵان بە سەرسوڕمانەوە لەیەکتر دەڕوانن. فەرمانده ئەوەندە تووڕەدەبێ کە هەموویان تێکڕا دەکاتەدەرەوە. جوێن بە داروبەرد دەدا.

بە خۆی دەڵێ ئەمانە کەرن، نەفامن، لەخۆوە نیە منم بوومەتە سەرۆکی وڵات. ئەم کەرانە درەنگ لە شت دەگەن،... زۆر درەنگ! گەمژینە!

فەرمانده راستی دەکرد. سااڵنی شاخیش وەها بوو. ئەو پێش ئەوەی رووداوەکان رووبدەن، بۆنی دەکردن. هەر لە دوورەوە. بەڵام ئەوەی فەرمانده ئەمجارە تێی نەدەگەیشت ئەم زەڕەزەڕە بوو. باشە چ شتێک لە پێش بوو؟ قەراربوو چ رووبدات؟

فەرمانده هەر ئەوەندەی دەزانی دەنگی زەڕاندنی گوێدرێژ لە خەودا بە مانای غەیبەت، جوێن، قسەی خراپ و هەواڵی خراپە. هەواڵی خراپ!؟ مەگەر ئەمشەو لە گەڵ کوڕەکانی باسی سەرکەوتنی نیشتمانیان نەکردبوو!

ئاە، نەکا خەوببینم،... نەکا!

(٤٧)

ئەمشەو زەماوەندی کوڕی یەکێک لە هەڤاڵان بوو. کچی هەڤاڵێکی تری هێنابوو. زۆربەی هەڤاڵانی کۆن دەعوەتکرابوون. هەندێ هەڤاڵی تازەیش. شوێنی زەماوەندەکە بە هێزی پۆشتەو پەرداخی هەڤاڵانی دیکە گەمارۆدرابوو. هەتا چەند سەد میتر بەولاترەوە. دایرە لە دووای دایرە. ئەمە جگە لەو هێزە گەشتیانەی وا دوورتر دەسوڕانەوە و ئاگایان لە جوولّەی مێرووڵەیش بوو. تەنیا زەماوەند نەبوو، دەڵێی شوێنێکیش بوو بۆ خۆنووواندن. لێرە هەڤاڵان دووا‌هەواڵیان لەسەر روخسار و لەسەر باری دەروونیی یەکتر و بەگشتی لەسەر ئەوەی چەندە لەگەڵ ژیانیان مورتاح بوون، وەردەگرت. جۆرێک لە نومایشی سکۆرتەکانیش بوو. داخۆ هی کێ باڵابەرزتر، جوان چاکتر و لەهەمان کاتدا زیرەکتر دەهاتەبەرچاو. چاویلکەی رەش لە هۆڵەکەدا تەراتێنی بوو. لەهەموو چەشنێکی: خڕ، چوارگۆشە، لاکێش، بچووک، پان و... . هەموو دەچنە لای فەرماندە. زۆربەیان دەستی ماچدەکەن و لەبەردەمیا دەچەمنەوە. زۆرتر لە مەجلیسی شێخ و مەشایخ دەچێ. دەستی فەرماندە بۆنی

گرتووە. دەستمالّی بۆنخۆشی دەگەیەنێ. بەڵام زۆر چاری ناکا. لەبەر خۆیەوە بیر لە حەمامەکەی دەکاتەوە. هەستدەکا گەر ئاوا بڕواتە پێش بۆگەن قڕیدەکا، بەڵام چاری نیە. دەبێ تەحەمولی بکا. لەکاتی ماچکردندا هەستی بە دیانە تاقمەکانیش کردبوو. چەند قێزەوەنن! وادیارە مرۆڤ هەتا پیرتر بێت بۆگەنتر دەبێ، یان رەنگە هی شتی تر. بۆ وێنە هی ئەوەیکە هەڤاڵان چیتر وەک جاران نەماون. وەک ژیانیان، دەمیشیان بۆگەناوی بووە. سەرێک لەبەر خۆیەوە رادەوەشێنێ. لە راستیدا لەنێوان ژیان و دەم مەودایەکی یەکجار نزیک هەیە. چەند جارێک دەیەوێ ئەمردەرکا ماچکردن قەدەغەیە، بەڵام پەشیمان دەبێتەوە. ئەو دەبێ بەردەوام بیسەلمێنێ ئەوە فەرماندەی ئەم نیشتمانەیە و ئەوانی تر تەنیا هەن. وەک هەموو شتەکانی تر. ماچکردن و نەوینەوەکان گرینگن. دەربڕی ئاراستەی ژیانن. بەتایبەت ئاراستەی نیشتمان.

لە زەماوەندەکە بە لێشاو پارە بەسەر بووکێدا شاباشکرا. بەستەلە دووای بەستە دۆلار. چەند کچۆڵەیەک بوونە بەرپرسی کۆکردنەوەی. دۆلارەکان بە حەواوە سووڕیاندەخوارد و پێچاوپێچ دادەبەزینە خوارەوە. بەسەر قژ و باڵای بووکێدا. هەندێکیان پێیەوە دەلکان. وەک بڵێی ئەوانیش حەزیان لێیە. هەڤاڵان پێدەکەنن. هەموویان سەریان بە پیت و بەرکەتی نیشتمان سوڕدەمێنێ. حەیف درەنگ گەیشتنێ. هەڵبەت ئیستایش درەنگ نیە. یەعنی قەت بۆ هیچ کارێک درەنگ نیە. گرینگ ئەوەیە مرۆڤ کۆڵنەدا، وەک هەڤاڵان. پیاو کە گیانی دا دەیشگاتە پارە. نەک پارە، بەڵکو خودی کونی پارەکە، رێک سەر خەزێنەکە. ئەو

شوێنەی وا لێیەوە هەڵدەقوڵێ. وەک کانییەکانی نیشتمان. بگرە هەر لە ئەزەلەوە کانیاوەکانی نیشتمان ئاماژەبوون بەم راستییە. تەنیا دەبا خەڵکی زیرەک هەبا و بیخوێنێتەوە. مەگەر شاعیر کاتی خۆی نەیگوت خاکت گەوهەرە! هەڤاڵان دڵنیان فەرمانده کاتی خۆی لەمە گەیشتبوو. ئاە فەرماندە! فەرماندەی جەربەزە و زیرەک و کۆڵنەدەر! یەک دوو دانەیەک لە هەڤاڵان کە زۆریان خواردبووەوە لەسەر سەد دۆلارییەکان قاچیان هەڵخلیسکا و کەوتن، بەڵام بە خۆشییەوە سەلامەت دەرچوون و وەک فەرماندەیان لێنەهات ئەنجامیان ببێتە میزکردن لە حەوشەدا. دەڵێن هۆکارەکەی خواردنەوەیە. خواردنەوە جەستەی مرۆڤ سووک و نەرم دەکا، وەک سەردەمی منداڵیی لێدەکاتەوە، وەک پەڕ، نەرم دادەبەزیتە سەر زەوی و دوواتر لە پێکەنیندا برک دەکەی. هەڤاڵان ئەوەندە پێکەنین کە دەڵێی هەندێکیان میزیان کرد بە خۆیاندا و هەندێکیشیان لێیان بەربوو، بەڵام بەخۆشییەوە لەبەر دەنگەدەنگ کەس گوێی لێنەبوو. تەنیا چەند دانەیەک ئەویش ئەوانەی وا لە کۆنەوە یەکتریان دەناسی "هەتیو هەروا تڕکن ماوی؟" مەگەر تەخر دەکرێ! ئەویش لەم خێرو بەرکەتەدا! ئەسڵەن هەموو جەستە شل و سست بووەتەوە. ماسولکەکان هی سااڵن بوون. هی سەردەمی شاخ. ئیستا سەردەمی ورگە. کێ لە خانووە گەورە و کۆشک ئاساکاندا گوێی لە هەڤاڵانە. با 'با' رێگای خۆی بگرێتەبەر. بدۆزێتەوە. ئەوانیش گوناهن. رۆژە تاڵەکان بۆ هەمیشە تێپەڕیون. لە 'با'یش تێپەڕیوە. جا گوناهیان چییە هەروا دیل و یەخسیربن؟ نا، هەهەهە... هەڤاڵان لە بیری ئەوانیشدا هەن. سەردەمی ئازادییە.

فەرمانده بەدەم گۆڕینی جلەکانییەوە بیر لەمە دەکاتەوە و بزەی دێت. بەڕاستی ژیان چەند خۆشە. ژیان لە هەموو کونج و کەلەبەرەکانی خۆیدا ماناوەردەگرێ. بەخوا شەوێکی خۆش بوو! شەوێکی درەنگی خۆشە. فەرمانده خەوی نایەت. ئەگەرچی ماندووە، بەڵام ماندوویی هی جەستەیە هی بیر و دەروونی نیە. بیری خولەی جامانەخوار دەکاتەوە، بەخوا چاکم خانووەکە لێ زەوتکرد، ئەو گەوادە هەر لە منداڵییە حەزی لە نۆکەری و حەزی لە مل حیزی بۆ دیکتاتۆر کرد. ئای چەندە خۆی بادەدا، دەی بخۆ، بەغدا نیوەی رێگات بێت! ئەمشەو لێرەوە شریتی عومری رابردوو وەک خەونێک دێتەوە یادی. هەتیو نەکا دوواساتەکانی ژیانت بێت؟ لەبەرخۆیەوە بزەیەک دەکا و کەمێک لەم حاڵەتەی خۆی دەترسێ. بیستوویەتی ئەوانەی دەمرن دوواساتەکانی ژیانیان زۆر خۆشحاڵن، هەر لەخۆوە خۆشحاڵن. بەڵام نا، ئەم لەخۆوە خۆشحاڵ نیە. خۆشحاڵیی ئەو هۆکاری هەیە. وێنەکان دێنەوە: باوکی، دایکی، پشیلەکانی سەر دیواری حەوشەیەکی تاریک، زیندان، راکردن، شاخ، دراوسێی یەکەم و دووهەم، دیکتاتۆر، ژنەکەی، مانگا و دوو بزنەکەی، کێوپۆغڵی، ماینەکە، کەرەشین، وێنەکەی ئەو بەسەر کەرەشینەوە لە کاتی راپەڕین لە سەنتەری شار کە لەلای دراوسێکانی بوو، راپەڕین، نیشتمان... . بێ ئەژمارن بێ ئەژمار. هیچ شتێک بەقەدەر بیرەوەریی پیاوی شۆڕشگێڕ دەوڵەمەند نیە،... هیچ شتێک. تازە هەر بەشێکی یەک دنیا شتی تریشی لێدەبێتەوە. بەرهەڵبێنەکەی خان حەلاوە هەر دەڕۆی و دەکراوە! پێدەکەنێ. هەستەکا هەر هەموو بیرەوەرییەکان بە چاک و بە خراپەوە وەک یەکیان لێهاتووە. هەموویان خۆشن، هەموویان

دڵخۆشکەرن. بەخوا ئەم کلتورەی ئێمە شتی خۆشی هەیە. ئەرێ هەیەتی. ئەگەرچی دەزانێ هەڤاڵان سەبارەت بە کەرەشین درۆیان لەگەڵ کرد و قەت کەلاکەکەیان نەدۆزییەوە تا جارێکی تر لە چاڵێکی قوواڵتردا بیشارنەوە، بەڵام زۆر لای گرینگ نیە. تازە وێنەکەیش زۆر گرینگ نیە. لەو ساڵانە یەکجار تێپەڕیون. کێ لە بیریا ماوە. تازە گەر مابێتیش ئەوا هیچ مانای نەماوە. ژیان هەزار رووداوی لە دڵی خۆیدا هەموو رۆژێک حەشارداوە. فەرماندە دڵی ئاسوودەیە. پاڵدەداتەوە. گەر بمریشم کوڕەکان هەن. ئەوان سەرئەنجام شتێک لەگەڵ وێنەکە و لەگەڵ کەرەشین دەکەن، دیارە گەر مابن. ئەرێ، ئەی خوا بۆ کوڕی داناوە،... بۆ داویەتی.

سەعاتێک، دوو، یان... نازانێ، بەڵام فەرماندە وەک بڵێی رەق هەڵاتبێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە کاتێکدا پاڵیداوەتەوە و هەر دوو دەستی لەپشت سەریدا لێک گرێداوە، دەمێنێتەوە. کتوپڕ دونیا لەبەر چاوەکانیدا سوڕدەخوا. سەقفەکە دەسووڕێتەوە و هەموو وێنەکانی رابردوو لە ناویا و لەگەڵیا. سنووورەکان دەشێون. سووڕەکە خێراو خێراتر دەبێ. هەموو شتێک دەبێ بە خولانەوە. بۆ یەکەم جار دەنگێک، زایەڵەی دەنگێکی ئاشنا کە فەرماندە لەمێژە نەیبیستووە، ژوورەکە دەتەنێ. لە خولەکەوە دێتەدەرەوە. ژنەکەیەتی... نیشتمان... نیشتمانە! دەنگەکە چەند خۆشە و ئەم ئیستا دەزانێ کە چەند تاسەی کردووە بە بێ ئەوەی بۆخۆی بزانێ. رابردوو لەگەڵ ئەوەی رابردووە، بەڵام زۆر لەوەی لامان وایایە لێمان نزیکترە. تەنیا ئەوەی شتێک بیجوڵێنێتەوە. نیشتمان دەڵێ "گلەیی بێت، بۆ جارێکیش بەناوی خۆم بانگت لێنەکردم!"

فەرمانده دێتەوە بیری. کتوپڕ هەست بە تەنیاییەکی سەیردەکا. هەناسەی سواردەبێ. تەزوویەک بە جەستەیدا دەگەڕێ. چەند دڵۆپ ئارەق ناوچاوانی دەگرێ. چاوەکانی دەقونجێنێ و پڕ بە خۆی دەقیژێنێ. دەنگەکە دەیباتەوە ئەو ساڵانە. دەنگی نیشتمان. دەنگەکە لە خۆی بەتاڵی دەکاتەوە. لە هەموو شتێک. هەموو شتێک کتوپڕ چەند لە مانا بەتاڵدەبێتەوە. روخساری نیشتمان دێتەوە بەرچاوی. لەبیری دێ یەکێک لەو شتانەی بووە هۆکاری خواستنی ئەو، ناوەکەی بوو. ئەشقی نیشتمان ئاشقی نیشتمانی کردبوو. یان رەنگە لەبەر ئەوەی بڵێن ئەو هەر خۆڕسک هەمیشە بە نیشتمانەوە خەریکە. لە بیری دێت هەستی دەکرد لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانێ زیاتر لە نیشتمان نزیک بکەوێتەوە. ئەسڵەن لە بنەڕەتدا ئەو ئەوی لەبەر ئەمە خواستبوو. رادەبێ و باڵەکانی وەک باڵندە دەکاتەوە. چەند هەست بە شەرمەزاری دەکا. دەنگەکە بەردەوامە "راستی منداڵەکان چۆنن؟ کوڕەکان دەڵێم." چاوەکانی هەر قونجاون. سووڕانەکە ئەویش لەگەڵ خۆی دەبا. راستە، ئەوی هەمیشە بە ناوی 'ژنەکە' بانگ کردبوو. ژنەکە ئاو بێنە، ژنەکە منداڵەکان چۆنن، ژنەکە چایەک سازکە. ژنەکە... ژنەکە... ژنەکە! تەواوی ئەم ساڵانەیش بۆ یەک جاریش بێت لە دووای ناشتنەکەیەوە سەردانی گۆڕەکەی نەکردبوو. ئیستا دەزانێ هەندێ کەس دەتوانن تەواوی ژیانیان بە غەریبی بژین و بە غریبیش لە مردن بەردەوام بن. بەڕاستی من چی بووم،... من کێ بووم!

کاتژمێر چەندە نازانێ. هەر ئەوەندەی دەستدەداتە جل و بەرگەکەی و لە دووای گۆڕینی دەچێتەدەرەوە. هەڤاڵان لایان سەیرە. دەستبەجێ بە

بیست تۆمبیلی پڕ لە چەکدارو چەکی نیوەقورس بەسەریانەوە دەچێ بۆ گردەکە. شەو بە هەموو هەیبەتی خۆیەوە دەجوولێ. دەچێتە سەر قەبری نیشتمان. فەرمانده بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا دەگری. لە کاتێکدا بە سەر خاکی نیشتماندا چۆکی داداوە بەسەر نیشتماندا دەگری. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا ناوی دێنێ. کێلەکە بێدەنگە. وەڵام نیە. بارانێکی بەخۆڕ دادەکا و زۆر خێرا دەیخوسێنێ. وەک بڵێی خوا دەیەوێ گریانەکانی فەرمانده بشارێتەوە. بەڵام ناشاردرێتەوە. هەڤاڵان هەموو ئاگایان لێیە. دەنگی هۆڕەهۆڕی گریانی فەرمانده لە گردەکە دادەبەزێتە خوارەوە و دەگاتە داوێن. ڕەنگە دەگاتە خانووەکانیش. خوا چەند هەورەتریشقەی ترسناکیش دەنێرێ، بەڵام دیسان بێسوودە. هەواڵ تازە بڵاوبووەتەوە.

بڵێی ڕێگایەک بۆ ڕابردوو هەبێ؟ بڵێی خودا بەو عەزمەتەی خۆی تەنیا لە خانووەکەی خولەی جامانە خوارەوە یەک ڕێگای بێ گەڕانەوەی بەڕەو گردەکە کێشابێ؟ فەرمانده لای وایە وانیە و خڵقەت لەوەی دەنوێنێ ئاڵۆزترە،... یەکجار ئاڵۆزتر. تەنیا ئەوەیکە مرۆڤەکان پێیان نەزانیوە و نەیاندۆزیوەتەوە.

(٤٨)

رۆژانی دڵتەنگی چڕو چڕتر دەبنەوە. هەموو شتێک تەمێک دایگرتووە. وەک مژی بەیانیانی رۆژێکی ساردی زستانی لەسەر چەم. چەمێکی بەهاژەی ون. لەگەڵ ئەوەی وەک هەمیشە سەردانەکان زۆرن و هەر لە بەیانییەوە هەتا ئێوارە خەڵک دێن و دەچن و کاتەکانی فەرمانده پڕن، بەڵام هەست بە بێدەنگییەکی سامناکیش دەکا. فیقەیەکی بەسامی بێدەنگ بەردەوام لە گوێکانیدا دەنگدەداتەوە. جاری وایە لە کاتی کۆبوونەوەکانیشدا هەستی پێدەکا. بەلاچاو لێی دەڕوانێ. چت دەوێ؟ وەڵام نیە. ئەوەندەی کە ئەو دەنگە لەوێیە. دەڵێی ژیان بە شوێن هاوترازبووندا دەگەڕێ، ئەمەی ئیستا بەوەی رابردوو. شتێک بانگی لێدەکا، شتێک کە تەنیا خۆی هەستی پێدەکا. ئەم فیقە بەسامە لەکاتی تەنیاییەکاندا زیاتر خۆی دەردەخا. وەک بڵێی جاری وایە دەچێ و لە بەرامبەریدا لەسەر قەنەفەکە دادەنیشێ و بە بێ ترس و بە بێ هیچ چەشنە شەرمێک لێی دەڕوانێ. فەرمانده لەم کاتانەدا شەرم لە

چاوەکانی دەکا. لێی نارِوانێ. بەڵام تەسلیم دەبێ و جاری وایە بە چەندین سەعات لەیەکتر رادەمێنن. فیقەکە جەستەیەکی بێ رەنگە و بێ بۆ. دەڵێی خودی بوونە بە بێ هیچ چەشنە دەرکەوتەیەکی جەستەیی. رووت رووت. جاری وایە لەبەر خۆیەوە دەڵێ بەس نیە ئەویش هەیە، ماڵی ئاوا! ئینجا تێدەگا مرۆڤ لە راستیدا قەت تەنیا نیە و قەتیش تەنیا نابێ. هەمیشە شتێک هەیە بە دەوروبەرتەوە. مرۆڤەکان لایان وایە گەر ئەوان لەوێ نەبوون ئەوا ئیتر تەنیاییە! هە... وانیە. تەنیایی، بیرنەکردنەوە و نەبوونی دالّغەیە. خەنی ئەوانەیش وا وەها ژیاون کە هەمیشە بیر و دالّغەکان بۆخۆیان رووبان تێدەکەنەوە. لەو شەوەوە لەسەر گۆڕی نیشتمان هاتووەتەوە، لێشاوەکان زیادیان کردووە. جاری وایە مرۆڤ بە بێ ئەوەی بزانێ یەک شتی رابردوو دەتوانێ خاوەنی گەورەترین مانا بێت بە بێ ئەوەی بۆخۆی پێی بزانێ،... پێی زانیبێ. بەڵام سەرئەنجام دەیزانێ. نەکا هی پیری بێت. نەکا سەردەمی پیری هەموو بیرە گەورەکان و هەڤاڵان و نیشتمانیش لەمانا بەتاڵدەبنەوە و ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو نیشتمانەیە وا لە گۆڕستان لەژێر تەغارتەغار خاکدا نوستووە! فیقەکە دەڵێ رەنگە وەها بێت. دەڵێ رەنگیشە هی ئەوە بێت تۆ زۆر بەپەلە و بە بێ گوێدان بە هەندێ شتی گرینگی ژیانت تێپەڕیت. بڵێی فیقەکە راست بکا؟ فەرمانده هەروا لێی رادەمێنێ. ئەویش وەک هەمیشە دەفیقێنێ. ژیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای خڵقەت.

فەرمانده ماوەیەکە عادەتێکی سەیری پەیداکردووە. مزەللییە رووسییە ئاڵتونیەکەی دەهێنێ و لە پەنجەرە هەمیشەییەکەوە تەقەدەکا. بە ڕووی

ئاسماندا و بە رووی هەورەکاندا و هەموو ئەو شتانەی وا دوورەدەست دەنوێنن. ئەمریش دەکا هەموو هاوڕێیان وەک ئەو بکەن. دەبێ بە رۆژی قیامەت. لە خانووەکەی فەرماندەوە جیهان گڕدەگرێ. تەنیا کوڕەکانی دەتوانن فریایکەون. لانیکەم فیشەکەکانی بۆ دەکەن بە مەشقی. ئیتر کەس بریندار ناکا، کەس ناکوژێ. شار کەمێک ئارام دەبێتەوە. فیشەکی هەڤاڵانیش دەکەن بە مەشقی. هەتا ئەوەی تێدەگەن فەرمانده لە سەردەمی منداڵیدا حەزی بە دەنگی بانگ بووە. بەتایبەت لەکاتی عەسران. ئەو ساتەوەختەی چەندین مزگەوت پێکەوە لە بڵیندگۆکانیانەوە بانگیان دەدا، دەنگەکان لە فەزایەکی مەحزوندا لێکدەئاڵان و فەرمانده لە گۆشە حەوشەکەی خۆیاندا ئەوەندە دڵی خەمین دەبوو و خەیاڵی دەگوشرا کە لەوانەبوو دڵی لە لێدان راوەستێ. ئەمردەردەکەن وەک ساڵی ساڵان مزگەوتەکان دەستبکەنەوە بە بانگدان. ئەوسا ئەمریش دەردەکرێ خێرا چەند مزگەوت بە دەوری کۆشکەکەی فەرماندەدا سازبکرێ. فەرمانده ئیتر هەموو عەسرانێک هەموو پەنجەرەکان دەکاتەوە و دەبێتەوە بەو منداڵەی وا سەردەمانێک لە حەوشەکەیان دادەنیشت و بە چیلکەیەک لە خۆڵەکەی بەردەمی خۆی دەژەند و وازی لە یاری لە کۆڵان دەهێنا. هەڤاڵان لایان وایە هەر ئەو سەردەمانە بوو سەرنجی فەرماندەی گواستەوە بۆ سەر خاک،... خاکی نیشتمان. هەر ئەو سەردەمانە بوو رەوتی ژیانی پیاوێکی مەزنی، هەرچەند بە قەوارە هێشتا بچووک بوو، دیاریکرد و بە نیشتمانی بەخشی. مەلاکان و حیزبە دینییەکانیش ئیستا رازیترن. وەک هەمیشە سەلمێندرایەوە خوا لە دوواساتەکاندا هەمیشە دەگەڕێتەوە، تەنانەت

لای کافرترین و سەرکێشترین کەسەکانیش. بۆیە مەلاکان بەسۆزتر لەهەر کاتێکی تر دەست بە لاگوێیانەوە دەگرن و بانگدەدەن. ئەوان دەزانن دەرگای دڵی فەرمانده کە کرایەوە ئیتر گەڕان بەناویدا یەکجار ئاسانترە لەهەر بنیادەمێکی تر. بەڵام خراپی کارەکە لەوەدایە فەرمانده رێک لەم کاتانەدا زیاتر لە هەر ساتێکی تر تەقەدەکا. مزگەوت ئەمە بە کفر لێکدەداتەوە و بەشێکیان لایان وایە پیاوی دەسەڵاتدار لەسەردەمی موحەممەدەوە چیتر بەڕاستی ئایینی نەماون و هەر هەموویان درۆدەکەن. بۆنی بۆچەکەمیزی حەوشەیش هەتا دێت زیاد و زیاتر دەکا. دارسێوەکەی ئەمجارە، گەورەتر لە هەر کاتێکی تر، سیس و رەق لەخۆیدا خنکاوە. وەک بڵیی دیکتاتۆر بە فڕۆکەیەک وەک سااڵن سااڵن کیمیایی بەسەرداکردبێ. ئاە، سااڵە کیمیاییەکان! ترۆپکی حیماسە و ترۆپکی رووداوەکان. سااڵنی هەوڵدان بۆ وروژاندنی جیهان. ئەو سااڵنەی فەرمانده و هەڤااڵن گەیشتنە ئەو ئەنجامەی گوند و شارەکان تێوەگلێنن بۆ ئەوەی دیکتاتۆر، کە خۆی لە خۆیا پیاوێکی کەر و خوێنڕێژ بوو، ئەوەندەی تر دەستی لە خوێنی خەڵکیدا سووركەن هەتا جیهان بێتە سەرخەت. مەگین خەڵک بۆچی دروستکراوە؟ قابیلە هەر ئەمان، هەر هەڤااڵن باجی ئەو ساتەوەختانەیان بدایە و ئەوانی تریش بەکەیفی خۆیان لە ژیان بەردەوام بوونایە؟! شتی وانابێ. بۆنی میز و بۆنی کیمیایی چەند لێک نزیکن. تەنیا بڕێک خەستتر، ئیتر رێک وەک خۆیەتی. بۆساردێکی ناخۆش کە مێشک دەتاسێنی. فەرمانده تفەنگەکەی لە عەسرێکی گەرمی رۆژێکی هاوینیدا هەڵدەگرێتەوە و ئەمجارە راستەوخۆ لە درەختەکە تەقەدەکا. هیچ تەپ و تۆز هەڵناستێ! فەرمانده

دڵنیا لەوەی هەموو فیشەکەکانی بەر دارستێوەکە کەوتوون، بزەیەک دەیگرێ. فیقەکە پێی دەڵێ ئافەرین،... ئافەرین وەک هەمیشە زیرەک و وەک هەمیشە یەکانگیر لەسەر ئامانج! ئەم بەلاچاو سوپاسی دەکا. هەڤاڵێک دێتەژوورەوە و جانتایەک بروسکەی سەرەخۆشی لە لایەن پیاوە موهیم و گرینگەکانی نیشتمان و جیهانەوە لە ساڵیادی کۆچی دووایی نیشتماندا بۆ دێنێ. فەرمانده وەک هەمیشە ئەمردەکا لە بن دارستێوەکە بینێژن!

شەوێک کاتێک هێشتا سەرەڕای ئەوەی لەناو جێگاکەیدایە و خەوی لێنەکەتووە، گوێی لە دەنگێکە. گوێی بۆ شلدەکا. دەنگەکە نائاساییە. رادەبێ و جوانتر گوێ هەڵدەخا. لە دەرەوە دێت. دەچێتە بەر پەنجەرەکە. ئەوسا دەبینێ کەرەشین رێک لەسەر رێگای دارستێوەکەوە بەرەو باڵاخانەکە دێت. چەند بەڕیار و نەترس و گرژ دیارە. سەر هەڵنابڕێ سەیری فەرمانده بکا، بەڵام هەموو شتێک ئاماژەیە بەوەی دەزانێ لەوێیە و هەنووکە لە پەنجەرەکەوە لەو دەڕوانێ. فەرمانده زۆر دەترسێ. سەرەتا دەیەوێ هاواری حەرەسەکانی بکا. تەنانەت تفەنگەکەیشی دێنێ و فیشەکی دەخاتەبەر و لە زامنیش دەیترازێنێ. بەڵام پەشیمان دەبێتەوە. با بۆ جارێکیش بێت گوێی لە قسەی دڵی بێت. داخۆ مەگین ئەویش هەر هی ئەو ساڵانە نیە... ساڵە رەنگییەکان؟ داخۆ هەر هی ئەو ساڵانە نیە وا نیشتمان تیایا دەژیا و هێشتا بە خاک نەسپێردرابوو؟ کەرەشین بۆن و تامی ئەو کاتانەی دەدا. ئا، بەخێربێت،... بابێت! ئەوسا چوو و دەرگاکەی خستە سەرپشت. دەنگی قاچەکانی کەرەشین لە هۆڵەکەوە کە خەریکبوو بەسەر پێ پلیکانەکاندا

سەردەکەوت دەهاتە گوێ. لە تاریکایی و بێدەنگیی شەودا هێشتا بڵێندتر لە هەر کاتێکی دیکەی خۆی. شتێک لە دەروونەوە پێی گوت واباشە هەستێ و جلوبەرگی ئاسایی و رۆژانە لەبەر بکا. بەپەلە هەستا و خۆی گۆڕی. قاتێکی مرادخانی، بە سەعاتێکی هەڵواسراو بە گیرفانەکەی سەر سینگییەوە، رەشتیەکی زل، پشتوێنێکی پان، جووتێک کڵاشی هەورامی کە یەکەم جار بوو لە پێی دەکرد و... سەرئەنجام چاویلکە رەشەکانی کە خەریک بوو زۆر نەزانانە لەبیری بچێتەوە.

ـ نا نا، هەر وەک جارانی، تەنیا ئەوەندەی جووتێک چاویلکەی رەشت زیاکردووە!

کەرەشین ئەمەی گوت و یەکەوڕاست چوو و لەسەر مۆبلەکە دانیشت. ماندوو دەینواند. فەرمانده کە نەیدەزانی چۆن چۆنی میواندارى بکا و هەڤاڵانیش هەموو خەوتبوون، بە چاوەکانی پێکەنی. کەرەشین چەند لە جارانی دەچوو هەر نەگۆڕابوو. نە فیشەک و نە مردن و نە مانەوە لە ناوی چاڵ و سەحرایەکی بەرەهوتدا تۆزقاڵێک گۆڕانی بەسەردا نەهێنابوو. تەنیا کەمێک ماندوو دەینواند. فەرمانده کە حەزیدەکرد باسی ئەوەی لێ پرسێ چۆن چۆنی وەک قەقنەس لە ناو خۆڵەمێشی مەرگی خۆی هەستابووەوە، ئەمەی نەپرسی و لەجیاتی گوتی:

ـ وادیارە زۆر لە خەیاڵی رابردوودای، بۆیە نەگۆڕاوی؟

ـ نەگۆڕاوم!... بەچیا ئەزانی؟

ـ ماشاڵڵا بە روخسارت، بە گڕ و تینت،... بە نیگاکانت!

ـ گەر چاویلکەکەت داکەنی ئەبینی منیش گۆڕاوم.

- بەپێچەوانەوە ئەم عەینەکە شتەکان راستەقینەتر دەنوێنێ، لەبەر ئەوەی تیشک کە خەڵەتێنەرە کزدەکا.

- لەم قسە زلانە گەڕێ، وادیارە هەر نەگۆڕاوی. هاتووم داوای بەشی خۆم بکەم. سااڵنی سااڵ بەسوخرەیی ئەم و ئەوت دام و هەوڵیشتدا لە ناو ئەم کۆشک و تەاڵرانەدا و لە پشت تفەنگچیەیکانتەوە خۆتم لێ ونکەی. بەس وەک ئەڵێن حەق کۆن ئەبێ بەاڵم نافەوتێ. یاڵاڵ مافی خۆم بەرەوە!

- ماف!... مافی چی؟

- ئەزانم لەخۆ گێلکردنا زیرەکی و کەس وەک تۆی پێناکرێ، بەاڵم من ئەناسی، ئێمە هاوڕێی کۆنین. بۆ خۆیشت باش ئەزانی ئەوەی هەتە لە سایەی سەری منەوە هەتە، دەی یاڵاڵ بەشی خۆم!

فەرماندە کە ئەو رۆژەی زۆر جوان لەبیرە، هەموو شتێک سەرلەنوێ دێتەوە یادی: دەنگی تەقەی دوور، هەراهەرای خەڵکی، مۆزکردنی کەرەشین و خۆکردنی بەناو جەرگەی شەڕەکەدا و هەروەها ترسەکەی خۆی کە لەوانەبوو دڵی لە سینگی بێتەدەرەوە. ئەو لەبیری نەدەهات قەت ئاوەها خۆی بە ناو هیچ شەڕێکدا کردبێ.

- بەشی چی؟... مەبەستت چییە؟

- خۆت ئەزانی گەر ئەو رۆژە من ئەو کارەم نەکردایە تۆ قەت بەمە نەئەگەیشتی، تۆ خۆیشت ئەزانی ئەو پیاوە نەبووید و نیت ئاوا خۆت بە ناو مەیدانی شەڕابکەی! بۆیە (لێرەدا کەرەشین چاوێکی بە وردی بە ژووروەکەدا گێڕا)، لانیکەم دەبێ ببم بە جێگر، جێگری خۆت، تازە

شوکربە نەمگوت خودی فەرماندە. ئەمیش تەنیا لەبەر ئەوەی تۆ سواری من بووی، نەک من سواری تۆ!

فەرماندە ئەوەندە تووڕەبوو کە دەستی برد بۆ تفەنگەکەی. بەڵام هاتەوە بیری گەر کەرەشین رۆژی راپەڕینەکە گیانی دەربردبێ بێگومان ئەمرۆیش دەریدەبا. جگە لەمە جۆرێک لە تەریقبوونەوە دایگرت. لە دڵەوە دەیزانی کەرەشین راستدەکا. تەنیا ئەوەندەی نەیدەزانی بۆچی مۆزی کرد و بۆچی بەو شێوەیە خۆی کرد بە ناو جەرگەی شەڕەکەدا.

- زۆر باشە، بەڵام تەنیا یەک پرسیار، ئەو رۆژە بۆچی واتکرد؟ بۆ مۆزتکرد؟

- هەهەهەهە... پیاوی حسێبی مەگەر تۆ نازانی ئێمەی کەر ئەمە یەکێک لە هەڵسوکەوتەکانمانە و شیکردنەوەیشی یەکجار بۆمان دژوارە. وەک ئەوە وایە لە تۆ بپرسن بۆچی لە دووای ئەوەی لە شاخ دابەزیت وەهاتان کرد،... خۆت و هەڤاڵانت ئەڵێم!

فەرماندە ویستی بپرسێ مەگەر داخۆ چییانکردووە، بەڵام هەستیکرد ئەم باسە هیچ یارمەتییەک نادا و واباشە لێرەدا کۆتایی پێ بێنێ. جگە لەوە لەدەروونەوە خۆشحاڵ بوو کەرەشین گەڕابووەوە. رابردوو بەهەموو گەورەیی و قەوارەی بە هەیبەتی خۆی سەرلەنوێ لە دەرگای ماڵەکەی (ئیستا کۆشکەکەی) دابووەوە،... چی لەمەیش خۆشتر.

بۆ چەند رۆژ دوواتر کۆشکێکی گەورە بۆ کەرەشین سازکرا و وەک هەڤاڵانی تر دەیان ماکەری لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە بۆ هات. دوواتر لە مەراسمێکی مەزن و سەرسوڕهێنەردا کە تێیدا کەرەشین جووتێک چاویلکەی رەشی بیست هەزار دۆلاری لە چاوەکانیدا بوو،

باس لە ئازایەتی و مەزنیەکەی کرا و بە فەرمی کرایە جێگری فەرماندەی وڵات. هەرچەند لە دووای ئەمەیش کوڕەکانی فەرمانده جاروبارە لە حەوشە سواری دەبوون و هەوڵیاندەدا بەم شێوەیە حاڵ و هەوای سەردەمی شاخ بژیێننەوە.

¤¤¤¤¤¤¤

لەدووڕەوە دەنگی تەقە لە شارەوە دێت. ریزی هەڤاڵان هەروا بەڕێوەن. لە گردەکەوە خەریکن دادەبەزن. هەموو ماندوو و لەهەمان کاتدا یەکجار هەڵچوو و تامەزرۆن. چاوەکان دەبریسکێنەوە.رۆژانی تەنگانە خەریکە کۆتاییان دێت. فەرمانده کە لە پێشی پێشەوە بەسەر کەرەشینەوەیە، هەروا ڕێگا دەبڕێ. یەکێک لە هەڤاڵان هەستەکا شتێک هەڵەیە. فەرمانده بۆ وا بەم لاولادا دەکەوێ؟ بەپەلە و بە غاردان، ئەگەرچی ڕەخت و تفەنگەکە کەمێک ئەزیەتە، خۆی دەگەیەنێتە لای. دەبینێ فەرمانده خەوی لێکەوتووە! فەرمانده... فەرمانده!

وەک بڵێی فەرمانده لە خەوێکی قوواڵ خەبەری بێتەوە، دادەچڵەکێ و بە وڕو کاسی لە دەوروبەری و لە هەڤاڵەکە دەڕوانێ. ها، چییە، چی بووە؟ قوربان وادیارە خەوت لێکەوتبوو، هاتم پێت بڵێم ئەوەندەمان نەماوە بگەیەنە شار، گوێت لێیە خۆ کە تەقە بەردەوامە، هەڤاڵان دەڵێن هەندێ شار و ناوچە ڕزگارکراون... دەبێ هەرچی زووتر بگەین! بزە ڕوخساری هەڤاڵەکە بەرنادا.

فەرمانده کتوپڕ کەرەشین ڕادەوەستێنێ. سەری قورس قورسە. سەیری کەرەشین دەکا، سەیری دەوروبەری و ئەوسا هەڤاڵان. لە دووڕەوە دەنگی تەقەی تفەنگ و ژاوەژاوی شار بە داوێنی لاپاڵەکاندا سەردەکەوێ

و سروشت هەراسان دەکا. فەرمانده دەست دەبا بۆ دووربینەکەی. لە شار دەڕوانێ. کۆڵانەکان و شەقام، ئەوەی وا لەوێ رووەداتیان لە خۆیاندا حەشارداوە. تەنیا دووکەڵ دەبینرێ.

فەرمانده دیسان سەیرێکی کەرەشین دەکاتەوە کە لمبۆزی ژەنیوەتە ناو گیاکانی قەراخ کوێرە ڕێگاکە و خەریکی لەوەڕینە. چەند خۆشە لەو خەوە ترسناکە خەبەری بووەتەوە. لەوانە بوو باوەڕبکا بەوەی وا بینیبووی.

بایەکی خۆش ئارەقەی ناوچاوان و لاملی لەگەڵ خۆی دەبا. فەرمانده بزەیەکی تاڵ روخساری دەقڵاشێ.

بە دەست بە لاملی کەرەشین دا دەکێشێ و دەیگەڕێنێتەوە. هەچە یاڵڵا هەچچە! ڕێک بەو ڕێگایەدا وا هاتبوون، دەگەڕێتەوەو سەردەکەوێتەوە. هەڤاڵان بە سەرسوڕمانەوە لەیەکتر دەڕوانن. قوربان ڕاپەڕینە، نیشتمان گڕی گرتووە و خەریکە ئاگر لە سەر پشتی دیکتاتۆر دەکاتەوە،... قوربان بۆ کوێ،... ڕێگای شار لەوێوەیە، بەرەوخواره... قوربان، قوربان!

بەڵام فەرمانده گوێی لێ نیە. شاخ وەک هەمیشە چاوەڕوانیانە.